# شەوی ئەستێرەکان

**کتێبی یەکەم**

**یاسین بانیخێلانی**

**بەبێ ئاگاداری نوسەر، هیچ کەس و لایەنێک مافی لە چاپدانەوەی ئەم ڕۆمانەی نییە**

**پێشکەشە بەو کەسانەی لە جیهانە ڕەنگاوڕەنگەکان و خەونەکانی منالی بێبەشبوون**

## 1

ئێوارانی کەنار دەریای ناوەڕاست جۆرە ئارامییەک بە ڕۆحی مرۆڤ دەبەخشن و دەتخەنە سەر کەڵکەڵەی پیاسەکردن بەو ڕۆخە لماوییەدا. ئەم سروشتە کەس نازانێت چۆن درووست بووەو کەسیش بیر لە چۆنێتی درووستبوونی ناکاتەوە تا ئەو کاتەی فڕۆکەکەت چەند هەزار مەترێک بۆ نیشتنەوە لە سەرزەمینەکەی نزیک دەبێتەوە، ئەوجا موچڕکێک بە لەشتدا دەگەڕێت و دەکەویتە ئەو پرسیارە بێوەڵامەی، ئەی خوایە گیان! پاش چەند چرکەیەکی تر من لەو پارچە زەوییە بچکۆلەدا دەنیشمەوە، کە هەر چوار لاکەی دەریایەکە بە درێژایی سەدان کیلۆمەتر لە شارو ئاوەدانییەوە دوورە!.
بینینی هەموو دوورگە بچووکەکان لە چوارچێوەی پەنجەرەی فڕۆکەیەک بە ئاسمانەوە لە مەنفایەک دەچێت دوور لە ئاوەدانی و مرۆڤ و سروشت، لە تابلۆیەک دەچن وێنەکێشێک بە خەیاڵ فڕیبێت بۆ ناو هەورو لەسەر فەرشی هەورەوە بە ڕەنگی تەم و ئاسمانێکی کاڵ جیهانێکی لە ڕەنگە سەرنجڕاکێشەکان بۆ خۆی ئافراندبێت، ئەمە ئەو هەستەیە زۆرێک لە گەشتیاران پێش نیشتنەوەیان کەمێک مەست و هەندێکجار مات دەکات و ئەندێشەیان وەک شەپۆلێک بەرەو خوارەوە بەسەر شینایی بێسنووری ئەو دەریایەی لەئاسمانێک دەچێت سەرزەمینی داگیرکردبێت پەرت دەبێت. ئەمانە بە تەنها خەیاڵ نین بەڵکو بەشێکیشن لە بینین. هەموو ئەو شتانەی لە دوورەوە دەیانبینین و کاتێکیش لە

نزیکەوە تێکەڵیان دەبین و دەبین بە بەشێک لەو جیهانەی پێکهاتووە لە هەمان سرووشت، ڕێک و ڕاست لە گەشتی گەڕۆکە ئاسمانییەکان پێش سەفەرکردنیان بۆ سەر ئەستێرەکان دەچن. ئەوەی لە پەنجەرەی بچوکی فڕۆکەیەکەوە، کە هەزاران مەتر لە زەوییەوە دوورە لە کەشێکی کۆتایی مانگی تەموزدا هەموو ئەو پەڵە هەورانەی وەک سەرینی لە بەفر درووستکراو پاڵیان بەیەکەوە داوە بە درێژایی پڕکردنی سۆمای چاو تا ئەو دیوی گەردوون سەرنجت بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. هەندێکجار خۆتت لێدەبێت بە سندیبادێک و بێفەرش بەسەر ئەو سەرینانەدا بازبازێن دەکەیت و هەندێک جار ماندوو دەبیت و سەرخەوێکیان لەسەر دەشکێنیت، چەند خۆشە خەوی سەر ئەو هەورانە!.
ئەو کاتەی فڕۆکەکە نەرمە تاسەیەکی بۆ دەکات و تۆش وا دەزانی ئەوە باوەشی نەرمی ئەوانە ڕاتدەژەنن. هەندێک جاریش لە پڕ درزێکی گەورە دەکەوێتە ناو هەورەکان و دیمەنی قاوەیی ڕەنگی سەر زەمین دەردەکەوێت، بەڵام چ سەر زەمینێک؟، دەگەڕێیت و چاوەکانت تەواو دەکەیتەوە بۆ ناسینەوەی خانوویەک، شەقامێک، باڵەخانەیەک، سەرت سوڕدەمێنێت لەوەی ئەوە شارە، شارۆچکەیە یان گوندێکی سەردەمە کۆنەکانەو تەنها ئاسەوارەکەیان ماوە، بەڕەنگە سەوزە تۆپەڵبووکاندا دارستانەکان دەناسیتەوە، کە زیاتر لە تۆپەڵە ڕەنگێک دەچن وێنەکێشێکی شارەزا فڕێی دابێتنە ئەو شوێنە تا لە ئاوەدانی بچێت، ئەم دیمەنە تۆ دەباتەوە بۆ سەردەمی منالی و ئەو شوێنانەی پێیان دەگووتن کەلاوە کۆنەکان، ئەو کەلاوانەی جگە لە کۆمەڵە خشتێکی سوری کەڵەکە کراو یان بەردی بە قوڕ لەسەریەک هەڵچنراوی داڕوخاوو بەسەریەکدا کەوتوو هیچ شوێنی ئاسەوارێکی ژیانی پێوە دیار نەماون، جگە لە مارمێلکە، دوپشک و قمقمۆکە سرکەکان نەبێت لە کونەکانەوە سەریاندەردەهێناو بەپەلە خۆیان لە کونێکی تر دەخزاند، کێ دەتوانێت ئەو یادانەی منالی لەگەڵ ئەم خشۆکانەدا بۆ هەمیشەیی فەرامۆش بکات.
 لە پڕێکدا تەم بەر پەنجەرەی فڕۆکەکە بە هێواشی لێڵ دەکات و ئاسەوار وەک تارماییەکی سپی کەم کەم لەبەر چاوەکانتدا کاڵ دەبنەوەو چەند پەڵە هەورێک شوێنیان دەگرنەوەو ئیتر تۆ جگە لەسەرزەمینی ئەو هەورانەی لە بیابانێک دەچن بەفرێکی زۆر داپۆشی بێت و شینایی قوڵی ئاسمان هیچ شتێک نابینیت تا ئەو کاتەی لە شوێنی مەبەست نزیک دەبیتەوە و بە هێواشی فڕۆکەکە بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبێتەوە وەک گرتنی وێنەی خێرا لە پێشدا تەنها کاغەزێکی لێڵ دەبینیت بەڵام لەگەڵ وشکبوونەوەدا کەم کەم وێنەکانی دەردەکەون تا بەتەواوی وشکدەبێتەوە ڕێک و ڕاست وەک نیشتنەوەی فڕۆکەکەیە.
ئەوەی ئەم خەیاڵانە پێش نیشتنەوەی فڕۆکەکەی بە لەشیدا گەڕابێت ئەوا لەگەڵ نیشتنەوەی فڕۆکەکەیدا کەوتۆتەوە باری ئاسایی و شار و شەقام و ئاپۆرەی خەڵک هەمووی بەشێوەیەک لەبیر بردۆتەوە هەست بکات پێشتر لەخەوێکی خۆشدا بووەو ئێستا بە ئاگا هاتبێت هەندێک جاریش هەست دەکات ئێستا لەخەوێکی خۆشدایە.
من ئەمە یەکەم جاری سەفەرم نییە بۆ دوورگەکان، بەڵام ئەوەی ئەم دوورگە لە دوورگەکانی تر جیادەکاتەوە ئەو دارستانە چڕو شاخە سەختانەیە لەم دوو سێ سەد کیلۆمەترەدا، ئەو بیابانەیە لە دامێنی چیاو دارستانەکاندا، ئەو خەڵکە بێ

باکەیە بەدرێژایی کەناری دەریاکە لەبەر ئەو هەتاوە گەرمە ڕۆح سوتێنەرە بە شێوەیەک ڕاکشاون تا لەسەر سەریان نەوەستیت و جوان سەرنج لەسەر سنگیان نەدەیت وا دەزانیت ئەمانە کۆمەڵێک لاشەی ڕووتن و بەدرێژایی کەنارەکە فڕێدراوون، هەندێکیان ڕێک و ڕاست لە شێری دەریا دەچن، ئێوارەش هەر لەگەڵ ئاوابوونی هەتاوو هەڵکردنی با فێنکەکەی دەریا هەموو زیندوو دەبنەوە و بەرەو سەرشەقام و بازاڕە قەرەباڵغەکان یان مەیخانەکان، کە بە تەنها شەوان دەکرێنەوە دەکشێن، تا دەرەنگانی شەو کاتەکانیان بە سەیری سەمای فلامینکۆو گوێگرتن لە ئاوازی پێیەکان، کە بەیەک ڕیتم و جوڵە بەسەر تەختەی شانۆکەدا دەکێشن بەسەردەبەن، ئاوازی پێیەکان مۆسیقایەک دەخوڵقێنن مرۆڤ مەست دەکات، کەم یانەی شەوان هەیە ئەم جۆرە سەمایەی تێدا نەکرێت و دەمارە گرژبووەکان لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقا و جووڵەی پێی سەماکەراندا خاونەبنەوەو نەیەنە سەما. هەندێکیش هەن وەک من حەزیان لە پیاسەی ئێوارانی کەنار دەریاکەیە بە تایبەتی بە پێ خاوسی.

پیاسەکردن بە پێ خاوسی چێژێکی تایبەتم لەم کەنارەدا پێدەبەخشێت و شێلانی ئەو لمە تەڕە نەرمە هەموو تورەبوون و فشارە قورسەکانی سەر دەروون و مێشک بۆ خۆی ڕادەکێشێت و دەیدات بەدەم شەپۆلەکانەوە، " تۆ قەت ئەوەت تاقیکردۆتەوە لە قەراغ دەریاکەدا بوەستیت وتوند هەردوو چاوەکانت بنوقێنیت و سەرت بۆ ئاسمان بەرزبکەیتەوە؟" ئەمە من دەیڵێم: یاری نییە، ئەمە ڕاهێنانێکە بۆ خاڵیکردنەوەی سترێسەکانی ڕۆژانەت، من خۆم ئەمە لە دکتۆر شاسۆتەوە فێربووم، کاتێک تاقیم کردەوە هەستم بەوە کرد شتێک بە ئەسپایی لمەکە لەژێر پێم دەردەهێنێت و ختوکەیەک بە لەشمدا دەگێڕێت، خەیاڵ بە جۆرێک دەتبات وەک سیحرت لێ کرابێت هەست بەتەڕی قاچەکانت بکەیت، کاتێکیش چاوەکانت دەکەیتەوە دەبینیت شەپۆلەکە چەندێک بۆ ناو دەریاکەی ڕاکێشاویت و لەکەنارەکە دوورکەوتویتەوە.

زۆرێک لەو کەسانەی هاوینان بۆ گەشت و گوزار ڕوو لەم دوورگانە دەکەن، لەپاش ماندوو بوونی ڕۆژ ئارەزووی پیاسەیەکی کورتی ئێوارانی ئەو کەنارانە دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی هاوڕێ یان هاوسەرێکیان لەگەڵدایە چێژێکی زیاتر لەم گەڕانە دەبینن و هەلێکی باشیشە بۆ گووتنی ئەو شتانەی ڕۆژانی ئاسایی ناتوانرێن بگووترێن. گرتنی دەستی ئافرەتێک بە ڕاستی و لەدڵەوە خۆشتدەوێت تەمەنت لەو شەوانەدا درێژو گەنج دەکاتەوەو چیرۆکەکانی عەشق سەرلەنوێ دەبووژێنێتەوە و دەتگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژانی تامەزرۆیی و حەزلەیەکبوون، نازانم سیحری ئەم کەنارە چییە؟ ئەوەندە دەزانم چەند لەناخەوە هەست بە گەنج بوونەوە دەکەیت هێندەش بەرامبەرەکەت لەو گەنجبوونەوەدا دەبینیت و دەبێتەوە بەو ئافرەتە گەنجە جوانەی هەموو شەوێک بە خەیاڵییەوە خەو دەیبردیتەوەو تامەزرۆی بوویت هەمیشە لەباوەشتدا بێت و قەت لێوت لەسەر لێوەکانی دوور نەکەوێتەوە...

ئەوەی لە شەوانی ئەم دوورگەدا زۆر سەرنجڕاکێشە بە ئاگا هاتن و توورەبوونی دەریایە وەک ئەو منداڵەی لەپڕ خەوێکی ناخۆش بێداری دەکاتەوەو هەرچی بەردەست بکەوێت بەسەریەکدا تێک و پێکی هەڵدات و فڕێی بدات. شەو دادێت

هەموو شتەکان ئارام و هێواش دەبنەوە، نەورەسەکان لە قیژە قیژ دەکەون و لەسەر گابەرد و قەیاغەکان بە ئارامی هەڵدەنیشن، درەختەکان بێ سرتە خەیاڵ دەیانباتەوە، هەموو کورسییەکانی قەراغ دەریاکە چۆڵ و مات، چەترە لەزەل درووستکراوەکان، ئەڵێی داهۆڵن و کڵاوی مەکسیکیان کراوەتە سەر بێسرەوت خەیاڵ بردوونییەوە، ئیتر هەموو شتەکان وەک شەو بێدەنگن بەتەنها شەپۆلەکان نەبێت، وەک بێدادی بێت و هەوڵی خۆکوشتن بدات توند بە گابەردەکاندا دەکێشێت و لە دوورەوە مرۆڤ بەردەوام گوێی لە هاژەیەتی بەرەو کەنارەکە هەڵمەت دەهێنێت، ئەم دەنگە بە درێژایی شەو ناپڕێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەراسانکەر نییەو مرۆڤ پێی خۆشە لەسەر یەکێک لە گابەردەکان دانیشێت و گوێی لێبگرێت. زۆرجار گڵۆپی یەکێک لەو قەیاغانەی دوور زۆر دوور وەک ئەو ئەستێرە دوورانەی ئاسمان لە ناو دەریاکەدا سەرنجت بە شێوەیەک بۆ لای خۆی ڕادەکێشن مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت وێنایان بکات، مەگەر هونەرمەندێکی وەک ڤان گۆخ بتوانێت هەموو ڕەنگەکان بە وێنەی گەڵای وەریوی پایز کۆبکاتەوەو لە تابلۆیەکدا جێگایان بکاتەوە. هەر لە ڕاستیشدا وایە ئەو هەموو ڕەنگە زەرد، سوور، پرتەقاڵی و ئاڵتوونیە چۆن ڕژاونەتە سەر دەریاکە، هونەرمەندێکی بەتوانا نەبێت کێ دەتوانێت کۆیان بکاتەوە!. هەندێکجار لەخۆم دەپرسم:" ئاخۆ فان گۆخ چەندین شەو بەدەم چنینەوەی ئەو ڕەنگانەوە ماندوێتی پرستی لێ پربێت و خەو لەگەڵ خۆیدا بردبێتی بۆ ناو دونیای ئەفسوون"؛ ئەی ئەو دەنگانەی دەست و پێی دەریا لەدوورەوە بەرەو کەنارەکە هەڵمەتدەهێنن، لە دەنگی سمی ڕەوە ئەسپێکی شێت بوو دەچن تۆزو خۆڵ لە شوێنی خۆیان بەجێ بهێڵن، مەگەر مامۆستاو هونەرمەندێکی وەک فرانتس لیزت بتوانێت بیکاتە شیعرە سەمفۆنی، گوێبگرە هاورێ گوێ لەو ئاوازە بگرە ئاهەنگی (Les Préludes) ئەوە هەموو ئەو وشە پەرشوبڵاوو سەما شێتانەیە کۆکراونەتەوە، ئەمە چییە ئەم شێتبوون و تووڕەبوونە لەم شەوە ئارامەدا، چییە ئەو ئاوازە نەرمەی وەک شەو لەپڕ، پڕ دەبێت لە گەردەلول و لەگەڵ خۆیدا دەتسورێنێت و دەتسورێنێت تا فێری سەمایەکی شێتانەت دەکات، سەمایەک شەو لە ئامێزی گرتوویت، قۆڵت لە قۆڵی شنەبای دەریاکەدا، ئەستێرەکان بەسەرتەوە ورد ورد دەجریوێنن و هەندێکجار دەنگەکانیان بە گوێت دەگەن و هەندێک جار تەنها چاوەکان دەیبینن و تێیدەگەن.
ئەم ئێوارە جیا لە ئێوارەکانی تر خەمۆکییەک وەک مۆتەکە بەسەرشانمەوە نیشتۆتەوە، لە کاتێکی وادا مرۆڤ پێویستی بە ڕۆشتنە ناو جێگا قەرەباڵغ و سەرنج ڕاکێشەکان یان هیچ نەبێت بۆ ساتێک لەسەر شەقامەکان گوێ لە مۆسیقای 'پاخاکوتی' هیندییە سوورەکان بگرێت، کە بە 'پان فلوتەکانیان' سروشت لە ناخی مرۆڤدا دەژێننەوە، ئاوازێک دەژەنن تێکەڵەیەکە لە ئاوازی دارستانە پرنهێنییەکانی باشووری ئەمەریکا، دەنگی ئەو هەموو باڵندەی وەک ئارا، باڵندەی بەهەشت، کۆلیبریس، ئاراسیری دەنوک ئاگراوی، لۆری، دەنوک شاخی، توکان و دەیان باڵندەی تر کە لە ژیانتدا نەتبیستوون خەیاڵت بە ئارامی دەبەن و تۆش بێدەربەستانە لەگەڵییاندا دەڕۆیت، تۆ دەڕۆیت و لەدوور وەک با بیهێنێت هاوارو نەڕەی چەند ئاژەڵە کێوییەک دێنە بەرگوێت، بە دەنگەکان ئاشنایت و نایانناسیتەوە، پێت خۆشە لەناو ئەو جەنگەڵە تاریکەدا ئەو هەموو باڵندە لەسەرسەرت دەخوێنن تۆ بەردەوام بەرەوپیری ئەو دەنگە دوورانەی شنەبایەک

لەگەڵ خۆیدا دەیچرپێنێت بە گوێتدا بڕۆیت، تۆ دەڕۆیت ئەو دڵۆپە بارانە بەجێماوانەی سەر گەڵاکان دڵۆپ دڵۆپ تەڕت دەکەن، چ دونیایەکە....! چاوەکانت دەنوقێنیت و هەموو هەستەکانت لە گوێتدا کۆ دەکەیتەوە تا زیاتر ئەو دەنگانە گوێت لەبیستن تێربکەن، دەنگەکان دێن و تۆ زیاتر گوێ شلدەکەیت، لەپڕ سەرسمی ئەو ڕووبارانەی لە شاخە بەرزەکانەوە هەڵدەدێرێن و تا دەگەنە خوارەوە وەک نمەبارانیان لێدێت بە ئاگات دەهێنێتەوە، دەتخەنە ناو دونیایەک لە تەم و تۆزی ئاوەکان.
ڕاستە ئەم دوورگە بچوکە بەڵام شتی گەورەو جوانی تێدایە بۆ ئەوەی دڵی مرۆڤ خۆش بکەن، یان گروپی موزیک و دانسی ئەمەریکای لاتین بە تەواوی شەو لەسەر شەقامەکان بەرد لەگەڵ خۆیاندا دەهێننە سەما، ئەوە پیاسەی ژێر پالمەکان بەدرێژایی شەقامەکان هەر لە ڕێگایەک دەچن بەرەو خەونێکی قوڵ، کەسێک نەپرسێت بۆ ئەم پالمانە ئەوەندە سەرنج ڕاکێش و جوانن! ئەو هەزاران درەختە جۆربە جۆرانە هەن کەچی حەز دەکەیت لە پاڵ پالمەکاندا وێنەیەک بگریت، لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەم پالمانە لەو گەرما پروکێنەرەدا بە پێچەوانەی داربی و گوێزەکان ئەوەندە سێبەریان نییە بەشی دوو عاشق بکات، لە ژێریدا هەناسەیەکی خۆشەویستی بدەن. لەناو ئەم هەموو شتە جوان و سەیرو سەمەرەی شەوانی ئەم دوورگەیە هەندێکجار مرۆڤ بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت و بە خۆی بزانێت بۆ دەبێت ئەمە وابێت حەز بەتەنهایی دەکات، من ئەم پرسیارەم قەت لەخۆم نەکردووە بە تەنها بیستوومە، بۆ زۆربەی مرۆڤەکان کاتێک خەمۆکی سواری ملیان دەبێت ئەم هەستەیان لا درووست دەبێت.
- لێم گەڕێن با بە تەنها بم.
زۆر شت هەن مرۆڤ تا ڕێکوراست و ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خۆی نەبێتەوە هێندە بە قوڵی بیری لێناکاتەوەو وەک شتێکی بێ بێنرخ و لاوەکی تەماشای دەکات، بۆیە یەکەم جارە منیش هەستێکی وام لا دروست ببێت، بەڵام خۆ ئەم جێگا جیاوازە، پیاسەکردن لە ئێوارانی ئەم کەنار دەریایە بۆ خۆی تام و چێژێکی تایبەتی هەیە، من پێم سەیرە مرۆڤ وا بە ئاسانی دەتوانێت هەلە جوان و نرخدارەکان لە پێناو شتی پروپوچدا لە کیس خۆی بدات!.
لەسەرخۆ بە کەنارەکەدا دەڕۆشتم وتەکانی دکتۆر شاسۆت یەک بە دوای یەکدا هاتنەوە بەر گوێم بە تایبەتی چەندجارێک پێی گووتم: پڕۆ سەفەر بۆ یەکێک لەو کەنار دەریایانە بکە، هاوڕێم تۆ پێویستت بە سەفەرە، زۆربەی نەخۆشییە دەروونییەکانی ئەم خەڵکە هۆی گۆشەگیریی و بە تەنها بیرکردنەوەیە لە گۆشەیەکی تەسکدا، خوگرتن بە ماڵەکانمانەوە خۆ زیندانیکردنە، هەموو زیندانیکردنێکیش مرۆڤ لەناوەوە وێران دەکات، بۆیە تا وێران نەبوویت پڕۆ سەفەرێک بکە، من پێت دەڵێم ئەم سەفەرە زۆر جیاوازترە لەو سەفەرانەی لەگەڵ 'کێتی خاندا' دا کردووتن...!.
ئەم ئێوارەیە خەمێکی قوڵ سەرشانی گرتووم. بە کەناری دەریاکەدا دێم و دەچم، قسەکانی دکتۆر شاسۆت لەناو گوێمدا دەزرنگێنەوە،(هاوڕێم تا وێران نەبوویت پڕۆ سەفەر بۆ یەکێک لە دورگەکان بکە، ئەم سەفەرە بێ کێتی جیاوازە...)

ئێوارەیەکی سەیر بوو ئەو ئێوارەیەی تەلەفۆنم بۆ دکتۆر شاسۆت کردو داوام لێکرد هەرچۆنێک بێت پێویستە ئەم ئێوارە یەکتربببینین، ئەویش بە ڕێزێکی زۆرەوە، گووتی:

- نازانم چەند ئاگاداریت، ئەم پاش نیوەڕۆیە کۆبوونەوەیەک بۆ هەموو پزیشکان هەیە، پاش کۆتاییهاتن، پێم خۆشە جێگایەک دەستنیشان بکەیت یەکتر ببینین و قسە بکەین، ڕەنگە بۆ منیش پێویست بێت.
- زۆرباشە پێم خۆشە، هەروەکو جاران لە "کافێ دو پۆنت نوف، لە، لا سین" چاوەڕوانت دەکەم.

چی هێندەی ئەوە ناخۆشە مرۆڤ کاتەکانی لە چاوەڕوانیدا بەسەر ببات، ئەوە بۆ سی ساڵ دەچێت هەمیشە هەستم کردووە بیست و چوار کاتژمێر بۆ مرۆڤانی وەک ئێمە کەمە، لەگەڵ کێتی دا زۆربەی شەڕەکانمان لەسەر ئەوەبوو، کاتێک بۆ لێکۆڵینەوە دەچوومە بیرۆکەم، هەستم بە بوونی کات نەدەکرد تا ئەو کاتەی دەهاتمە هۆڵەکە دەمبینی هەموو گڵۆپەکان کوژاونەتەوەو کێتی ش لە ژووری نووستنەکەی پرخەی دێت، ئەمە زۆری تورەدەکردم و بۆ ڕۆژی دوایی دەبوو بە شەڕمان، لەگەڵ هەموو شەڕێکدا من پەشیمان دەبوومەوە و داوای لێبوردنم لێ دەکرد، چونکە من بە تەنها حسابی ئەو کاتەم دەکرد چاوەڕوانی کێتیم و ئەو نووستووە، بەڵام کاتێک ئەو بۆی ڕووندەکردمەوە چەندین کاتژمێر چاوەڕوانی ئەوە بووە، من بۆ یەک خولەک ئەوم بیر بێتەوەو سەرێکی لێ بدەم، یان ماچێکی بکەم و داوای لێبووردنی لێ بکەم، خۆی گووتەنی: هیچ نەبێت پشوویەک بە خۆم بدەم و لەگەڵیدا دوو قسە بکەم یا کوپێک قاوە بخۆمەوە، ئەمە شتێکی زۆر سادەو ئاساییە، ئەی بۆ مرۆڤ لە کاتێکی وادا هەست بەو کاتانە ناکات، تا کاتەکان گەمارۆی نەدەن، ئەوجا وەک دیلێکی جەنگ لە چوارچێوەی تەلبەنێکدا تەنها بیر لەو ئازادییە دەکاتەوە لەودیو تەلبەنەکەوە هەیە!.

من زۆر پەلەم بوو دکتۆر شاسۆت ببینم، بۆیە زووتر لەکاتی جێ ژووانەکە گەشتمە "کافێ دو پۆنت نوف". هەمیشە ئەوانەی پەلەی کارێکیانە زیاتر بیر لە ڕوویەکی تری بەرامبەرەکەیان دەکەنەوە بە قازانجی ئەمدا بشکێتەوە، ئەگەر هەر لە خۆمەوە باس بکەم، ئەمڕۆ کاری پێویستم بە دکتۆر شاسۆت نەبوایە، ئاوا زوو نەدەهاتم و لە دڵی خۆمدا دەمگووت: خوا دەزانێت کەی لێ دەبێتەوە! باشە ئەگەر لە کاتی خۆیدا لێبێتەوە کێ دەڵێت: چەند کێشە دێتە پێشی! بۆ کەی دەگات؟ هەر لەوانەیە بیریشی چووبێتەوە لەگەڵ مندا یەکتربینینی هەیە! بەڵام چونکە کارم پێیەتی دەڵێم: ڕەنگە دوای تەلەفۆنەکەی من پەشیمان بێتەوەو نەڕوات، کێ ناڵێت: پێش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە ڕوخسەت وەرناگرێت و زوو نایەتە دەرەوە.... بەهەر حاڵ بیرکردنەوەی من پێم دەڵێت: بەڵێ ئەو زووتر لەکاتی خۆی دەگات، بۆیە چەندێک چاوم لەو پاپۆڕ و یەختە جوانانەیە لەسەرەوە بۆ خوار و لە خوارەوە بۆسەرەوە بەناو ڕووباری "لا سین" دا دێن و دەچن ، چەندین شەپۆلی جوان لە شوێنی خۆیان جێدەهێلن ئەوەندەش چاوم لەو سەرەڕێیە میوانەکانی لێوە دێنە ژوورەوە، سەرم لە نێوان ماڵئاوایی شەپۆلەکان و چاوەڕوانی بەردەرگاکەدا بەیەکدا دەهات و دەچوو...

- ڕۆژباش کاکە

- ئاورم دایەوە بینیم گارسۆنی کافتریاکەیە بە ڕویەکی خۆش و دەم بەخەندەوە گووتی: فەرموون، چی دەخۆن یان دەخۆنەوە...؟
- کافێیەک لەگەڵ پەرداخێک ئاو
- هیچی ترتان ناوێت؟
- نا سوپاس

گارسۆنەکە هەر وەک یەکەمجار بزەیەکی شیرینیکردو بەرەو لای میوانێکی تر ڕۆشت، ئەمە کاری ئەو بەستەزمانەیە بەناچاری بۆ ڕازیکردنی دڵی وەستاکەی، دڵی ئەو هەموو میوانە ڕابگرێت و بە دەم هەموویانەوە پێبکەنێت، ئیتر مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێت لەناخەوە ماندووبوون چەند ئازاری دەدات، کێ لە ئێمە دەزانێت ناخی کچێکی گەنج چەندێک خەون و ئارەزووی تێدایە، کە ڕۆژانە لەم شوێنانەدا کاری پروکێنەر وردوخاشی دەکەن!. لەبەر ئەوەی من لە چاوەڕوانییەکی بێئۆقرەدا بووم وەک هەر کەسێک توشی ئەو جۆرە حاڵەتانە دەبن نەتوانن لەسەر یەک شت دیقەت بدەن و بمێننەوە، زوو چاوم لەسەر کچەکە هەڵگرت بۆ بەردەگاکە و تا مەودای بینین نیگاکانم قوڵکردنەوە، بەڵام دکتۆر دیارنەبوو، دیسان بەپەلە چاوم گێڕایەوە بە ڕووی ڕوبارەکەدا، هێشتا قەیاخ و پاپۆڕەکان لە سەرەوە بۆ خوار و لە خوارەوە بۆسەر جمەیان دەهات لەو خەڵکانەی هەندێک لەسەری سەرەوە خۆیان دابوو بەسەر ئەو بۆریانەدا، وەک پەرژین لە قاتی سەرەوە بەدەوری پاپۆڕەکەدا دروستکرابوون. لەقاتی خوارەوەش ڕیستۆرانتێکی شوشەیی هێند جوان بەئاسانی خواردنەوەی ناو ئەو پەرداخانەت دەناسییەوە لەسەر مێزی بەردەمی میوانەکان دانرابوون، هەستێکی سەیرە! لەدوورەوە تەماشای ئەو ڕیستۆرانتە دەکەیت، هەمیشە حەز بەوە دەکەیت ئێستا تۆ یەکێک بیت لە پشت ئەو مێزانەوە پەرداخێک شەرابی سوری "بۆردیۆ"، مۆمێک وەک لە بیابانێکدا بسوتێت و لقێک گوڵی تەنهای غەمگین دانراون، ئەوەی من قەت تێنەگەیشتووم هارمۆنییەتی ئەو مۆم و لقەگوڵەیە هیچ شتێک پێکەوەیان نابەستێتەوە، مۆمەکە هەست دەکەیت بەردەوام کلپەیەک لە ڕۆحیدایە، لە کەسێک دەچێت ئازارێکی زۆری هەبێت نەتوانێت دەریببڕێت، هاوارێکە لە گڕ، بەڵام گوڵەکە ئارام لە ئافرەتێک دەچێت شتێکی بیر چووبێت و بۆ ئەوەی بیری بێتەوە دەستی گرتووە بە نێوچەوانییەوە، ئافرەتێکی غەمگین غەمگینتر لەو ئافرەتانەی لەیەکەم نیگاوە سەرنجت بۆ لای خۆیان ڕادەکێشێن، بەڵام پاشان جگە لە پەیکەرێک تەنها دوو چاویان بۆ بینین هەیە هیچی تر نین.

زۆر جار لەپشت ئەو مێزانەوە دانیشتووم و چاوم پڕیوەتە ئەو مۆم و لقەگوڵانە، بەڵام قەت هێندەی ئەو ساتانەی لەشوێنێکی وەک ئێرەوە تەماشایان دەکەم چێژم لێ نەبینیون. هێشتا بەسەرسامی و تامەزرۆیی ڕوانینم لەناو ئەو پاپۆڕەدا سەرەو خوار سنگی بە ڕووبارەکەوە نابوو، میوانەکانی ناو ڕیستۆرانتەکان هەریەکەیان بە خەیاڵ و باسێکەوە سەرقاڵ و مەست بوون، بیرم فڕیبوو بۆ لای قسەکانی دکتۆر شاسۆت " هاورێم تا وێران نەبوویت پرۆ سەفەر بۆ یەکێک لە دورگەکان بکە، ئەم سەفەرە بێ کێتی جیاوازە..." هەرچەند بیر لەم وتەیە دەکەمەوە بیرکردنەوەم لەبەردەم کۆمەڵێک دەرگای داخراودا، هەردەرگایەکیش شتێکی لەسەر نووسراوە بلۆک دەبێت.

ئەمڕۆ بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی منەوە دکتۆر شاسۆت کەمێک لە کاتەکەی خۆی درەنگتر هات، لەگەڵ ئەوەشدا ماندووبوون وشپرەزەییەکی پێوە دیاربوو، بەگەشتنی دەستی وەک هەموو جارێک خستە سەرشانم و بە داوای لێبوردنەوە گووتی: نەک دەبێت بەرگەی ئەم هەموو ئازارە بگرین، بەڵکو پێویستە ڕووبەڕوویان ببینەوە، تۆ دەڵێی چی هاورێم؟.
تۆ جارێک دانیشە و سەرنجێکی ئەو ڕوبارە بدە، پاشان من نامەوێت ڕووبەڕووی بیمەوە، بەڵکو دەمەوێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزمەوە، ئەگینا زیاتر ناخم ئەخوات، تۆ خۆت باش ئاگاداری کێشەکانیت، ئەمجارە خوازیارم لە ڕیشەوە ڕەگەکانی دەربهێنم، تا ئەو منی لە ڕەگەوە هەڵنەکەندووە...
هاورێم ئارامبە... من مەبەستم کێشەکەی تۆ نەبوو، بەڵکو ئەوەندە کێشەی گەورەتر نەک لەم دونیایەدا، بەڵکو لەم شارەی من و تۆ ژیانی تێدا بەسەر دەبەین هەیە، لەکاتێکدا پێمان وایە لە ڕووی خۆشگوزەرانی و دادوەرییەوە کۆشکێکی بەهەشتە، کێشەکەی تۆ وەک وازی ئەو منالانەی لێ دێت لە باغچەکاندا، کە بەیەکەوەو بێ یەکیش ناتوانن دڵیان بە وازییەکانیان خۆشبێت، هاورێ، پێشتر لەسەر ئەم مەسەلە لەگەڵ تۆدا ڕای خۆمم وەک هاورێیەک و چارەسەریشم وەک پزیشک پێراگەیاندوویت، چیتر پێویست بە خۆ ماندووبوون ناکات، بە پێچەوانەوە پێویست بە پشوودان دەکات، ئێمە لەم بوارەدا ئەزموونمان کردووە، ئەم کێشە بچوکانەن پاشان کارەساتی گەورەو گرانیان لێدەکەوێتەوە.

# 2

بەدەم بیرکردنەوەو قسەکردنەوە گەشتمە ئاست یەکێک لەمەیخانەکانی ئەو کەنارە، بیرەیەکم کڕی و بڕیارم دا ئەم ئێوارە نەگەڕێمەوە بۆسەر شەقام و ناوبازاڕ، بەڵکو تا ئاستی ماندووبوون لەگەڵ خۆمدا بەو کەنارەدا بڕۆم، ئەمە جگە وەک دەرمانێکی ئارامکەرەوە دەمارە گرژبووەکان کەمێک خاو دەکاتەوە چێژێکی تایبەتیشی هەیە.
لە مەیخانەکە هاتمە دەرەوە، هێشتا هەراو هوریای ئەو گەنجانەی بە شێوەیەکی شێتانەو ناڕێک گۆرانییان دەگوت، قاقا پێدەکەنین لە گوێچکەمدا دەزرنگایەوە، ئەو دەنگە دەنگە بەشێوەیەک ماندوویکردم تا چەند سەدمەترێک دوورکەوتنەوە هەر لە گوێچکەمدا وەک کاسێتێکی تۆمارکراو لێی دەدایەوە... دەنگە دەنگەکە وەک لەبن گوێچکەمدا بێت دەزرنگایەوە... هەرچەندم دەکرد تێنەدەگەیشتم بەهێزی و بەرزی دەنگەکانە وا ماندووم دەکەن یا بچوکبوونەوەی بەشە وەرگرەکانی ناو مێشکی منە، جاران بەم دیمەنانە زوو بێزارو توڕەدەبووم تا ڕۆژێکیان لە ئاهەنگێکدا دکتۆر شاسۆت پێی گوتم:' خۆتت بیر نەچێتەوە، تۆ لەگەنجێتیدا لەوانە خراپتر بوویت، کەم سەیران و بەزم هەیە بە هۆی زۆرخواردنەوەوە تۆ لێت تێکنەدابین، ئەوە بیرت چوو، ئاهەنگی دەرچوونی دواساڵی ئامادەیی، چیتکرد....!، چەندت خواردەوە، لە بەردی بناغەی قوتابخانەکەوە تا سەربانەکەی و ئەوانەی لەژێر ئەو سەربانەدا وانەیان گووتبووەوە جنێوبارانکرد، چەندت سەمای شێتانە کردو دوای کچەکان دەکەوتیت بیانگریت، دەست لەمەمکیان بدەیت، ماچیان بکەیت و

لەگەڵیاندا شێتانە هەڵپەڕیت، ئای خوایە گیان، ئەو ڕشانەوە چیبوو....! تا ئێستاش بیرم دەکەوێتەوە بۆگەنی هێڵنجم پێدەدا، بۆیە مرۆڤ پێش ئەوەی بڕیار لەسەر هەڵسوکەوتی کەسانی تر بدات، باشترە لەبەردەم ئاوێنەیەکدا بۆ یەکجار تەماشایەکی خۆی بکات، مرۆڤ نابێت دادگا لەکەس بگرێت تا بۆ جارێک دادگایی خۆی نەکردبێت، ئەمە چ نەگبەتییەکە مرۆڤ کردە خراپەکانی خۆی لەخەڵکانی تردا دەبینێتەوە، تۆ بەم دیمەنانە دەبێت زۆر دڵخۆشبیت، سەیری ئەو گەنجە سەرخۆشە بکە، چۆن خۆی سور دەدات و لە پڕ باوەش بە یەکێک لە کچەکاندا دەکات تا سەمای لەگەڵدا بکات، دە سەیرکە ئەوە خۆتی بە گەنجی، مەبە بەو کەسانەی ناوێرن سەیری ڕابردووی خۆیان بکەن و هەمیشە لێی هەڵدێن، دە سەیرکە، سەیری خۆت بکە و مەترسە! تۆ مەسەلەکەی مارتینا بلۆندت بیرچۆتەوە، ئەو شەوەی هەموو حەز و ڕقەکان بەسەر یەکدا تەقینەوە....!

ژیان چەند سەیرە! ئێستا بیر لە مارتینا بلۆند و ئەو ئێوارە دەکەمەوە هێڵنجم دێت، کەچی گەنجێتی مرۆڤ نەک هەر کوێر بەڵکو بێ دەماغیشی دەکات، چ قۆناغێکی ترسناکە مرۆڤ قورسایی خۆی نەزانێت یان نەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی ئەو قورساییە، هیچ نەبێت کەمێک نەزانێت خۆی دەیەوێت لەداهاتوودا ببێت بە کێ یان چی و لە ژیاندا چیدەوێت!. ئەو ئێوارە بۆ ئەو شتە بەسەر مندا شکایەوە؟ خۆ من دوا کەس بووم خەون بە مارتیناوە ببینم، بیرم نایەت بۆ جارێک لە خەیاڵمدا تۆمارم کردبێت، ئەگەر چی کەس بەمە بڕوا ناکات. وا تەمەنێک ڕابورد، ناتوانم نزیکترین هاوڕێم دکتۆر شاسۆتە بڕوا پێبهێنم. چونکە هەمووجار دەڵێت: ئەگەر ئەو قسەیەی تۆ ڕاست بێت، کەواتە تۆ وەک پاشەکەوتکەرێک هەموو حەزی هاوڕێکانت کۆکردۆتەوە تا ئەو کاتەی چیتر لە وزەو تواناتدا نەماوەو بە ڕوویدا تەقیتەوە، ڕەنگە ئەوە خودی تۆ نەبوویێت بەو کارە هەستابێت، بەڵکو ئەوە ئەو کەسانە بوون بەردەوام کاریان لەسەر تۆ کردووە دەربارەی ئەو، ئەمە ڕوودەدات و زۆر ئاساییە زۆر جار مرۆڤانێک بە کارێک هەڵدەستن، کە خودی خۆیان نین، بەڵکو پاڵنەری دەرەکی هەن، هەربۆیە مارتینا بلۆندیش وا بە دڵڕەقی لێی وەرنەگرتیت.

ئەو قسانەی دکتۆر شاسۆت برینێکن لە ناخمدا، هەر بەزمێکی وا دەبینم بێ ئەوەی توڕەبم خۆم بیردەکەوێتەوە، چۆن میزو گوم بە خۆمدا کردووە، لەناو ڕشانەوەدا سەمام کردووە و هاوڕێکانم قاقا پێکەنیوون، ئەوە هەرزەکارییە، ئا بەڵێ هەرزەکاری، چیان دەوێت با بۆ بەتاڵکردنەوەی هەموو گیانە شەڕو دزێوەکان بیکەن، ئەوانیش سبەی وەک ئێمە گەورە دەبن، پیر دەبن و تەنها ئەو ڕۆژانەیان بۆ دەمێنێتەوە لە پیریدا دڵنەواییان بکات، پیریی تارمایی خێوێکە هەمووومان لێی دەترسین و لەدەستی هەڵدێین بەرەو ژیانی هەرزەکاری و ئەو ڕۆژانەی بێ منەت بووین لە تەمەن.

بەدەم بیرکردنەوەو خەیاڵەوە کەمێک لە ئاوەدانی دوورکەوتبوومەوە، ئەمە بۆ خۆی لە جێگایەکی وادا ڕەنگە کارێکی شێتانە بێت، مرۆڤ بە بێ دەربەست لەدوورگەیەکی لەو شێوەدا بە تەنها ڕوو لەو جیگا دوورانەی کەنارەکە بکات، کاتێک دەبینێت لەگەڵ ئاوابوونی هەتاودا شەپۆلەکان چۆن تووڕە دەبن و لمی کەنارەکە لەگەڵ خۆیاندا ڕادەماڵن، بەڵام ئەمەش شتێکە بە درێژایی مێژوو پێش ئەوەی مرۆڤ پێی بگاتە ئەم دوورگەیە هەروا بووە، ئەوەی نا سروشتییە لەو کاتەوەی

مرۆڤ پێی ناوەتە هەر جێگایەک ئیتر کارەسات لە دوای کارەسات و ڕووداو لە دوای ڕووداو ڕوویانداوە.
هەموو شتەکان دەگۆڕێن، ژیان و سەردەم ئێستا بۆ من لە مارتینابلۆند دەچێت، ئەو مارتینابلۆندەی هەموو کورەکان شێتی بوون. لە قوتابخانە و لە خۆشەویستیدا بە تینا بانگیان دەکرد، ئای ئەویش چەند دڵڕەق و بێ بەزەیی بوو، چۆن جوانییەکەی کردبوو بە چەکێک و هەموویانی پێ ئەشکەنجە دەدا، کەس نەبوو لە کورەکانی پۆلەکەمان شەوان خەوی پێوەنەدیبێت و سبەی بۆ هاوڕێکانی نەگێڕابێتەوە، هەریەکە لای خۆیەوە، وێنەیەکی لەناو دڵیدا کێشابوو، بەڵام کەس نەیدەوێرا ڕووبەڕوو شتێکی وای پێبڵێت، هەموو بە بەیانی باشێکی ئەو مەست دەبوون، ئاخر جوانییەکەی تینا کاریگەرییەکی زۆر سەیری لە سەر ژیانی ڕۆژانەمان دانابوو، لە کۆتاییشدا هەر ئەو جوانییە بۆ هەتا هەتایە سزای دا. پێتەری گەنج لە پێناو جوانییەکەی ئەودا ژیانی خۆی لەدەستدا کاتێک داوای خۆشەویستی لێکردبوو، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر دڵڕەقانە و گاڵتەئامێزەوە ڕەتیکردەوە، خۆزگە پێتەری گەنج لە ژیاندا بمایەو ئێستا تینای بدیبا، کە چۆن لە کاتی پشووی نێوەڕوانی زانکۆدا گۆشەیەکی کافتریای زانکۆ دەگرێت و بە تاق و تەنها بە دیار قاوەیەکەوە جگەرە لە دوای جگەرە دەکێشێت، قژە درێژە جوانە ئاڵتونییەکەی لەبەر ڕووتانەوە کورتکردۆتەوەو ڕەنگێکی هەناری کردووە، چاوە شینە گەشە گەورەکانی بچوکبوونەتەوەو داکەوتوون، پێستی هەموو شلبۆتەوە و بەسەر ڕوخساریدا لەهەویرێکی ترشاو دەچێت. من ئێستا دڵنیام پێتەری گەنج زیندوو بێتەوە و بیهێننە ئێرە من دەناسێتەوە بەڵام ئەگەر پێی بڵێن ئەوە... ئەو پیرە ژنە ڕوخسار داکەوتووەی لەو گۆشەی سەرەوە دانیشتووە ئەوە مارتینابلۆندە، ئەو مارتینابلۆندەی لە جوانیدا هەموو قوتابییە کورەکانی هاوڕێی بە تینا بانگیان دەکردوو تۆش لە پێناو عەشقێکی کوێرانەی ئەو جوانییەدا ژیانی خۆت بەخشی یەکسەر دڵی دەوەستێت و دەمرێتەوە یان بۆ هەموو تەمەنی بەشێتی بەسەر شەقامەکاندا دەگەڕێت!.
لەسەرخۆ بە کەنار دەریاکەدا دەڕۆێشتم، سەری قوتوی بیرەکەم هەڵبچڕی و سەرم پێوەنا، لاتان سەیر نەبێت لەگەرمایەکی لەو شێوەی مانگی تەموزدا هەڵدانی بیرەیەکی سارد ڕۆحی مرۆڤ فێنک دەکاتەوەو هەست بە ڕۆچوونی بەناو ناختدا دەکەیت، لەو لاشەوە ڕۆچوونی قاچە ماندووەکانت بەناو لمە شێدارەکانی کەنار دەریا، ئەمە چ جۆرە بیرکردنەوەیەکە زۆربەی ئەو کەسانەی وەک من بۆ کات بەسەربردن و پشوودان هاتوونەتە ئەم دوورگە، چێژ لە سەمای شەوانی سەرشەقامەکان و دیسکۆکان دەبینن، کەسانی وەک منیش چێژ لە شێلانی ئەم لمە تەڕەی کەنار دەریا.
- دە لێ گەڕێ "با هەر کەسێ سەرقاڵی ئەو شتە بێت خوازیارییەتی" (ئەمەم لەبەر خۆمەوە گوت).
ڕووانین و خەیاڵ بڵاوی ئەم کەنار دەریا کاتکوژە، من نازانم چەندێکە بەڕێوەم! بەڵام بە ئاوڕێک لە پشتمەوە دەزانم ڕێگام زۆربڕیوە. یەکەم ئێوارەیە بگەمە ئەم پێچەو هێشتا بیرم لە گەڕانەوە نەکردبێتەوە. قومێکی ترم لە بیرەکە داو بە نیگایەکی سەرنج ڕاکێشەوە بە درێژایی کەنارەکە لەو هەموو تیشکە ڕەنگاو ڕەنگانەی گڵۆپەکان، کە لەسەر پشتی شەپۆلەکان یارییان دەکرد ڕامام، ئەو

هەموو ڕەنگە جوانە لەناو ئەو دەریادا شەپۆلەکان یاریان پێ دەکات بێ ئەوەی تێکەڵ بەیەک بن، خۆزگە مرۆڤیش لەبەردەم هەر شەپۆلێکدا ڕەنگ و جوانی خۆی لە کیس نەدەدا!.
زۆربەی ئێواران، وەک سەرنجیشم داوە زۆربەی گەشتیارانی ئەم دوورگەیە وەک ئەوەی ئەمە سنووری ئێمە بێت لێرەدا بە ڕێگای خۆماندا گەڕاوینەتەوە، پێم وابێت سنوورەکانی دونیا هەروا مرۆڤەکان بۆ خۆیان خویان پێوە گرتووە، ئەگەرچی پاش ئەوەی کەسانی سەرەڕۆ بەزاندوویانە ئیتر درێژ بۆتەوە. ئەم پێچەش ئێمە بۆ خۆمان وەک کۆتایی سنووری ئێمە بێت تاک و تەرا نەبێت کەسم نەدیوە بیبەزێنێت!.
بەدەم بیرکردنەوەوە بە پێچەکەدا سوڕامەوە دەبینم کۆمەڵە تاوێرێک بەرز لە دارستانەکەی سەرەوە بۆ ناو دەریاکە شۆڕبوونەتەوە، بۆ ئەوەی بەردەوام بیت لە پیاسەکردن پێویستە بەسەر ئەو تاوێرانەدا، کە هەمووی لە گابەردی زۆر گەورە دەچن بەسەریەکدا کەوتبن سەر بکەویت و دابەزیتەوە ئەمەش بۆ ئەو کەسانەی ڕۆژ تا ئێوارە کاریان مەلەو خۆدانە بەر هەتاوە وزەیەکی دەوێت، بۆیە هەر لەو پێچەدا یەکسەر دەگەڕێنەوە، بەڵام من ئەم ئێوارە بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆمدا بژیم پێویستم بە ڕۆیشتنێکی دوورودرێژ هەیە.
بەسەر تاوێرەکاندا، کە تا قوڵایی دەریاکە شۆڕبووبوونەوە سەرکەوتم، لەپشتەوە گا بەردی زل زل وەک ئەوەی سزا درابن مێژوو فڕێی داونەتە ئەو قەراخە. ئەم گا بەردانە ڕەنگە ملیۆنێک ساڵ تەمەنیان هەبێت، ئەم ملیۆن ساڵەش سنگیان لەبەردەم ئەو شەپۆلە تورانەدایە، ڕێککەوتەی شوێنەکەشیان وەک پێ پەیژە لەسەرەوە بۆ خوارەوە تا دەگەنەوە سەرزەمینە لماوییەکەی کەنار دەریاکە بەسەریەکدا کەوتوون، ئەم گابەردە زلانە کەم کەس هەیە هاتبێتە سەری و هەڵوێستەیەکی لە دەریاکە نەکردبێت، چونکە شێوازی شەپۆلەکە لێرەدا دەگۆڕێت بۆ شەپۆلێکی تورەی شێت. کاتێک خۆی بە گا بەردەکاندا دەدا پرژەکانی بەشێوەیەک بۆ ئاسمان بەرزدەبنەوە تۆش لەبەرکەوتن و تەڕبوون بێ بەش نابیت، بەمەش ترسێک دەخاتە دڵی ئەو کەسانەی لەسەر گابەردەکە وەستاون!.
بە هێواشی لەسەر گابەردەکان بەرەو خوارەوە بوومەوە، دەبینم کابرایەک لەسەر تەختە بەردێکی گەورە لە تەنیشت کەنارە لماویەکەدا دانیشتووە ڕاوەماسی دەکات. جێگای دانیشتنی ئەم کابرا وەک ئەوەی بە ئەنقەست هەڵبژاردبێت وا هەڵکەووتووە هەر دەبێت لە پشتییەوە تێپەڕببیت، لە بارێکی واشدا ناتوانیت هەڵوێستەیەک یان سڵاوێک نەکەیت، ئەگەرچی لەم جێگانەدا مرۆڤەکان دەگمەن سڵاو لەیەک دەکەن. بەهەرحاڵ من لەسەر گابەردێکی سەرووتری ئەوەوە بێ ئەوەی مەبەستم بێت کەمێک لێی ڕامام، لە کەسێک دەچووم بە دوای ڕێگایەکی تردا بۆ خۆدەربازبوون بگەڕێت، ڕاستە من چاوم لە خوارووی خۆمەوە بوو بەڵام خەیاڵم وەک نەورەسەکانی ئەو کەنار دەریایە تاوێک بە ئاسماندا دەفڕن و لە پڕ خۆیان دەهاوێژنە ناو دەریاکە و لە چاوترووکانێکدا بە دەنگێکی بێزارکەر لەکەنارەکە دەنیشنەوە، ئەوەندەم زانی دەنگێکی نەرم هەر لە دەنگی ئێوارە دەچوو بە گوێمدا وەک بایەکی فێنک تێپەڕبوو...
مسیۆ... ئەم دەنگە لەماوەی هەناسەدانێکدا هەموو خەیاڵەکانی پریم و کەوتمەوە سەرخۆم، دەبینم کابرا لە خوارمەوە ملی هەڵگێڕاوەتەوە بۆ پشتەوەو

بە بزەیەک پڕی بوو لە بەزەیی و غەمگینی هاتەوە دەنگ... مسیۆ، ئەوە بیر لەچی دەکەیتەوە. ژیان ئەوە ناهێنێت وا بە قوڵی بیری لێبکەیتەوە...
ڕاستی من وەک هەر خوویەک حەزم لەو خەڵکە سەرەڕۆیانە نییە بێئەوەی هیچ پێشینەیەکت لەگەڵیاندا هەبێت، لەپڕێکاو بۆ چەند چرکەیەک دەیناسیت وەک هاوڕێیەکی دێرین دەتدوێنێت، بۆیە خۆم لەقسەکانی لە گێلیداو ڕووم بەرەو کەنارەکە وەرگێڕا بۆ ئەوەی پاش دابەزین بەردەوام ببمەوە لە ڕۆیشتن، کەچی کابرا ئەم جارە بە دەنگێکی ڕەقتر دووبارە گووتیەوە: وەک گوتم: مسیۆ، ئەوەندە بیری لێ مەکەوە، ژیان لەوە ئاسانترە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، ڕێک و ڕاست وەک ئەو گا بەردانە وایە لەسەری ڕاوەستاویت، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت ئێستا لەو بەرزاییە وەستاویت و پاش کەمێکی تر تۆ دادەبەزیتە خوارەوەو یەکێکی تر سەردەکەوێت، دووریش نییە ئەوەی دوای تۆ قاچی نەپلێت و بەرەو ناو دەریاکە بەرنەبێتەوە، ئیتر بۆ خۆی ڕزگاری دەبێت و بەدبەختی بۆ ئەوانەی دوای خۆی جێدەهێڵێت.... مسیۆ، ئەوانەی دەڕۆن ئەبەدییەت دەبنەوە و هەموو نەگبەتی و بەدبەختییەکان لە دوای خۆیان بۆ خەڵکانی تر جێدەهێڵن، بۆیە ئەوەندە بیری لێ مەکەوە ژیان لەوە ئاسانترە، تۆ بیری لێدەکەیتەوە....
لەو کاتەدا ملی هەر بۆ دواوە وەرگێڕابوو زەنگی قولاپەکەی لێی دا، کابراش قسەکەی پڕی و گووتی: مسیۆ، ئەی نەمگوت: ژیان لەوە ئاسانترە، ئەوە بوو بە قولاپەکەوەو ژەمی ئەم ئێوارەمان مسۆگەرکرد....
بە پەلە قولاپەکەی بۆ دەرەوە هەڵکێشایەوە، گوێچکە ماسییەکی گرتبوو، کابرا بەمە زۆر قەڵس بوو. گوێچکە ماسییەکەی لە قولاپەکە کردەوەو بە هەموو هێزی کێشای بە بەردەکەداو لەبەر خۆیەوە گووتی: "ڕۆ بۆ جەهەنم هەی بێ کەڵک، ئەگەر بۆ ڕاوی تۆ بهاتبام ئاوا بە ئاسانی خۆت بەدەستەوە نەدەدا. ئەمڕۆ ئەم جانەوەرانە لە من نابنەوە، بەڵێن بێت هەرچی تر بە قولاپەکەوە بێت ئاوا ڕەوانەی دۆزەخی بکەم، خۆ ناکرێت ئەوان گۆشتی قولاپەکەم بخۆن و منیش بەرەڵایان بکەم بۆ ئەوەی دیسان بیخۆنەوە، ئەمانە لە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەچن، پارچە نانێکت لێ دەدزن هەر چاوپۆشییان لێ بکەیت، بە گێلت دەزانن و ئەمجارە دەست بۆ گیرفانت دەبەن، ئیتر بۆ دەبێت جاری دووەم لێی خۆش ببمەوە، ئا... نابێت لێی خۆش ببمەوە، چونکە زیانی گەورەترت لێ دەدات".
من هەر لە شوێنی خۆم وەستابووم و سەیری ئەو سیناریۆ سەیرەم دەکرد، کابرا لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، لەوە دەچوو ئەو گوێچکە ماسییانە ئازاریان دابێت، بۆیە وا بێئاگا لەبەر خۆیەوە قسە دەکات و منی لەبیرکردەوە، بۆیە ئەمجارە خۆم پێ نەگیراو وەک خۆی گووتم:
مسیۆ... ژیان ئەوە ناهێنێت، گوێ مەدەرێ ئەوانیش گوناهن و ڕەنگە برسییان بێت بۆیە ئامادەن بۆ پارچە گۆشتێک ملی خۆیان لە چەقۆ بسوون....
کابرا ئاوڕێکی لێ دامەوە و بە نیگایەک سەیریکردم، ئەژنۆم لەسەر بەردەکان هاتە لەرزین، مەپرسن ئەو نیگا چی پێ گووتم، بەهەموو تەمەنم هیچ چاوێک لە کەمترین کاتدا ئەوەندە پەیامی پێ نەداوم و نەیترساندوم، تا ئێستا، کە ساڵێک بەسەر ئەو ئێوارەدا تێپەڕیوە ئەو چاوانە لە پێشچاومدا دێن و دەچن، دوو چاوی گەورەو ڕەش، کە پاشانیش لەسەر شتێک ڕازی نەبوایە دەیکردنەوە، تۆ لەخۆتەوە وەک سیحرت لێ کرابێت لە زمان دەکەوتیت، سیحرەکەش لەوەدا بوو یەک دونیا

پەیامی پێدەدایت و لەهەموو شتێک تێیدەگەیاندیت، بەڵام ئەگەر لێم بپرسی وەک چی نازانم بە وتە بیڵێم!
ئەو هێزە لەو چاوانەدا دیبووم لە ژیانمدا هێزێکی لەو شێوەم نەدیبوو مرۆڤ بحەپەسێنێت و لە زمانی بخات.
پاش ئەوە قولاپەکەی بە توورەییەوە فڕێ دایەوە ناو ئاوەکە، دەستی برد پێکێکی لەو بتڵەی تەنیشتی کردە ناو پەرداخێک و توند چاوەکانی نوقاندو نای بەسەرییەوە، دوا چۆڕی خواردەوە پاشان تامی دەمی دایەوەو گووتی: هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەت، ئەم ئێوارەت لە هەموو ئێوارەکانی تر خۆشتربێت....
هەر کە گوێم لەو چەند دێڕە بوو خۆم پێ نەگیراو قاقایەک هاتە سەر لێوم، هەرچەند ویستم دەنگی نەیەتە دەرەوە، بەڵام خۆ زۆرجار مرۆڤ کۆنترۆڵ لەدەست دەدات و ناتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەو حاڵەتەی لەناخەوە وەک گڕکان بۆ خۆرزگارکردن دێتە دەرەوە...قاقاقا.
من دەستم بەدەممەوە گرتبوو بۆ ئەوەی دەنگم نەگاتە کابراو نەکەومە بەر هێرشی چاوەکانی، بینیم ئەمجارە بە چاوێکی تر تەواو پێچەوانەی ئەو چاوەی پێشتر لێم دەڕوانێت، چاوێک پڕبوو لە میهرەبانی، ئەم دیمەنە تەواو سەرنجی ڕاکێشام مرۆڤێک لە چەند ساتێکی کەمدا بە دوو شێواز ببینم، بەدەنگێکی نەرم گووتی: نازانم چ کارەیت، بە قەدوباڵاتدا لەوە ناچێت پیاوێکی خراپ بیت، بەڵام لەوە دەچێت زۆر گوناح بیت...! مسیۆ، من مرۆڤناسم وەک ئەو زەڕەنگەرەی هەر لەدوورەوە پارچە ئاڵتونێکی بینی نرخەکەی دەخەمڵاند، ئەمەش ئەزموونێکی زۆری دەوێت، سەرەتا ئەمە لە وەستا نەعلەتیەکەمەوە، لە یەکەم دەروازەی نەگبەتیمەوە بۆ بوو بە سەرنج، کاتێک بارێ شوتیمان بۆ دەهات تەنها یەک سورخواردن بەدەوری ئۆتۆمبیلەکەداو دەستدان لە چەند دانەیەک بەسبوو بۆ ئەوەی نرخی ئەو پیکابە شوتییە بخەمڵێنێت و هەموو جار خەمڵاندنەکەشی لە جێگای خۆیدا بوو، بۆیە پێم خۆشە بێیتە خوارەوەو پێکێک پێکەوە فڕکەین، چونکە لەوە دەچێت خوا تۆی بۆ ئەم بێتاقەتی و تەنهایی ئێوارەیە ناردبێت...
کەمێک وەستام و بە سەرسوڕمانەوە لێم ڕوانی، توورەبوونێک لە ناخمدا قوڵپی دەدات، لە کاتی وادا هەمیشە دەستەکانم دێنە لەرزین، لەساتێکی وادا مرۆڤ زۆرجار هۆش لەدەستدەدات، غەریزە شەڕانییە ئاژەڵییەکەی زیندوو دەبێتەوەو بەرەو کردەوەی خراپی دەبات، بۆیە بڕیارمدا بۆ ئەوەی نەکەومە داوی قسەی سەرخۆشێکی نەناسراو، کێ دەزانێت چ سەرەڕۆییەک بۆ ئەم کەنار دەریای هێناوە، خۆ ئەگەر گەنجێک بوایە ئەوا بێدەنگ دەبووم، گاڵتەم بە ئەقڵ و ڕەوشتی گەنجەکان دێت، چونکە ساتەوەختین و سەردەمەکەیان سەردەمی شێتێتییە، بەڵام ئەم کابرا سەرو ڕیش ماش وبرنجی چڵکڕەنگ لەوە ناچێت بێ مەبەست و بە گەوجێتی ئەم قسانە بکات، منیش خۆم بێزاری و خەمۆکی بەم شوێنە نەعلەتییەی گەیاندووم، ئیتر ئەگەر کڕیار نیت پێویست بە پێشوازیکردن ناکات.
من بۆ خۆم بێزارو بێ حەوسەڵە لەم کەنار دەریادا پێویستم بە کەمێک ئارامبوونەوە هەیە وا ئەم سەرخۆشە خەریکە بە قسە توانجئامێزەکانی ناخیشم دەوروژێنێت و توورەم دەکات، دەڵێن: بێزاری و خەمۆکی لەقەڵەڕەشێک دەچن مرۆڤ بۆ کارەسات و نەگبەتییەکانی ژیان پەلکێش دەکەن، بۆیە لە حاڵەتێکی وادا باشترە مرۆڤ خۆی ئارام بکاتەوەو بگەڕێتەوە بۆ ناو ناخی خۆی و خۆی نەداتە

دەست هەڵچوونە دەروونییەکان، ئەگینا باجی ئەو نەگبەتییانەی مرۆڤ خۆی بەرەو پیریان دەچێت زۆربەیجار هێندەی نرخی ژیانە.!
بەسەرسامییەکەوە لەکابرام ڕوانی، دیسانەوە چاوەکانی کەوتنەوە بەردیدەم، دەستەکانم لە لەرزین کەوتن، هەناسەم تووندبوو، دڵیشم تەپە تەپی زیادکرد، ئەو هەر بە یەک نیگا سەیریکردم، بەڵام نیگایەک بۆ هەموو ژیانم لەناو زەینمدا تۆماربوو، ئەو نیگا هێندە بەهێزو کاریگەربوو دەتوانم بڵێم: هەڵۆ بەو چاوە تیژانەیەوە لە بەرزایی سەدان مەتر لەئاسمانەوە بەر ئەو تیشکە بکەوتبا ڕایدەکێشایە سەر زەوی، لەو چاوانەبوو دەیانگووت: باڵندە بە ئاسمانەوە دەوەستێنێت، چاوێک بوو لە شێوەی چاوی گورگ، چۆن شەوان قوربانییەکەی دەکاتە پنتێک بۆ ڕوانین و چاوی دەخاتەسەر تا لە پەلوپۆی دەخات، لەبەردەم چاوەکانیدا هێزی تێدا نامێنێت و لەجێگای خۆی دەکەوێت، هەموو ئەو کەسانەی لەنزیکەوە چاویان بە چاوی گورگ کەوتووە دەڵێن: هێزو سامێکی گەورە لە چاوەکانیدا هەیە، ئەوەی گورگ لە سەگ جیا دەکاتەوە تەنها چاوەکانییەتی، پزیشکە دەروونناسەکانیش دەڵێن: مرۆڤە بەدو ناخپیسەکان بە چاویاندا دەناسرێنەوە، ئەم تێزە بوو ڕێگای بۆ پۆلیسەکان خۆشکرد لەڕیگای هەڵگرتنەوەی ئاسەواری چاوەکانەوە تاوانبارەکان بدۆزنەوە، ئەگەرچی زۆرجار ئەوانیش چاو هەڵیفریواندن و بە ڕێگای هەڵەیدا بردوون. بەداخەوە ئەوەندەم زانیاری لەو بارەوە نییەو قەت بیرم لەوەنەکردبۆوە ڕۆژێک چەند کتێبێک لەو بارەوە بخوێنمەوە، بە تێروانین لە چاوی کەسەکان هەندێک زانیاریم لەسەر کەسێتیان دەستکەوێت.
هێشتا لەسەر گابەردەکە وەستابووم و وەک سەربازێک چۆن بە تیلەی چاوەکانی بە شوێن جێگایەکدا دەگەڕێت بۆ هەڵهاتن، ئاوا چاوم دەگێڕا تەنها ڕێگاو چارە بۆ من گەڕانەوە بوو بە ڕێگای خۆمدا بەرەو میوانخانەکە، بەرەو جەنجاڵی شەقامەکانی شەوان و هەراو هوریای ئەو گەنجانەی ئەوەندە مەستدەبوون بەسەریەکدا دەکەوتن، لەپڕا دەنگێکی زۆر هێمن بەڵام گاڵتە ئامێز تێکەڵ بە شەپۆلەکە هاتە بەر گوێم: مسیۆ، ئەوەندە پێویست بە بیرکردنەوە ناکات، پروام پێ بکە ژیان ئەوە ناهێنێت، لە پێکێک مەی دەچێت دەیخۆینەوە بۆ ساتێک مەست دەبین و پاڵی لێدەدەینەوە، تۆ ئەو هەرزەکارانەت دیوە شەوانە لەو کەنار دەریا چۆن مەست دەبن، گۆرانی دەڵێن، میز و گوو بە خۆیاندا دەکەن و سواری یەک دەبن، کاتێک بە ئاگا دێن ڕۆژبۆتەوە و ئەو خەڵکە بە تەنیشتیانا تێپەڕ دەبن هێڵنجیان دێت، ئەگەر دەتەوێت باش تێبگەیت ئەوە وێنەی ڕاستی ژیانە، ئەوەندە بۆگەنە هەمووومان وەک بەرزایێکی پۆخڵ لەدەستی هەڵدێین، مسیۆ تو سەری ژنەکەم، هاکا پەیدا بوو وەرە پێکێک لەم مەیە بخۆرەوە، خۆ ناکرێت سەری ژنەکەم بەدرۆ بخۆم..! هاهاهاها
ئەوەندە بەدڵ قاقاکەی لێدا، پروا بکەن شەپۆلەکان بۆ ساتێک بێدەنگ بوون، چل ساڵیش دەبێت گوێم لە پێکەنینێک نەبووە ئاوا لە ناخەوە بێتە دەرەوە، هەموو مرۆڤەکان بیانتوانیبا ئاوا لەناخەوە پێبکەنن قەت ناخیان بەم شێوەی ئەمڕۆ پیس نەدەبوو. سەیرە پێکەنین بەشێکی جوانە لە سروشتە ونبووەکەی مرۆڤ، بەڵام هەندێک جار کەسانێک دەبینیت ئاوا ئەو سروشتە جوانەیان لای خۆیان پاراستووە، ئەمە نهێنییەکە ئەستەمە هەموو تەمەنمی بۆ تەرخان بکەم لێی تێبگەم.

بەڕاستمە مسیۆ، کە گوێم لە تەپەی پێی هەر ڕێبوارێک دەبێت لەودیوەوە بەسەر گابەردەکاندا سەردەکەون لەترساندا ناوکم دەکەوێتە بەر پێم، کاتێک تۆم بینی لە ناکاوێکدا بەسەر سەرمەوە ڕاوەستابوویت، خوا بۆ خۆی بە بەزەییبوو دڵم لە لێدان نەکەوت، لە داخاندا خەریک بوو پڕ جنێوت بکەم وا بەم ئێوارە زەندەقت بردم، بۆیە ئێستا دەتبوورم بەمەرجێک لەگەڵمدا پێکێک بخۆیتەوە، چونکە ئەگەر تۆم لەگەڵ بیت زۆر بەختەوەر دەبم و لە ژنەکەشم ناترسم...هاهاهاها
ئەوەی سەیرە، هەر کە ناوی ژنەکەی دەبات قاقایەکە وەک ئاوێکی ڕوون لە قوڵایی چیایەکەوە بێتە دەرەوە ئاوا ڕێچکە دەبەستێت و بەسەر شەپۆلەکاندا دەڕوات و لە دوای خۆی بێدەنگییەک بە جێدەهێڵێت....
ئەو هەر قاقا پێدەکەنی چاوەکانی پڕبووبوون لە ئاو، دابەزیمە خوارەوەو لە تەنیشتییەوە ڕۆنیشتم. هەر کە بینی بە تەنیشتییەوە دانیشتووم سەیرێکی کردم. کەمێک لێی ڕوانیم و لەبەر خۆیەوە گووتی: هەر زانیم شتێک هەیە بۆیە گوێم لە دەنگی پێ نەبوو، تومەز مسیۆ پێخاوسە.... قسەکەم پێ بڕی و ویستم پرسیارێک بکەم...! قسەکەی لەدەم وەرگرتم و گووتی: مسیۆ، هەموو شتێک ڕێکەوتە، من پێوام بەم وشەیە هەیە، تۆ ڕەنگە ئەم ئێوارە بۆ من فریشتەیەک بیت و لەوانەشە پێچەوانەکەی بیت، بەڵام گەشتومەتە ئەم تەمەنە ئەزموونی ژیان فێریکردووم شەڕ لەگەڵ چارەنووسی خۆمدا نەکەم، شەڕکردن لەگەڵ چارەنووسدا ڕێکوراست وەک شەڕکردنە لەگەڵ شەیتاندا، ئاخر مسیۆ، تۆ دەتوانیت شەڕ لەگەڵ شەیتاندا بکەیت؟. ئەوە نەک تۆ کەس ناتوانێت چونکە بەدبەختی دەکات، من ئەمە لە ناوچەیەک فێربووم خەڵک پێیان دەگووتن: هەرێمی خۆر پەرستان، بەڵام ڕاستییەکەی تا لەگەڵیاندا نەژیت نازانیت ئەوانە چەند داناو خاوەن بەهرەن، ئەمەشیان لە زۆرکۆنەوە لە باوباپیرانیانەوە بۆ مابۆوە، کەنابێت دڵی شەیتان بڕەنجێنیت و لەخۆتی تورە بکەیت، ئەگەر تۆ دەتەوێت لە ژیاندا بەدبەخت نەبیت و بەڵاو کارەساتت بەسەردا نەیەت ئەوا پێویستە شەیتان لەخۆت دووربخەیتەوە، بۆ ئەوەی شەیتانیش لە خۆت دوور بخەیتەوە پێویستە ڕێزی بگریت، کاتێکیش ڕێزی دەگریت لە کۆڵ تۆ دەبێتەوەو دەڕوات بەدوای دوژمنەکانیدا دەگەڕێت، لەبەرئەوە سیفەتێکی دوژمنکارانەی هەیەو لەو بوونەوەرانەیە بە بێ دوژمن ناتوانێت بژی. ڕەنگە ئێستا تۆ گاڵتەت بەم قسانە بێت و بە کابرایەکی زۆر گەلحۆم تێ بگەیت، تو خوا وانییە هاهاهاها
- نا بە پێچەوانەوە قسەکانت زۆر خۆش و بەتامن، بەس پێم خۆشە بزانم خێزانەکەت لە کوێیە؟.
هەرکەناوی خێزانەکەیم هێنا قاقای پێکەنین وەک بورکان لەناخیدا تەقیەوە هاهاهاهاها، ئەوەندە بە قوڵی و بە کوڵ پێدەکەنی وات هەست دەکرد هەموو ئەو دورگە بە دارو بەردەوە لەگەڵیدا پێدەکەنن، ئەو پێدەکەنی و فرمێسک لەچاوەکانییەوە، کە بەسەر ڕوخسارە وشکهەڵاتووە چرچاوییەکەیدا جۆگەلەی بەستبوو دەبریقانەوە، دەیویست پێکەنینەکەی بوەستێنێتەوەو قسەیەک بکات، بەڵام نەیدەتوانی ڕێگای لێبگرێت... مسیۆ، ژنەکەم هاهاهاها...هاهاهاها، تو خوا لەبەر خاتری ژنەکەم هاهاهاها...هاهاهاها... پێکێک بخۆرەوە کێ دەزانێت کەمێکی تر ژنەکەم پەیدا نابێت و جێت ناهێڵم هاهاهاها...

دەستی برد لە کۆڵە پشتەکەی تەنیشتییەوە پەرداخێکی دەرهێنا، کەمێک ئاوی تێ ڕاداو لەو شوشەی بەردەمی کەمێ خواردنەوەی تێ کردوو پەرداخەکەی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو سەیرێکی کرد لەبەر خۆیەوە گوتی: خەتەکەی تەواوە، سەری شوشەکەی داخستەوەو کەمێک ئاوی تێکرد، یەکسەر ڕەنگی خواردنەوەکە بۆ ڕەنگێکی زەرد گۆڕا، گوتی: مسیۆ، تۆ سەری ژنەکەم هاهاهاها ئەو قوتوەی دەستت فڕێدە و قومێک لەم حیکمەتاوە بخۆرەوە، ئەمە پاستیسی ئەسڵە لە مارسێلیاوە هاتووە بزانە چۆنە!.
لەوە دەچوو ئەو دەمێک بێت خووی بەوە گرتبێت، لەگەڵ هەر کەسێکدا بخواتەوە پێکەکەی بۆ ئاسمان بەرزبکاتەوەو لە پێکی هاوڕێکەی بدات و بەدەنگی بەرز هاوار بکات بە خۆشی تۆو بە کوێرایی چاوی ئەوانەی حەزناکەن خەڵکانی تر بەم حیکمەتئاوە کەیفخۆشبن.
- من ئەم ناوەم لا نائاشنا نەبوو، بەڵام یەکەم جاربوو تامی بکەم، وەک بەهاراتێکی تیژ بۆ ماوەیەک سەرزمانمی سڕکرد، دوای خواردنەوەی پێکەکە پرسی: مسیۆ، خۆ پێت ناخۆش نییە بە مامۆستا ناوت ببەم؟.
- نا ئاساییە بەڵام تۆ چۆن دەزانیت من مامۆستام؟.
- هاهاهاها مامۆستا، تۆ وا دەزانیت سەرم لەبەر ئەم هەتاوەی ئێرە سپی کردووە؟ وەک گووتم: مامۆستا من قوتابییەکی زیرەکی وەستا نەعلەتییەکەمم، ئەو زۆڵە هەر لەیەکەم ساتەوە منی بینی بانگیکردم و پێی گووتم: تۆ لەمڕۆوە لای من شاگردیت و ناچیتە لای کەس، من ژیانت دابین دەکەم ئەگەر جێگاشت ویست هەرخۆم بۆت دابین دەکەم. مامۆستا، خۆزگە ئەو پیاوەت بۆ یەکجار دەدی چەند میهرەبان و لەسەرخۆو قسەخۆشبوو، لەناخیشەوە شەیتانی بەشاگرد وەرنەدەگرت، ئای بڵێم چی مامۆستا، بۆ یەکەمجار دەستی بەسەرمدا هێناو و گووتی: لەمڕۆوە تۆ کوڕی منیت، لەدڵەوە خەریکبوو دەست بەگریان بکەم، چونکە ئەوە یەکەم جار بوو کەسێک وا بە میهرەبانییەوە دەست بەسەرمدا بهێنێت، جا بۆ ئەوەی سەرت نەیەشێنم من لەو شەیتانئاوا پێی دەڵێن عەلوەی میوەو سەوزە چاوی ژیانم کرایەوەو لەناو درۆو ساختەدا پەروەردە بووم.... ئەمەش قەدەرێکە کەس لێی بەرپرس نییە، بەڵام گوێمەدەرێ هەموو جارێک فەرزانی هاوڕێم دەیگووت:' قەت خۆتان لەبەردەم ستەم و دڵڕەقی ژیان نەدەن بەدەستەوەو بڵێن من نەگبەت و بێبەختم، بەو قەبرەی هەمووان دەچینە ناوییەوە، هیچ شتێک بێ هەڵە لەخۆوە نایەتە بوون، هەڵەیەک لەشوێنێکدا هەیە ئێمە پەی پێ نابەین، چۆن ئەمە لەخۆوە نییە ئێمە ئالێرەدا کۆبووینەتەوە، بەدبەختیش لەخۆوە نییە، قابیلە باوکمان دوا نیوەشەو بە سەرخۆشی لەمەیخانەکان دەگەڕێتەوەو دایکمان لەشیرینی خەودا بەشەق بێدار دەکاتەوەو وەک کەر سواری دەبێت، دوای نۆ مانگ ئێمە لەدایک دەبین بەو شێوەی ئێستا هەین، قەت نابێت لەوە باشتر بێینە دونیاوە، دەبێت شوکری ئەو خوا بکەین مەراق و خەفەتی دایکمان لەسکیدا ئیفلیجی نەکردووین، هاوڕێیان ئەمەش بەختێکی باشە ئێمە بە ئیفلیجی لەدایک نەبووین، هیچ نەبێت دەبێت ڕازی بین دوو دەست و دوو قاچی تەندرووستمان هەیە، ئەمە کەم نییە بتوانین بە گژ نەهامەتییەکاندا

بچینەوەو نانی ڕۆژانەمان پەیدا بکەین، خەڵک هەیە ئەوەی نییە، ئا ئێمە دەبێت زۆر شوکرانە بین بە تەندرووستی لەدایک بووین، هەموو ئەوانەی تر وەک ئەو هەورانە وان بەری ڕۆژمان لێدەگرن، ئەمڕۆ یان سبەی دەبێت ملیان بشکێن و بەرچاومان بەردەن'.

مامۆستا، مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیرە یەک کاتژمێر خۆشی، ناخۆشی تەمەنێکی لەبیر دەباتەوە، تۆ پێم بڵێ: بزانم سەرناسم، تۆ مامۆستا نیت وا بەم ئێوارە تووشت بووە بە تووشی بەرازێکی وەک منەوە...؟. قسەکەم پێ پڕی بۆ ئەوەی ئاسایی بکەمەوە گووتم: نا مامۆستا نیم، من ئەمساڵ خانەنشینکراوم و دانیشتووم، بۆیە هەروا بزانە دوو هاوڕێین لە شەمەندەفەرێکدا بەرامبەر بەیەکتر دانیشتووین، بۆ ئەوەی کاتەکە زوو ڕوات و دڵمان نەتەقێت پێکەوە قسە دەکەین و دڵی یەکتر خۆش دەکەین، ئیتر هەر شەمەندەفەرەکە گەشتە وێستگا دادەبەزین و هەرکەسێکمان بەڕێگای خۆیدا دەڕوات.... بە نیگا ترسناکەکانی سەیرێکی کردمەوە هەستتدەکرد گڕ لە چاوەکانی پریشک دەهاوێت، خودایە خەریک بوو بەناو گابەردەکاندا ڕۆبچم.... بۆیە خۆم پێ نەگیراو بۆ ڕاستکردنەوەی قسەکەم گووتم: پێویست ناکات ئێمە تەمەن و پیشە بکەینە لەمپەر لەبەردەم هاوڕێتیماندا، تۆ وا بزانە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆتدا دانیشتوویت، من ئەگەر تۆم وەک هاوڕێیەک لەم کەنار دەریا بەم ئێوارە پەسەند نەکردبا ئامادە نەبووم سڵاویش بکەم و بە ڕێگای خۆمدا دەگەڕامەوە...

قسەکەی پێ بڕیم و گوتی: من هیچ لە پیشەکەی تۆ تێنەگەیشتم، هەر مامۆستا نەبیت ئیتر خوای دەکرد قایمقام دەبوویت،هاهاهاها ئەمەیان خۆشە من لەگەڵ قایمقامدا دەخۆمەوە هاهاهاها.... هاوڕێی خۆشەویستم بۆ تۆ ئەو کەسانەت بۆ گرنگە، ئەوانیش وەک من و تۆ مرۆڤێکی سادەو ساکارن، من ماوەیەکی زۆر مامۆستای زانکۆ بووم، زۆرجار ڕێککەوتووە لە کافتریای زانکۆ لەگەڵ قوتابییەکانمدا قاوەم خواردۆتەوەو شۆخیمکردووە، وام ڕاهێنابوون بەناوی خۆمەوە بانگم بکەن، هەرواشبوو هەموویان بەناوی هێلەرس بانگیان دەکردم تۆش بە هێلەرس بانگم بکە، دەزانیت یەکێک لەو قوتابییانەی من ڕۆژگارێک وانەم پێ دەگووتەوە، ئێستا پزیشکی تایبەتیمە، هەرکاتێکیش ناساغ بم بۆ سەردانیکردنی پێویستە زەنگی بۆ بدەم بۆ ئەوەی دەرفەتم باتێ لەگەڵ ئەوەشدا ڕیکەوتووە سێ چارەک لە ژووری چاوەڕوانییەکەی چاوەڕوان بکەم، ئەمە زۆر ئاساییە.... هەرکە بینیمی زانیم لە پیاوێکی چاک دەچیت، بۆیە بانگم کردیتە ئەم خوانە، وە تۆ یەکەم پیاویت لێرە لەگەڵت دادەنیشم، بەڵام ئەو دکتۆرە زۆر سەگ و سەگبابە، تۆ کردووتە بەو پیاوە، ئێستا ئەبێت لێی بپاڕێیتەوە بۆ ئەوەی دەرمانێکت بۆ بنووسێت، ئەوە بۆ نامبەیت بۆلای دارکارییەکی بکەم ، ڕوا بکە وانەیەکی فێردەکەم هەموو ئێوارەیەک پێش ئەوەی بچێتەوە بۆماڵەوە بێت سەرێک لە تۆ بدات.... نا هەڵە لێی تێمەگە ئەو مافی خۆیەتی، بە ڕەنجی شانی خۆی گەشتۆتە ئەو جێگا، چەندین شەو بەسەر کتێب و وانەکانییەوە خەوبردوویەتییەوە، من وانەم وەک ئەرک پێ گووتوە، ئەمە پیشەی من بووە، هیچ ئازایەتییەکم نەکردووە خۆ من بە خۆڕایی وانەم پێ نەگووتوون! بە پێچەوانەوە من نەک هەر پێم خۆشە بەڵکو بەسەرکەوتنی خۆمی دەزانم، قوتابییەکانم هەموویان لە تەواوکردنی خوێندندا

سەرکەوتوون، دەبێت هەروا بێت. وەک گووتم: تۆ خۆت پیاوێکی باشیت، بۆیە ئەویش باشە، جا خوای بکردبا من ببوایەم بە دکتۆرو مامۆستاکانم نەخۆش بکەوتبان، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت من دکتۆرم و مامۆستا ئەحمەدی پەنجەشکێن وەک نەخۆشێک دێتە لام، تۆ چی دەڵێیت؟.
دڵنیام ئەگەر ئەو لەگەڵێشت باش نەبووبێت تۆ میهرەبانییەکی نیشاندەدەیت، کە لە ڕابردووی شەرمەزار بێت، دەبێت ئێمە وا بیربکەینەوە، تۆش هەروا دەکەیت.

- قاقایەکی لێدا تا ماوەیەک دەنگی دەبیسترا هاهاهاها
- بەسەرسامییەوە پرسیم بۆ پێدەکەنیت؟.
- گووتی: من گووتم تۆ پیاوێکی باشیت و خەڵکی وەک تۆ زۆرکەمن، دەزانیت چیم لێ دەکرد؟. یەک سرنجم بۆ دەکرد، ئا لەو سرنجە گەورانەی دەرزییەکەی بە قەد سوژنێک دەبێت، ڕێک و ڕاست لەو سرنجەی باوە کریست بۆ مانگاو بەرازەکانی دەکات، بەڵام پرم دەکرد لەو ژەهرانەی مرۆڤ ناکوژن، دەڵێن هەر گۆت و لاڵی دەکات، ئەوجا پێم دەگووت، مامۆستا ئەحمەد ئەو دەرزییە بێ وێنەم بەو پەنجەم بۆ کردوویت (لەو کاتەدا پەنجەیەکی قۆرتبووی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە)، کە لە نێوان دوو قەڵەمدا شکاندت. تۆ نازانیت مسیۆ ئازاری ئەو پەنجە تا ئێستاش پێوە دەناڵێنم.... قسەکەم پێبڕی و گووتم: نابێت تۆ وەک ئەو بیربکەیتەوە، دڵنیابە ئێستا زۆر پەشیمانە لەو ڕەفتارانەی بەرامبەر بە ئێوە کردوونی، بۆیە لێبووردن باشترین تۆڵەیە، ئەگەر تۆ لێیبووریت ئیتر ئەو بەشێوەیەک توشی ئازاری ویژدان دەبێت خۆی لە خۆی نابورێت، بە ڕاست پێم بڵی: مامۆستاکەت ئەو پەنجەی شکاندیت؟.
- هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو بە تەوسێکەوە گووتی: بەڵێ مسیۆ، بەڵێ مامۆستایەکمان هەبوو ناوی ئەحمەد بوو بە پەنجە شکێن ناسرابوو، ئیزرائیلێک بوو وەک ئەوەی خوا بۆ ئەشکەنجەدانی ئێمە ناردبێتی، کەم قوتابی هەبوو لە دەست ئەشکەنجەدانی ئەو ڕزگاربیووبوو، لەترسی تێهەڵدانی باوکان نەماندەوێرا لە قوتابخانە هەڵبێین، چونکە ڕێککەوتنێک لە نێوان باوکان و مامۆستاکاندا هەبوو بەوەی گۆشتەکەمان بۆ مامۆستاکان و ئێسقانەکانیش بۆ باوکان، ئەگینا هەر باسی قوتابخانە دەکرا لەترسا میزمان بەخۆماندا دەکرد، مسیۆ، ڕەنگە گاڵتەت بەم قسانە بێت پیاوێکی بێکەڵکی کەنەفتی وەک من باسی منداڵی بەو شێوە دەگێڕێتەوە....، بیرم دێت بەیانییەکی زووی زستان چەند ڕۆژێک پێش شەوی ئەستێرەکان، ئەو شەوەی چارەنووس بڕیاریخۆیدا و یەک بە یەکمانی بەرەو دۆزەخ ڕەوانەکرد (لەو کاتەدا ئاخێکی قوڵی هەڵکێشاو چاوە گەورە ڕەشەکانی وەک گۆم ئاوی تێدا وەستا) لەگەڵ فلامەرزی سەگکوژی هاورێمدا ئاخ.... ئەویش زۆر بەدبەخت بوو کورە تاقانەکەی عەزەمی پێستەچی! بەفرێکی زۆرباریبوو، یەکەم وانە تاقیکردنەوەی ماتماتیکمان هەبوو ئەویش تا درەنگی شەو لە پێستەخانەکەی باوکی لەناو حەوزی خوێاوی بۆگەنکردووی پێستەخۆشکردندا کاریکردبوو، خۆی گووتەنی: دەیگووت هەرکە دەگەڕێمەوە ماڵەوە ئەوەندە ماندووم یەکسەر بە دانیشتانەوە خەوم لێدەکەوێت، کوا کاتی ئەوەم هەیە بپەرژێمە سەر وانەکانم، خۆ

پێستەخانەکە وەک قوتابخانە وایە، یەک خولەک دوا بکەوم ئەوا باوکم چەندینجار لە حەوزە بۆگەنکردووە سوێرەکەم هەڵئەکێشێت و دارکارییەکی باشم دەکات، پاشان چ کارێک قورسە ئەو ڕۆژە بە منی دەکات، ئیتر با جنێوو قسەی سوک بوەستێت. مسیۆ ئەزانیت نەگبەتی بیەوێت ڕوو لە کەسێک بکات لە پێشدا پلانی بۆ ئەکێشێت...؟.

- چۆن چۆنی (پرسیم).
- جا بۆت ڕوونبکەمەوە، ڕەنگە ئێستا تۆ من بە پیاوێکی شپرشێتی سەرخۆشی نەخوێنەوار تێ بگەیت، ئەمە ڕەنگە تا ڕادەیەک ڕاستبێت، چونکە من هەرکە سەرم گەرم بوو گوێ نادەمێ چی لە ناخمدایە فڕێی دەدەمە دەرەوە، لەسەر ئەم هەڵسوکەوتەش زۆرم بەسەر هاتووە، ئێستا تاقەتم نییە بۆت باس بکەم، بەڵام پڕوام پێ بکە ئەمەی بۆت باس دەکەم چوارەم ساڵم بوو دەڕۆشتمە قوتابخانە بە کورتییەکەی چوارساڵی قوتابخانەشم بە تەواوەتی تەواو نەکردووە، بۆیە ئەوەشی خوا بیبڕێ لەو چوارساڵەدا فێری بووم هەمووم بیرچۆتەوە، نازانم ئەمە بۆ وایە زۆریشم بیر لێکردۆتەوە مرۆڤ خۆشییەکانی ژیانی زوو بیردەچێتەوە، تەنها ناخۆشیپەکانن قەت بیرمان ناچنەوە، بۆیە هیچ یادگارییەکی خۆشی ئەو چوارساڵەی قوتابخانەم بیر نەماوە، تەنها ئازارو ئەشکەنجەکانی نەبێت، بەڵام قوتابییەکی زیرەکی قوتابخانەی ژیانم، کامە نەهامەتی و نەگبەتی ژیانە ئەزموونم کردووە، بۆیە دەڵێم، نەگبەتی پێش ئەوەی ڕوو لەهەر کەسێک بکات پلانی بۆ دادەڕێژێت، وەک باسم کرد ئەو بەیانییە وەک زۆربەی بەیانییەکانی تر لەگەڵ فلامەرزی سەگکوژدا بەرەو قوتابخانە کەوتینە ڕێ، بەفرێکی زۆر باریبوو بەردەوامیش کڕێوەی دەکرد، پیاوە پیرە بە ئەزموونەکانی شار دەیانگێڕایەوە بە درێژایی تەمەنیان زستانی وا سەختیان نەدیبوو، ئەو سەرماوسۆڵەش وایکردبوو هەموو ڕێگاکانی سوتەمەنی بۆ شار بیڕێت، کۆڵەکەی زۆربەی کارەباکانی خستبوو، ئیتر خۆت بیهێنە بەرچاوی خۆت لە زستانێکی ئاوا سەختدا بێ کارەباو سوتەمەنی دەبێت ژیان چۆن بگوزەرێت، تۆش مناڵێکی ڕوت و ڕەجاڵ تا دەگەشتیتە قوتابخانە، دەبوو بەلای کەمەوە کاتژمێرێک بە پێ بڕۆیت، هەر ئەو بەیانییە خوشک و برایەکی چمک لەگوندەکەی نزیک ئەو شارۆچکەی ئێمە بە ناوی ئاترۆ و ئاتیلیا بووبوون بە شێرەبەفرینە، ئەوانەی ئەو دوو کۆترە سپییەیان دیبوو چۆن وەک دوو ئاشق دەستیانکردبووە ملی یەکتر وەک ئەوەی هەر یەکێکیان بیەوێت ئەویتریان گەرمبکاتەوە بووبوون بە پەیکەرێک لەبەفر، ئەو دیمەنە ترسناکە وێنەیەکی زۆر غەمناکی لەزەینی ئەو کەسانەی دیبوویان کێشابوو، زۆرێک پڕوایان نەدەکردو دەیانگووت: ئەو دیمەنە لە پەیکەرێک دەچوو هونەرمەندێکی بە توانا لە بەفر دایتاشیبێت، بیرم دێت ئەو ڕۆژانە لەهەر کوچە کۆڵانێکەوە دەڕۆشتیت هەر باسی ئەو پەیکەرە بەفرینە بوو، کەس پڕوای نەدەکرد ئەمە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە، خەڵکی هەموو نوێژیان دەکرد ودەیانگووت: خوا خراپترمان پێنیشان نەدات، ئەمە ئاکامی ناڕازیبوونە بە بەشی خواو پشتکردنە لە خوا پەرستی، لەوەتەی گەنجەکان پشتیانکردۆتە خواپەرستی هەر خەریکی هەوەسبازی

خۆیانن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نەگبەتی نوێ ڕوو لەم ناوچانە دەکات، مسیۆ ڕەنگە پڕوا نەکەیت ئەو دوو پەپولە هێشتا بە پەیکەری ماونەتەوەو نەتواونەتەوە، من پاش ساڵانێکی دوورو درێژ لە شەوێکی ساردی زستان و بەفرو کڕێوەدا لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان بۆ فەڕزانی هاوڕێم گێرایەوە، بە درۆیەکی گەورەی دایە قەڵەم و دەیگووت: هەتیو تۆ چۆن ئەزانیت ئەم درۆیانە وا درووستدەکەیت، ئەو شەوە خەریک بوو لە میوانخانەکە ئابڕوم بەرێت، من زۆر پاڕامەوەو سوێندم بۆ خوارد هیچ سودێکی نەبوو، لەبەر ئەوە سروشتی هەندێ کەس وایە تا شتەکە بە چاوی خۆی نەبینێت ناتوانێت پڕوا بکات، هەندێکیش هەن خۆمئاسا ئەوەندە خۆشباوەڕن بە هەموو شتێک پڕوا دەکەن. من ئەمەم هەر لەدڵ دەرنەدەچوو تا ئەو ساڵەی کامشاد گەشتە میوانخانەی پەپولەسپییەکان، وێنەیەکی ئەو دوو پەیکەرەی پێبوو. ئەوەی ڕاستی بێت منیش بۆ خۆم هەر دەماودەم بیستبووم و ئەوە یەکەمجاربوو لەگەڵ فەڕزان بە چاوەکانی خۆم ببینم، کە چۆن هێشتا جانتاکانی قوتابخانەیان بە کۆڵەوەبوو نانەکەی گیرفانیان بە نەرمی مابۆوە سەریانخستبووە سەرشانی یەکترو توند باوەشیان بەیەکداکردبوو، مسیۆ تا بەچاوەکانی خۆت نەیانبینیت ناتوانیت پڕوا بکەیت و هیچ هێزێک لە دونیادا ناتوانێت لەباوەشی یەکیان بکاتەوە، بەڵام ئەوەی لەهەمووی سەیرترە کاتێک لە نزیکەوە دەیانبینیت هەست بە هەناسەیان دەکەیت، گوێت لەدەنگی قسەکردنیانە بەڵام تێ ناگەیت چی دەڵێن! لە دوو عاشق دەچن لەناو باخچەکاندا باوەش بەیەکدا دەکەن و چیرۆکی خۆشەویستی بۆ یەکتر دەگێرنەوە.

مسیۆ ڕەنگە پڕوا نەکەیت، دەڵێن دوای بە بەفربوونی ئەو دوو کۆترە سپییە، ئیتر خۆر لەو وولاتەدا بۆ ماوەیەکی زۆر ئاوا بوو، سەرما بە شێوەیەک فشاری بۆ خەڵکەکە هێنان داریان بە دارستان و چیاکانەوە نەهێشت، نەگبەتی بەشێوەیەک بەرۆکی گرتبوون لەسەر کوشتنی قازێک شەش دانە ساڵ بێ ڕەحمانە بەربوونە گیانی یەکتر و لەیەکیان کوشت، ئەمە سەرگوزەشتەیەکی تاڵە.... مسیۆ گوێی لێ مەگرە... هابگرە پێکێکی تر هەڵدە. نۆش...

ئەرێ ئەتوانم بزانم ناوی خزمەتت چییە، وەک گووتم من ناوم هێلەرس ە؟

دیسانەوە قاقایەکی تووند تا ئەوپەڕی سنوری دەریاکە لەگەڵ شەپۆلەکاندا دەڕۆشت....هاهاهاهاه، ناوی من مسیۆ، ئەگەر پێت بڵێم بە سەری ژنەکەم هاهاهاها نایزانم درۆ ناکەم، بەڵام تو ئەو گۆڕەی نازانم لە کوێ و کەی فڕێم ئەدەنە ناوییەوە بۆ لێرە ئەوەندەتان حەز لەم پرسیارە بێمانەیە، ناوت چییە؟ خەڵکی کوێیت؟ ئیتر پرسیاری قۆڕو بێزارکەری تر، بەو کەلەیەم بۆ ڕۆژێک لەدونیا ئسراحەتی نەکردووە دە ساڵ لەگەڵمدا بژیت، پرسیارێکی وا قۆڕ بە مێشکمدا نایەت.

- ڕاستی نازانم وەڵامی چیت بدەمەوە، بەڵام سەیرە ناوی خۆت نەزانیت؟.
- ئا ئەوە نەگبەتییەکەی ئێمەیە مسیۆ هەزار ناومان هەیەو ناویشمان نییە، ئەگەر پێت بڵێم بەسەری ژنەکەم ناوی خۆم بیرچۆتەوە پڕوا بکە هاهاهاها، لەوەتەی مەملەکەتم بەجێهێشتووە گوێم لەناوی خۆم نەبووە، بۆ هەر مەملەکەتێکیش ڕۆشتووم هەمیشە بە ناوێکیتر خۆم ناساندووە، مسیۆ

ڕەنگە تۆ لەمە تێنەگەیت، لە مەملەکەتی ئێمە باشترین شت بۆ خۆبزرکردن ناوگۆڕینە، لەشارێکەوە پرۆ بۆ شارێکی تر ناوی خۆت بگۆڕە کەس ناتناسێتەوە، بۆ وا دەزانیت وەک ئێرەیە بۆ هەرکوێ پرۆیت پەنجەکانت شایەت بن بەسەرتەوە، فەڕزانی هاوڕێم دەیگووت:' ئێمە ئەگەر ببین بە ناودارترین کەسی ئەم دنیاش، خۆمان بە ناوی خۆمان نامۆین، تازە ئێمە بوونەوەرێکین هەر جارەو هەر ڕۆژەی لە شارێک و مەملەکەتێکی تر بۆ ئەوەی بە زیندوێتی بمێنینەوەو بەردەوام بەکاروانی ژیان بدەین دەبێت خۆمانی پێشتر بنێژین'. مسیۆ، تا ئێستا بەقەدەر پێڵاو ناوم گۆڕیوە، ئەگەر وەک باوەکریستیش هەر حەز بکەیت ناوێکم هەبێت بۆ بانگکردن هەر ئەو ناوەت پێ دەڵێم، کە فەڕزان ناوی نابووم، ئەگەرچی سەرەتا زۆرم پێ ناخۆش بوو، بەڵام ئەو هەر دەیگووت: خۆش خەیاڵییەکەت لەو دەچێت، ئا مسیۆ ئەو ناوی "شایگانی پوژمان"ی بەسەرمدا سەپاند، سەرەتا زۆر قەڵس دەبووم چونکە هەموو هاوڕێکانم یەکسەر لەبەریان کردو بەو ناوە بانگیان دەکردم، نازانم بۆ خوی مرۆڤ وایە زوو شتە خراپەکان فێردەبێت!، تا شەوێک داینیشاندم و بۆی ڕوونکردمەوە، ئەو ناوە خراپ نییە بەڵکو ناوێکی کۆنی ئێرانییە، نازانم بیرم نەماوە لە چ کتێبێکدا خوێندبوویەوە، دەیگووت: بەو کەسانە دەڵین ئارەزووی شت دەکەن و تامەزرۆی بەدیهێنانی ئەو شتانەن لەناو مێشکیاندا دەخولێتەوە، بە کورتییەکەی بە خەڵکانی ئارەزوومەندو شایستە دەڵێن، جا تۆش یەکێکی لەو مرۆڤانەی من دیومن، بەسەری تۆو خۆیشم ئەو ناوە پڕ بە پێستی تۆیە، مسیۆ لە هەموو خۆشتر ئێستا ژنەکەیشم فێری بووە هاهاهاها....

وەک گووتم: نەگبەتییەکانی ئێمە ئاوا دەستی پێکرد، بەو کرێوەو سەرماو سۆڵە دوو کورە هەژار بە بێ کڵاوو ملپێچ و جلی پرلەپینەی سادە، ئەوە لە پێڵاوەکانمان مەپرسە چۆن پردەبوون لە بەفراو، فڵامەرزی سەگکوژ بۆگەنی پێستەی پیاوی هەراسان دەکرد بەرەو قوتابخانە دەڕۆشتین، سەگکوژ لەپڕ وەک شتێکی بیربکەوێتەوە هەڵوێستەیەکی کردوو گووتی: بیرمکەوتەوە.... پرسیم چیت بیرکەوتەوە؟. پەلە بکە با زوو بگەینە قوتابخانە، ئەگینا ئەحمەدی پەنجەشکێن بەم بەیانییە ڕۆحمان دەکێشێت. بزەیەک گرتی و گووتی: ئاخر منیش ئەوە دەڵێم" ئەمڕۆ خۆمان دەشارینەوەو ناڕۆین بۆ قوتابخانە، لەبەر ئەوەی پرۆین و نەڕۆین تێهەڵدانێک قەرزارین، تەنها ئەوەیە دوای دەخەین بۆ ڕۆژێکی تر. من لەگەڵ ئەم پێشنیارەیدا نەبووم بۆیە بێ ئەوەی چێتر گوێی لێبگرم بەردەوامبووم لەسەر ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە.

ماوەیەک ڕۆیشتم ئاوڕێکم لەدواوە دایەوە بینیم فڵامەرزی سەگکوژ لە نێوان پریاردانی هاتن و نەهاتندا چەقیوە، بە توندی بانگێکم لێکرد، کە کات درەنگە پەلەبکات ئەگینا خراپی بەسەر دێت. " شایگانی پوژمان، ئالەوێدا بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی بیر لەشتێک بکاتەوە دەستی برد جگەرەیەکی داگیرساند نەفەسێکی قوڵی لێدا، بەتوندی هەناسەکەی دایەوە دەرەوە، هێشتا هەر بێدەنگ چاوە ڕەشە گەورەکانی پڕ لە فرمێسک سورهەڵگەڕابوون، واهەستم دەکرد بیری چووبێت من لە لایم لەناو گێژاوێکدا پەلیدەهاویشت، لێوەلەرەی بوو گریان هاتبووە قورگی بەڵام دەیخواردنەوە، دەستی برد پێکێکی هەڵداو قومێکی

قوڵی دایەوە لە جگەرەکە". ڕاستییەکەی من پێم خۆشبوو باسەکە تەواو بکات، لەگەڵ ئەوەشدا سەختبوو لەوکاتەدا زۆری لێبکەیت، تەنها بۆ ئەوەی بێتەوە سەرخۆی گووتم: "گوێ مەدەرێ دونیا ئەوە ناهێنێت، هاکا ژنەکەت پەیدا بوو".
سەیرێکی کردم و بزەیەکی نابەدڵی تاڵی کرد، گووتی مسیۆ، ببورە من ئەمڕۆ هاتوومەتە ئێرە، ماوەیەکی زۆرە ناخۆمەوە، چونکە کاتێک دەخۆمەوە ئەمە حاڵمە، هەموو ساڵێک لە گەرمای هاویندا باوە کریست دەمهێنێت بۆ ئێرە تا بەدڵی خۆم بخۆمەوەو بگریم و قسە بۆ ماسییەکانی ناو ئەم دەریا بکەم، تۆ وا نەزانی من بۆ ڕاوە ماسی هاتوومەتە ئێرە. نا ئەو ماسییانەی دەبنە قولاپەکەی منەوە هەر ماسییەک و بەسەرهاتێکی خۆمی بۆ دەگێڕمەوەو تێر ماچیان دەکەم و بەرەڵایان دەکەم. ئەوە بۆیە ئەمڕۆ تورە بووم گوێچکە ماسییەکان ناهێڵن ماسییەکان ببن بە قولاپەکەمەوە، لە نیوەڕۆوە لێرەم پڕبووم لە قسە و ماسییەک نەبوو بە قولاپەکەمەوە، من چیرۆکە تاڵەکانی خۆم بۆ ماسییەکان دەگێڕمەوە دڵنیام ئەوانیش دەڕۆن یەک بۆ یەکتری دەگێرنەوە، ماسی ئەم دەریا بۆ ئەو دەریا تا دەگاتە ئۆقیانۆسەکان. ماسییەکان ئەم چیرۆکانەی من بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، ناکرێت ژیان ئاوا ناڕوات مامۆستا، پڕم لەباس و کارەسات ئاخر ناکرێت ئەمانە نەگێڕیتەوە لەناخەوە دەتکوژێت، دەشیگێڕیتەوە بەدبەختیت بەسەردا دێت، تۆ نازانیت چەندێک باجی هەڵەوەڕیم داوە، هەندێکجار بەختم لەوەدا هەبووە ئەو خەڵکانەی گوێیان لەبەسەرهاتەکانم بووە بە درۆی شاخداریان زانیوە و پروایان پێنەکردووە، من سوپاسی ئەو خەڵکە گێلە دەکەم، کە هێشتا لەوە تێنەگەیشتوون مرۆڤ لە سەرخۆشیدا درۆناکات. ئیتر مسیۆ، نازانم تۆ تا چەند پروا دەکەیت، لە خۆمەوە دڵم لێت ناترسێت و لە پیاوێکی خراپ ناچیت، وەک گووتم: هەموو ساڵیک باوە کریست بۆ پشوودان دەمهێنێتە ئێرە، بۆ ئەوەی خۆم لەو چیرۆکانە بەتاڵ بکەمەوە خەویان لێزڕاندووم، ئا مسیۆ ماوەیەکی زۆرە بێخەوی ماندوویکردووم، شەو تا بەیانی گینگڵ دەدەم و بەدەم خەوەوە دەقیژێنم وهاوار دەکەم، ئێرە باشترین دەرمانە بۆ ئارامبوونەوەی ناخی مرۆڤ، هەفتەیەک بۆ خۆم لێرەدا دەخۆم و دەخۆمەوەو لەبەر خۆمەوە گۆرانی دەڵێم، درەنگانیش ماندوو دەبم ئەگەر ژنەکەم (بە تاڵییەکەوە بزەیەکی کرد) بهێڵێت دەچمە ناو ئەو خێوەتەوە وەک بەراز لێی دەکەوم، ڕۆژانەش خۆت ڕەنگە شارەزا بیت دوکانی لێیە بۆ پێداویستییەکانم، دەچم چیم بوێت دەیکڕم و دەگەڕێمەوە، پشتی هەفتەکەش باوە کریست دێت بە دوامدا و دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە بۆ سەر کارو پیشەکەمان.
- باوەکریست کێیە، دەتوانم بپرسم؟.
کەمێک ڕاوەستا وەک بۆ وەڵامێکی پرواپێهێنەر بگەڕێت، سەیرێکیکردم و بە بزەیەکەوە، باوەکریست.... باوەکریست ئێستا باوکمە، ئا بەڵێ باوکمە. لە گوندێکی بچوکی ئەم دورگەیە دەژین لەوێ کارمان ئاژەڵداری وکشتوکاڵە، ژیانێکی خۆشمان هەیە، هەمیشە دوعا دەکەم خوا لەتەمەنی من هەڵگرێت بیخاتە سەر تەمەنی ئەوان، مسیۆ ئەوان شتێکیان لێ بێت من دیسان سەرگەردان دەبمەوە، تۆ نازانیت یەکێکیان نەخۆشدەکەوێت چۆن ئەژنۆم ئەشکێت و تا سبەی دەست بە ئەژنۆ لە خوا دەپاڕێمەوە شیفای بۆ بێنێت، نازانم لە خۆمەوە هەستێکم لا درووستبووە، کە ئەمە دوا قۆناخی بەردەوامی ژیانمەو چیتر ناتوانم سەرەڕۆیی بکەم و شوێنێکی تر بۆ ژیان هەڵبژێرم. باوەشی گەرمی ئەو

دوو پیرە هێند میهرەبان بوون وەک منداڵێک بە نائاگاهی وا خزاومەتە ناوییەوە دەرچوون لێی کارێکی ئاسان نییە، لە زۆر شوێنی دونیا ژیاوم و نیشتەجێ بووم، بەڵام هەردەم خۆم بە ڕێبوار زانیوە، مسیۆ ئەزانی من تازە گەشتوومەتە ئەو پروایەی جێگیربوون پەیوەندی بە مێشکی مرۆڤ خۆیەوە هەیە نەک بە شوێنەکەوە! من جاران وامدەزانی ئەوە خراپی شوێنەکانە وامان لێدەکات هەمیشە وەک کۆچەری بیر لە گۆرینی شوێنەکان بکەینەوە، بەڵام ئێستا دوای ئەو هەموو گەڕان، سەرگەردانی و ئەزموونە تاڵانە تێگەیشتم، هیچ شوێنێک لە دونیادا نییە دۆزەخ یان بەهەشت بێت، دۆزەخ و بەهەشت ئافرێندراوی مێشکی مرۆڤە....

- دەتوانم بپرسم چۆنی چۆنی؟.

مسیۆ، من خۆم ئەمەم نەدیوەو نەخوێندۆتەوە، شەوێک بە ڕاکشاوی لەناو جێگاکەوە خەوم لێنەدەکەوت بە فەڕزانم گووت: ئەرێ تۆ کتێبی زۆرت خوێندۆتەوە، مێشکت باش بۆ شتەکان ئەچێت، تۆ بڵێیت بەم زووانە لێرە ڕزگارمان بێت و بپەڕینەوە بۆ وولاتێک هیچ نەبێت کەمێک لەم دەردەسەرییە ڕزگارمان بێت؟. وەڵامەکەی قاقایەک بوو لەو قاقایانەی پێش کەمێک لەمنت بیست، من قوتابی ئەو زاتەم لەو بوارەدا، ماوەیەکی زۆر ڕاهێنانم کرد تا ئەو 'باڵندەی هۆش'ەم دۆزییەوە دەتوانێت مرواریيە شاراوەکانی ناخی مرۆڤ بێنێتە دەرەوە. مسیۆ قوڵایی ناخی مرۆڤ زۆر شتی جوان و بەنرخی تێدایە، چونکە دەستپێڕاگەیشتنیان ماندووبوونی دەوێت، مرۆڤ دەست بۆ خراپەکان دەبات وەک کەفی سەردەریا لەبەردەستان، ئیتر شتە جوانەکان بەرەو پیسبوون و لەناوچوون دەچن، فەڕزان دەیگووت: ئەو شتە جوانانەی ناو ناخی مرۆڤ وەک ئەو پارچە ئاڵتونانە وایە هەمانە، ئەگەر هەر لەماڵەوە فڕێیاندەین و بۆ جارێک بەکاریان نەهێنین ئەوا تۆزو پیسی بریقەو گەشانەوەکانیان دەکوژێت و پاش ماوەیەک لە پارچە تەنەکەیەکی جیا ناکەیتەوە، بەڵام ئەگەر بەردەوام بەکاری بهێنیت و پاکی بکەیتەوە دەبینیت لە دوورەوە مرۆڤ هەست بە بریسکانەوەی دەکات.... قسەکەم پێبری و پرسیم: "جا ئەم باسە کەی پەیوەندی بە پرسیارەکەی منەوە هەبوو".

چۆن! وامزانی پیاوێکی ئاقڵی!، من پێشتر نەمگووت: هەر تۆزێک بخۆمەوە درێژدادڕی دەکەم و سزای زۆریشم لەسەر خواردووە، ئەی پێم نەگووتیت باوە کریست هەموو ساڵێک من بۆ سەر ئەم دەریا دەهێنێت، بۆ ئەوەی هەرچی قسەی دڵی خۆمە لێرە بۆ ماسییەکانی بکەم، بەم ئێوارە ماسیم دەستنەکەوتووە خوا تۆی بۆ ناردووم، ئەگەر تاقەتی گوێگرتنت نییە، خواحافیزت بێت، یەکێک هەر پەیدا دەبێت ئەم قسانەی دڵی خۆمیان بۆ بکەم.... نابورە قسەکەم پێبریت بە ئارەزووی خۆت چۆنت دەوێت، دەتەوێت چی بڵێیت، من تەنها گوێگرم، پروام پێ بکە زۆرم حەز بە قسەکانتە.

باشە تۆ لەبەهەشت و دۆزەخت نەپرسی! ئێ بهێڵە با من وەڵامت بدەمەوە، ئەو شەوەی باسمکرد خەوم لێنەدەکەوت هەر بیرم لە وولات و شوێنێکی تر دەکردەوە، ئەوەبوو لە فەڕزانم پرسی بە قاقایەک وەڵامی دامەوە. من لە جێگای خۆمەوە خەجاڵەتیم چەشت، پاش کەمێ بێدەنگی وەک پرسیارەکەی بیرکەوتبێتەوە گووتی، تۆش هەروەکو ئەوانی تر دەڕۆیت بەڵام پروابکە دوای چەند ساڵێک بۆ ئەم شوێنە دەگریت، هەموو ئەوانەی لە شوێنێکدا بیرەوەری تاڵ بە

جێدەهێڵن پاشان بۆ ئەو شوێنە دەگرین، بیرەوەرییە تاڵەکان تاکە بیرەوەرییەکن ماڵێکی جوان لەناخی مرۆڤدا چێدەکەن، هیوادارم بۆ تۆ وانەبێت، بەڵام حەزدەکەم وەک هاوڕێیەک تاکە ئامۆژگارییەکت بکەم، هەتا تۆ ئەم سەرزەمینە وەک پردی سیرات ببینیت بۆ ئەوەی بە بەهەشت بگەیت، هەمیشە تۆ کۆچەریت، ئێستا لەناو مێشکی تۆدا پردێکی سیرات هەیە بۆ گەیشتن بە بەهەشت، ئەویش وڵاتێکی ترە، لەوێوە بۆ جێگایەکیتر، تا حیکایەتەکان درێژ دەبنەوە، هێند وڵات و شاری تر دەبینێت لە خۆشترین کاتدا بۆ ناخۆشییەکانی ئێرە دەگریت. مەبەستم نییە پێت بڵێم مەڕۆ و لێرە بمێنەوە، هەمووومان لێرە کۆچەرین و دەبێت ڕۆژێک بێت پڕۆین و بەجێیبهێڵین، بەڵام دڵنیام شەوێک دێت هەریەکەمان لە قوژبنێکی ئەم دونیاوە بۆ ئەم ژوورە پیس و پۆخڵە بگرین. کاتێک ئەو ئەم قسانەی دەکرد هیچ تێنەدەگەشتم و پێم وابوو جۆرێکە لەو وڕێنانەی بە هۆی ئەو باردودۆخە ناخۆشەی ژیانمانەوە توشی هاتبووین، بەڵام ئێستا تێدەگەم ئەو قسانە چەندێک لە ڕاستییەوە نزیکن، چونکە زۆر شەو بیر لەشەوەکانی میوانخانەی پەپولە سپییەکان دەکەمەوە لەگەڵ هاوڕێکانمدا، ئەو میوانخانەی پڕبوون لە چیرۆکی تاڵ و شیرین، بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش، بەردەوام چیرۆکی تازە یان دەیگریاندین یان ئەوەندە پێدەکەنین لەسەر و خوارەوە تەڕدەبووین. لێرە ژیان وەستاوە مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێت بژی، بەڵام چیرۆکی تازە نین، چیرۆکەکان هەمان چیرۆکی دوێنی و ڕابردوون، هەموو هەستەکان یان مردوون یان تووشی گرژی هاتوون، ئا شتێکم بیرکەوتەوە مامۆستا تۆ لەو پڕوایەدای من حەز بەمردنی کەسانی تر بکەم جا ئەگەر ئەوکەسەش نزیک بێت لێمەوە؟.

- ئەوەندی ئەو ماوە کەمە تۆم ناسیووە لەوە ناچیت، تەنها مرۆڤە دڵڕەق و کینە لەدڵەکان ئەو خۆزگەیان هەیە، جا ئەم پرسیارە بۆ دەکەیت؟.

ئا، جا با بۆت تەواو بکەم، بەو قەبرە هەمووومان دەچینە ناوییەوە، تازە هاتبوومە ئەم گوندەی بووە بۆ بە دوا زێدم، ڕۆژانە چاوەکانم بە هەموو لایەکدا دەگێڕاو گوێقوڵاخ بۆ هەواڵی مردنی کەسێک، بۆ ئەوەی لەکاتی ناشتنەکەیدا تێر بەدڵی خۆم بگریم، مسیۆ، ئا ئەمەیە دەڵێم: لێرە هەستی خەڵک مردووە، لەو وڵاتانەی ئێمە مردنی منالێک لە خێزانێکدا بەسە بۆ ئەوەی تەمەنێک ڕووناکی پێکەنین و دڵخۆشی لەوماڵەدا بکوژێتەوە، مسیۆ، تۆ نازانیت ئەو خەڵکە چۆن خۆیان لە قوڕ ولیتە دەنێن، چۆن ژنەکان بە دەسک قژو ڕومەتیان دەڕنن، لەڕەشپۆشیدا تروسکایی بەدی ناکەیت، پرسە لەو وڵاتەدا کۆتایی نایەت، هەموو کۆستلێکەوتوان ئەو کاتەیان پێخۆشە مردوویەک لەشارەکەیاندا دەمرێت، نەک لەبەر ئەوەی ئەوان حەز بە مردنی خەڵک دەکەن، بەڵکو لەبەر ئەوەی تێربەدڵی خۆیان بۆ مردووەکانیان بگرین، مسیۆ تۆ نازانیت ئەو خەڵکە چەند بەدڵ و لەناخەوە یادی مردووەکانیان دەکەنەوەو بۆیان دەگرین، کاتێک بەلای پرسەیەکی ژناندا تێپەڕ دەبیت ئەگەر بەو نەریتە شارەزا نەبیت، واهەستدەکەیت پرسەی دەیان کەسە، هەر ژنە و بۆ مردووی خۆی دەگری، خۆ ئەگەر پیرێک کۆچی دوایی بکات، پڕوا بکە ناوی هەموو ئەو مردووانە لەوپرسەیەدا دەهێنرێت ساڵانێکە مردوون بەتەنها ناوی ئەو نەبێت، ئا ئەوە باسی پرسەی ژنانم کرد، وەک ئێرە نییە کپ و خامۆش ژن و پیاو لە هۆڵێک کۆدەبنەوە پێدەکەنن و شەراب دەخۆنەوەو پاش کاتژمێرێک هەموو شتێک کۆتایی دێت، لەوێ ژنان لەبەر ئەوەی مەخلوقێکن خوا بۆ گریان درووستی

کردوون، لەماڵەوە پرسە دادەنێن و پیاوانیش لە نزیکترین مزگەوتی ئەو شارە بە هێمنی ماتەمینی خۆیان دەگێرن، جیهانی پیاوان تەواو جیاوازە لەو قیامەتەی ژنان. لە پرسەی ژناندا هەناسە هەڵکێشانێک بەسە، بۆ ئەوەی پرمەی گریان لەقوڕگی ژناندا بتەقێنێتەوەو شەوو ڕۆژێک ژیرنەبنەوە، لای پیاوان بە پێچەوانەوە، ورتەیەک، خشەیەک و قسەیەکی بێمانا بەسە بدەنە قاقای پێکەنین، ئەو کەشەی پیاوان بۆ وایە کەس لەو نهێنییە تێناگات، زۆرجار خاوەن پرسە بۆ خۆی ناوێرێت سەر بەرزکاتەوەو سەیری ئەو خەڵکە بکات بۆ سەرخۆشی هاتوون، نەبادا شتێکی بێتەوە یادو بداتە قاقای پێکەنین، بە چاوانی خۆم بینیوومە پیاوەکان لە تاو پێکەنین خۆیان بە ئاودەستەکاندا کردووە.
مەبەستم لەم چیرۆکە ئەوە بوو، تازە هاتبوومە ئەم گوندە ئەوەندە شارەزای داب و نەریتیان نەبووم، لەناخەوە پڕ بووم لەگریان، ئاخر تۆ خۆت پیاویت و باشتر لەمە تێدەگەیت، پیاوان بە ئاسانی ناگرین و زۆرجار گریان دێتە قوڕگیان بەڵام دەیخۆنەوە، بۆ ئەوەی شەهامەتی پیاوەتیان لەکەدار نەبێت، بێعەقڵی پیاو لەوەدایە ئەگەر فرمێسک لەچاوەکانی هاتە خوارەوە جوامێری دەشۆرێتەوەو ئیتر هەست بە لاوازی دەکات، منیش تێناگەم بۆ پیاو هێندە گێلە خۆی لەو سروشتە بێبەش دەکات وەک دەڵێن پاکبوونەوەی ڕۆحە!. مسیۆ، چەند خۆشە کاتێک تێر بە دڵی خۆت دەگریت، چەند هەست بەبارسوکی دەکەیت، وەک خۆشتن وایە پاش ماندووبوون و عارەقەکردنێکی زۆر. بەهەرحاڵ وەک گووتم: ئای خوایە گیان ئەو ماوە چەند تامەزرۆی تازێیەک بووم، ئەوەبوو پاش ماوەیەک پیرەژنێکی دراوسێمان، کە تەمەنی خۆیکردبوو کۆچی دواییکرد. مرۆڤ چ کائینێکی سەیرە مسیۆ!، بەو گۆڕە هەمووومان دەچینە ناوییەوە، ڕۆژانە ئەو پیرەژنەم جار جار لەتەلانەکانی گوندەکەدا، کە جێگای پیاسەو گەڕانی خەڵکی گوندەکەیە دەبینی قەت وەک زیندوویەک نەدەهاتە بەرچاوم، هەمیشە وام دەزانی لاشەیەکی مردووە بەدەستی لۆرێتای کچیەوە، ئاخ لۆرێتا (لەم کاتەدا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکیشاو جگەرەیەکی پێکردو کەمێک بێدەنگ بوو....) بەو ماوە کەمەی ناسیبووم نەمدەویست فشاری بۆ بهێنم، بۆیە لێی گەڕام تا خۆی هاتەوە قسە!.
مسیۆ، ئەم ژیانە بۆ ئەوەندە دڵڕەقە بەرامبەر ئەوانەی لە خەڵکانی تر زیاتر پێویستیان بە میهرەبانی هەیە؟، بۆ تەنها لەگەڵ ئەوانەدا میهرەبانە، کە پێویستیان پێی نییە؟. بەهەر حاڵ نازانم باسی چیمدەکرد بیرم چوویەوە، گوێ مەدەرێ با سەرو قومی تر هەڵدەین، با بزانم تا من دێمەوە سەر خۆم تۆ شتێکم بۆ بگێرەوە، خۆ ناکرێت بڵێیت هیچ بەسەرهاتم نییە، ها مسیۆ بۆ خۆت بێدەنگ کردووە!.
ئەو ماوەی ئەو بە بێدەنگی چاوی لە دەریاکە بڕیبوو، هەستم دەکرد شەپۆلەکانیش وەک ماندووبن و پشوویەک بدەن ئارام بوونەوە، ئەم ئارامبوونەش هێندە جوان بوو کاتێک دەتبینی ڕووناکی گڵۆپەکان وەک وردە گەوهەر لەسەر جۆلانەی شەپۆلەکان دەبریسکانەوە، هەر بەڕاستی مرۆڤ هەستی دەکرد ئەمشەو وردە گەوهەر باریوەتە سەر ئەم دەریا. ئەم بێدەنگییە باشترین هەل بوو بۆ ئەوەی بیربکەمەوە، بیر لەقسەکانی.... لەو کەسانەی لە پڕ ناویان دەهێنێت بەڵام ناچێتە ناو درێژەی ژیانیانەوە، بەردەوام بیرمدەکردەوە چۆن بتوانم لەسەر بابەتێک بیوەستێنم، وەک دەنکە دەنکەی مووروکردن بە بەنەوە تا هەموویان تەوا

دەبن و ملوانکەیەکی جوان دروست دەکەن، بەڵام چاوەکان و تووڕەبوونەکەی گەورەترین لەمپەر بوون بۆ پرسیارکردن. ئەو بێدەنگ و مات دەستی لەسەر دەمی نابوو جار نا جارێک دەستێکی بە ڕیشە زبرەکەیدا دەهێنا، بەشێوەیەک چاوی لە وردە گەوهەرە ڕژاوە ڕەنگاو ڕەنگەکانی سەر دەریا بڕیبوو بە ئاستەم دەتبینی چاو پتروکێنێت، ئەم دیمەنە ئەوەندە سەرنجڕاکێش بوو مرۆڤی بۆ چەندین بیرکردنەوەی قوڵ پەلکێش دەکرد، ڕاست لە پەیکەرێک دەچوو هونەرمەندێک بە مەبەستی سەرنجڕاکێشان بۆ بیرکردنەوە دروستی کردبێت، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت. لە شەوێکی کپ و خامۆشی ئاسمانێکی پڕ ئەستێرە، پیاوێکی پیری ماندووی ڕیش ئەستور لەسەر گابەردێک لەقەراخ دەریای ناوەڕاست، کە لە وردە گەوهەردا دەبریسکێتەوە، دەستێکی لەسەر دەمی و دەستەکەی تری لەسەر ئەژنۆ بە ماتی قوڵ دەنواڕێتە دەریا چەند دەتخاتە ناو گێژاوی بیرکردنەوەوە، ئەم بێدەنگییە کوژەرە هەڵگری چ هێزێکی گەورەیە بتگەیەنێت بەو باوەڕی ئەمە بۆخۆی جۆرێکە لەقسەکردن، نەریتێکی تری ئەم پیاوەیە بۆ گێڕانەوەی ئەو حیکایەتانەی بە وشە ناتوانێت دەریانبڕێت، هەرکە گوێت لەهەناسەدانە قوڵەکانی دەبێت لەگەڵیدا دڵۆپە فرمێسکی دەنکە ترێی فەرەنگی ئاسا لەچاوەکانی قورس لەبەر ڕووناکی گڵۆپە دوورەکاندا وەک دەنکە مرواری لەسەر گۆنای دەبریسکێنەوە هەست دەکەیت دەیەوێت شتێکت پێ بڵێت، بەڵام بە زمانی بێدەنگی، بە زمانی هەناسەو فرمێسک بەزمانی ئەو شەوە بێدەنگە.

ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی ماینەوە، ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو چیتر نەیپرسییەوە، شتێک لەسەرگوزەشتەی خۆمی بۆ بگێڕمەوە، هەرچەند من بەمە زۆر خۆشحاڵ بووم چونکە، بەسەرهاتەکانی ئەوەندە کاریگەریان لەسەر دانابووم نەمدەزانی چی بۆ بگێڕمەوە، هەموو کەس بەشی خۆی بەسەرهاتی خۆش و ناخۆشی هەیە، بەڵام گێڕانەوەش حیکمەتی خۆی تێدایە، کە لە هەموو کەسێکدا نییە. پاش کەمێک هەستمکرد شەکەتی زۆری پێهێناوەو خەریکە خەو دەیباتەوە، بۆیە دەستم برد قۆڵیم گرت و گووتم: هاورێم، وابزانم کاتی نووستنت هاتووە فەرموو پرۆرە ناو چادرەکەت، بێ ئەوەی هیچ بەرهەڵستییەک بکات، لە شوێنی خۆی ڕاست بوویەوەو لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی نەرم گووتی: مسیۆ بمبوورە ئەم ئێوارە سەرم ئێشاندیت، هیوادارم لێم زویر نەبیت ئەمە حاڵ و گوزەرانی منە.

پاش ئەوەی لەسەر ئەو ڕایەخەی ناو چادرەکە داخرابوو پاڵم خست، ماڵئاوایم لێکردو بەرەو میوانخانەکە بە کۆمەڵێک خەمی قورس و پرسیاری بێوەڵامەوە گەڕامەوە.

# 3

ئەوشەوە یان باشترە بڵێم ئەو دەمەو بەیانییە بۆ میوانخانەکە گەڕامەوە کاتژمێر نزیکی چواری بەیانی بوو، بەڵام هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی بۆ ساتێک قسەکانی لە مێشکمدا بسڕمەوە، هەر کاتێک توند چاوەکانم دەنوقان و مێشکم خاو دەکردەوە بۆ ئەوەی خەوم لێ بکەوێت یەکێک لەکاراکتەری ناو بەسەرهاتەکانی لەدەرگاکەیان دەداو بێپرس دەهاتنە ژوورەوەو دەستیان بەگێڕانەوەی خۆیان دەکرد، ئەو بەیانییە لەناو جێگاکەدا هەستم دەکرد لەرزێکی

خراپ ڕۆچووەتە ناو لەشمەوە، لەو گەرمای هاوینەدا دوو لێفەم بە خۆدا دابوو کەچی هەڵدەلەرزیم. تەواو شەکەت و ماندوو بووم کەمێک خەو بردمییەوەو لەخەوەکەمدا منیش منداڵ بووم لەگەڵ فڵامەرزی سەگکوژدا لەگوندێکی شاخاوی دوور لە شار و ئاوەدانی کلو کلو بەفر دەباری ئێمەش یەکی بە دوو دارولاستیکەوە ڕاوی ئەو باڵندانەمان دەکرد سکی برسیان بەبەفر تێر دەکردو دوای ئەو سەگە بەرەڵانە دەکەوتین لەسەرماندا کلکیان لەناو گەڵیان کردبوو لوتیان لەهەموو شتێک دەسوو بۆ پەیداکردنی خۆراک، ئەوەندە لەسەرمان هەڵدەلەرزیم هاوارم کردە فڵامەرزو گووتم با پڕۆینەوە ماڵەوە لەبەردەم سۆبەدارینەکەدا کەمێک خۆمان گەرم بکەینەوە، لە پڕێکا هاواری کردو گووتی: ڕاکە ئەوە مامۆستا ئەحمەدی پەنجەشکێنە خوا ڕۆحمان نەکێشێت ئەو سبەینێ لە قوتابخانە ڕۆحمان دەکێشێت، بەم هاوارە بروسکەیەک بەلەشمدا هات سەرتاپام لەئارەقەدا تەڕبوو، لەخەو هەڵپەڕیم ویستم یەکسەر ڕابکەم، سەرم کێشای بە گڵۆپی سەرمێزی نووستنەکەدا بۆ ماوەیەک لەسەر زەویەکە دەستم بەناوچەوانمەوە گرتبوو بەئاستەم هەناسەم بۆ دەدرا، سەرم بەرزکردەوە دونیا تۆزێک ڕوناک بووبووە، لە ساردکەرەوەکەدا بتڵێک ئاوم دەرهێناو سەرم پێوەنا، هێندەی کاروانچییەک لەبیابانێکی دووردا تینووم بوو.

هەردانیشتبووم دەست بەئەژنۆ بیرم لەو خەوە ناخۆشە دەکردەوە لەگەڵ فڵامەرزی سەگکوژداو بۆ ساتێکیش دیمەنی شایگانی پۆژمان لەبەرچاوەکانم لاناچێت چۆن بەتاسوقەوە قسەکانی دەگێڕایەوە، سەرم هەڵبڕی و لەپەنجەرەی باڵکۆنی میوانخانەکەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد زیاتر بەرەو ڕووناکبوونەوە دەڕۆشت باڵندەکانیش لەسەر لقی دەرەختەکان دەیانخوێند، لەناو ئەو باڵندانەدا دەنگی مرەڕەشەم ناسییەوە، کە بەیانیان چەند بە خەمێکی قوڵەوە دەخوێنێت، ئەم باڵندە شوێنی ڕاستەقینەی ناو دارستانەکانە، کەچی باخچەی ماڵان و گەڕەکانی کردۆتە شوێنی ژیان. پڕوا ناکەم کەسێک هەبێت لەم وڵاتانەدا سبەینیان زوو بێداربووبێتەوەو ئاشنا نەبێت بەو دەنگە غەمناکەی ئەم باڵندە، لە خۆوە نییە لە زۆر جێگای دنیا پێی دەڵێن باڵندەی هەزار داستان. بیرم دێتەوە یەکەم جار بەدەنگی ئەم باڵندە ئاشنا بووم و سەرنجمی بۆلای خۆی ڕاکێشا، منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵان بووم، یەکەم ساڵی خوێندنم بوو، لەبەر ئەوەی قوتابخانەکەمان دووربوو، دەبوو زۆر زوو لەخەو بێداربیمەوەو لەدەرەوە چاوەڕوانی ئەو ئۆتۆبوسە بکەم تایبەت بوو بە کۆکردنەوەو هەڵگرتنی قوتابیانی دوورەڕێ، بەیانییەکی زستان، هێشتا هەر مرۆڤ هەستی بەتاریکی دەکرد، دایکم تا وێستگای ئۆتۆبوسەکە وەک هەر بەیانییەکی تر منی گەیاند، ئەو بەیانییە زۆر کپ و تاریک بوو. هەڵکەوتی وێستگاکە کەوتبووە ژێر کۆمەڵێک داربەڕووی باڵابەرز، ئۆتۆبوسەکە لە کاتی خۆی درەنگ کەوت، ئەم باڵندەش بەردەوام بەدەنگێکی خەمناک لەسەر لقی ئەو داربەڕوانە دەیخوێند، ئەوان دەیانخوێندو لەبەر ئەوەی منیش لە نائارامیی و چاوەڕوانیدا بووم، هەستی تەنهاییەکی سەیری لەناخمدا چاند، تا ئێستاش گوێم لەدەنگی ئەو باڵندە دەبێت، ئەو هەستی تەنهاییە لە ڕۆحمدا زیندوو دەبێتەوە، من گەورە بووم و ئەو هەستە لەگەڵمدا گەورە بوو، بۆ هەر کوێیەک دەڕۆم ئەو دەنگە لەگەڵمدایە، زۆرجار دەڵێم. ڕەنگە ئەو خەمە قوڵەی لەو دەنگەدا هەستی پێدەکرێت، هەمان ئەو هەستە بێت، ئەو باڵندەی

لەدارستانەوە بە ئاوەدانی ئاشنا کردبێت. بەڵام ئەم بەیانییە لەهەموو ئەو بەیانییانە جیاوازتر ئەو خوێندنە دەبیستم، دوای شەست ساڵ تەمەن لەگەڵ ئەو دەنگەدا بۆ یەکەم جارە بە گوێبیستی هەست بەکەمێک ئارامی دەکەم و ڕۆحم بەرەو ئارامبوونەوە دەبات، ئەوان لەسەر لقی دەرەختەکانی دەرەوە بە خەمناکی دەخوێنن و من ئارامتر دەبمەوە.
هێشتا گوێم بۆ دەنگی مرەڕەشەکان راگرتووە و چاوم پڕیوەتە کازیوە، بەڵام مێشک و بیرم هەر لای فڵامەرزی سەگکوژ و فەڕزانی هاوڕێی شایگانی پوژمان و ژنەکەیەتی، ئا لەپڕێکا ناوی لۆریتاو باوەکریستم هاتەوە یاد، کە لە کۆتایی قسەکانیدا وەستا، وەک ئەوەی نهێنی هەموو ژیانی لەوێدا کۆتایی هاتبێت، ڕاستی ئەو ناوی لۆریتای هێناو ئیتر تاس بردیەوەو زمانی شکا، ئەم لۆریتا دەبێت لە ژیانی ئەودا چی بێت، باشە من هەر نەموێرا پرسیاری ئەوە بکەم، کە ئایا دایکی لۆریتا دەمرێت، ئەی لە دوای مردنەکەیەوە چی دیکە ڕوویدا! ئەمانە ئەو هەموو پرسیارانەن لەناخی مندا گینگڵیان دەدا، میوانخانەی پەپولە سپییەکان، وەستاکەی لە عەلوەی میوەو سەوزە، ئەی ژنەکەی، لەم کاتەدا ناوی ژنەکەی هاتەوە یادم پڕێکەنینەکانی وەک نەسیم لە پەنجەرەی نیوە کراوەی بالکۆنەوە دەهاتە ژوورەو هەستم بە لەشسوکی دەکرد، ئەو پێدەکەنی و من زیاتر ئارامدەبوومەوە، دەستم برد لە ساردکەرەوەکەدا شوشەیەکی ویسکی بچوکی تێدابوو بەو گەرمییە هەڵمقوڕاندو گەڕامەوە سەر ڕایەخەکە، چاوەکانم داخستبوون هێشتا بەگەرمی شایگانی پوژمان لەقاقای دەدا بەگوێمداو دەیگووت: مسیۆ گوێی مەدەرێ دونیا ئەوە ناهێنێت خۆتی بۆ ڕەنجێنیت، بەسەری ژنەکەم هاهاهاها...
دەنگی پڕێکەنینەکانی بەردەوام دەهاتن و دەچوون تاوای لێهات لەکۆتاییدا دوور دوور وەک ئاوازێکی ناوازە پچڕ پچڕ دەگەشتنە گوێم، منیش تادەهات گوێم زیاتر هەڵدەخست و بەرەو ئارامبوونەوە وخەوو خەیاڵ دەیبردمیەوە.
نازانم چەند کاتژمێر خەوم لێکەوتبوو، بەڵام هەستم بە برسێتییەکی لەڕادەبەدەر دەکرد بۆیە بەپەلە خۆم گۆڕی و بەرەو دەرەوە بەڕێکەوتم، کاتێک لە ئەسانسۆرەکە دابەزیم بۆ هۆڵی پێشوازیکردن بەو کاتژمێرە گەورەی بەدیوارەکەدا هەڵواسرابوو زانیم کاتژمێر 14.30 ە کەواتە هێشتا 30 خولەک کاتم ماوە بۆ فراوین.
پاش نانخواردن لە چێشخانەکە وەدەرکەوتم زۆر ماندووبووم، بۆیە گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم و دوشێکم بە ئاوی سارد کرد، کەمێک باش بووم، لەپڕ هەستم بە دەستێک لەسەرشانم کردو بە گوێچکەمیدا چپاند هێلەرس ڕۆ سەفەرێک بەتەنها بکە، ئەم سەفەرە لەهەموو سەفەرەکانی تر جیاوازترە، ڕۆ ئازیزم تا وێران نەبوویت لەم جەنجاڵی شارە دووربکەوە. لەپڕ یەکێکی تر دەستی خستەسەرشانەکەی ترم و دەمی لە گوێچکەم نزیک کردەوە، مسیۆ ژیان زۆر لەوە ئاسانترە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، بەسەری ژنەکەم هاهاهاها ئەم جیهانە وەک ئەو بەردە وایە تۆ لەسەری وەستاویت، یەکێک دادەبەزێت و یەکێکی تر سەردەکەوێت، ئیتر بیر لەچی دەکەیتەوە، وەر پێکێک لەم حەکیماوە بخۆرەوە، ئیتر هەمووی فشەیە.

# شەوی یەکەم

سەرلە ئێوارە پاش ئەوەی پیاسەیەکم بەناو شاردا کردو شوشەیەک "پاستیس"
م شایگانی پوژمان گووتەنی: حەکیماو کڕی لەگەڵ هەندێک گۆشتی برژاودا، بە
نیازی سەردانی شایگانی پوژمان، بەڵام لەناو دەریایەک پرسیاری یەک لەدوای
یەکدا گێژبووبووم، لەسەرێکیشەوە ناهەقم نەبوو، شەوی ڕابردوو شایگانی
پوژمان منی فڕێ دایە ناو دارستانێکی چڕی پڕ لە حیکایەتەوە، نەمدەزانی لە
کوێوە سەردەربێنم و بەرەو کام لا بڕۆم، هەستم دەکرد لەناو ئەو چیرۆکانەدا
نهێنی گەورە هەن، پەیوەندییان بە من و بە هەموومانەوە هەبێت، ئەگەر
پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشیان نەبێت ئەوا بەرپرسیارین لە بەرامبەریاندا، دکتۆر
شاسۆت ڕاست دەکات، ئەمڕۆ لە تەلەفۆنەکەدا گووتی: ئەوەی تۆ بۆت گێڕامەوە
سەبارەت بەو پیاوە، ئەوە ڕووی ڕاستەقینەی ئەم سەردەمەیە ئێمە تێیدا دەژین و
نایبینین، ئەوە تەنها پیاوێک نییە کۆمەڵێک بەسەرهاتی سەیرو سەمەرەت بۆ
دەگێڕێتەوە، بەڵکو ئەوە خودی ژیانی ئەم سەردەمەیە، ئێستا تێدەگەیت، ئێمە لە
چ سەردەمێکدا دەژین و تێی ناگەین!، ژیان لەم سەردەمەدا لە چ کارەساتێکی
گەورەدایە!. بڕۆ بەردەوامبە لەگەڵی، ئەوە پەیامنێرێکە لە دۆزەخەوە هاتووە، تا بە
سوتان و ئازارەکانی بەهەشت ئاشنات بکات، ڕەنگە ئێستا لەو ئاگرە تێنەگەیت
لەبەهەشتدا یەک بەیەکمان دەسوتێنێ، ئازیزم هەوڵبدە تا لەوێیت زۆربەی
کاتەکان لەگەڵ ئەو بەش بکەیت...

بە کەنار دەریاکەدا وەک ئێوارەی پێشوو هەنگاوم دەنا، دوێنێ ئێوارە نەمدەزانی بۆ
کوێ دەڕۆم و دەمەوێت بەو پیاسەکردنە بگەمە کوێ، ڕاستە پیاسەی ئێوارانی
ئەم کەنار دەریا ئارامبەخشە و گوێگرتن لەم سروشتە وا لە مرۆڤ دەکات گوێی
لەناخی خۆی بێت، دەمێکە گوێم لەو دێرەیە دەڵێت: "مرۆڤ تا لەسروشت دوور
بکەوێتەوە لە سروشت بوونی خۆی دووردەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمەش
بەشێکین لەم سروشتە، پێویستە هەر ڕۆژێک بێت بگەڕێینەوە بۆ ناو سروشت و
گوێ لەدەنگی چەمەکان، شەپۆلی دەریاکان گڤەی باو دەنگی ئەو دڵۆپە بارانانە
بگرین بەسەرماندا دادەبارێن، ئەو مۆسیقایەی لەناو سروشتدا هەیە، ناتوانین لە
هیچ جێگەیەکی دی بیدۆزینەوە، ئەوانەش مۆسیاقایان داهێنا هەر ویستیان
لاسایی ئەم سروشتە بکەنەوە بەو شێوەیەی خۆیان دەیانویست".

نزیکی گابەردەکان بوومەوە دەمەویست وەک ئێوارەی ڕابردوو سەربکەومە
سەرەوەو لەسەر سەری ڕاوەستم، تا گوێم لەو ڕستە جوانە بێتەوە، کە یەکەم
جاربوو لە ژیانمدا گوێم لێبوو: ها مسیۆ ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە، ژیان ئەوە
ناهێنێت!، بەڵام دەبوو خۆم بۆ ئەوەش ئامادەکەم ئەم ئێوارە من دەستپێشخەری
پرسیارکردن بکەم، بەڵام چۆن و لە کوێوە، بۆ ئەوەی وەک ئێوارەی ڕابردوو
نەکەومەوە بەر هێرشی چاوەکانی.

کاتێک بەسەر گابەردەکەدا سەرکەوتم، پێش ئەوەی هەنگاوێک بەرەو ئەودیودا
بنێم، ئاوڕێکم لەدوای خۆم دایەوە هێشتا دونیا ڕووناک بوو، بەڵام ڕووناکی
گڵۆپەکان جوانی خۆیان تێکەڵی ئاسمانە پرتەقاڵییەکە کردبوو، بەمەش دەریاکە
بەسەر دوو ڕەنگی پرتەقاڵی دوورو شینێکی تۆخی نزیکدا دابەشکردبووە. ئەم
ڕەنگە ئەوەندە جوان بوون مرۆڤ نەیدەتوانی لەبەردەمیدا سەرسام نەبێت و لێی

ڕانەمێنێت، لەهەمووی سەیرتر تا لێیان ووردتر دەبیتەوە هەستت بەتێکەڵبوون و هارمۆنییەتێکی سەیر دەکرد، ئەم تێکەڵبوونە لە تێکەڵبوونی ئەو تابلۆیانە ناچێت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هونەرمەندێک ڕەنگەکانی تێکەڵ یەکتر کردووە، ئەوەندەی تێکەڵبوونێکی زیندووەو لەبەرچاوەکانت بە هێواشی تێکەڵی یەکتر دەبن و لەناویەکدا دەتوێنەوەو دەگۆڕێن بۆ ڕەنگێکی تر، کە هیچ لە ڕەنگەکانی تر ناچێت، ئەگەر زانستیانە بۆی بچین لە هاوکێشەیەکی کیمیاوی دەچێت، کاتێک دوو مادە تێکەڵ دەکەین مادەیەکی ترمان دەداتێ، هیچ لەمادەکانی تر نەچێت. بەڵام ئەمە مادە نییە، تەنها چاو دەتوانێت لێی تێبگات، لەچاو زیاتر هیچ هێزێک نییە بتوانێت ئەو دیمەنانە خەیاڵمان داگیر دەکەن وێنا بکات.
من هەر وا سەرنجی ئەو دیمەنە جوانە خەیاڵی فڕاندبووم دەدا، بۆ ساتێک بیرم چووبوو لەسەر ئەم گابەردە ڕاوەستاوم، شایگانی پوژمان بە سەربادانێکەوەو دەنگێکی گاڵتە ئامێز بە ئاگای هێنامەوە، مسیۆ، بەو هەتاوەی ئێستا ڕۆشت بە ناخی دەریادا ئاوا هەموومان دەڕۆین بەناخی ئەم زەویەدا، ئیتر بیر لەچی دەکەیتەوە...؟. وەرە دانیشە لەوە دەچێت تۆ لەمن باشترت دەست نەکەوێت، بۆ ئەو دەردەی بە دەستییەوە دەناڵێنیت، تۆ خوا بمبورە مامۆستا ئاوا قسەت لەگەڵدا دەکەم، بەڵام پێم بڵێ بزانم چی تۆی بە ئێرە گەیاند؟ یان من زۆر بێعەقڵم و هیچ لە دونیاو ئینسان تێنەگەیشتووم، یان شتێک لەناوەوە ئازارت دەدات و بەدوای چارەسەردا ناگەڕێیت، بەڵکو دەتەوێت بەهەر نرخێک بێت لە دەستی هەڵبێیت...!.
مسیۆ وەرە خوارەوە لە شوێنەکەی خۆت دانیشە، تا من هەندێک شت ئامادە دەکەم، ئەڵێی نەگبەتی گرتوومی دوێنێ بەچاوی خۆت بینیت چۆن گوێچکە ماسییەکان لەکۆڵی قولاپەکەم نەدەبوونەوە، کەچی ئەمڕۆ جانەوەرێکم لێ پەیدابووە، لە مرۆڤی ئەم سەردەمە دەچێت، خواردنەکە دەخوات، بێ ئەوەی بە قولاپەکەوە ببێت، جگە لەوەش ئەوەندەی داچڵەکاندووم حەوسەڵەی هیچم نەماوە، بۆیە هەموو شتەکانم لەداخان پێچایەوە. فەرزان ئەیگووت: "هەر نێچیرێک بە قاچەکانی خۆی نەهات بۆلات، ڕامەکە بە شوێنیدا، چونکە موڵکی تۆ نییە".
ئەم قسەیە هەلێکی باش بوو، مرۆڤ پێویستە هەلەکان لەکاتی خۆیدا بقۆزێتەوە، ئەگینا هەرکە ڕۆشت، هەموو تەمەنت ڕابکەیت بەدوایدا نایگریتەوەو ژیانت دەبێتە پارچەیەک لە بێئومێدی و گەڕان، بۆیە منیش بێ ترس و دڵەڕاوکێ یەکسەر پرسیم، ئەرێ شایگانی پوژمان من لە دوێنێ شەوەوە، ناوی ئەم فەرزانە بە ناو مێشکمدا دێت و دەچێت، ئەم هاوڕێیەت لەکوێیە؟. یەک قاقای خۆی ئاسا، وەک جامێک ئاوی سارد بکەن بەسەرتدا لێدا، تا ماوەیەک هەر لە گوێمدا دەزرنگایەوە. گووتی: مسیۆ وەرە دانیشە بەسەری ژنەکەم هاهاهاهاها...
من کەسێکم تا نەخۆمەوە هیچم بیر ناکەوێتەوە، توخوا ئەمە نەگبەتی نییە، هەرجارێک لەگەڵ کامشادی هاوڕێم دەمانخواردەوە، لەگەڵ دووەم پێک دەبوو بەشەڕمان، چونکە ئەو دەیخواردەوە بۆ ئەوەی هەموو شتێکی بیر بچێتەوەو"خەم بەبا بدا" منیش جوان دەستم بە گێڕانەوەی حیکایەتە کۆنەکانی میوانخانەی پەپولەسپییەکان دەکرد، ئیتر دانیشتنەکەمان لێ دەبوو بە قوزەڵقوردو تا دوو ڕۆژ بەلالوت قسەمان لەگەڵ یەکدەکرد، ئاخ یادی بەخێر نەگبەت بوو، فەرزان زۆر سەرناس بوو، دەیگووت: ئەم هەتیوە "پێ لە بەڕەکەی خۆی زیاد ڕادەکێشێت" دەیەوێت زوو بگاتە هەموو مەبەستەکانی و بێ ئەوەی هەنگاوە پێویستەکان

بهاوێت، ئەمە بۆ زۆرکەس دەست نادات، بەسەری من ئەم جۆرە بەشەرانە بەسەرا تێیدەکەون و بۆ هەموو تەمەنیان قاچیان بە ئاسمانەوە لنگە فرتە دەکات. جا مسیۆ وەرە با سەرو پێک لەچاوی ناحەزەکانمان هەڵدەین. وەک گووتم: تا کەمێک سەرم گەرم نەبێت هەندێک باس هەیە بیرم نایەنەوە.

نەگبەتییەکەی من لەوەدایە هەر کەخواردمەوە ڕابردووم وەک شارەزەردەواڵە دەورووژێن و سەر دەکەنە ناو مێشکم، بەڵام هەرچۆنێک بێت باسی فەڕزانت بە کورتی بۆ دەکەم، ئا بەڵام بیرم کەوتەوە، ئەرێ من دوێنێ شەویش داوام لێکردیت، شتێکم لەسەر ژیانی خۆت بۆ باس بکەیت، چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە، من ئەوەی خۆمم بۆ باسکردیت، چونکە بە شێوەیەکی گشتی خەڵک لەگەڵ خێزان یان هاورێ، بە کورتییەکەی کەس بەتەنها ناگاتە ئێرە مەگەر یەکێک وەک من شێت بووبێت و بۆ چارەسەر فڕێیاندابێتە ئێرە، ئەوە ئەزموونی ساڵانێکمە لێرە، کەس بە تەنها نایەت، بەڵام زۆرم دیوە بە تەنها گەڕاونەتەوە.  مسیۆ، خۆ لێرەدا شتێکت لێ ونەبووە بە دوایدا بگەڕێیت؟. مسیۆ، قسە بکە، مرۆڤ لە بێدەنگیدا کێوێکیش بێت هەرەس دێنێت، چونکە خۆ خواردنەوە قوڵایی ناخمان هەڵدەکۆڵێت، خۆت بەتاڵ بکەوە بۆ ئەوەی سوک بیت و بە ئاسانی بتوانیت بەسەر ئەم زەمینەدا بفڕیت، تۆ گوێ لەنەورەسەکان بگرە بەردەوام دەقیژێنن و بەسەر ئەو دەریا بەرینەدا لە دەنگێکی بێزارکەر هیچی تریان نییە، ئەوە دەنگە بێزارکەرەکانی ناویانە فڕێی دەدەنە دەرەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن بفڕن و سەمای خۆیان بکەن، بڕوا بکە نەورەسی خەمگینم لەم کەنار دەریایەدا دیوە نەیدەتوانی بفڕێت، هێندە غەمگین بوو باڵەکانی توانای فڕینییان نەما بوو، تۆ لەم شارۆچکەیەدا لەسەر شەقامەکان کۆتری غەمگینت نەدیوە فڕینی بیرچۆتەوە!، مسیۆ ئەگەر وا بکەیت دەبیتە نێچیری ئاژەڵە مشەخۆرەکان، کە تەنها دەتوانن ڕاوی نێچیرە لاوازەکان بکەن، تۆ ئەگەر شەوێک لێرە بمێنیتەوە دەبینیت چەقەڵ و ڕێوییەکان چۆن بەدوای ئەم نێچیرە بێدەسەڵات و لاوازانەدا دەگەڕێن، وەک گووتم: قسە بکە، ئەگەر ناتەوێت لای من ناخت بە تاڵ بکەیتەوە بڕۆ بەدرێژایی ئەم کەنارە لەبەر خۆتەوە قسە بکە، قسە بۆ نەورەسەکان، مراوی و ماسییە ووردیلەکانی ئەو کەنارە بکە، من خۆم وا دەکەم ئەگینا چۆن دەمتوانی بەرگەی ئەو هەموو ئازارە بگرم، وەک کرم سەریانکردۆتە ناو ڕۆح و مێشکم.

پێم بڵێ مسیۆ: تۆ لەژیانتدا کەسێکی بەختەوەریت، یان خۆت بە بەختەوەر دەزانیت؟.

- ڕاستی من قەت پرسیارێکی وا بە مێشکمدا نەهاتووەو قەت خۆم دانەناوە ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی بکەمەوە، ڕەنگە ئەمە هەڵەیەک بێت لەمندا، جارێک خۆم لەبەردەم پرسیارێکی وادا دابنێم و لەخۆم بپرسم، تۆ بەختەوەریت؟ یان چیت لە ژیانتدا دەوێت بۆئەوەی کەسێکی بەختەوەر بیت؟. من نازانم ئێستا چ وەڵامێکت بدەمەوە، ڕەنگە لەهەندێک شتدا خۆم بە بەختەوەر بزانم و لەهەندێکی تر بە پێچەوانەوە. ئەی شایگانی پوژمان تۆ من چۆن دەبینیت؟.

مسیۆ هەرچی سەیری چاوەکانت دەکەم و دەیخوێنمەوە، تۆ کتێب گەمژەی کردوویت، ببورە وا دەڵێم، چونکە ئەوانەی بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک ڕاکەن بۆ ناو لاپەڕەکانی کتێب بە کەسێکی عاقڵیان تێناگەم، فەرزان دەیگووت:" ڕاستە من

کتێب زۆر دەخوێنمەوەو زانیاری زۆرم لەسەر دونیا دەستکەوتووە، بەڵام ئەوەی لە ئێوەی نەخوێنەوار فێری بووم، بە هەزار ساڵی تر لە کتێبدا فێر نەدەبووم، ڕاستە کتێب بە ئاسانی زانیاری دەداتە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە، بۆیە ئەگەر کتێب منی فێری بیرکردنەوە کردبێت ئەوا ئێوە منتان فێری تێگەیشتن کرد، تا ئێوەم نەدەناسی، بە هەڵە لە زۆر لایەنی ژیان و مرۆڤ تێگەیشتبووم، بەڵام ئێستا باشتر تێگەیشتم، بۆ نمونە: هەموو لاپەڕەی کتێبەکان دەڵێت: مرۆڤ خۆی شێوازی ژیان بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، بەڵام کێ لە ئێوە بە ئارەزووی خۆی ئێرەی هەڵبژاردووە!، هەمووتان قەدەرێک فڕێی داونەتە ئێرە، مەگەر ئەو خوا بەتەنها بزانێت کێ بەرپرسە لەو قەدەرە، ئا برا بچکۆلەکانم ئێوە بەڕاستی باشترین و ڕاستگۆترین مامۆستام بوون، کە لە ژیانمدا وانەتان لێوە فێربووم، بەڵام قەت ئامۆژگاریتان ناکەم لە خوێندنەوەی کتێب نزیک ببنەوە، چونکە وەک من بۆ هەموو ژیانتان سەرگەردانتان دەکات، ئەگەر لەناوتان نەبات".
مسیۆ، حەز دەکەم شتێکت بۆ ڕوونبکەمەوە، من جادووگەر نیم بزانم کێ بەختەوەرەو کێ لەژیاندا بەدبەختە، چونکە من بەختەوەری مرۆڤ لە ناخیدا هەست پێدەکەم کاتێک قسە دەکات، بەختەوەری جگە لە ناخێکی پاک و بێگەرد هەر شتێکی تر قسەی قۆڕە، ئەوە بەختەوەرییە، کە دڵخۆش بیت بەو بەشە ژیانەی هەتە، ئەوە بەختەوەرییە چاوت لەو شتانە نەبێت خەڵکانی تر هەیانە و تۆ نیتن، بەختەوەری ئەوەیە بە شتەکانی خۆت ڕازی و دڵخۆش بیت، ئەگەرچی کەمیش بن، مرۆڤ ئەگەر هەندێک شتی کەمی هەبن نەتوانێت دڵیان پێیخۆش بێت، هەموو ئەم دونیا بکەنە بە موڵکی ئەو ڕەنگە خەفەت بۆ ئەستێرەکان بخوات، کە ناتوانێت دەستیان پێی ڕا بگات، گێلن ئەوانەی پێیان وایە دەوڵەمەندی مرۆڤ بەختەوەر دەکات، دەوڵەمەندی مرۆڤ دڵخۆش دەکات، بەڵام لەجێی بەختەوەری بەدبەختی ئەکات، مسیۆ، بەختەوەری لە دەوڵەمەندبوونی ناخدایە نەک گیرفان، بۆیە پێت دەڵێم: قسە بکە، دەرگای دەروونت ئاوەڵاکە با لە ڕق و کینە پاکبیتەوە، مسیۆ، هەر قسەیەک لە ناختدا کلیل بدەی دەبێتە ڕقێکی خراپ بۆ تۆڵەکردنەوە، ئەزانی ئەمە جگە لەخۆئازاردان هیچی تر نییە، دەڕێم بڵێ: بۆ وا خۆت ئازار دەدەیت، بۆ دواجار داوات لێدەکەم، ئەو مەسەلانەی دەبنە هۆی ئازاردانت، لەبیریان بکە، قسە بکەو خۆت داگایی بکە با ویژدانت ئاسودە بێت، ڕۆ لێرە دووربکەوە ناخی خۆت فڕێدەرە ناو ئەو ئاوەوە، با پاک بیتەوە، مسیۆ، بەو چاوە لێڵە غەمگینانەوە ناتوانیت هەموو شتەجوانەکانی ئەم چواردەورە ببینیت، ئەوەی بیەوێت جوانی ئەم سروشتە ببینێت دەبێت چاوەکانی وەک چاوی هەڵۆ پڕ بن لە ژیان...!.
مسیۆ، تو سەری ژنەکەم هاهاهاها چی شتێک وا ئازاری داویت، ئەڵێی ماریت و شتێکی گەورەت قوتداوە، بەڵام بەئاسانی بۆت هەزم ناکرێت، هەر خۆت پێچ دەدەیت، تۆ وەرە جارێک با سەرو پێکی تر هەڵدەین، دەی مسیۆ، دەست بەرزکەرەوە بۆ ئاسمان، بڵێ نۆش لە چاوی ئەوانەی خۆیان ناخۆنەوەو ئیرەی بە ئێمە دەبەن. دەزانم مسیۆ ئێستا چەند ڕقت لێمەو دەڵێی ئەم جانەوەرە چییە وەک دارکونکەرە خەریکە مێشکم بە پرسیاری بێزارکەر کون دەکات، بمبورە پرسیارێکی تر دەکەم، لەوە ناچێت خێزان و منداڵت نەبێت! ئەم پرسیارەیان ئاسانە ناتوانیت وەڵام نەدەیتەوە!.

- شایگانی پوژمان تۆ لەو تاوە بارانە ناکاوە دەچیت، لەپڕ دادەکات و ئیتر نازانیت چەندێک دەخایەنێت، بۆیە هەر دەبێت وەڵامت بدەمەوە، بەڵام بەکورتی، من خاوەن ژنێک و دوو منداڵ بووم، کچ و کوڕێکم هەیە گەورە بوون و بە ڕێگای خۆیاندا ڕۆشتوون و هەریەکەیان بە پیشەیەکەوە خەریکە، ماوەی چەند ساڵێکە لەگەڵ خێزانەکەمدا بەتەنها دەژین، بەهۆی هەندێک کێشەی کۆنی چارەسەرنەکراوو کۆمەڵە پێشهات و کێشەی ترەوە ئەو منی بەجێ هێشت، تۆ ڕاست دەکەیت، دەڵێیت زۆرکەسم دیوە پێکەوە هاتوون بۆ ئێرە کەچی بەتەنها گەڕاونەتەوە، ئا ئێستا تێدەگەی!. دوێنێ شەو زۆر قسەتکرد من دەمێکە پێوەی گینگڵ دەخۆم بەڵام نەمدەزانی وەک تۆ دەریانبڕم، بێ ئەوەی ئاگات لێبێت زۆر شتت دەربارەی ژیانی من گێڕایەوە، تۆ سەرلەبەری ژیانی منت خستە ژێر پرسیارەوە. جگە لە قسە خۆشەکانی خۆت، ئەمە وای کرد دیسان بێمەوە بۆ ئێرەو ئەگەر پێت خۆش بێت ئەم چەند شەوەم ماوە لێرە، لەگەڵ تۆدا بەسەری بەرم.

مسیۆ منماڵم نییە، ئەو ماڵەشی لەوێدا دروستم کردووە ماڵی ئەو کەسەیە تێیدا دەخەوێت، ئێرە ماڵی کەس نییەو دەتوانین بڵێین ماڵی هەمووشمانە، تۆ ئەو گەنجانە نابینیت چۆن وەک کەرگەل لەناو ئەو لمەدا تا بەیانی یەکتر دەگەوزێنن، کێ دەتوانێت پێیان بڵێت، ئێوە ناتوانن لێرەدا بمێننەوە!، ئێرە ئەو شوێنەیە هەریەکەمان دەمانەوێت، کەمێک ئارامیمان بۆ بگێڕێتەوەو بە ژیان و سروشت ئاشنامان بکاتەوە. هاوڕێیەکمان هەبوو ناوی سپیدار بوو، کوڕێکی جوان، دوو چاوی خۆڵەمێشی، قژێکی کاڵی درێژ، باڵایەکی مامناوەندی ڕێک، بەو جلە دڕاوو هەژارانەی لەبەریدا بوو هەر لە شازادە دەچوو، زۆر بێدەنگ و لەسەرخۆ، کەسێکی قورس و سەنگین. نازانم دوێنێ شەو باسمکرد یان نا، ئێمە لە میوانخانەی پەپولەسپییەکان، ڕۆژانە بە موچەیەکی کەم کاریان پێدەکردین، زۆربەی کارەکانیش لە کێڵگەکاندا بوو، ئیتر بەسەر چەندین کۆمەڵەدا ڕۆژانە دابەشیان دەکردین، تۆ پرسیاری فەرزانت کرد ئەو ئەوکاتە سەرپەرشتیاری هەمووومان بوو، بە پێی تواناو تەمەن بەسەر کارەکاندا دابەشی دەکردین.... قسەکەت پێدەبڕم، فەرزان خاوەنی میوانخانەکە بوو، لەبری خەوتن کاری پێدەکردن؟.

نا مسیۆ، تکات لێدەکەم جارێکی تر قسەم پێ مەبڕە، من نازانم لە ئەلفەوە تا یا هەموو شتەکانت وەک خۆی بۆ بگێڕمەوە، وەک گووتم: من کاتێک دەخۆمەوە، ئیتر هەرچی بەخەیاڵمدا هات ئەوە دەگێڕمەوە، ئەگەر سەبرت هەبێت هەموویت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام بە تێکەڵاوی، ئەو میوانخانە هی پیاوێکی دەوڵەمەند بوو، چەندین میوانخانەی تری لەشارە دوورەکان هەبوو، بمبوورە ناوەکەیم بیرچۆتەوە، بۆیە گووتم، پارە کەس بەختەوەر ناکات، چەندین ژنی هێنابوو بۆ ئەوەی منالی بێت، بەڵام بێهودە بوو، فەرزان دەیگووت: بەدبەخترین و غەمگینترین پیاو لە ژیانمدا دیبووم خاوەنی ئەم میوانخانەیە، هەموو سەروەتەکەی نەیدەتوانی منالێکی بۆ دروستبکات، بۆیە هەمیشە غەمێکی قووڵت لە چاوەکانیدا بەدی دەکرد، جا ئەم پیاوە من یەکجار لەدەرەوەی میوانخانەکە لەگەڵ فەرزاندا قسەیدەکرد بینیم، لە دوورەوە هەستت بە ماندووبوونێکی زۆری دەکرد، وەک بارێکی قورسی بەسەرشانەوە بێت. میوانخانەکە هەر بەناوی شارەکەوە

ناونرابوو، چەند ساڵیک بەرلەوەی من بگەمە ئەوێ، وەک فەرزان دەیگێڕایەوە.
شاری دەوڵەمەندەکان بووە، هەرچی دەوڵەمەندی ئەو مەملەکەتەی ئەوسا هەبوو ڕووی کردبووە ئەو شارەو کردبوویان بەشاری بازرگانی جیهان.
بە ڕێکەوت مناڵێکی بێخانەو لانە بە ناوی کێومەرس ئێوارەیەکی زستانی سارد لەگوندێکی دەرەوەی شار، هەندێک دەڵێن ئەوە دیاری خوا بووە بۆ خاوەنی میوانخانەکە بەڵام دەستی خراپەو بەدی نەیهێشتووە بگاتە لای، هەندێکی تر دەڵێن: ئەوە فریشتە بووە خودا بۆ تاقیکردنەوەی خەڵکی شارەکە ڕەوانە کردووەو هەندێکی تر دەڵێن: ئەوە دوا پێغەمبەربووە بۆ ئەم شارە هاتووە، بەهۆی ئەو پێشوازییە خراپە لێیکراوە ئەم شارە تووشی ئەو دەردە سەرییە هاتووە، بە هەرحاڵ چیرۆکی جۆراوجۆر زۆرە لەسەر کێومەرس، ئەو کورە لەدوا دەرگای ماڵەکان دەدات بۆ پارچەیەک نان و یان هیچ نەبێت بەو شەوە ساردە جێگای بکەنەوە، تا سبەی ڕۆژ دەبێتەوە، بەڵام کەسێک دەرگای لێناکاتەوە، تەنها ماڵی پیرەژنێک نەبێت، ئەویش سوێندی بۆ دەخوات لەو بەتانییە زیاتر دەیدات بەخۆیدا هیچی تری نییە، نانێکیش دەهێنێت و پێیّ دەڵێت: کوڕم ئەم نانە لەم ماڵەدا شک دەبەم، لەگەڵت دەکەم بە دوو کەرتەوە بۆ ئەوەی بگەیتە ناو شار، لەوێ هەموو دەوڵەمەندن دەتوانن هەم جێگات بکەنەوە، هەم نانت بدەنێ، بڕۆ ڕێگای شار بگرەبەر هەم خۆت ئاسودە دەبیت و هەم بۆ منالانی دوای خۆشت ئاسودەیی جێدەهێڵیت، بڕۆ لە ناوەڕاستی شاردا میوانخانەیەکی گەورەی لێیە، خاوەنەکەی سامانەکەی دادەنێت لە پێناو مناڵیکی وەک تۆدا. بڕۆ ڕێگاکە زۆر دوور نییە، بڕۆ بەرەو ڕووی ئەو گڵۆپە دوورەی بە ئاسمانەوە هەڵدەبێت و دەکوژێتەوە، چارەنووست لەوێ چاوەڕوانت دەکات.
کێومەرس ڕوو لەشار دەکات، زۆر دەسوڕێتەوە، سەرماو ماندووبوون تەکی پێهەڵدەچنن، بۆیە لەناوەڕاستی شاردا ئەم میوانخانە بەرزو ڕوناکە دەبینێت و ناچار خۆی بەژووردا دەکات، کاتێک بەڕێوەبەری میوانخانەکە، وەک دەڵێن: لە بەدی و خراپیدا کەم وێنەبووە دەیبینێت، پێی دەڵێت: ئەوە چی دەکەیت لێرە...! چیت دەوێت...! زوو قسە بکە با شەق نەتکەمە دەرەوە!. کێومەرس چیرۆکی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرەکە بانگی دوو شاگرد دەکات، پشتی ملی دەگرن و فڕێی دەدەنە دەرەوە، کێومەرسیش لەبەردەم دەرگای دەرەوەدا کۆمەڵێک ئینجانەی گوڵی گەورە دەبینێت بۆ ئەوەی کەمتر سەرما لێی بدات دەچێتە نێوانیانەوەو پاڵ بە یەکێکیانەوە دەدات، شەوێ بەفر کلو کلو بەسەر ئەو شارەدا بەشێوەیەک دەبارێت هەموو وا هەست دەکەن پەپولەی سپییەو لەئاسمانەوە بە باڵەتەپە دێنە خوارەوە، یەکێک لە میوانانی میوانخانەکە بۆ سبەینێ هەزار سوێندی بە کتێبە پیرۆزەکان خواردووە، کە ئەوەی خەڵک وایزانیوە بەفرەو کلو کلو دێتە خوارەوە ئەو لەبەردەم ڕوناکی گڵۆپەکاندا پەپولەی سپی دیوە باریوە، بەڵام نەیوێراوە باسی بکات.
سبەینێ خەڵک بەئاگا دێن دەبینن شار پەپولەی سپی داپۆشیوەو بەردەوام پەپولە دەبارێت، هەموو خەڵک دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکان قایم دەکەن، بەڵام پەپولە بەئاسانی دەچنە ماڵەکان، ناو پێخەف، ژووری دانیشتن و نووستنەکان پڕدەبن لەپەپولە، کاکی بەڕێوەبەر شەوێ لەبەر زۆری خواردنەوەو سەما لەگەڵ کچە سەماکەرەکان ئاگای لە هیچ نامێنێت، بۆ سبەینێ شاگردەکان لەخەو

بێداری دەکەنەوەو ئەو هەواڵەی پێرادەگەیەنن، وەک درۆیەکی شاخداری لە قەڵەمی دەدات، بەڵام کاتێک لەدەرگای میوانخانەکەوە سەردەردێنێت، دەبینێت کێومەرس لەنێوان دوو ئینجانەی گوڵە پەڕی ئەستێرەدا، کە ماوەیەک بوو لە ڕێگای بازرگانێکی ئاسیاوە بەدیاری بۆیان هاتبوو بووە بە پەپولەیەکی سپی گەورە. دەستێک دێنێت بەچاوەکانیدا وەک ئەوەی چاوەکانی هێشتا نوقمی خەوبن و فریوی بدەن بۆ جاری دووەم سەیر دەکاتەوە، لەنێوان هەردوو ئینجانەکەدا پەپولەیەکی سپی باڵەکانی بەسەر هەردوو گوڵی پەڕەئەستێرەکاندا کردۆتەوەو لەناو پەڕی گوڵەکانەوە هەر پەپولەی سپییەو باڵدەگرن، ئەوەندە پەپولەی سپی لەبەرچاوەکانیدا دێن و دەچن سەری گێژدەخوات و دەکەوێتە سەرزەوی، دەڵێن تا ئەو کاتەی شاگردەکان فریای دەکەون سەراپای جەستەی پەپولەی سپی دایدەپۆشێت.

ئەم هەواڵە بەخێراییەکی سەیر نەک بە ناوچەکەدا بەڵکو بە هەموو جیهاندا بڵاوبوویەوە، خەڵکانێکی زۆر لە شوێنە دوورەکانەوە دەهاتن بۆ سەیری ئەم شارە، بۆ سەیری خەڵکەکەی کاتێک قسەیان دەکرد پەپولەی سپی لە دەمیان دەهاتە دەرەوە. فەرزان دەیگێڕایەوە: ئەو کات من لە یەکێک لە کێڵگەکان لای پیاوێکی جوتیار کارم دەکرد، خاوەنی ئەم میوانخانە بریکاری فرۆشتنی بەرهەمی ئەو ناوچانە بوو، کەمێک ئاشنایەتیم لەگەڵیدا هەبوو، منیش وەک هەر کەسێکی تر حەزم دەکرد لەو کاتەدا ئەو شارە ببینم و خاوەنکارەکەشم داوایکرد هەواڵێکی ئەو شارەی لەگەڵ خۆمدا بۆ ببەمەوە، بەڵام کاتێک گەشتمە دەروازەی شار ئەی خوایە گیان، چیم بینی، شارێک لە پەپولە، حەزم دەکرد ڕاکەم و لەگەڵ ئەو ملیۆنەها پەپولە بە هەوادا سەما بکەم، ئەمە ئارەزوویەکی سەیربوو لەگەڵ ئەو خەڵکانەی لەوێ بوون، ئەگەرچی دەریان نەدەبڕی، بەڵام بەئاسانی مرۆڤ هەستی بە ترس و دڵەڕاوکێیان دەکرد. لەناوەڕاستی شاردا ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵکم بینی بەرەو لایان وەک مناڵێکی هار ڕامکرد، دەبینم قیامەتێک خەڵک لەدەوری پەپولەیەکی گەورە، کە باڵەکانی بەسەر دوو ئینجانە گوڵی گەورەدا کردۆتەوە وەک ئەوەی ویستبێتی بفڕێت و باڵەکانی هێزی هەڵگرتنی جەستەکەی نەبوویێت، قیامەتێک خەڵک وەستاوەو هەریەکە لەخۆیەوە شتێک دەڵێت، گوێم دەکردەوە بۆ ئەوەی شتێک تێبگەم و بزانم نهێنی ئەم پەپولە گەورە چییە، دەنگەکان وەک پورەی هەنگ بەیەکدا دەهاتن و دەچوون و نەمدەتوانی وشەیەک چییە تێبگەم، لەوێ خاوەن میوانخانەکەم بینی، کەمێک شەرمدایگرتم ویستم بگەڕێمە دواوە، بەدەنگێکی بەرز بانگیکردم وگووتی: من دەبێت خۆم بۆ زۆر کاری چاوەڕوان نەکراوی تر ئامادە بکەم، پێویستە ئەم شارە ببێتە شاری مناڵە بێجێگاو بێکەسەکان، دیارە ئەمە چارەنووسی منە، کە دەبێت ببم بە باوکی هەموو ئەو منالانەی پارچەیەک زەوی شکنابەن بۆ ژیان، دەبێت پەپولەکان لەم شارەوە بۆ شوێنەکانی تر باڵبگرن، لەمڕۆوە تۆ بەرپرسی ئەم میوانخانە لە ئەستۆ بگرە، تەنها جێگای ئەو منالانە بکەوە بێلانەو نەدارن، تا خۆم دەگەڕێمەوە، من سەرم سوڕما خەریک بوو بڵێم: ئاخر... قسەکەی پێبڕیم و گووتی: ئەزانم خۆم قسە لەگەڵ مام سارکان دەکەم. دواى ئەم قسانە دەستوبرد فەرمانی دەرکرد بە ناشتنی پەپولەکە لەسەر بەرزترین گردی ناوشار.

مسیۆ ئەمە بە کورتی حیکایەتی ئەو شارەبوو من لە دەمی فەرزانەوە بیستبووم، بەڵام تا ئەم کاتە من لەگەڵ تۆدا لەم سوچەی دونیاوە قسەدەکەم، گڵکۆی ئەو پەپولە هەر لەسەر بەرزایی گردەکەی ناوشارەو بەردەوام پەپولەی سپی لەسەریەوە باڵدەگرن، من خۆم بەچاوی خۆم دیومە شەوانی زستان گڵکۆکە دەبێتە پەپولەیەکی سپی و بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێت، تا لە چاوەکان ووندەبێت.
وەک فەرزان باسی دەکرد، دوای مەرگی ئەو پەپولە نەخۆشییەکی سەیر ڕوو لەشارەکە دەکات، پێیان دەگووت، نەخۆشی هەڵوەرین لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو بەتەنها دەوڵەمەندەکان تووش دەبوون، قژیان، نینۆکەکانیان و گوێچکەکانیان دەوەرین، جاران دەوڵەمەندەکانی شارت بە ڕێکپۆشیدا دەناسییەوە، زۆر بەمەوە دەنازین، بەڵام دوای ئەو کارەساتە بە نابوتیدا دەتناسینەوە، بۆیە ناچاربوون ئەو شارە جێبهێڵن و ڕوو لە شوێنێکی تر بکەن. ئەو پیاوانەی ڕۆژگارێک وەک درمێکی پیس لە هەژارانیان دەنواڕی، بۆ خۆیان ببوون بە درمێک، خەڵکە هەژارەکە خۆیان لێ دووردەخستنەوە، ئا هەر بۆ خۆیان بووبوون بەدرم و نەخۆشییەک هەر ڕۆژەی پارچەیەک لەجەستەیان هەڵدەوەری، مسیۆ بۆیە پێت دەڵێم، گوێ مەدەرێ ژیان ئەوە ناهێنێت، فەرموو پێکێکی تر هەڵدە، ئەمجارە لەچاوی ئەوانەی نانێکی زۆریان هەیەو لە برسییەکانی دەشارنەوە، ئەوانەی ژوورو خانوی چۆڵیان هەیەو بۆ شەوێک جێگای لێقەوماوان ناکەنەوە، نۆش مسیۆ، دەبا هەڵوەرێن هەموو ئەو چاوچنۆکانەی دونیا، نۆش....

- لەقسەکانتدا وا دەردەکەوێت فەرزان سەرپەرشتیارو مامۆستای ئێوە بووە، دەبینم زۆر سەرسامی بەو، ئێستا دەزانیت لە کوێیە؟!.

نا نازانم، ئەگەرچی زۆر حەز دەکەم بە هەواڵزانینی، ئەو وەک ئێمە نەبوو، کەسێکی زۆر بەئەزموون بوو، بەڵێ بێلانە بوو، بەڵام بێکەس نەبوو، ئەویش وەک ئێمە کەسی هەبوو، ئیتر قەدەر لەژیان و کەسوکارەکەی تۆراندبوو. با بیرم نەچێت ئەو خۆی پێی خۆش نەبوو بەفەرزان ناوی بهێنین ئەگەرچی ئەوە ناوی ڕاستەقینەشی نەبوو، چونکە چەندیجار خۆم پرسیاری ناوی ڕاستەقینەی خۆیم لێکردبوو ئەویش وەک من بیری نەمابوو، ئەو ناوە ناوی خوازراوبوو، ناوەکەی لەناو شۆڕشەوە وەرگرتبوو، بۆیە زۆر بەم ناوە توڕە دەبوو ئەو دەیگووت: بە چ ناوێک بانگم دەکەن بانگم بکەن تەنها ئەو ناوە نەبێت، زۆر توڕەبوو لە باسکردنی سیاسەت و شۆڕش، ئێمەش تازە پێدەگەشتین هیچمان نەدەزانی و دەمانوویست هەندێک لە مێژووی شۆڕش و خەباتی چەکداری بزانین و پێمانخۆشبوو لەڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە پاڵەوانەکان لەخۆماندا بەرجەستە بکەین.
فەرزان تاقانە بوو، وەک خۆی دەیگێڕایەوە زۆر بەناز گەورەکرابوو، لەهیچی کەم نەبوو، قوتابییەکی زیرەکیش بوو، زۆری حەز بە کتێب خوێندنەوە دەکرد، تەمەنی سیانزە ساڵان دەبێت، دایکی بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی دەکات، ساڵێکی پێناچێت باوکی ژن دێنێتەوە بە بیانووی ئەوەی فەرزان هەست بەتەنهایی و بێ دایکی نەکات، ئەو ژنە شوو بە باوکی دەکات، ژنێکی تەڵاقدراو بوو، کچێکی پێنج ساڵانی هەبووە، دەیگووت: درەنگانێک هەندێک قسەم بیستەوە، کە گوایە، کاتێک دایکم لە ژیانا مابوو، پەیوەندەی لەگەڵ ئەو ژنەدا هەبووە، بەڵام من نەمتوانی و پێوویستیشم بەوە نەبوو بەدوای ڕاستی و درووستی ئەو قسانەدا بگەڕێم.

باوکی بە فەرزانی گووتوە، دەبێت دڵخۆش بیت، دایکێک و خوشکێکم بۆ پەیداکردوویت. بەڵام فەرزان دەیگووت: هەر لەیەکەم نیگاوە لەچاوی ئەو ژنەدا ئەوەم خوێندەوە چ نەگبەتییەک ڕوو لە ژیانی دەکات، بۆیە بە باوکی دەڵێت: من پێمخۆشە هەموو تەمەنم بێ دایک و خوشک و برا بم بەس ئەو کارە مەکە، وەڵامی باوکیشی یەک زلە دەبێت لەبنا گوێی و پێی دەڵێت، ئەمە سونەتی ژیانەو دەبێت هەر ژن بێنمەوە، ناتەوێت لەناو هاوڕێکانمدا خۆم بکەم بە مەخسەرە. من پیاوم و هەموو پیاوێک پێویستی بەژنێک هەیە، دایکت ژنێکی باشبوو خودا لێیخۆشبێت، بەڵام ناکرێت هەموو تەمەنم وەک ڕەبەنێک ژیان بگوزەرێنم، سبەینێ زستان دێت، کێ جلەکانت دەشوات و خواردنێکت بۆ ئامادە دەکات، ئەمانە کاری ژنن، خۆ پیاو ئەم کارانە ناکات، جگە لەوەش هەموو پیاوێک پێویستی بە باوەشی ژنێکە، تۆش سبەینێ گەورە دەبیت و بۆ ژن یەخەم دەگریت، هەموو پیاوێک وا بیر دەکاتەوە. کاتێک فەرزان ئەم چیرۆکەی دەگێرایەوە، هەستت بەئازارێکی قوڵ لەناو ڕۆحیدا دەکرد، دەستی دەگرت بەلاملییەوەو دەیگووت ئێستاش هەست بە گەرمایی ئەو زلە دەکەم، چونکە ئەوە یەکەم زلەی نەگبەتی بوو بەرمکەوت. دەیگووت: هیچ ئازارێک ناگاتە ئەو ئازارەی دڵت بە شتێک خۆشبێت و ئەو شتەت لێزەوت بکەن، یان خەونێکت هەبێت و لێت بشێوێنن، کاتێک ئەم قسانەی دەگێڕایەوە فرمێسکت لەچاوەکانی و گریانت لەقوڕگیدا بە ڕوونی دەبینی. گووتی: ئەوشەوەی باوکم ژنی گواستەوە من تا درەنگانێک لای گۆڕەکەی دایکم مامەوە بۆ ئەوەی پێی بڵێم: ئەو ماڵە جوانەی چەندین ساڵە بە نازو خۆشەویستی درووستتکرد، ئیتر بەرەو وێرانبوون دەڕوات، دوای تۆ چیتر هەستناکەم منیش لەو ماڵەدا جێگام دەبێتەوە، ئێستا دەزانم ئەو ماڵە لە دڵی تۆ درووستکرابوو بۆیە جێگای ئەو هەموو شتە جوانەی تیادەبووەوە، خۆزگە دەمتوانی ئێستا لەتەنیشتت ڕاکشێم و دەستێک بەسەرمدا بهێنیت، دایە گیان، تا ئەم ئێوارە گوڵەکانم خۆتئاسا خزمەتکردووە، بەڵام هەست دەکەم ڕۆژبەڕۆژ بەرەو زەردبوون دەڕۆن، گوڵە ئەرخەوانییەکانی بیابان دەوەرن، پرۆتیاکان چیتر خونچەی تازەیان نەکردووە، گوڵی باڵندەی بەهەشت ئێستا لەباڵندەیەکی نەخۆشی دەنوک شکاو دەچێت، هەموو ڕەنگە جوانەکانی گۆڕاون بۆ ڕەنگی خۆڵ، هەموو شتێک دوای تۆ بەرەو ئاوابوون دەڕۆن، پێم بڵێ: دایە گیان، ئێستا من چیتر کەسێکی بێنەواو سەرگەردان کێ دەتوانێت باوەشی سۆز و خۆشەویستیم بۆ بگرێتەوە، تا ئەم ماوەش هەر دڵم بەباوکم خۆش بوو، بەڵام ئەویش چیتر باوکە بە سۆزەکەی جاران نییە، خۆشەویستییەکەی منی بە ئاسانی گۆڕییەوە بە ژنێک. دایە گیان من ئیتر جێت ناهێڵم و ناهێڵم بەتەنها بیت، هەوڵدەدەم چیتر زۆربەی کاتەکانم لێرە لەگەڵ تۆ بەسەربەرم.

فەرزان دەیگووت: ئەو ساڵە یەکەم ساڵم بوو پێ بنێمە قۆناخی ناوەندی، سەرەتای قوتابخانە بوو، زۆر دڵم بەو ساڵەی خوێندن خۆشبوو، دایکم هەمیشە نزای دەکرد و دەیگووت: لە پشتی خوا کوڕەکەم دەبێت بە مامۆستا، ئەمانە تەنها خەوە خۆشەکانی منبوون، بەڵام دوای ئەو شەوەی لەسەر گۆڕەکەی دایکم گەڕامەوە، هەموو شتەکان پێچەوانە کەوتنەوە، درەنگی شەو گەڕامەوە، زەماوەند تەواو بووبوو، باوکم لەگەڵ ژنە تازەکەیدا لەژوورەکەی خۆیان نووستبوون یان نازانم... بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا هەستم بە ماڵێکی ساردی چۆڵکرد، وەک ئەوەی

یەکەمجارە سەردانی ئەو ماڵە بکەم، هەموو شتەکان گۆڕابوون، دەنگی بایەکی پاییزەی دوور وەک گورگێکی برسیی لەدوورەوە بلوورێنێت دەهاتە گوێم، ترسێکی سەیر ڕۆچووە ناخمەوە، بەپەلە خۆم بەژوورەکەمدا کرد، ئەو ژوورەی تەمەنی منالّیم، کە تا ئەو کاتە تاکە شوێنێک بوو زۆرترین یادگاریم تێدا هەبوویێت، یارییەکانی منالّیم، ئەو وێنانە بە منالّی کێشابووم و دایکم بە دیوارەکەوە هەڵیواسیبوون و کتێبەکانم، کە لە سووچێکی ژوورەکەدا، دایکم چەرپایەکی بۆ درووستکردبوون و لەسەریەک هەڵیچنیبوون، هیچ شتێک لە جێگای خۆی نەمابوو، ئای خوایە گیان، "ئەم ژوورە بۆ بەسەریەکدا دراوە"، ئەو دیمەنە یەکەم کاردانەوەی ژنهێنانەکەی باوکم بوو، سەرەتا وام هەستکرد دەشێت ئێوارە میوان زۆربوویێت، بۆیە شتەکانیان کۆکردۆتەوەو لە شوێنێک دایاناوە، بەڵام بۆچوونەکەی من تەواو پێچەوانەوە کەوتەوە. بۆ سبەینێ لەباوکم پرسی: ژوورەکەم بۆ وا دراوە بەسەریەکدا و هیچ شتێک لە شوێنی خۆی نەماوە، ئەگەرچی دەترسام لەوەی باوکم پێش وەڵامدانەوە، سەرزەنشتم بکات بۆ ئەوەی دوێنێ شەو من بەشداریم لەزەماوەندەکەدا نەکردبوو، بەڵام ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ نەبوو، ئەو مەسەلە بوو، تەنها بە شانهەڵتەکاندێک بێئاگایی خۆی دەربڕی و بەبزەیەکی تاڵەوە لێی ڕوانیم و گووتی: تۆ ئەوە دەزانێت لەمڕۆوە خوشکێک دەبێتە هاوژیانت لەم ماڵەدا، خۆ دەبێت شوێنێکی بۆ دابین بکەین، خۆت گەشتوویتە ئەو تەمەنە لەوە تێبگەیت کچ و کوڕێک ناکرێت لە ژوورێکدا پێکەوەبن، ئەو کچەش گوناحە لەدایکی زیاتر کەسێکی تری لە ژیاندا نییە خەمی بخوات، هەر ئەبێت لای دایکی بێت، سەبارەت بە تۆش هیچ خەم مەخۆ شوێنێکت بۆ پەیدا دەکەم، بەڵام پێویستە جارێک دان بەخۆتدا بگریت، بۆیە پێمخۆشە تا ئەو شوێنە دابین دەکەین لای نەنکت بمێنیتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو بەتەنهایەو پێویستی بە هاودەمێکە، هەم ژوورێکی زیادی هەیە، تۆ هیچ خەمت نەبێت جێگەیەک هەر پەیدا دەبێت، من باوکتم بیرت نەچێت قەت دەستبەردارت نابم.

ئەو قسانەی باوکم، لەوکاتەوە وا بۆ بیست ساڵ دەچێت بۆ ساتێک لەیادەوەریمدا نەک ناسڕێنەوە، بەڵکو کاڵیش نابنەوە. ئەو کاتە زمانم بەسرابوو، قوڵپێک گریان لە قورگما وەستابوو، بەئاستەم هەناسەم بۆ دەدرا، سەرم داخست و گەڕامەوە ژوورەکە، شتەکانی خۆم هەموو لەناو ئەو دۆلابەدا، هێشتا بۆنی سۆز و هەناسەکانی دایکمی لێدەهاتە دەرەوە دۆزییەوە و کتێبەکانم لە جانتای قوتابخانەکەم بەزۆر جێکردەوە، پێویستییەکانی ترم لە کۆڵێکدا پێچایەوەو لەماڵ بەدەرکەوتم. لەکاتی بەدەرکەوتنمدا، بینینی باوکم لەگەڵ باوەژنەکەم لەحەوشەکە ڕایەخێکیان داخستبوو تاشتییان دەکرد، تەزوویەکی ساردی بەلەشمدا گێڕا، پۆلێک باڵندە لەو کاتەدا تیژ بەسەر ماڵماندا فڕین، وەک ئەوەی لە کۆچکردن دواکەوتبن، بە بینینی ئەم دیمەنە نەمتوانی خۆمڕاگرم دام لە پرمەی گریان و تا نزیک گۆڕستانەکە نەمتوانی ژێربیمەوە. زۆربەی سبەینیان لەسەر ئەو ڕایەخە دایکم تاشتی ئامادەدەکرد، پاشان دەهاتە ژوورەکەم و گۆرانی بۆ دەگووتم، دەیلاواندمەوە، دەستی بەسەرمدا دەهێناو دەیگووت: کوڕم ئیتر کاتی خەو بەسەرچوو هەستە تاشتییەکەت بکەو ڕۆ بۆ قوتابخانە....

هێشتا چاوەکانم لە فرمێسک ووشکنەبوونەوە، هەنسک بەری نەدابووم، بە دڵێکی شکاوی منالّییەوە گەشتمە سەر گۆڕەکەی دایکم، ئەوە یەکەم جارمبوو

بەو شێوە هەست بە پاییز بکەم، من لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆمدا بووم و گەڵاکان بەباوەش دەوەرینە سەرسەرم، وەرینی ئەو هەموو گەڵا ڕەنگزەردو نارنجییە خەمگینانە، هەستم دەکرد ئەگەر زوو لێرە نەڕۆم ئەوا دەبم بەژێر گەڵاوە. دیمەنی پۆلە باڵندە کۆچەرییەکان پێش لەماڵ دەرچوونم ئەوەی تێگەیاندم، کات ئەوەندەی نەماوە بۆ گەشتن بەو جێگەی ژیان وچارەنووسێکی تر چاوەڕوانت دەکات، بۆیە بەپەلە داوای لێبوردنم لەدایکم کرد، کە دەبێت پرۆم بۆ ئەو جێگای چارەنووس چاوەڕوانم دەکات. دایە گیان: چیتر ڕەنگە وەک پێویست نەتوانم سەردانت بکەم، ئەمە وویستی خۆم نییە، هەروەکو چۆن تۆ وویستی خۆت نەبوو وا بە زووی بەجێم بهێڵی و تاکە ئاواتت پێش مردن، بینینی من بوو بە مامۆستایی، من دەڕۆم بۆ لای داپیرە جەرگ سوتاوەکەم، دەشێت ئەمە پریارێک بێت لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئێمە، بەڵێنت دەدەمێ ئەمجارە پێکەوە بێین و بە چیرۆکی نوێ دڵخۆشتکەین.
شایگانی پوژمان کەمێک لەقسەکردن وەستاو دەستی برد جگەرەیەکی داگیرساند، وەک هەموو جارێک مژێکی قوڵێ لێداو بۆ ماوەیەک دوکەڵەکەی لەسنگیدا زیندان کرد و پاشان بە هەناسیەکی درێژ فڕێی دایە دەرەوە. وەک لەبەر خۆیەوە قسەبکات گووتی: ئەمەش ناو دەنێیت ژیان، کە هەمیشە لەبەردەم چارەنووسی نادیاردا بیت، مسیۆ گوێت لێمە!.

- بەدڵنیایی شایگانی پوژمان، نەک هەر گوێم بەڵکو دڵ و ڕۆحیشم لاتە، ئەوە بۆ بەسەرهاتەکەی فەرزانت پری، ئەی دوای ئەوەی چووە لای داپیرەی، ئایا لەخوێندن بەردەوامبوو...؟.

مسیۆ، بۆ تۆ پێت وایە مناڵێک لەو تەمەنەدا، وەک دارهەنارێکی کەنار جۆگەیەک، تازە شکۆفە دەکات، دەستێکی قەدەر دێت و ڕێرەوی ئاوی جۆگەکە بە ئاراستەیەکی تردا دەبات، هەروا بە ئاسانی ڕەگەکانی ئەو دارهەنارە دەتوانن سەرچاوەیەکی تری ئاو پەیدابکەن بۆ ئەوەی گوڵەکانی پێبگەن و ببن بەو هەنارە گەییوە شەقبردووەی لە کچێکی کوڵم سور دەچێت پێبکەنێت!. مسیۆ نەمامێک بچێنەو خزمەتێکی زۆری بکە تا نەشونوما دەکات و دەیەوێت باڵا بکات، لە کاتی لوتکەی گەشەکردندا تەنها هەفتەیەک ئاوی لێببڕەو پاشان دەست بەخزمەت و ئاودانی بکەوە، بزانە جارێکی تر ئەو گەشەکردنە بە خۆیەوە دەبینێت!، مناڵیش هەروەک ئەو نەمامە وایە لەو تەمەنەدا یەکجار دڵی شکا، ئیتر هەموو تەمەنی باجی ئەو دڵشکانە دەدات، پێت وانەبێت دەبینیت من قاقا پێدەکەنم کەیفخۆشم! ئەو کاتەی قاقا لێدەدەم ئازارەکانی مناڵیم دەیانەوێت گەمارۆم بدەن و بمخنکێنن، تەنها بەو قاقا دەتوانم لەناخم فڕێیان بدەمە دەرەوەو خۆم لەدەستیان ڕزگار بکەم، ئەگینا لەناوم دەبەن، من ئەمە لە فەرزانەوە فێربووم، تەنها پێکەنین دەتوانێت ئازارەکانی ناخمان لەناو بەرێت، ئێمە هەمووومان لەدەست ئەو ئازارانەی وەک مۆتەکە بە دوامانەوەن هەڵدێین، چی منی بەم قوژبنەی دونیا گەیاند، کام دەستی قەدەر بۆ کەنار ئەم دەریای ڕاکێشام!، مسیۆ، ئەوەی من و تۆی لەم کەنارەدا لە شەوێکی ڕوناکی ژێر ئاسمانێکی ساماڵی پر ئەستێرەدا کۆکردۆتەوە ئازارەکانمانە. تۆ دەتەوێت مناڵێک لەوتەمەنەدا هەزاران خەونی ڕەنگاوڕەنگی هەیە، مناڵیک هێشتا وەک دارهەنارەکە پێویستی بەجۆگەیەکە بەردەوام وزەی بۆ

ژیان و گەشەکردن بداتێ، کە دایک وباوکە لەدەستی بدات چی لێدێت! بێگومان هەموو خەونەڕەنگاورەنگەکانی وەک گوولەهەنارەکان هەڵدەوەرێن.
ڕەنگە لات سەیر بێت ئەو لەبری تەواوکردنی خوێندن بوو بە مامۆستا، پێم نەڵێیت چۆن و قسەکەم پێ نەبڕیت تا ماندوو دەبم لە قسەکردن! فەرزان دەیگێڕایەوە: کاتێک گەشتمە ماڵی داپیرە درەنگی شەو بوو، لە گوندێکی تەریکی شار، هێشتا بۆنی سەردەمە کۆنەکان، بۆنی ژیانی سەرەتایی مرۆڤەکان، بۆنی کاری پروکێنەری ئەو هەرێمانەیان لێدەهات هیچ دەستێکی شارستانی پێنەگەشتبوو، ڕێگایەکی قوری ناخۆش تەنها تراکتۆرەکان دەیانتوانی لێی دەربازبن، لەدوورەوە دوکەڵی سڕکەوانە بێئاگرەکان وەک تەمی دامێنی چیاو دۆڵی ناوچەگەرمە شێدارەکان بڵاو دەبوویەوە. خانووەکان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە گڵ دروستکرابوون، هەندێکیان دوو قات بوون، قاتی خوارەوە تەرخان کرابوو بۆ شوێنی مەڕوماڵات و لەسەرەوە خێزانەکان نیشتەجێبوون، چراو دیوارکۆی ماڵەکان ئەوەندە بەهەژاری دەسوتان ڕوناکییەکانیان بە ئاستەم بەشی ژووری دانیشتنەکانی دەکرد. هەر ڕێبوارێک ڕووی لەم گوندە بکردایە بەهۆی وەڕینی سەگەکانەوە بەئاگا دەهاتن، لاتان سەیر نەبێت سەگی گوندەکان هێزێکی بۆنکردنی وایان هەبوو بۆنی خەڵکی گوند لەدوورەوە دەناسنەوە، ئەو خەڵکە بەوە ڕاهاتبوون، کە سەگەکانی گوند تەنها بە ڕێبوارو بێگانەکان دەوەڕن، بۆیە لە کاتێکی وادا پیاوەکان یان لەسەربانەکانەوە یان لەبەردەرگاکانەوە چاوەڕوانی ئەو ڕێبوارە دەکەن تا دەگاتە ناو گوند. من بۆخۆم شارەزای گوندەکە بووم، بە هۆی پشووی هاوینەوە زۆرجار لەگەڵ دایکم سەردانی داپیرەم کردبوو، هەروەها ماڵی خاڵیشم هەر لەو گوندە بوو. درەنگانی شەو گەشتمە ماڵ داپیرەم، بەختی من لەماڵەوە نەبوو، بۆیە ناچار ملم کێشا بەرەو ماڵ خاڵم، لەترسی سەگەکان نەموێرا زۆر نزیکببمەوە، خۆشبەختانە ئازاد کوڕە گەورەکەی خاڵم بەرەوپیرمەوە هات و هاواری کرد تۆ کێیت؟. گووتم: منم پورزا نازدارەکەت، نازانم بۆ هەرکە گوێی لە دەنگم بوو شڵەژا لەجیاتی ئەوەی بەرەو لای من ڕابکات و لە دەست سەگەکان ڕزگارم بکات بەرەو ژوورەوە ڕایکردو هاواری کرد بەمشەوە شتێک ڕوویداوە....
خاڵم بەپەلە ڕایکردە دەرەوەو باوەشی پێداکردم و گووتی: هیچ خەمت نەبێت کوڕم چەند ڕۆژێکە من هەر چاوەڕوانی تۆم دەکرد، ئەگەر تۆ بۆخۆت نەهاتبای خۆم دەهاتم بەشوێنتدا، چەندین شەوە دایکت دێتە خەونم و داوام لێدەکات ئاگام لە تۆ بێت.
مسیۆ، بۆ ئەوەی سەرت نەیەشێنم چیتر ناچمە ناو ئەو بەسەرهاتە سەیروسەمەرانەی خۆی گووتەنی کوڕە شارییەک دەچیتە لادێ و ڕووبەڕووی دەبێتەوە، شوانی، گاوانی، پاچەکۆڵە، دارهێنان و درەو خۆی گووتەنی: ڕەنگە ئەمە تەنها لە گێڕانەوەدا خۆش و ئاسان بن.... دێمە سەرباسی ئەوەی چۆن بوو بە مامۆستا، دڵنیام بە پەلەیت بۆ ئەوەی بزانیت چۆن بوو بە مامۆستا، بێئەوەی خوێندن تەواو بکات، بەڵام جارێک با هەناسەیەک هەڵمژین پێکێک هەڵدەین و جگەرەیەکی بۆ پێکەم....
فەرزان دەیگێڕایەوە من ناچاربووم بۆ دابینکردنی ژیانی خۆم و داپیرەم ئەو کارانە بکەم، ئەگەر ئەوەش نەبا لە کولتوری لادێدا، هیچ ئەوەندەی ئەوە شەرم نییە

گەنجێک بێکار دانیشێت، منداڵەکان هەر لە منداڵییەوە بۆ کاردکردن ئامادە دەکرێن و ڕادەهێنرێن، لە سەرێکیشەوە لەسەر هەقبوون، چونکە هەموو کارەکان لەسەر تواناو هێزی مرۆڤەکان وەستابوون، تەنها جووتکردن نەبێت بە هۆی ئەو تاکە تراکتۆرەی لەگوندەکەدا هەیانبوو، لەبەرئەوەی ناتوانێت بۆ هەندێک جێگە سەربکەوێت، ناچار بە ووڵاخ ئەو کارەیان بەجێدەهێنا، ئیتر هەموو کارەکان دەبێت بە هێزو بازووی مرۆڤ بکرێن. ئەو دەیگووت: هەندێک مرۆڤ هەن خودا تەنها بۆ کارکردن خوڵقاندوونی، بەڵام منی لەمە بێبەشکردووە، نازانم ڕەنگە هۆکەشی ئەوە بووبێت، کە هەر لەمنداڵییەوە من بۆ مامۆستایی ئامادەکرابم، ئەم خەونە لەگەڵ ئەو واقیعەدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر ماندووی دەکردم و نائومێدی بەرەو تێکشکانی دەبردم.

نێوەڕۆیەکی گەرمای هاوین پشووی دەسکەنەی نۆکمان هەبوو، ئازاری دەستەکانم وەک ماسولکەکانی دڵ لێیاندەدا، سوتابونەوە، دەکزانەوە، سەیری منداڵەکانم کرد چەند دڵخۆشبوون دوای ئەو هەموو ماندووبونە، چۆن خۆیان لەو گۆمە قوڕاوە ناوەو مەلەدەکەن، هزرێک بە مێشکمدا هات، ژوورێک لە گوندەکە درووستبکەین و ناوی بنێین قوتابخانە، بەڵام قوتابخانەی ڕاستی نا، تەنها ئەو وانانەی من لە قوتابخانە فێریانبووبووم، بە منداڵان بڵێمەوە، بەمەش لە لایەک منداڵەکان فێری خوێندن و خوێندنەوە دەبن لەو لاشەوە من ئەو شتانەی فێری بووم لە بیرم ناچنەوە. ئەمەش هەلێک بوو ئەگەر سبەی ئەم ژیانە گۆڕاو گەڕامەوە شار بتوانم دەستپێبکەمەوە.

شەوێ گەڕامەوە، ئەم هزرەم بۆ خاڵم باسکرد، وەڵامی ئەو ئەوەبوو ئایا لەتوانایدا هەیە منداڵەکان فێری خوێندنەوەو نووسین بکات، من هەموو بەڵێنێکم پێدا بەمەرجێک ئەوان پێداویستییەکان ئامادە بکەن، ئەو شەوە خاڵم لەگەڵ کوێخای گوند یەکلایان کردەوەو داوایانکرد پێویستییەکانیان پێ بڵێم، هەموو پێویستییەکانی قوتابخانەیەکی لەو شێوە بۆ ئەو ڕۆژە تەنها چەند کتێبێک و قەڵەم و دەفتەر بوون، کە ئەمەش لەشار بە ئاسانی دەستدەکەوت. لەو ووڵاتانەدا هیچ شتێک ئەوەندەی کتێب بێ نرخ نییە، بە درێژایی سەر شەقامەکانی شار کتێب لەسەریەک دانراون و کەسێک ئامادەی کڕینی نییە، چ کتێبێکت دەوێت بە ئاسانی لەسەر شەقامەکان بە هەرزانترین نرخ دەستت دەکەون، ئەگەر هەر کەسێک ڕێگای بکەوێتە ئەو ووڵاتانەو سەرێک بەشەقامەکانی ناوشاردا بکات یەکسەر لەبەهاو نرخی کتێب لای ئەو کۆمەڵگا تێدەگات، چاپکردنی کتێب لەو ووڵاتانە ئەوەندە منالە گڵۆبەڕۆژەفرۆشەکان بۆ لولەی گڵۆبەڕۆژە سودی لێدەبین، کەس بۆ خوێندنەوە سودی لێنابینێت، مانگانە سەدان کتێب چاپدەکرێن، کەچی سەدان خوێنەر پەیدا نابن بۆ خوێندنەوە، بەکورتییەکەی دەستکەوتنی سەدان کتێب، ئەگەرچی زۆر دەگمەنیش بن ئاسانترە لە دەستکەوتنی کوپێک قاوەی گەرم بۆ خواردنەوە. ئەو کتێبانە ئەوەندە لەبەر گەرمای هەتاو دانراون ڕەنگەکانیان زەرد هەڵگەڕاوە بۆ پەڕە کۆنەکانی چاخی ناوەڕاست، ئەو کتێبانە بۆ ئەو ڕۆژەی ئێمە پێویست بوون، بریتیبوون لە دوو کتێبی پۆلی یەکەمی سەرەتایی، یەکێکیان بۆ فیربوونی خوێندنەوەو نووسین ئەوی تریان ماتماتیک بۆ فێربوونی ژمارەو بەکارهێنانی ژمارە لەمامەڵەکردندا. وەک خۆی دەیگێڕایەوەو توانی یەک دوو ساڵێک منالانی گوند فێری خوێندنەوەو نووسین بکات، بەڵام مردنی داپیرەی

دیسان هاوکێشەی خەونەکانی هەڵگێڕایەوەو ڕووبەڕووی ژیانێکی سەختتری کردەوە، ئەگەرچی خاڵی دەیویست وەک یەکێک لە کورەکانی بیگرێتە خۆ، بەڵام بەهۆی نزیکبوونەوەی لە شۆڕشگێڕەکان، کە شەوان بۆ نانخوارن و پشودان لایاندەدایە گوندەکان، چارەنووسی بە ئاراستەیەکی تردا دەبات، هەر ئەمەش لەمدواییانەدا وای لێدەکرد، بە ناوهێنانی شۆڕش و سیاسەت کەلەیی بێت.

ئەو دەیگووت: ئەو سەردەمە سەردەمێکی زۆر خراپبوو، توندوتیژی دەوڵەت و شۆڕشگێڕەکان گەشتبوونە لوتکە، کەسیان سڵیان لەهیچ تاوانێک نەدەکردەوە، تاوانی وا لە پێش چاوەکانم ڕوویانداوە، پروا بکەن بەگێڕانەوەی هێڵنجم دێت، پێتان وانەبێت هەرکەسێک ناوی خۆی نا شۆڕشگێڕ، هەڵگری هەموو ئەو بەها ئەخلاقی و مرۆڤانە بێت بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرجار وا هەڵکەوتووە زۆربەی دکتاتۆرو ستەمکارەکانی دونیا لە منداڵدانی شۆڕشەوە گەورە بوون و هاتوونەتە دونیاوە، من زۆر درەنگ لەوە تێگەیشتم بەدیهاتنی خەونی شۆڕشگێڕەکان ئافراندنی ئەو دونیا جوانە نییە بۆ خەڵک، وەک بانگەشەی بۆ دەکەن و خەونی پێوە دەبینن، بەڵکو لەدایکبوونی مرۆڤی دڕەندەو دکتاتۆری نوێیە لە بەرگی شۆڕشگێڕیدا.

ئەو کاتەی ئەو لە گوندەکە مناڵەکان فێری خوێندنەوەو نووسین دەکات، نەخوێندەوارییەکی ترسناک هەموو ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکانەوە تەنیبوو، بۆیە وەک ئاگرێک لەچلەی هاویندا بەر پوش وپەڵاشی ئەو دەشتانە بکەوێت چۆن لە کەمترین ماوەدا باڵدەکێشێت بۆ لوتکەی چیاکان ئاوا دەنگۆی دایەوە، بڵاوبوونەوە ئەم هەواڵەش وەک خۆی بە تەوسەوە دەیگووت: نەک هەر دڵخۆشکەر نەبوو، بەڵکو سەرەتای دەستپێکردنی نەگبەتییەکانی ژیان و تێکچوونی خەونەکانم بوون، لەبەر ئەوەی شۆڕشگێڕەکان بەردەوام سەردانی گوندەکەیان دەکردو لە ڕێگای کەسانێکەوە بڵاوکراوەو ڕۆژنامەکانی خۆیان بۆ دەهانی بیخوێنێتەوە و لەگەڵیدا کۆدەبوونەوە و داوایان لێدەکرد ببێت بە مامۆستای شۆڕش، واتە وانە بە مناڵانی  شۆڕشگێڕەکان بڵێتەوە، کە دەوڵەت هەموو گەمارۆیەکی خستبووە سەریان، بەڵام هەمووجار وەڵامەکەی ئەوەبوو، کەناتوانێت ئەم گوندە جێبهێڵێت و لەهەلێک دەگەڕێت بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان لەشار تا خوێندنەکەی تەواو دەکات....

ئێوارەیەکیان خاڵی بانگی دەکات و پێی دەڵێت؛ کوڕم تۆ هێشتا لەمەترسییەکانی ژیانی خۆت تێنەگەشتوویت، هێشتا تۆ نازانیت چ ڕەشەبای نەگبەتییەک بەرەو لای چارەنووست هەڵیکردووە، کە دوور نییە ئێمەش لەگەڵ خۆیدا ڕامالێت، باشترە پێش ئەوەی ئەو ڕەشەبا توورە لەگەڵ خۆیدا ڕاتبمالێت و ئێسکەکانت بەسەر یەکدا بشکێنیت خۆت پێشوازی لەو بڕیارە بکە، ئەگینا کۆتاییەکی باشی نابێت و پەشیمانیش هیچ دادێک نادات، ڕەنگە ئەمڕۆ تێنەگەیت چی دەڵێم، بەڵام ڕۆژێک دێت تێمبگەیت، ڕاستە تۆ کەسێکی خوێنەواریت، بەڵام خوێنەواری بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە هەموو مەترسییەکان، ئێمە ئەزموونی زۆر تاڵمان هەیە، پروات هەبێت پیاوێک نادۆزیتەوە لەم گوندانەدا لەبەردەم ئەم شۆڕشگێڕانەدا خۆی بە خاوەنی ژنەکەی بزانێت، ئەمانە وەک واشە وان چاوییان خستە سەر هەرشتێک دەبێتە نێچیریان، بۆیە بڕۆ چیتر ژیانی خۆت لەبەردەم ئەم ڕەشەبا وێرانکەرەدا مەخەرە مەترسییەوە، پێشوازیکردن لە مەرگ شەرەفمەندانەترە لە

ڕاکردن لێی، هەریەکێک لە ئێمە مەحکومە بە مەرگێک، بۆیە دەبێت ئێمە جوانترینیان هەڵبژێرین، بۆیە جارێکی تر پێتدەڵێمەوە ئەگەر ئەم جارە هاتنەوە خۆت پێشوازییان لێبکە، هیچ شتێکت نییە بیدۆڕێنیت!.
مسیۆ ئەو بەم شێوە دەیێتە مامۆستا و پاشانیش شۆڕشگێر، زۆربەی ئەو شەوانەی یادی هاورێکانی دەکردەوە، کە زۆربەیان دڵسۆزی بۆ نیشتیمان و بیروباوەڕەکەیان بە کوشتیدان وەک مناڵ دەگریاو دەیگووت، ئاخر بۆ نەدەبوو ئەو کەسە دڵسۆزانەی بەهەڵە دەمرن بۆ جارێک زیندوو ببنەوە، هیچ نەبێت پێگەی جەلادەکانیان دوای سەرکەوتنی شۆڕش ببین!. ئاخر چی کائینێک لەم سەرزەمینەدا هێندەی ئەو مرۆڤانە جوانبوون لە پێناو ئازادی ئەوانیتردا لەگەڵ مەرگدا دەجەنگان، ئەوانە چ بوونەوەرێکی لەخۆبووردو بوون لە پێناو بەردەوامبوونی ژیان ڕاوە مەرگیان دەکرد....!.
بیرم دێت شەوێک درەنگ خۆی بە ژوورەکەی ئێمەدا کرد، ئیتر تێگەیشتین دیسان حیکایەتە تاڵەکانی ژیانی سەریان کردۆتە مێشکی و خەویان لە چاوەکانی تۆراندووە، بەڵام ئەو شەوە زۆر جیاوازتر لە شەوەکانی تر دەهاتە بەرچاو، بە چاوە کراوە نوقمبوو لە فرمێسکەکانیدا تێدەگەشتیت، ئەمە لەو مناڵە دەچێت پاروویەکی گەورە لە قورگیدا گیرساوەتەوە، نە بۆی دێتەوە دەرەوە نە بۆی قوت دەدرێت، بۆیە خەریکە هەناسەی لێدەبڕیت و دەیخنکێنێت....
مسیۆ، ئەو لە زۆر ڕووەوە لە من دەچوو، ڕەنگە ئەمە هۆکار بێت لەناو ئەو هەموو مناڵە بێنەوایانەدا تەنها دڵی بە من و کامشاد دەکرایەوە، هەندێکجار کاراکتەری ئەو لەخۆمدا دەبینم، هەستدەکەم بۆیە ئێمەی هەڵبژارد ئەو توانایەی تیاماندا دۆزیبووەوە بتوانێت خۆیمان تیا بچێنێت، ئەو دەترسا بمرێت و شوێنگرەوەیەکی نەبێت درێژە بە حیکایەت و خەونەکانی بدات، هەموو سەروەت و سامانی ئەو حیکایەتەکانی بوو، دەبوو دوای خۆی کاراکتەرێک یان دوان هەبن درێژە بە گەشتەکەی بدەن، وەک ئەو باوکانە دەهاتە بەرچاوم، بۆ ئەوەی دەیانەوێت "کوڕ بخەنەوە تا خۆیان بەنەمری بمێننەوە".
کاتێک لەدەرگاکەیدا، وەک هەموو جارەکانی تر بەدەنگێکی نەرم دەیگووت: ئەرێ نەخەوتوون، بێدەنگ خۆی بەژووردا دەکردو لەتەنیشت منەوە لەسەر چەرپاکە دادەنیشت بێئەوەی وشەیەک چییە لەزاری بێتەدەر. بێدەنگییەکی سامناک لە ڕۆحی ئەو کوڕەدا هەبوو، هەرکاتێک بێدەنگ دەبوو چاوی لە وێنەیەکی کۆنی گۆشە دڕاو بەدیوارەکەوە دەبڕی هەموومانی لەگەڵ خۆیدا بێدەنگ دەکرد، من ئێستا نازانم چۆن باس لەو بێدەنگییە بکەم! مسیۆ، بڕوا بکە وا من پیربووم و زۆر سەختی ژیانم بڕی، ئەزموونی ژیانی من بەئاسانی ناگێردرێتەوە، قەت بێدەنگی وام نەدیوە، نهێنی گەورەی ئەو پیاوە لەو بێدەنگییەدا بوو، بێدەنگییەکەی تەنها بێدەنگییەکی سادەو بێمانا نەبوو، بە پێچەوانەوە پڕبوون لەووتن، لەو بێدەنگیانە بوو مرۆڤ چەندەها چیرۆکی تیا دەخوێندەوە، بەڵام هەرکەسێک بەجۆرێک، بێدەنگی ئەو لە دەریاچەیەک دەچوو بە قەد قوڵایی ئەم گەردوونە نهێنی نەزانراوی لەناخیدا هەڵگرتبێت، تا لێی ڕابمابای پرسیاری بێوەڵام و گێژکەر سەریاندەکردە ناو بیرکردنەوەت، بە جۆرێک مێشکت دەئاوسا نەتدەزانی چۆن لێی دەرباز بیت، من ئەم قسە لەخۆمەوە ناکەم، چەندین جار پاش ڕۆشتنی ئەو لەگەڵ کامشاد

نوقمی بێدەنگییەک دەبووین بۆ چەندین ڕۆژ وەک بە دوای شتێکدا بگەڕێین و نەزانین ئەو شتە چییە کاریگەری بەسەرمانەوە دەما.
مسیۆ، ئەو پیاوە زۆر پیاوێکی سەیر بوو، زۆربەی کاتەکانی لە بێدەنگیدا دەبردە سەر، ئەو دەیگووت: من لە بێدەنگییەوە فێری قسەکردن بووم، جارێکیان بە ڕێکەوت خۆم بە ژورەکەیدا کرد لەسەر ڕایەخەیەکەی چوارمشقی دانیشتبوو هەردوو دەستیشی لەسەر ڕانەکانی دانابوو، تەنها لەژێر لێوەوە گووتی: وەرە ژوورەوە بزانم چیت دەوێت! ئیتر ئەو تەنها وشەبوو، نزیکەی کاتژمێرێک زیاتر لە ژوورەکەی مامەوە وشەیەک چییە لەزاری نەهاتە دەر، بۆیە ناچاربووم ژوورەکە بەجێبێڵم و بگەڕێمەوە لای کامشاد، بەڵام هاتە قسەو گووتی: دەی ئێستا بڵێ بزانم چیت دەوێت، ڕاستییەکەی لەبەر ئەوەی من ئەوەندە چاوەڕوانیم کرد و لەوم ڕوانی بیرم چووبوو بۆچی گەشتبوومە لای، ئەو ماوەی من چاوەڕوانم دەکرد مێشکم خەریک بوو تێک دەچوو، بە دیوارەکەوە بازنەیەکی گەورەی کێشابوو، لەناوەڕاستی بازنەکەدا خاڵێکی ووردی دانابوو، ئەو هەموو کاتژمێرە چاوی لەسەر ئەو خاڵە نەدەتروکاند، پروات هەبێت بەئاستەم هەناسەی دەدا، مرۆڤ کاتێک سەیری دەکرد، لێی دەترسا، لە پەیکەرێک دەچوو لە گۆشت دروستکرابێت. من هەر سوربووم لەسەر ڕۆشتن، بەڵام گووتی: شایگانی پوژمان گوێبگرە، من زۆر لەسەر شت ناڕۆم خۆت ئەمە دەزانیت، ئەو بازنەیە، کەدەیبینیت ئەوە جیهانە، ئا ئەم جیهانە نەفرەتییەی ئێمە تێیدا دەژین و ئێمەش ئەو خاڵەین لەم جیهانەدا پێویستە جار بەجار لە خۆمان ڕابمێنین بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە خۆمان تێبگەین و شوێنگەی خۆمان لەم جیهانەدا بدۆزینەوە، مرۆڤ تا لە خۆی و شوێنگەی خۆی تێنەگات ناتوانێت لە دەوروبەرەکەی تێبگات.
بەداخەوە نە تەمەن و نە کات ناگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو شتانەی لەسەردەمی خۆیدا چۆن دەمانبینین و ئێستا چۆن وێنایان دەکەین، ئەگەرچی یەک وێنەو دیمەنن بەڵام تێڕوانینەکان زۆر جیاوازن. (ئا لەو کاتەدا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو کەمێک بێدەنگ بوو، وەک ئەوەی لاسایی فەرزان بکاتەوە، جگەرەیەکی پێکرد). بەدەم هەناسەیەکی قوڵەوە گوتی: مسیۆ با واز بێنین، خۆ ئەمشەو بەدڵی خۆمان نەمانخواردەوە، نۆش بەیادی ئەو شەوانەی تەنها یەکجارەو دووبارە نابنەوە، بە یادی ئەو هاوڕێیانەی، کە نازانم ئێستا ئەوان لە کام قوژبنی ئەم دونیادا گیرساونەتەوەو بیر لەچی دەکەنەوە....
ئەوەی ڕاستی بێت من و ئەو لە دوو دونیای جیاوازدا دەژیاین، من هەر بیرم لای تەواوکردنی چیرۆکەکانی بوو، بەڵام کردبوومی بە کۆیلەی خۆی دەبوو هەموو شتەکان بەو ئاڕاستەدا بڕۆن ئەو دەیویست نەک من، تەنانەت ڕێگای پرسیارلێکردنیشی بۆ نەهێشتبوومەوە، تەنها شتێک دڵخۆشیدەکردم ئەوە بوو، هەستم دەکرد یەکەمجارە لە ژیانیدا کەسێکی دۆزیوەتەوە بێترس و دوو دڵی ناخی خۆی لا بکاتەوە، بەو شێوەی خۆی دەیویست ئەمەش کەمێک ئاڵۆزبوو، چونکە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی بچڕ بچڕ بوون و قەت لەسەر یەک خاڵ نەدەوەستا، ئیتر نازانم هۆی سەرخۆشییەکەی بوو یان یادەوەرییەکان و ئەو شتانەی کاریگەری زۆریان لەسەردانابوو پاش و پێشی پێدەکردن، بۆیە ئەمجارەیان پاش یەک دوو پێک، گووتم: (تۆ باسی ئەو شەوەت نەکرد، کە هات بۆ ژوورەکەتان

چی بۆ گێڕانەوە، هەروا بە بێدەنگی مایەوە یان باسێکی تایبەتی هەبوو وا بەو شەوە درەنگە هاتە لای ئێوە؟).
نا مسیۆ پەلە مەکە، با پێکێکی تر نۆشکەین و ئەم جگەرە تەواو بکەم بۆت باسدەکەم.. ئەو باسی بەسەرهاتی خۆیی و شۆڕشی بۆ کردین، بەهەڵەدا نەچووبم، ئەو شەوە کەمێک مەست بوو، ئێمە ئەو کاتە مناڵ بووین، نەماندەزانی ئەم قوزەڵقورتە هەیەو بەرد دەهێنێتە قسە، ئەمە بە ئەزموونی خۆم دوای چەندین ساڵ بۆم دەرکەوت، کە ئەویش هەمان دەردی من و ئێستای هەبوو، کە دەیخواردەوە، ئیتر دەگەڕا تا کەسانێک بدۆزێتەوە ئەو شتانەی ناخی ئازاری دەدا بۆیان بگێڕێتەوە، بەڵام ئەو وەک من بێئەقڵ نەبوو هەرکاتێک و لەهەر شوێنێکدا بێت بخواتەوەو دەرگای دڵی بخاتە سەرپشت، ئەو پیاوێکی تەواو کامڵ بوو، زۆر باش لە دونیا تێگەشتبوو، لە هەڵبژاردنی ئێمەدا بەهەڵەدا نەچووبوو، وە باش لە پەروەردەکردنی ئێمە سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا نهێنی درکاندن بە تایبەتی لەسەر شۆڕش ئەوەندە ئاسان نەبوو، ئەو بەهۆی ئەو ڕابردووە سیاسییەوە هەیبوو، هەمیشە دەترسا دەوڵەت چاودێری بکەن، بە تایبەتیش دوای ڕووداوی پەپولە سپییەکە و بوون بە بەرپرس لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان خۆی گووتەنی: هەناسەکانیشی لە ژێر چاودێریدا بوون، چونکە بە ئاسانی دەیتوانی ئەو لەشکرە منداڵەی میوانخانەکە بەو شێوە پەروەردە بکات خۆی بیخوازێت، ئەو دەیتوانی هەریەکێک لەو منداڵانە بکات بەو کائینەی خۆی بیەوێت، ئەو وەک نانەوایەکی بە ئەزموون و شارەزا منداڵەکان هەویرێکی ئامادەبوون بۆ درووستکردنی ئەو نانەی خۆی خوازیاری بوایە، بەڵام تەواو پێچەوانەی مامۆستاکانی دونیا نەیدەوویست قوتابییەکانی لەخۆی بچن، بەڵکو دەیوویست هەر کەسەو لە خۆی بچێت، ئەو دەیگووت: بۆ دۆزینەوەی خۆمان پێویستە کەسەکانی تر لەناخماندا بکوژین، ئەگەر ئەمە نەکەین هەموو تەمەنمان بە خۆمان نامۆ دەبین و لەهەموو کەس دەچین تەنها خۆمان نەبێت، با ئێمە لە باڵندەکانەوە سەیرکەین، جوانی ئەوان تەنها لە فڕینەکانیاندا نییە، بەڵکو لەوەدایە هەرباڵندەو ڕەنگ و دەنگێکی تری هەیە، هەر باڵندەو ئاواز وسروشتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، دەبا لەوانەوە فێری فڕین و گۆرانی گووتن بین.
ئێمە نهێنی قسەکانیمان دەپاراست و هیچ کاتێک وا خۆمان نیشان نەدەدا، درەنگی شەوان لەگەڵماندا کۆدەبێتەوەو باسی ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە، کە ناوینابوون، چیرۆکە غەمگینە نهێنییەکان. ئەو درەنگی شەوان، ئەو کاتەی سەرخۆشەکان لە مەیخانەکان بێداردەبوونەوەو بە سەری قورس و سڕیانەوە لە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا بە بۆڵەبۆڵ و جنێودان بە دوای خۆیانی وونبوودا دەگەڕان، ئەو کاتەی یاساوڵ و سەگە بەرەڵاکان بە دوای نێچیرەکانیاندا دەگەڕان و لوتیان لە هەموو شوێنێک دەژەنی، ئەو شەوانەی لورەی ڕەشەبا وەک گەلەگورگێکی برسی بە کۆڵانەکاندا تیژ تێدەپەڕین و ترسیان بڵاودەکردەوە، ئەو دەهات و بە هێمنی لەسەر چەرپاکە دادەنیشت وەک هەموو جارەکانی پێشوو چاوی لە تابلۆکە دەبڕی و بێدەنگ هیچی نەدەگووت. سەرەتا من و کامشاد بەم پەیوەندی و بایەخدانەی ئەو دەترساین، ئێمە لەسەردەمێکدا دەژیان لە تەونی جاڵجاڵۆکە دەچوو، بۆ هەر لایەک دەچووین چەندین تۆڕی ورد بۆ ڕاوکردنی منداڵان نرابوونەوە، دوای چەند مانگێک لەوەی پێی گووتین چیتر ئێوە ناڕۆن بۆ کێڵگەکان و

کاری ئێوە لەوێ کۆتاییهاتووە، بۆیە دەبێت لێرە بمێننەوەو ئێرەش پێویستی بە خزمەتکردن هەیە، لەمڕۆوە هەردووکتان ئەرکی میوانخانەکە بەڕێوە دەبەن، لەگەڵ کامشاددا ترسەکەمان گەشتە ئەو ئاستەی بیر لەهەڵاتن بکەینەوە، هەزاران بیری خراپ بە مێشکماندا دەهات و دەچوو، دەیان پرسیارمان لەخۆمان دەکرد و هەر خۆشمان وەڵاممان دەدایەوە.
ئەو شەوەی لەگەڵ کامشاددا ویستمان پلانی هەڵاتن داڕێژین و ڕێگایەکی نوێی بدۆزینەوە، تا درەنگانی شەو نائومێدی و چارەنووسی ڕەشی ئایندە لەقسەکردنی خستین و هەردووکمان تەنها بەچاو لەگەڵ یەکتردا دەدواین، فەرزان لەدەرگای داو وەک نەریتی هەموو جارەکانی گووتی: نەخەوتوون، خۆی بەژووردا کرد، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو بەبێ بیرکردنەوەو ماوەیەک بێدەنگی دەستی بە قسەکردن کردوو گووتی: لە ڕاڕایی و گومانەکانی ئێوە تێدەگەم، ئەمشەو هاتووم بۆ ئەوەی دڵنیاتان بکەمەوە، کە هیچ شتێکی خراپ ڕوونادات و ئەوەی من بە ئێوە دەبەستێتەوە جۆرە سۆزو خۆشەویستییەکە بە قسە ناگووترێت، ڕۆژێک دێت خۆتان باشتر لێی تێدەگەن، هەندێک شت هەن مرۆڤ دەتوانێت هەستیان پێبکات، بەڵام ناتوانێت دەریانبڕێت، ڕەنگە ئەمە بۆ ئەمڕۆی ئێوە قورس بێت و تووشی خراپحاڵیبوون و دڵەڕاوکێتان بکات، بۆیە دەمەوێت دڵنیاتان بکەمەوە، تا ئەوکاتەی خۆتان پێتانخۆش بێت لێرە بمێننەوە من پشتیوانیتان دەکەم و هەر ڕۆژێکیش بە ئارەزووی خۆتان ویستان ئێرە بە جێبهێڵن پشت بەمن ببەستن و من وەک برایەکی خۆتان قبوڵ بکەن، ئێمە هەمووومان لێرە ڕەوتەنین و لە چاوەڕوانی سەفەرێکی نادیارداین، ئێرە بۆ هەر یەکێک لە ئێمە لەنگەرگایەکە چاوەڕوانین کەشتییەکەمان بگات و سوار بین، هەموومان دەزانین ئەمڕۆ یا سبەی سواری کەشتییەکەمان دەبین و دەڕۆین بێئەوە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین بۆ کوێ! منیش وەک ئێوە ڕەوەندێکم چارەنووسی ڕۆژگار فڕێیداوومەتە ئێرە، تا لێرە بین پێکەوە دەبێت ئەو کارە بکەین پێویستە، نەک ئەوەی خوازیارین، ئەگینا ڕۆژگار بێرەحمانەتر دەمانهاڕێت، ئەوەی پێویستە من و ئێوە و هەر منداڵێکی تر لەم میوانخانەدا بیکات ئەوەیە فێری دانیەخۆداگرتن بین و لەگەڵ هەرئاوازێکی نوێدا نەکەوینە هەلەکە سەماو شێتانە باڵبگرین، فڕینی شێتانە بەربوونەوەی شێتانەی لێدەکەوێتەوە، دەبێت ئێمە فێری ئەوە بین باش گوێ لە ئاوازە نوێکان بگرین و تێبگەین لەوەی چ جۆرە سەمایەک لەگەڵیدا دەگونجێت، تەنها ئەو جۆرە سەما بکەین، نابێت وەک ئەو گەمژانە بین لەگەڵ هەر ئاوازێکی نوێدا عەقڵی خۆیان لەدەست دەدەن پاشانیش زۆر قورس باجەکەی دەدەن. من دیسان دەمەوێت ئەمشەو لەهەموو شەوەکانی تر ئارامتر بخەون و بیر لەداهاتووتان بکەنەوە، لەدوای ئەمشەوەوە دەبێت ئێوە لەوە تێبگەن برایەکتان لێرە هەیە بۆ هەر کێشەو گرفتێک لە پشتانەوەیە تا ئەو کاتەی کەشتییەکانمان دەگات و هەریەکەمان سواری کەشتی خۆی دەبێت و دەڕوات بۆ ئەو سەرزەمینەی چارەنووسی چاوەڕوانی دەکات، ئەگەر بڕیار بوو هەموومان سواری یەک کەشتی بین ئەوا هەموو قسە تەواو نەکراوەکان و خەونە شکاوەکانمان پێکەوە کۆدەکەینەوەو ئایندەی پێ بنیات دەنێین، بەڵام بە پێی ئەو ئەزموونەی من هەمە ڕۆژگار بۆیە لێرەدا کۆیکردووینەتەوە، تا جارێکی تر پارچە پارچەمان بکات و هەر کەسەمان بەدوای پارچەکەی تری خۆیدا بگەڕێت، کە هیواخوازنیم ئەمە ڕوووبدات، بەڵام

شەڕکردن لەگەڵ چارەنووسدا مەحاڵە، بۆیە تکاتان لێدەکەم بە ئاسودەیی سەربخەنە سەر سەرینەکانتان و بیر لەئایندەیەکی جوان بۆ خۆتان بکەنەوەو واز لەو خەیاڵە خراپانە بهێنن بەرەو نەگبەتی پەلکێشتان دەکات، وەک برایەک بۆ دواجار پێتان دەڵێم: بیری چاک، جگە لەوەی ڕۆحتان ئاسودە دەکات شتی جوانیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەم قسانە تەنها بۆ خەمەکانی ئێوەیە، ئەگەر هەر قایلیش نابن سبەینێ پێش ئەوەی بڕۆن ئاگادارم بکەنەوە بۆ ئەوەی تا ئەو جێگای توانای یارمەتیدانم هەیە هاوکاریتان بکەم، بەڵام دڵنیابن بۆ هەر جێگایەک بڕۆن دواجار دێنەوە بۆ ئێرە، میوانخانەی پەپولە سپییەکان ئەو وێستگایە دواجار هەمووومان دەبێت لێیەوە سەفەر بکەین، بۆ کوێ نازانم، ئەوەندە نەبێت دەبێت لێرەوە سەفەرەکان دەستپێبکەن، ئیتر ماندووم شەوێکی خۆشتان بۆ دەخوازم.

## شەوی دووەم

تا ئەو شەوە لە نهێنی و سیحری قسەکردن تێنەگەشتبووم، کە توانای نەرمکردنی بەردی هەیە. نەمدەزانی قسەکردن هونەرێکە ڕاستەوخۆ دەتوانێت تێڕوانین و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان بە شێوەیەک بگۆڕێت، مرۆڤ هەستبکات شتێکی گەورە لە ژیانیدا گۆڕاوەو بازێکی بۆ شوێنێکی دوورتر هەڵداوە. قسەکانی ئەو شەوەی فەرزان جگە لەوەی ئارامییان بۆ ناخە شێواو جەنجاڵەکەمان گەڕاندەوە، دڵنیایی و ئومێدێکی گەورەشیان بە ئایندەمان بەخشی. ئەو شەوە ئەو تەنها کۆمەڵێك قسەیکرد، کە هیچ ناچار نەبوو بیانکات، جگە لە ئاسودەکردنی ویژدانی خۆی و سوککردنی خەمە ئینسانییەکانی ناخی. هەندێکجار بیر لە قسەکانی ئەو شەوەی فەرزان دەکەمەوە هیچ شتێکی گرنگیان تیا نابینم تەنها دڵسۆزی و مرۆڤدۆستی نەبێت، قسەگەلێک بوون هەموو کەسێک دەزانێت و دەتوانێت بیانکات، قسەگەلێکی سادە، بەڵام لێوانلێو لە دڵسۆزی و خەمخۆری، بۆیە دەڵێم: قسەکردن هونەرێکە هەموو کەسێک خاوەنی ئەو هونەرە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا فێربوونی ئەوەندە گران نییە.
ڕۆژانی دوایی ژیانمان لەگەڵ فەرزاندا زیاتر بەو پیاوەی ئاشنادەکردین و ئیرادەی بەهێز دەکردین، مەزنیی ئەو پیاوە هەر لەوەدا نەبوو بە ئارامی و بێدەنگی قسەمان بۆ بکات و فێری گوێگرتن و دانبەخۆداگرتنمان بکات، بەڵکو لەوەدا بوو هەندێکجار لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان توورە دەبوو وەک بورکان بەسەرماندا دەتەقییەوە، چاوەکانی وەک هەورە تریشقەی بەهار چەخماخەیان دەداو پریشکی ئاگریان لێدەهاتنە دەرەوە، ووشەکانی گرمەیان دەهات و بە لێزمە لەسەرەوە تا پا ئاوشۆریدەکردین، کەچی نەک پێینەدەکەوتین و سەرکوتنەدەبووین بە پێچەوانەوە گورو تینێکی تری بۆ ژیان دەداینێ و هێزێکی تازەی وای پێدەبەخشین خۆمان سەرزەنشتی خۆمان بکەین، کە دەبێت ئیرادەمان زۆرتر و بەهێزتر بێت لەبەرامبەر ئەو کێشانەی ڕووبەڕوومان دەبوونەوە، ئەمە یەکێک لەنهێنییەکانی ئەو پیاوە بوو، نەک وەک وەستا نەعلەتییەکەم، کاتێک توورەدەبوو، قسەکانی وردوخاشیان دەکردیت. ژیانی لەبەرچاوت دەکردە دۆزەخێک دەلاقەیەک

شک نەبەیت بۆ دەربازبوون، ئەژنۆکانت شل دەبوون و بێئومێدی سەراپای دەتەنیت و خۆتت لەبەرچاودەکەوت، ئەو نەعلەتییە کاتێک تورەدەبوو ئەوەندە بێنرخی دەکردیت لەهەموو کەس زیاتر ڕقت لەخۆت دەبوویەوە. حەزێکی بۆ تۆڵەسەندنەوە تیادەچاندیت، یا ئەوەیە خۆت لەناو بەریت یان ئەو، من ئەگەر فەرزانم نەناسیبا و ئەو کاریگەرییە ئەرێنییانەی لەسەردانەنابام، ڕەنگبوو تاوانی وام ئەنجام بدایەت، نمونەی لە دونیادا کەموێنە بوویێت، ئەو کاتیش یان دەیانتۆپاندم یان بۆ هەتاهەتایی لە کونجی بەندینخانەیەکیان دەپەستاندم، کەچی تووڕەبوونەکانی فەرزان ئەگەرچی هەرتورەبوون بوون وەک وەستا نەعلەتییەکەم، بەڵام نەک نەیدەپلیشاندمەوەو تووشی شکستی ڕۆحییان نەدەکردم، بەڵکو جاری وا هەبوو هەستێکییان تیادا درووستدەکردم، کە نەک ئەژنۆکانم بشکێن و توانای ڕۆشتنم نەمێنێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە باڵم بۆ فڕین لێدەڕوا، جۆرە هەستێکم لادرووست دەبوو، کە ئێستا نا کەمێکی تر دەفڕم....
دوای تەواوکردنی قسەکانی ئەو شەوەو ڕۆیشتنی فەرزان، من و کامشاد بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تەنها سەیری یەکترمان دەکرد، هەناسەی ئاسودەییمان هەڵدەمژی، مسیۆ پروا بکە وەک چۆن پاش تەواوبوونی کارێکی قورسی پروکێنەر لەبەر هەتاوی هاویندا، ئاوێکی فێنک بەخۆتدا دەکەیت، ماندوویەتی لە لەشت دادەماڵێت و پشووت پێدەدات، ئەو قسانەی ئاوا ئارامی کردینەوەو بە ئاسودەیی تا سبەینێ بەباشی لێیخەوتین، ئەوە تاکە شەوێکە لە ژیانمدا ئەوەندە بە ئاسوودەیی خەوتبێتم و بیرم نەچێتەوە، تاکە شەوێکە تا ئێستا بەم تەمەنەمەوە خەو بە خەوەکانییەوە ببینم، چۆن دوو باڵی گەورەم لێڕوابوو لەگەڵ کۆمەڵێک منالی جل سپی تردا بێ ئەوەی کەسیان بناسم، لەئاسماندا مەلەمان دەکرد و دەفڕین بۆ قوڵایی ئاسمان و هەر نەدەگەشتین، لەگەڵ ئەو منالە جل سپییانەدا، قاقا پێدەکەنین و پێشپڕکێمان بوو بۆ گەیشتن بە بنی ئاسمان، کە وەک ئەم دەریایەی بەردەممان شینی دەکردەوە، ئەوە تەنها خەوێکە قەت بیرم ناچێتەوە. دەموچاوی منالەکانم یەک بە یەک لەبەرچاوە، منالە خڕکەلە سپییە جوانەکان، دەبێت ئێوە کێ بن و ئێستا لە کوێ بن، من شەوێک لەگەڵیاندا بووم ئەوا تەمەنم بەرەو تەواوبوون دەڕوات هەر تامەزرۆیان دەکەم، بۆ جارێکی تریش لەخەودا بیانبینمەوە....
مسیۆ، ئەو هەوا فێنکە لە پشتمانەوە چۆن جارجارێک ئارامی و خۆشییەک بەلەشمان دەدات، قسەکانی فەرزان بۆ ئێمە ئاوابوو، جا دوێنێ شەو ویستت باسی ئەو شەوەت بۆ بکەم دەیوویست حیکایەتەکانی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵام خەوبردمیەوەو بۆم تەواو نەکردیت، ئەو پیاوە وەک کێوێک وابوو بورکانێک لەناخیدا گینگڵ بدات و بیەوێت بێتە دەرەوە، ئەو خەم و نهێنییە تەواو پێگەشتبوو، هەستت دەکرد چیتر ناتوانێت بیپارێزێت و ڕێگە لەهاتنە دەرەوەی بگرێت، گەشتبووە ئەو پروایەی کاتی هاتنە دەرەوەی هاتووەو لە کاردانەوەکەشی ترسێکی هەبوو، ماڵێکی زۆر بە خۆیەوە وێران و سەرگەردان بکات.
- قسەکەم پێبڕی و لەخۆمەوە پرسیم: شایگانی پوژمان تۆ دەڵێیت فەرزان خوێندەوار بوو، هەروەها جگە لە خوێندەوارییەکەی، کەسێکی تێگەیشتوو خاوەن ئەزموونێکی باشبووە، بۆ بۆ خۆرزگارکردن لەو ئازارەو ئاسودەکردنی ویژدانی پەنای بۆ نووسینەوەی ئەو نهێنییانە نەدەبرد؟.

وەڵامەکەی سەیرکردنێک بوو وەک یەکەم ڕۆژ، ئەوەندە ترسناک بوو چاوەکانی دووجار لە قەبارەی خۆیان گەورەتر بوونەوە، ماوەیەک بێدەنگ بوو، دەستی برد جگەرەیەکی داگیرساند و مژێکی لێداو هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، بەپەلە پێکێکی خێرای هەڵدا، مەگەر مردن ئەو دیمەنەم لەبیرباتەوە، دیمەنێک نووسین زۆر بێتوانایە لە ئاستیدا، حاڵەتێکە بە چاو دەیبینیت و هەستی پێدەکەیت، بەڵام ناتوانیت دەریببڕیت.
پاش یەک دوو مژی قوڵتر لە جگەرەکەو هەڵدانی پێکێکی تر گووتی: ئەرێ مسیۆ، تۆ بۆ فێری ئەوە نابیت قسەکانم پێنەبڕیت؟. من چەند جار پێمگووتیت تکا دەکەم قسەم پێمەبڕە، من خۆم لە قەوانێکی شکاو دەچم، کە بەشەڕەشەق بکەوێتە کار، تۆش زوو زوو کلکێکی پێوە دەکەیت و دەمی پێدادەخەیت، وا پروات من و تۆ ناگەینە هیچ ئەنجامێک و ناچار دەبم بۆ خۆم لەگەڵ ماسییەکاندا ئاشت ببمەوە، دەزانیت تۆ نێوان من و ماسییەکانت تێکدا، تۆ منت لە زۆر شت تۆراند، ئەم هەموو شتەی لەمناوەدا دەیبینیت، چەندین ساڵە لەگەڵیاندا ئاشناییم هەیە، پێت وا نەبێت کاتێک لە درەختێک نزیک دەبیتەوەو لە سێبەرەکەیدا دەحەسێیتەوە، قسەی بۆ بکەیت گوێت لێنەگرێت و تێنەگات، هەموو ئەو بوونەوەرانەی لەم کەنار دەریادان وەک من و تۆ دەخۆن و هەناسە دەدەن و هەست بەگەرماو سەرما دەکەن، ئیتر بۆ نابێت گوێ نەگرن و لەقسەکانی من و تۆ تێنەگەن، خۆ ئەگەر لەقسەکانیش تێنەگەن، دڵنیام لە نییەتەکانت تێدەگەن، من لەم بوارەدا ئەزموونم هەیە، ساڵانە مەڕو بزنەکان زاوزێ دەکەن و چەندین کاروبەرخی جوان دێننە دونیاوە، هەموویان جوان و خۆشەویستن، لە مرۆڤەکان بێگەردترن، وا ڕێکدەکەوێت یەکێکیانت لەهەموویان لاجوانترو سەرنجڕاکێشتر بێت، بەتایبەتی بایەخی پێدەدەیت، یاریی لەگەڵ دەکەیت و قسەکانی دڵی خۆتی بۆ دەکەیت.... دەبینیت پاش ماوەیەکی کەم لەهەموویان زووتر گەشەدەکات و گەورەتر دەبێت، ئیتر با هاروهاجییەکەی لەولاوە بوەستێت. هەروەکو چۆن تۆ دەبینیت لەم شارانەدا خەڵک سەگ ڕادەگرن و بەو شێوە پەروەردەی دەکەن خۆیان خوازیارین، پروا بکە ئاوا بەرخم پەروەردە کردووەو بۆ هەر شوێنێک ڕۆشتووم بەدوامەوە بووە، چۆنم ویستووە بەو شێوە یاری لەگەڵدا کردووم، ئەگەر ئەمە پەیوەندی بەو خۆشەویستییە نەبێت، لە ڕێگای قسەکانی تۆوە ناوی دەنێیت چی؟ مسیۆ پروا بکە، پێت وانەبێت لەبەر ئەوەی هیچ خوێندەوارییەکم نییە، ئیتر وەک گەمژەیەک مامەڵەم لەگەڵدا بکەیت، ڕۆژگار هەبووە دەیان خوێنەوارو خاوەن پروانامە پرس و ڕایان پێکردووم، نەک لەبەر ئەوە من زۆر بلیمەتم و خۆمهەڵدەکێشم، تەنها لەبەر ئەوەی خوێنەوارەکان کتێبەکانیان لەدەست دەربهێنیت، وەک نابینا بەردەمی خۆشیان نابینن، ئەوان تەنها ئەو شتانە دەزانن لەناو کتێبەکانەوە فێربیوون و لەبەردەم بچوکترین کێشەو قەیراندا دەستەوەستان دەبن، بەڵام کەسانی وەک من هەموو ژیانی بەنەگبەتی ئەزموون کردووە لەسەر هیچ شتێک پەکم ناکەوێت، جا با شتێکت بۆ درۆو ڕاستی ئەم قسانەم بۆ بگێڕمەوە: چەند ساڵێک پێش ئێستا، ڕۆژێک زۆر بێتاقەت بووم و قوزەڵقورتەکەشم لێبڕابوو، بەرەو بازاڕ کەوتمە ڕێ.... دەبینم دەستەیەک نزیکەی حەوت تا هەشت کەس دەبوون، بەدەست هەڵدانی چادرێکەوە گیرۆدەبوون. لەناو خۆیاندا هەردەهاتن و دەچوون، منیش وەک بەشەرێکی زانخواز، کەهەر لە منالییەوە ئەو زانخوازییەم تێدابوو، کەمێک

ڕاوەستام و سەیرم دەکردن، یەکێکیان لەپڕ کردی بەدەستی ئەویتریانداو کەتەلۆگەکەی لێفڕاند، بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد تۆ هیچ نازانیت، تۆ لەهیچ تێناگەیت، خۆم ئێستا چارەسەری دەکەم، ئەوان هەر لەو دەمەقاڵەدا بوون منیش بەهۆی ئەوەی ئەوەندە بێتاقەت بووم زۆر نەوەستام و بەرەو بازاڕ کەوتمەڕێ...
ئەو ڕۆژە بازاڕ زۆر جەنجاڵ بوو. هەندێکجار مرۆڤ پێویستی بەو جەنجاڵییەش هەیە، چۆن پێویستی بەتەنهایی و دوورە پەرێزی هەیە، کەمێک لەبازاڕ مامەوەو سەیری ئەوخەڵکەم دەکرد هەریەکە لەمەملەکەتێکی ترەوە بۆ ئێرە هاتوون و بەزمانێکی جیاواز لەویتر قسە دەکەن، جیاوازی ئەم خەڵکەی ئێرە لەگەڵ خەڵکی شارو وولاتەکانی تردا ئەوەیە هەموویان بەدەنگی بەرز قسەدەکەن و پێدەکەنن، هەموویان واپیشاندەدەن دڵیان لەهەمووکەسێکی تر لەم دونیایەدا خۆشترە، ئەمەش ڕاستییەکی تێدایە، لەبەر ئەوەی خەڵکانێک ئاسمانێکی شین و هەتاوێکی بە تین لەباوەشی خۆیاندا کۆیانبکاتەوە، هەردەبێت دڵیانخۆشبێت، ئەوەشی ئەم خەڵکەی لێرە بە ڕەگەزو نەتەوەی جیاوازو زمانی جیاوازەوە کۆکردۆتەوە ئەو ئاسمانە شین وهەتاوە درەوشاوەیە، وەک چرایەکی جوان بەسەرسەرمانەوە داگیرساوە. ئەوەی لام سەیرە ئەوەیە، هەمووی دەڵێت: ئەڕۆم بۆ کەنار دەریاو باسی ئەو هەتاوە مەزنە ناکەن، لەبەر خاتری ئێمە ملێۆنان ساڵە دەسوتێت، هەموو ئەوانەی بەناوی دەریاوە دێن بۆ ئێرە، لە وولاتەکانی خۆیان دەریای گەورەترو جوانتر هەیە، کە دڵنیام ئەگەر تیرۆژ وەک ئێرە بەلای ئەوانیش بگەشتباو تاڵی تیشکە گەرمەکانی لاشەی ساردو سڕییانی گەرم دابهێنابا، پێوویست نەبوو هەزاران کیلۆمەتر ببڕن بۆ ئەوەی بگەنە ئێرە، ئیتر بۆ ستایشی ئەم ئەستێرە درەوشاوە ناکەن، ژیانی ئێمەی لەم سەرزەمینەدا پاراستووە، ئەوەی ژیانی بەم سەرزەمینە بەخشیوەو بەردەوام لە لەناوچوون دەیپارێزێت جگە لەهەتاوی پیرۆز هیچ کائینێکی تر نییە، ئەمە قسەی ئەو مامۆستایە بوو لە هەرێمی خۆر پەرستان فێریکردم، بەڕاستی من لە دوای فەرزان قەرزاری ئەو پیاوە پیرۆزەم، کە ناوی پیری ئاوێژە بوو، پرواناکەم ئێستا لە ژیاندا مابێت و ئەگەر ماشبا لەکوێوە جارێکی تر دەمتوانی بگەمەوە ئەو مەملەکەتە دوورە. پیری ئاوێژە بەزمانی ئەوان واتە داناى پاک و بێگەرد، ئەوان هەموو پیاوە داناو زاناکانیان بەپیر ناودەبرد، قەت بیرم ناچێت ئێوارەیەک وەک هەموو ئێوارەکانی تر لەدەوری ئاگری پیرۆز کۆبووینەوە، ئەو ئاگرەی وەک خۆیان دەڵێن لەگەڵ هەڵهاتنی هەتاودا داگیرساوە، هەتا ئێستا نەکوژاوەتەوەو ناهێڵن بکوژێتەوە، پیری ئاوێژە دەیگووت: خۆرو مەزدا یەک شتن، قەت نەتبیستووە بڵێن، "خودا ڕوناکی زەوی و ئاسمانە"، ئەو خودایە خۆر خۆیەتی، ئێمە دەتوانین تەنها بە نورەکەی ئاشنا بین و نابێت زۆر لێی نزیکبینەوە، خودا خۆی لەکتێبی پیرۆزدا دەڵیت: "لە هەرکەسێک نزیک ببمەوەو هەرکەسێکیش لێم نزیک بێتەوە وەک کێوی توور دەسوتێ". ئەوان پێیان وایە خودا ئەم گەردوونەی بە بوونەوەرەکانیشەوە لەئاگر دروستکردووە، سبەینێش هەر بە ئاگر سزامان دەدات، بۆیە دەبێت ستایشی ئاگر بکەین چونکە ڕۆحی خودای تێدایە.
قەت ناتوانم ئەو ئێوارە خۆشانەم لەیاد بچێت لەگەڵ ئەو پیاوە نورانی و ڕۆحییانەدا بەسەرم بردوون، هەر دوعاکانی ئەوان بوون لە ژیاندا هێزو توانایان پێدەدام و بەرەو پێشەوەیان دەبردم، چۆن ئەو دوا ئێوارەم لەیاد دەچێت لە چواردەوری ئاگری پیرۆز

نوێژ و دوعامان دەکردو پیری ئاوێژە هاتە لام و گووتی: کورم، دەزانم بەم نزیکانە دەڕۆیت، من ناتوانم بەڵێنت پێبدەم جارێکی تر من و تۆ یەکتری دەبینینەوە، ماڵی مەزدا دەرگای گەرمی و ڕوناکییەکەی بۆ هەمووومان وەک یەک کراوەیە، ئێرەش هەروایە، هەر ڕۆژێک گەڕایتەوە ئێرە دەرگا لەسەر پشتە، دەرگای ماڵی خودا لەئاست هیچ بەندەیەکدا داناخرێت. کورم، ئەگەر ڕۆژێک دوعاو نوێژەکانی ئێرەت بەتەواوی بیرچوونەوە، ئەوا قەت ئەم دوعایە لەیاد نەکەیت، خودای مەزنی ئێمە لەهەر جێگایەکدا بین بەسەرسەرمانەوە دەدرەوشێتەوە، بۆ هەر کوێیەک بڕۆین بێبەشمان ناکات لەگەرمای ڕۆحی خۆی، لەهەر شەوەزەنگ و تاریکییەکدا کاتێک دێنە ڕێگات، ئاگرێک بکەرەوە، ئێمە جگە لە ئاگر و ڕوناکی هیچ چەکێکی ترمان نییە دژ بە شەوەزەنگ و تاریکی پێی بجەنگین، بیرت نەچیت کورم، ڕۆحی خودا لەناو ئاگرو ڕوناکیدایە، دێوو درنج و خراپەکاران لەتاریکیدا خۆیان حەشاردەدەن، بۆیە دەبێت بۆ ڕاوانانی ئەوان لەهەر کون و قوژبنێکی تاریکی ئەم جیهانەدا ئاگرێک بکەینەوەو لە هەرجێگایەکدا توشی تەنگوچەڵە هاتیت دەست بۆ ئاسمان، بۆ هەتاو، بۆ خودای مەزن ، مەزدا بەرزبکەوەو بڵێ: " ئەی مەزدا، خودای مەزن، "ئەو کاتەی بەچاوانی خۆم لەتۆ تێگەیشتم، لەکانگای دڵمەوە بیرم لەتۆ دەکردەوە، زانیم تۆ باوکی بیری چاک، گووتەی چاک و کرداری چاکیت. ئەی مەزدا تەنها تۆ پارێزەری ڕاستی کردەوەی چاکەیت، لە زانایی خۆت بێبەشم مەکەو ئاگاداریم بکە بەسەر خراپەکاراندا سەرکەوم، ئەی مەزدا لێت دەپاڕێمەوە، ئاواتی ئەوانەی کرداریان باشە و ڕاست دەکەن بهێنیتە دی، ئەی مەزدا خودای تاق و تەنیا و بەتوانای ئاسمان لە ڕوناکیت بێبەشم مەکە".

مسیۆ، هێشتا من هەر لەخەیاڵی پیری ئاوێژەدا بووم و چاوم لەو خۆرە درەوشاوەی ئاسمان بڕیبوو، ئاسمانی لەناوەڕاستدا دابەشکردبوو.... بەرەو خێوەتگەکەم گەڕامەوە دەبینم گروپەکە هێشتا بەدەست هەڵدانی چادرەکەوە گیرۆدەن، هەندێکیان وازیان هێنابوو، وەک بەرازی لەقوڕا چەقیو لەناو لمەکەدا مانیان گرتبوو، چەند دانەیەکیشیان هەرچەندیان دەکرد بۆیان نەدەهاتە باری ڕاستی، ئەگەرچی لەشار کەمێکم خواردبوویەوەو سەرم نەختێک گەرم بوو.... هەر سەیرم دەکردن، ئەوەندە بە داماوی دەهاتنە بەرچاوم، خۆم پێنەگیراو قاقایەکم تا ئەوپەڕی دەریاکە لێدا، من قاقا پێدەکەنیم و ئەوانیش وەک بەرزا پێشیان دەخواردەوەو لەنێو خۆیاندا مشو هوریان بوو، هەرچەند هیچ تێنەگەیشتم، بەڵام زمان خۆ هەر قسەکردن نییە...! کاتێکم زانی کچێک دەرپەڕی و بە زمانێکی شەق و شڕی ئەوێ هەندێ قسەی نابەجێیکردو تفێکی ڕۆکردە زەوی، بەم دیمەنە ئەوەندەی تر پێکەنیم، مەگەر خودا خۆی بزانێت چۆن بە قاقاوە لەناو ئەو لمەدا دەتلامەوە، من قاقا پێدەکەنیم و ئەوان پڕ دەبوون لە ڕق و کینە، ئەوە یەکەم جارم بوو لە ژیانمدا بەو دوورو درێژییە پێبکەنم، من قاقا پێدەکەنیم و ئەوان وەک فویان تێبکەیت پڕ دەبوون لەڕق و کینە هاهاهاهاهاهاها....قاقاقاقاقا

ناتوانم ئێستا هەموو ڕووداوەکە وەک خۆی بگێڕمەوە، ئەوەندەی بیرم ماوە من قاقا پێدەکەنیم و لەناو لمەکەدا دەگەوزیم پیاوێکی کەمێک کاملْ هاتە سەرسەرم و دەستی گرتم تا ڕاست ببمەوە، لەسەرەوە بۆ خوار سەیرێکم کرد، چاوێکم بڕییە چاوەکانی، پیاوە لەزمان کەوت، هەرچەندە داوام لێکرد، بزانم چی لەمن دەوێت، ئەو زمانەی بە شێوەیەک شکا تا پاش هەڵدانی چادرەکە نەکەوتەوە قسە.

بەدەنگی بەرز بانگی کچە جوانەکەم کردو داوام لێکرد بزانم ئەم کابرا چی دەوێت و بۆ ئاوا لەبەردەممدا بووە بە داهۆڵ، لە وەڵامدا گووتی: ئەوە دەیەوێت بزانێت ئەی تۆ بۆ وا تێک چوویت، وەک کەر دەزەڕیت و لەناو ئەو لمەدا خۆت دەگەوزێنیت.
ئەم قسەیە زۆر تورەی کردم گووتم: من وا فێرکراوم ڕێز لە ئافرەت بگرم، چونکە ناخیان لێوانلێوە لە ڕۆحی شەیتان، لەگەڵ شەیتانیشدا هەرچۆن بجەنگیت هەر دۆراویت، جا ئەی شەیتانی جوان و خوێنشیرین، چاوەکانت پێم دەڵێت: تۆ بۆ تورەبوون نەخولقاویت و خۆت لەجەنگێک هەڵمەقورتێنە، کە هی خۆت نییە، من مامۆستا مەزنەکەم پیری ئاوێژە فێری کردووم، هەمیشە خۆم لەجەنگی شەیتانەکان بپارێزم، من وا فێرکراوم لەبری شەڕکردن لەگەڵ شەیتاندا بانگی بکەم بۆ سەرخوانەکەم و خزمەتی بکەم، هەربەم هۆیەشەوە، من شەڕ لەگەڵ تۆدا ناکەم، ئەوە خێوەتگەکەمە لە پشت ئەو گابەردانەوە، بۆ نایەیت ئەم ئێوارە داوەتی من بیت! چادرەکەشتان لەسەر شانی خۆم بۆ هەڵدەدەم. وا بزانم بەمجۆرە دەتوانم خزمەتێکتان بکەم و لەو دەمەقاڵێیە ڕزگارتان دەبێت....
ئەم قسانە کەمێک هێمنی کردەوەو گووتی: تۆ ئەو پیاوە نەبوویت ئەم پێشنیوەڕۆ بەسەرسامییەکەوە لێرەوە بێئەوەی هیچ بڵێیت تێپەڕیت؟. پێم بڵێ تۆ ئەو پیاوە بێدەنگە خامۆشە بوویت، وەک تارماییەک بەلاماندا تێپەڕیت! بڵی بزانم تۆ کێیت و چیت دەوێت، پاشان لەسەر شتەکانی تر قسە دەکەین...!
خانم، من هیچ کەسێک نیم، جگە لە گوڵهەسارەیەک لەشەوی ئەستێرەکاندا ڕەشەبای چارەنووس لە قۆزاخەکەم هەڵیکەندم و لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان باڵی ژیانی لێ ڕواندم، ئا هەر لەوێ باڵم لێرواو بەو باڵانە گەشتمە ئێرە، بەڵی من بە باڵەکانی خۆم بەناو چەندین هەوری تاریک و ترسناکدا فڕیووم، چەندین واشەی ڕۆژگار بە چنگە تیژەکانییەوە خۆی پیا کێشاوم و ئازاری بە دڵ و ڕۆحم گەیاندووە، بەڵام نەیانخستووم، بە پێچەوانەی ڕووگەی چەندین ڕەشەبای بەهێزو باوبۆراندا فڕیووم و هیچکامیان نەیانتوانیوە ڕەوتی فڕینم بۆ ئێرە بگۆڕن، بەڵام وا ئێستا، پیریی پەڕوباڵەکانم بەرەو ڕوتانەوە دەبات و خەریکە وەک ئەو باڵندانەم لێدێت تەنها بە شێواز لەباڵندە دەچن و لە ناوەوەڕا هێندەی سمۆرەیەک خەونی فڕینیان نییە، کاتێک لەسەرچڵی ئەم درەختەوە دەیەوێت بازبدات بۆ سەرچڵی درەختێکی تر. خانم، وەک گووتم: من ئێستا لە جانەوەرێکی خشۆک دەچم، کە هەموو خەونەکانی لە فڕیندا قەتیس مابێت، ئەمەش خراپ نییە خانم، ئەگەر مرۆڤ تواناى فڕینیشی نەبێت، خەونەکانی بۆ فڕین ئەو هێزەی دەداتێ نەک هەر دەتوانێت بە زیندووی بمێنێتەوە، بەڵکو ئیرادەی بۆ فڕین زیاد دەکات و لە پرۆسەی فڕین داناپڕێت، وا بزانم هەموومان ئەگەر بۆ جارێکیش بێت لەناو خەیاڵەکانماندا باڵمان لێرواوەو فڕیووین بۆ ئەو دونیا جوانەی خەیاڵەکانمان بنیادیان ناوە، من و تۆو هەموو ئەمانەی لێرەن، پێش ئەوەی گەشتبینە ئەم سەرزەمینە، بە دڵنیاییەوە چەندینجار بەخەیاڵ بۆی فڕیوین، بەڵام خانم، مرۆڤ لەناو خەیاڵەکانیدا قەت بەدەست هیچ شتێکەوە گیرناخوات و داماو نابێت، بەچاوداگرتنێکەوە، وانییە !؟. کچە وەک ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێکی تر بوو‌بێت، نەیتوانی تورەییەکەی ناخی بشارێتەوە، ئەگەرچی هەوڵیدا بیشارێتەوە، گووتی: وەک پێشتر پێم گووتیت تۆ چ کارەیت و چیت لێمان دەوێت...؟. سەیرە مسیۆ، هەندێک کەس هەیە خۆیان وا ڕا هێناوە مێشکیان لەسەر ئارەزووەکانی ناخیان

پرۆگرام بکەن، بۆیە هەرشتێک وەک ئەو پرۆگرامە نەبوو ناتوانن بەرگەی بگرن و تورەیی مێشکیان لەکارکردن دەوەستێنێت، ئەم مرۆڤانە جگە لەوەی بەرامبەرەکانیان ئازار دەدەن و سەغڵەتی دەکەن، زیانی گەورە بە خۆیان دەگەیەنن بەوەی پێش هەموو کەسێک کەسە نزیکەکانی خۆیان لە خۆیان دەڕەنجێنن، من زۆرم بیرکردۆتەوە هیچ ئەوەندەی ئەوە ئاسان نییە مرۆڤ مێشکی بۆ بیرکردنەوە لەشتەکان ئازاد بکات، هەموو شتێک بە باش وخراپەوە لەناو مێشکدا تۆمارکراوە، ئێ بۆ لێ ناگەڕێن مێشک خۆی هەڵسەنگاندن بکات و بڕیار بدات، کە دڵنیام بڕیاری تەندرووست دەدات، یان هەر خوویەکی خراپە گرتوویانە بەوەی بڕیارەکانی خۆیان بەسەر مێشکدا بسەپێنن و ژیان لەخۆیان و چواردەورەکەشیان بکەنە دۆزەخ.

ئەو هەرچەندە واخۆی نیشاندا تورەیە لەگەڵ ئەوەشدا لەناو لەرەی قسەکانیدا هەستم بە جۆرە بەزەیی و بێدەسەڵاتییەک کرد، کە پێوستییان بەیارمەتی و هاوکارییەک هەیە، لوتبەرزییەکەیان ناهێڵێت دەریببڕن، بۆیە گووتم: خانم هەرچی دەڵێیت بۆ خۆت بیڵێ، زۆر باش لەوە تێدەگەم و زۆرم وەک تۆ دیوە بەشتێکی تر پڕن، بەڵام بە شتێکی تر دەریدەبڕن، بەدەست خۆم نییە ڕوخسارت ئەمەم پێدەڵێت، پڕوا بکە گوناحت دەگات، خودا تۆی بۆ پێکەنین ئافراندووە، کەچی بەدەستی خۆت لەسەر شتی بێبەها خۆت لەو بەهرە جوانە بێبەش دەکەیت، ئا خانم، یان من لەم دونیا هیچم نەدیوە، یان هیچ تێنەگەیشتووم، کە چاوەکانت شتێکی ترم پێدەڵێن. من هەر ئەوەندەت پێ دەڵێم: چادرێکە بۆتان هەڵنادرێت، دەبینن لەو لاتانەوە چادرێک هەڵدراوە پرسێک بکەن، چی تێدەچیت، هەموومان ڕۆژانە پێویستمان بە فێربوونی شتی نوێیە، ڕۆژانە لەم کەنار دەریادا لە شوێنی خۆم ناجوڵێم و شتی نوێ فێردەبم، ئەوەی ئێوە بەدەستییەوە دەناڵێنن دوو هۆی هەیە، یەکەم: زۆرن و هەریەکەتان خۆی لەوی تر بە ئاقڵتر دەزانێت، بۆیە قەت لە هیچ شتێکدا ناگەنە ئەنجام و زۆر بە گەشتەکەشتان دڵخۆش نیم، ئەمە وەک هیوایەک ناخوازم. دووەم: بێئەزموونی لەگەڵ لوتبەرزی، کە خەڵک لەئاستی خۆتاندا بچوکتر دەبینن، ئەم قسانە وەک ئیهانە ناڵێم، بەڵام وا خەریکە خۆر ئاوا دەبێت هێشتا هەرکەسەو دەیەوێت قسەکەی خۆی بسەلمێنێت، چادرەکەش لەولاوە کەوتووە، بۆیە ئەگەر کارەکە ئاوا بڕوات سەرمای شەوی ئەم کەنار دەریا ناهێڵێت خەو بچێتە چاوتان، بۆیە لەبەرخاتری کەس نا تەنها لەبەر خاتری ئەو بزە جوانانەی خەریکن دەگەڕێنەوە سەر لێوەکانت، من ناهێڵم ئەوە ڕووبدات.

لە ڕاستیدا مسیۆ، نامەوێت ئەوەت لێبشارمەوە، من خۆم کەمێک بێتاقەت بووم و چەند ڕۆژێک بوو گەشبوومە ئەو کەنار دەریاو پڕبووبووم لەقسەوباس و بێتاقەتی ماندووی کردبووم، بۆیە سەرم لەشەڕێک دەخورا، هەندێک شەڕیش لەگەڵ ژناندا ناخۆش نییە، وانییە تو خوا مسیۆ!.

پێت وا نەبێت پرسیارەکەتم بیرچووبێتەوە، بەڵام حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم: کاری هەڵدانی چادرەکە پانزە خولەکی ویست، لەبەر ئەوە نا من بلیمەت بووم! تەنها لەبەر ئەوەی من ئەزموونم لەو بوارەدا هەبوو، بەڵام لەهەمووی خۆشتر دیسان شەوێ نازانم لەسەرچی و نەشم وویست بزانم چی ڕوویداوە، بوو بەدەنگە دەنگ و هات و هاوار، تا ئەو کاتە من هێشتا هەر بێداربووم و لەم شوێنەی ئێستامدا خەیاڵم لەسەر قولاپەکەم گیرکردبووە، لەپشتی سەرمەوە لەو

شوێنەی یەکەمجار تۆ پیاسەرکەوتیت و وەک باڵندەیەکی تۆقیو بەهەموو لایەکتا دەنواڕی، بۆ ئەوەی بۆی هەڵبێیت، زرمەیەک هات، بەپەلە خۆم گەیاندە سەربەردەکە دەبینم خانم بە خۆیی و جانتایەکەوە دەیەوێت بۆی لای من بێت، بەڵام چونکە لە ژیانیدا قاچەکانی جگە لە شەقامی قیرتاوو کاشیکراو بەهیچی تر ڕانەهاتبوو، فریای نەکەوتبام بۆناو دەریاکە خلۆردەبووەو ئیتر بزانە دواتر چی دەقەوما... دەستم گرت و هێنامە ئەو شوێنەی تۆ، بێ ئەوەی هیچی لێبپرسم، سەیرێکم کرد لەبەر تریفەی مانگەشەوەکەدا سەرێکی هەڵپری و بزەیەک گرتی، ئیتر ئەو بزە بۆ من هەموو شتێک بوو، هێندە جوان و مناڵانە بوو پێویستی بە هیچ پرسیارێک نەدەکرد، تەنها ئەوە نەبێت پێم گووت: گوێ مەدەرێ دنیا ئەوە ناهێنێت، پێم ناخۆشە ئەوەت پێدەڵێم، جگە لە هەندێک گۆشتی وشک و ئەم قوزەڵقورتە هیچیترم نییە پێشکەشتی بکەم. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو جگەرەیەکی پێکرد، کەمێک لە دەریاکە ڕاما، لەبەر ئەوەی خۆم لەو کەسانەم حەزناکەم لەکاتی ڕامان و بێدەنگی و بیرکردنەوەدا کەسێک فشارم بۆ بێنێت و ئەو ئارەزووە جوانەم تێکبدا، لێیگەڕام سەربەستانە لەناو دونیاکەیدا مەلە بکات.

ئەو شەوە ئەو زۆر خەجاڵەتی کێشا لە سەر ڕووداوەکەی عەسر، بەڵام من دڵخۆشیم بەوە دایەوە، مرۆڤ سەرەتا نازانێت هەندێک ناخۆشی و شەڕ باشەی بەدوادا دێت، ئەگەر ئەو دەمەقاڵێیە ڕوویندایەت، ئافرەتێکی گەنج لەشەوێکی وەک ئەم کەنار دەریادا لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەبێتە شەڕی، ڕوو لە کوێ بکات، بێگومان جگە لەسەر شەقامەکان هیچ شوێنێکی تر نییە پەنای بۆ بەرێت، سەرشەقامەکانی ئەم دورگەیەش بۆ ئافرەتەکان مەترسیدارە، چونکە پیاوەکان وەک چۆن هەڵۆ لەناو دارستانەکاندا نێچیرەکانی خۆیان باش دەناسنەوە، ئاوا ئەوانیش نێچیرەکانی خۆیان دەناسنەوەو توشی سەرگەردانی دەکەن، بە پێی ئەوەی دەمێکە لەم دوورگەیەدا دەژیم و ڕۆژانە هەواڵی سەیرو سەمەرە دەبیستم، خەریکە بگەمە ئەو پڕوایەی ئەم دورگەیە بە هەموو جوانییەکانییەوە خەریکە دەبێتە کارگەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان، ڕەنگە ئەم قسەیە زیادەڕەوی تێدابێت، بەڵام ڕاستییەک هەیە ناشارێتەوە، ئەوەیە ئێرە لەو کورە ئاگرانە دەچێت زێڕەکانی بە خۆڵ وخاشاکەوە تێفڕێدەدەن، ئیتر شتێک کەمی لە زێڕە ساغەکان جیادەبێتەوە، ئەو خۆڵانەشی وەک زێڕ لەناو زێڕەکاندا خۆیان نیشاندەدەن دواجار لەگەڵ خۆڵەکاندا یەکدەگرنەوە، مەبەستم ئەوەیە پەیوەندی و خۆشەویستی ڕاستەقینەی خێزانەکان لێرە توندتر دەبنەوە نەک بە پێچەوانەوە، هەر لەگەڵ گەشتن بەم دونیا نوێیەی سروشت تیایدا دەسەڵاتدارە ئەسڵی مرۆڤەکان دەردەکەون. وەک گووتم: نەمدەویست بزانم بۆچی ئەو ئافرەتە، بەو شەوە درەنگە هاتووە بۆلام و دەیەوێت کاتە خۆشەکانی خۆی لەگەڵ مندا بەشبکات، لەکاتێکدا هەمووی نیو ڕۆژ بوو گەشتبوونە دورگەکە، بەڵام لە دڵشکاندنەکەی باش تێدەگەشتم"! بۆیە پێم گووت: خانم هیچ شتێک لەم جیهانەدا نییە ئەوەندەی خۆشەویستی مرۆڤ پێویستی پێی بێت و هەوڵی بۆ بدات، بەڵام کەس بیر لەوە ناکاتەوە کرۆکی خۆشەویستی لەئازار درووستبووە، هەمووشمان بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لێدەکەین، ئەمە ئازارێکە ژیان پێویستی پێیەتی نەک خۆمان. ئازاری نەشتەرگەری پزیشکێک تەنها ئەو کاتانە پێویستمان پێیەتی نەخۆشدەکەوین، بەڵام هی خۆشەویستی هەموو ئان و ساتێک، کێ

هەیە لە ئێمە دڵی ژان نەکات، کاتێک گوڵی ناو ئینجانەی ماڵەکەی سیس دەبێت و دەوەرێت؟.
خێزانێک لە گوندەکەمان هەیە پشیلەکەیان ونبوو، تا ئێستا فرمێسک لە چاوی ئەو خێزانەدا وشکنەبۆتەوە، وەک لە دەمی لۆریتاوە گوێم لێبوو، کە ژنەکە بۆی گێڕاوەتەوە هەموو شەوێک منالەکەیان بێدار دەبێتەوە دەچێتە ژووری نووستنەکەی دایکی و پێی دەڵێت: دایە تۆ بڵێیت ڤیلی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە؟. ئیتر دایکیشی دەستدەکات بە گریان و تا ڕۆژدەبێتەوە جگەرە دەکێشێت، قاوە دەخواتەوەو دەگری، هەروەها ئەوەشی گووت، کە ماوەیەکی زۆر لە ژێرچاودێری پزیشکی دەروونیدابوون بۆ ئەوەی ژیانیان بگەڕێتەوە باری ئاسایی، ئەوە باسی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەر مەپرسە، ئێستاش بەلای هەردیوارێکی ئەو گوندەی ئێمەدا دەڕۆیت وێنەیەکی ڤیلی هەڵواسراوەو لەسەری نووسراوە هەرکەسێک ئەم پشیلەیە بدۆزێتەوەو بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی ئەوا بەختەوەری دەگێڕێتەوە بۆ خێزانێک و بەمەش دیارییەکی بەنرخ وەردەگرێت، کە چاوەڕوان ناکرێت. خانم، لەهەر خۆشەویستییەکدا ئازارێکی بەسوێ چاوەڕوانمان دەکات و ناتوانین بەهیچ شێوەیەک لێی دەرباز بین، دەبێت هەر بیچێژین، بەڵام نابێت ئەو ئازارە بمانڕوخێنێت و لەبەردەمیدا شکستەکانمان بژمێرین، بەڵکو دەبێت وەک ئەم بەردانەی لەسەری دانیشتووین خۆڕاگربین، ئەگینا بەرگەی شەپۆلە بێرەحمەکانی ژیان ناگرین، کاتێک ڕەشەبا تووڕەی دەکات و خۆیمان پیادەکیشێت.
تۆ سەیری ئەو گڵۆپە جوانانە بکە، لەسەر شەپۆلی دەریاکە هەزاران ڕەنگ دەنوێنن، چەند جوانن، چەند چێژمان پێدەبەخشن و حەزمان بۆی دەجوڵێت، ئەی ئەگەر لە پڕێکدا کوژانەوەو ئەم ناوە بوو بەشەوە زەنگ، هەست ناکەیت خۆشییەک لەناخی تۆشدا دەکوژێتەوەو غەمێک باڵ بەسەر ڕۆحمانا دەکێشێت"؟
بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە بیرمان نەچێت، ناکرێت لەکاتێکی وادا دەستەوەستان دانیشین و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ڕوناکییەکان بین، ئەگینا ئەو کاتە چاوەڕوانی لەناومان دەبات، بەڵکو پێویستە لە ڕۆحی خۆتدا ڕوناکییەک هەڵکەیت، تا بینین لەدەست نەدەیت، خانمەکەم هەرکاتێک ڕوناکی ناخی مرۆڤ کوژایەوە، چاوەکانیش بینین لەدەست دەدەن و لە ڕۆژی ڕوناکدا دونیا بەشەوەزەنگ دەبینین، بۆیە گوێ مەدەرێ دونیا ئەوە ناهێنێت، هێشتا تۆ گەنجیت و هەڵدێری گەورەتری ژیان لەبەردەمتدایە، من نازانم تۆ دەخۆیتەوە یان نا، ئەگەر پێت خۆشە پێکێک لەم پاستیسە بخۆرە هەموو ئازارەکان لەناختدا دەکوژێت.
مسیۆ، قەت لەم نهێنییە تێنەگەیشتووم، ڕەنگە هۆی ئەوەش بێت لە ژیانمدا ئەوەندە تێکەڵی ئافرەت نەبوویێتم، بۆ لای هەر ئافرەتێک ناوی ئافرەتێکی تر بهێنیت، ئیتر بە پرسیار شێتت دەکات و دەیەوێت هەموو شتێک دەربارەی بزانێت!، ئەو شەوە من هەرچەند قسەم بۆ ئەو ئافرەتە دەکرد لە تێڕوانینەکانی ئەوەم دەخوێندەوە؛ دەیەوێت پرسیارێک بکات، پرسیارەکەشی لەسەر لۆریتا بوو، منیش لەو مەخلوقانەم لەگەڵ سەرگەرمبووندا لەو ڕادیوانە دەچم بە بابەتێکی گرنگ سەرنجت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، کەچی لە پڕێکا بە ڕێکلامێکی بێتام هەموو ئەندێشەکانت دەشێوێنێت، پڕوا بکە زۆرجار قسەی وا دەکەم لە بێمانایيدا نمونەی نییە، کەچی خەڵک قاقا پێدەکەنن و پێیان وایە جۆرە شێتییەک سەری لێداوم، خۆزگە لەوە تێدەگەیشتم بۆ مرۆڤ هەمیشە دەیەوێت لەسەر نەگبەتییەکانی

خەڵکی تر دڵی خۆی خۆشبکات! ئەو شەوە من باسی هەرچیم دەکرد، ئەو دەیبردەوە سەر لۆریتا، پڕوا بکە ژنان لەو مەخلوقانەن هەر پیاوێک باسی هەزاران پاڵەوانی پیاویان بۆ بکات ئەوەندەی ناوی یەک ژن بۆیان جێگەی سەرنج نییە، ئەمەش بە بۆچوونی من هەموو ژنێک حەز دەکات ئەو ژنە بێت، کە پیاوێک بە سەرنجەوە باسی دەکات، وەک گووتم: من زۆر تێکەڵی ژن نەبووم و ئەزموونێکی وام لە لەگەڵیاندا نییە، بەڵام ئەوەندەی لەژنەکەم هاهاهاهاها فێربووم هەموو ژنێک حەز دەکات لە ژنەکانی تر بچێت، کە بۆ پیاوان سەرنج ڕاکێشن و باسیان دەکەن، نازانم ژنان بۆ ئەم حەزەیان هەیە پێیان خۆشە لەهەر ژنێکی تر بچن ئەگەر خراپیش بێت، بەس لەخۆیان نەچن. مسیۆ، پڕوا بکە عەشقی ژنان بۆ دەرمانی جوانکاری و سوینی ئەو هەموو بۆیاخە لە ڕوخساریان، تەنها بۆ ئەوەیە لەخۆیان نەچن!. ئاخر تۆ تا ئێستا ژنێکت دیوە کۆڵێک دەرمان و بۆیە لە جانتاکەیدا نەبێت؟.

مسیۆ، نامەوێت ئەمشەو زۆر سەرت بەژنانەوە بیەشێنم، وەک باسمکرد، ئەو ڕۆژە خۆم بێتاقەت بووم و وەک هەرجارێکی تر پڕبووم لەقسە، کاتێکیش خوا ئەم خانمەی بۆناردم، پڕ بەدڵ حەزم دەکرد دەردەدڵی خۆم هەڵڕێژم، ئەگەرچی سەرەتا زۆر دڵ خۆشیم دایەوەو قسەم بۆکرد، بەڵام ئەو هەردەیوویست بزانێت لۆریتا کێیە! پێش ئەوەی باسی لۆریتای بۆ بگێرمەوە، گووتم: پەلە مەکە با جگەرەیەک داگیرسێنم و پێکێکی تری بۆ هەڵدەم بۆتدەگێرمەوە. کاتێک گوێی لەم قسە بوو بەو قەبرە هەمووومان دەچینە ناوییەوە، پڕوا ناکەم لەژیانیدا ئەوەندە هەستی بە خۆشی کردبێت، لەبەردەم تریفەی مانگەشەوەکەدا چاوەکانی بەشێوەیەک گەشابوونەوە هەستت بەوە دەکرد ئەو چاوانە پێدەکەنن و پڕن لەحەزی شتێکی نهێنی.

ئەو خۆی ئافرەتێکی جوان بوو، تەمەنی سییەکانی تێپەڕاندبوو، بەڵام لەو ئافرەتانە بوو پیریی درەنگ دەیتوانی زەبریان پێبگەیەنێت. لەگەڵ مندا جگەرەیەکی داگیرساندو بەشەرمەوە داوای پێکێکی کرد. دوای هەڵدانی پێکەکە لێمپرسی: پێش ئەوەی باسی لۆریتات بۆ بگێڕمەوە، دەمەوێت بزانم بۆ ئەوەندە تامەزرۆی ئەو ژنەیت و دەتەوێت بزانیت کێیە، خۆ من یەکجار ناوم هێنا، بۆچی ئەو ناوە بۆ تۆ ئەوەندە بووە بە جێگای سەرنج؟. وەڵامەکەی ئەوە بوو، کاتێک من ناوم هێناوە کەمێک وەستاوم و هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاوە، دەیگووت: ئەگەر ئافرەتێک کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پیاوێک نەبێت قەت بەو شێوە ناوی ناهێنێت، منیش وەک ژنێکی زانخواز حەزمکرد بزانم کێیە! ئەمە خواستی زۆربەی ژنانە بەرامبەر ئەو ژنانەی جێگای سەرنجی پیاوانن.

لەبەرئەوەی من خۆم سەرم گەرم بوو، پریش بووم لە قسە نەمدەوویست قسەکان بە ئاراستەی داواکارییەکانی ئەو بێت، بۆیە وەک هەموو جارێکی تر پێمخۆشبوو حیکایەتەکان لەوێوە دەستپێبکەن، کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی منەوە دێن و مێشک و بیرکردنەوەم دەشێلن. وەک چەندین جاریتر و لە هەزاران شوێنی ئەم دونیا دانم بەو ڕاستییەدا ناوە لەکاتی سەرگەرمیدا من خاوەنی مێشک و بیرکردنەوەی خۆم نیم، مسیۆ ، پڕوا بکە هەرکاتێک ئەم قوزەڵقورتە دەخۆمەوە، ئیتر من خاوەنی خۆم نیم و هیچ شتێک لەدەسەڵاتی مندا نامێنێت، هەموو چیرۆکە تاڵەکانی ڕابردوو وەک شارەمێرولەیەک ئاوت پێدا کردبن دەورووژێن و دێنە

دەرەوە، ئاخر ئەمە ناو دەنێیت چی؟. ئەمە جگە لەنەگبەتی قەت نەمتوانیوە ناوێکی تری بۆ بدۆزمەوە، ئەو خانمەش، من باسی هەرچیم دەکرد وەک دارکونکەرە سەریکردبووە سەر مێشکم و دەیگووت لۆریتا... لۆریتا...لۆریتا ئەمە ئەوەندە پەستو و تورەیکردم، بە دەنگی بەرز گووتم: تۆش وەک هەر ژنێکی تر کەللە ڕەقیت و کۆڵنادەیت لەسەر ئەو شتەی خۆت مەبەستە، لۆریتاش یەکێک بوو لەو ژنانەی دەلاقەیەکی گەورەی کردە ژیانم و بۆ خۆی لێیدا ڕۆی، دەتەوێت لەمەزیاتر چی بزانیت؟! نا خانمەکەم ببورە ئەو هیچ گوناهی نەبوو، ئەویش وەک من نەگبەتێک بوو لەو نەگبەتانەی دونیا، کە خودا بۆ ئازارچەشتن ئافراندوونی، من هیچ شتێکم لەگەڵ ئەودا نەبوو، تەنها سڵاوێک نەبێت، کاتێک لەگوندەکە دەمبینی بە بزەیەک وەڵامی دەدایەوەو وەک کەسێک خەجاڵەتی بکێشیت سەرێکی شەرمنانەی بۆ زەوی شۆڕدەکردەوە. من خەڵکم زۆر دیوە لەم جیهانەداو تێکەڵی بووم بەڵام ئەو زەردەخەنە شەرمنانەی ئەو مرۆڤی لەناخەوە دەسوتاند، ئەو کاتێک زەردەخەنەی دەکردو سەرێکی شەرمنانەی بۆ خوارەوە شۆڕدەکردەوە، هەستت بە ئازارێکی قوڵ دەکردو خەمێک سەرودڵی دەگرتیت. سیحرێکی گەورە لە زەردەخەنەکانیدا هەبوو بۆ ماوەیەک مرۆڤی کاس و گێژ دەکردو وێنەیەکی لەناو خەیاڵت جێدەهێشت دەرچوونی ئاسان نەبوو. من ئێستاش لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم و ناوی ئەو دەهێنم هەست دەکەم لەبەرامبەرمدا بەزەردەخەنەکانییەوە سەری بۆ زەوی داخستووە و لەژنێکی غەمگین دەچێت شتێکی لێوونبووبێت و لەخەیاڵیدا بۆی بگەڕێت، ئا ئەوەتا لەبەرچاوەکانمدا زەردەخەنە بێگوناهەکانی پەژارەیان لێدەتکێت، چاوەکانی دەنوقێنێت و سەرێکی شەرمنانە بۆ خوارەوە شۆڕدەکاتەوە، مەگەر هەرخۆم بزانم چەند بەدەست ئەو زەردەخەنانەوە ئازارم چەشتووە. هەر ڕۆژێک دیبێتم شەوەکەی تا ڕۆژبۆتەوە لەناو جێگاکەمدا گینگڵم داوە و بۆ ساتێک وێنەکەی لەبەر چاوەکانم کاڵنەبوونەتەوەو نەیهێشتووە ئاسودە خەوم لێبکەوێت....

ئاخ لۆریتای بێگوناه و پاک، خۆزگە من پیاوێک دەبووم دەمتوانی ئەو شتانەی هەستی پێدەکەم و لەناخەوە ئازارم دەدات ڕاست و ڕەوان بە تۆم بگووتبان، دڵنیام ئەو کاتە نە من ئاوا ئازارم دەچەشت نە تۆ، ئاخر ئەگەر پیاوێک نەتوانێت بۆ جارێک لەدەرگای دڵی ئافرەتێک بدات، چۆن بزانێت لە ماڵی دڵی پرنهێنی ئافرەتێکدا چی دەگوزەرێت!. خانمەکەم، ئەو ئافرەتێک بوو لەزەردەخەنەیەکی غەمگین. دوای مردنی باوکی، لەشار گەڕایەوە بۆ لای دایکە تەنهاو پیرەکەی، کە دراوسێی ئێمە بوو. من هەر بۆ جارێکیش نەمپرسی چۆن لەو تەمەنەدا هێشتا هاورێ یان پیاوێکی نییە و ئەو چەندین ساڵەی لەشار بە چییەوە بەسەر بردووە!. پەیوەندی من و ئەو جگە لەپەیوەندییەکی دۆستانە هیچی تر نەبوو، تا شەوی ئەستێرەکان ئەو شەوەی وەک هەر جارێکی تر دونیا بەسەر مندا قوڵپ بوویەوە، ئەو شەوەی بۆ یەکەمجار دوای نیوسەدە لەتەمەن هەستم بەگەرمی باوەشی ئافرەتێک کرد، ئازاری چێژچەشتنم بینی، خۆمم لەمناڵیدا بینییەوە سەردەنێت بەسنگی ئافرەتێکەوە وەک بییەوێت جارێکی تر پرواتەوە ناو هەناوی و بۆ هەتاهەتایی لەوماڵەدا بمێنێتەوە تێیدا درووستبووە. تا ئەو شەوە نەمدەزانی پیاو چەند تەمەنیش بکات، لەبەردەم ئافرەتدا هەر خۆی بەمناڵ دەبینێت و دەیەوێت وەک مناڵێک مەمکەکانی بمژێت و لەسەر سنگی یاری بکات. بمبورە خانمەکەم، ئەم

قسەیەت لە ڕووتدا دەکەم، ئێمەی پیاو چەندە گەورە بین، چەند پلەو پایەمان بەرز بێت و چەند بەدەسەڵاتیش بین، لەبەردەم ئافرەتدا هەر ئەو منداڵەین سەر دەنێت بەسنگییەوە و بەزۆر خۆی دەخزێنێتە باوەشی و دەیەوێت دەمی بگاتەوە مەمکەکانی.... خوایە گیان، ئێمەی پیاو چەند لەبەردەم ژندا بێدەسەڵاتین و وا خۆیشمان دەردەخەین هەرچی دەسەڵاتی ئەم دونیا هەیە بەدەست ئێمەوەیە!.
ئەو شەوە هەموو شتەکان لای من سەرەو لێژبوونەوەو لەوە تێگەیشتم پیاو جگە لە ماشینێک هیچی تر نییە، هەر ژنێکی ئەم دونیا دەتوانێت بە ئاسانی سواری بێت و بۆ کوێی بووێت لێیخورێت، دەتوانێت بە ئاسانی بیگۆرێت و بۆ سەر هەر لوتکەیەکی سەربخات، ئا دەتوانیت هەر لەو لوتکەبەرزانەدا دەستی لێبەربدات و هەڵیدێرێتە ناو دۆڵ و زەبەندەکانەوە. تا ئەو شەوە نەمدەزانی ئێمەی پیاو جگە لەیارییەکی بچوک و بێمانا بەدەست ئافرەتانەوە هیچی تر نین، هەر کاتێک لێمان بێزارو تووڕەبوون بە ئاسانی تێکمان دەشکێنن....
مسیۆ کاتێک من قسەم بۆ دەکرد، هەستم دەکرد لەتاو سەرما خۆی بچوککردبووەوە، بۆیە پێم گووت: خانمەکەم دەمەو بەیانەو هەستدەکەم سەرماتە، کزەی بەیانیانی ئەم کەنار دەریایە وەک نەسیمی پایز لەشی مرۆڤ دەکوتێت، باسەرو پێکی تر بخۆینەوە و جگەرەیەک پێبکەین، پاشان دەچینە ژێر چادرەکە، ئەگەر خەو بواریدام ئەوا چیرۆکەکەت بۆ تەواو دەکەم.
گوێ بگرە دونیا چەند کشوماتە، شەپۆلەکانیش وەک ماندوو بووبن بەرەو ئارام بوونەوە دەڕۆن، هاورێکانت دەمێکە بێدەنگی باڵی بەسەر چادرەکەیاندا کێشاوە، هەر من و تۆین وەک دوو باڵندەی تۆراو لە دونیا لەسەر ئەم بەردانە هەڵنیشتووین، هەستە با بڕۆینە ژوورەوە کێ دەڵێت: لە دوای ئەم شەوەوە من و تۆ جارێکی تر قەت یەکدەبینینەوە!.
ئەوەی لام سەیر بوو، هیچ بەرهەڵستییەکی نەکردو وەک ئەوەی دەمێک بێت چاوەڕوانی ئەو میواندارییە بێت بە سەرراوەشاندنێک ڕەزامەندی دەربڕی، بەڵام لە ڕۆشتنەکەیدا هەستم بە لەتربردن کرد، جا ئیتر نازانم هی ماندوو بوونەکەی بوو یان خواردنەوەکە. لە ژوورەوە جێگایەکم بۆ چاک کرد زۆر بەپەلە لەسەر ڕایەخەکە کروشکەی کرد و پەتوەکەی لەخۆی ئاڵاند، ئیتر تێگەیشتم نیازی خەوی نییەو چاوەڕوانی تەواوکردنی چیرۆکەکەیە، گووتم: لەوە ناچێت نیازی خەوت هەبێت؟ من زۆر ماندووم کەڵکی قسەکردنم پێوە نەماوە. ئەو هێشتا سەری لەسەر ئەژنۆکانی بوو، جۆرە زەردەخەنەیەکی کرد، هەستم دەکرد لە چاوەکانییەوە دێنە دەرەوە و دەڕژێنە ناو ڕۆحمەوە، نازانم چۆن بۆت باسبکەم تۆ خۆت قەت حاڵەتی لەو جۆرەت بەسەردا هاتووە، زەردەخەنەیەک خورپە بە دڵت بگەیەنێت و هاوسەنگیت تێکبدات! من ئەم جۆرە زەردەخەنانەم لە لۆریتا زۆر دیبوو، ناڕەحەتت دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشییەک بە دڵ و گیانت دەگەیەنن. بە کورتی نازانم بیگێڕمەوە ئەوەندە نەبێت لەو زەردەخەنانەیە لەچاوییەوە تیشکێک لە پێکەنین دێتە دەرەوە، وەک بەردێک فڕێ بدەیتە ناو گۆمێکی مەنگ ئاوا دەروونی مرۆڤ دەشەڵەقێت و دڵ دەکەوێتە پەلەپەل لێدان.
دەمێک بوو ئەو دیمەنەم نەدیبوو، بۆیە لە پڕێکا وەک کێوێک لەیادەوەری تاڵ بەسەرمدا پروخێت، دەستم بە ناوچاوانمەوە گرت و ماتی باڵی کێشا بەسەرمدا، من چاوەکانم چەند توندتر دەنوقاند، وێنەی زەردەخەنەکانی لۆریتا ڕوونتر

دەهاتنەوە بەر نیگام، دەمویست دان بەخۆمدا بگرم و ئەو شەپۆلە وێرانکەرانەی بیرەوەری لۆریتا لەگەڵ خۆیدا ڕامنەماڵێت، نەمدەویست جارێکی تر ئەو ئەزمونە تاڵە لەژیانمدا دووبارە بێتەوە و بکەومە بەر ڕەحمەتی ئازارەکانی زەردەخەنە، نەمدەویست جارێکی تر تەسلیمی هیچ بزەیەک بم، بەڵام مسیۆ، لەم دونیادا هیچ پیاوێک شک نابەیت هێزی زەردەخەنەیەکی هەبێت و لەبەردەمیدا خۆی ڕاگرێت، ئەو پیاوانەی خۆیان بە پاڵەوان دەزانن و هەر خەریکی ماسولکە زلکردنن بۆ ئەوەی پیاوەتیان بسەلمێنن، لەبەردەم زەردەخەنەی ئافرەتێکدا ماسولکەکانیان فش دەبێتەوەو هێندەی جوجکەیەکیان دەمێنێتەوە.
بە نیازی جگەرەکێشانێک لە چادرەکە وەدەرکەوتم، سەیرێکی ئاسمانم کرد بومەلێڵ بوو، خۆت دەزانیت لێرە شەوگار زۆر کورتە، باڵندەکان دەستیان بە خوێندن کرد، نەورەسەکان دەیانقیژاند، ڕوناکی گڵۆپەکان لاواز لەدوورەوە دەبریسکانەوە، هەوا بۆنی قەوزەی لێدەهات، ڕاستر بڵێم بۆنی تۆری ڕاوچییەکانی لێدەهات، کزەیەکی سارد. چەندجارێک بەقوڵی هەناسەم هەڵکێشاو پاشەوپاش گەڕامەوە نێوچادرەکە، دەبینم خانم هێشتا سەری بەسەرئەژنۆکانیدا داخستووە، بێئەوەی سەیری بکەم یان هیچ قسەیەکی لەگەڵدا بکەم خۆم خزاندە ناو جێگاکەم. شەوشادم لەخانم کردو چاوەکانم نوقاند، چەند چرکەیەکی نەبرد خانم پرسی: ئەرێ هێشتا ئەستێرە بە ئاسمانەوە ماوە؟. گووتم: خانم هێشتا زووە بۆ ئەوەی ئەستێرەکان بە تەواوی ئاسمان بە جێبهێڵن، بۆ نیازت هەیە بۆ شوێنێک بڕۆیت؟. نا بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆم هەر ویستم بزانم...، خۆیشم نازانم بۆ ئەم پرسیارەم کرد، ئەمشەو تۆ زۆر باسی ئەستێرەکانت کرد، وام هەستدەکرد لۆریتا و ئەستێرەکان نهێنییەکی گەورەیان لە ناخی تۆدا شاردۆتەوە، ئەوەی تەنها حەزم کرد ئەمشەو بیزانم ئەوەیە هێشتا هەر لەگوندەکەدا ماوە یان باریکردووە بۆ شوێنێک... دەتوانم بپرسم چی بەسەر هاتووە وا ئەوەندە پەرۆشی بۆی؟. لەوەڵامدا گووتم: خانم، من بەدوای شتێکدا ناڕۆم، کە بزانم هی من نییە، ئەو ڕۆشت، بەڵی دوای مردنی دایکی هەموو شتەکان کۆتاییان هات، ئەگەر ئەو هی من بێت هەر ڕۆژێک دێت بگەڕێتەوە بۆلام....
خانم" مردنی دایکی هەموو شتەکانی تێکدا، ژیانی ئەوو ژیانی منیش تێکچوو، ئەوەی من قەت بیرم لێنەدەکردوە ڕوویدا، ئەو پیرەژنە چەند ڕۆژێک پێش مردنی بەدەست لۆریتاوە دەمبینی لە نێو تەڵانەکاندا پیاسەی پێدەکرد، قەت هەستم نەدەکرد مرۆڤێکی زیندووە، هەمیشە وامدەزانی لۆریتا پیاسە بەلاشەیەکی مردوو دەکات، ئەو ڕۆژانە وەک خۆی زانیبێتی ئیتر دواین کاتەکانی ژیانێتی، داوای لە لۆریتا کردبوو بەردەوام بە کۆڵان، ناو باخ و کێڵگەکاندا بیگەڕێنێت و بیبات بۆ سەر گۆڕەکەی دیمیتری باوکی، لۆریتا دەیگێڕایەوە یەکەمجاربوو، دایکم بەو شێوە ببینم لەسەر گۆڕەکەی باوکم بوەستێت و چاوەکانی توند لێکبنێت و بە قوڵی هەناسە هەڵکێشێت، وەک نەریتێک هەموو ڕۆژانی یەکشەممە پاش نوێژکردن لە کڵێساوە چەپکێک گوڵی دەبردە سەرگۆڕەکەی دیمیتری و چەند مۆمێکی دادەگیرساندو دەستی بەدوعا خوێندن دەکرد. ئەگەر زێوانەکە لەوێ بوایەت داوای لێدەکرد باش خزمەتی گۆڕستانەکە بکات، نەهێڵێت گوڵەکان و درەختەکان بێ خزمەت بن و دەگەڕایەوە ماڵەوە بۆ قاوەڵتی. بەڵام ئەو ڕۆژە یەک بەیەکی گۆڕەکانی بەسەر کردبووە، ناوی سەر هەموو کێلەکانی دەخوێندەوەو لەبەر خۆیەوە دەیگووت: ئەمە

خوالێخۆشبوو کلاودیای هاوڕێی منالّیمه بەداخەوە زوو بەجێیهێشتین، ئەمە ئارێتای هاوڕێی قوتابخانەیە بیرەوەری خۆشی قوتابخانەمان پێکەوە هەبوو، ئەمە ماریسای خوا لێخۆشبووە پێش چەند ساڵێک بەنەخۆشی کۆچی دواییکرد، ئا بەم شێوە یەک بەیەکی گۆرەکانی بەسەرکردبووە. لۆریتا دەیگووت: ئاهی قوڵی هەڵدەکێشاو فرمێسک لەچاوەکانی بەردەبوونەوەو لەبەر خۆیەوە دەیگووت: منیش بەمزووانە دێم بۆلاتان، بیری هەمووتان دەکەم، من بەتەنها لەم دونیادا ماومەتەوە بێتاقەت و وەڕەس بووم لەم خەڵکە نامۆیەی دوای ئێوە هاتوونەتە دونیاوە، لۆریتا کچە جوانەکەم، دەبێت من بەجێتبهێڵم، دێم بۆ ئێرە بۆلای هاوسەرە ئازیزەکەم، بۆلای هاوڕێکانم هەموویان لێرەن، کچە جوانەکەم تۆ تاقە کەسێکی لەم دونیا ئاشنایەتیم لەگەڵیدا هەبێت، لەبیرم نەکەیت جار بەجارێک وەرە بۆ ئێرە بۆ لام، دڵنیام باوکیشت ئێستا بیرت دەکات، دەستەکانی لۆریتا دەگرێت و دەیگووشێت، کچەکەم بیرت نەچێت تۆ تاقە کەسێکی لە دونیای زیندووەکاندا ئاشنایەتیم لەگەڵیدا هەبێت، بەڵام چیبکەم دەبێت بڕۆم باوکت چاوەڕوانم دەکات، بەڵێنم پێداوە، دەڕۆم بۆ لای براکەم تۆبیاس، زۆر بیریی دەکەم دەمێکە نەمدیوە، ئا کچەکەم دەڕۆم بۆ لای هەموویان، ئیتر من لەم دونیا هاوڕێ و هاودەمێکم نەماوە، چی ئەوەندەی ئەوە قورسە لەم جیهانە بێڕەحمەدا تەنها بکەویت.
دوای ئەوەی داوای لە لۆریتا کردبوو ئێوارە بیبات بۆ مەیخانەکەو دواجار پێکێک شەراب لەوێ بخواتەوە، لەناو گوندا وایان لێکدەدایەوە، کە خاتوو ڕۆزماری لە کۆتایی تەمەنیدا تێکچووە، کچە بەدبەختەکەشی لەپێناو خزمەتکردنی ئەودا کارەکەی بەجێهێشتووەو گەڕاوەتە بۆ گوندەکە، دەبێت لەمەودوا ژیانی چۆن بگوزەرێت، بەدەست پێرەژنێکی شێتەوە!.
لۆریتا دەیگووت: ئەوکاتەی لە مەیخانەکە بووین بە تامەزرۆییەوە دەیڕوانییە تابلۆ هەڵواسراوەکان و وورد لێیان ڕادەما، بەناو مەیخانەکەدا دەگەڕاو دەستی بە یەک بەیەکی کوردسییەکاندا دەهێناو چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک، باوەشی بە کۆڵەکەکاندا دەکرد، کە لەناوەڕاستی مەیخانەکەدا چەقیبوون و لەبەر خۆیەوە دەیگووت ئا لێرەدا، جارێکی تر دەستی بەکورسییەکەی بەردەمیدا دەهێناو وەک بییەوێت پاکی بکاتەوە، دووبارەی دەکردەوە ئا لێرەدا، لە شەوێکی ئەنگوستە چاوی بەفرانباردا عاشقی دیمیتری بووم، لۆریتا کچەجوانەکەم، تۆ بەرهەمی عەشقی ئەم مەیخانەیت، هەرکاتێک وویستت یادم بکەیتەوە، وەرە ئا لێرەدا لەسەر ئەم کورسییە دانیشەو سەیرێکی ئەو تابلۆ ڕەنگینە بکە، ئەگەرچی دوکەڵی جگەرە ڕەنگە ناسکەکانی مراندووەو شەوق و زەوقەکەی جارانی نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە کار بکاتە ڕۆحی ڕەنگەکان. ئەو پیاوە زەمەنێکی زۆرە ئەو پێکەی بەدەستەوەیەو بە چاوەگەشە پڕهیواکانی و بزە گاڵتەئامێزەکەی لێرە دەڕوانێت و خۆی بە شای دونیا ناگۆڕێتەوە، سەیری قایشەکەی ناوقەدی بکە چۆن توند لە ورگە زلەکەی بەستووەو گاڵتەی بەدونیا دێت، ئەو هەمووومان دەناسێت و ئاگای لە سەرگوزەشتەی یەک بەیەکی میوانەکانی ئەم مەیخانەیە. حیکایەتی ژیانی ئێمە لە پێکەکەی دەستی و نیگاکانیدا کۆبوونەتەوە، کچم هەرکاتێک وویستت یادمبکەیەت وەرە لێرە بە وردی لێی ڕابمێنە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگەر هیچ شتێکیشت بۆ نەگێڕێتەوە ئەوا ئەو پێکەنینە گاڵتە ئامێزەی خەندەیەک دەخاتە سەرلێوەکانت.

ئەو ئێوارە دوای گەڕانەوەیان لە مەیخانەکە دایکی پێی دەڵێت: کچم ئەم ئێوارەیە هەست بە دڵخۆشییەکی سەیر دەکەم، خەریکە باڵم لێدەڕوێت و دەفڕم، ئەمە هەستێکی سەیرە!' قەت لە ژیانمدا هیچکاتێک جۆرە هەستێکی لەم شێوەم نەبووە، نازانم دەڵێی گەنج بوومەتەوە، پێمخۆشە ئێستا وەک منداڵێک بە کۆڵانەکاندا ڕابکەم و هاوار بکەم و قاقا پێبکەنم، دەمەوێت ڕاکەم و تاسەر چەمەکە نەوەستم و بە جلەکانەوە خۆم فڕێبدەمە ناو ئاوەکە، بەڵام سەیرە قاچەکانم لەدوام نایەن، چەند لە ڕۆحما هەست بە بارسوکی دەکەم، قاچەکانم زیاتر قورس دەبن و خەریکن بەتەواوەتی لە ڕۆشتنم دەخەن، ئا دەستەکانم بگرە لۆریتا، خەریکە دەکەوم، تکا دەکەم ئاگات لێم بێت نەکەومە سەر زەوی....
ئەو شەوە درەنگانێ گوێم لە دەنگی گریان و هاتوهاواری خەڵک بوو لەدەرەوە، ئەگەرچی سەرم کەمێک گەرمبوو، بانگی باوەکریستم کرد سەرێک بکێشێتە دەرەوە بزانێت ئەو هەرایە لەدەرەوە چییە، هیچ دەنگی نەبوو! من هاوارم دەکرد و دەنگەکان نزیک دەبوونەوە، کەسێک نەبوو وەڵامم بداتەوە. خۆم بە ژوورەکەی باوەکریستا کرد لەوێ نەبوو، بۆیە بە پەلە ڕامکردە دەرەوە دەبینم خەڵکی گوند هەموویان لەبەردەمماڵی لۆریتا کۆبوونەوتەوەو بەدەستەکانیان خاچ دەکێشن، لە نێو خەڵکەکەدا باوەکریستم بینی سەیرێکی کردم و سەرێکی بەرەو ماڵەوە ڕاوەشاند، ئیتر تێگەیشتم دەیەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوەو لەوێ نەمێنم، بەڵام نەمدەتوانی بێ هیچ هەواڵێک ئەو ناوە بە جێبهێڵم. دڵم بە پەلە لێی دەدا ئاخۆ لۆریتا شتێکی بەسەر نەهاتبێت، باوەکریست لەم ناڕەحەتییەی من تێگەیشت، هاتە لامەوە دەستیگرتم، لەخەڵکەکەی دوورخستمەوەو تێی گەیاندم، کە خاتو ڕۆزماری دایکی لۆریتا کۆچی دوایی کردووە، بە ئەنقەست ئاگاداری نەکردومەتەوە. پێی گووتم: تۆ زۆر ماندوویت و سبەی زوو بێدار دەبیتەوە بۆیە من لێرەم خەمت نەبێت، ئەمشە ناتوانرێت هیچ بکرێت، جگە لەوەی ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێت. تا ئۆتۆمبیلی نەخۆشخانە دێت ئەم خەڵکە لێرە دەمێننەوە. هەرکە بردیان بۆ نەخۆشخانە، هەرکەسەو دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی.
پاش ئەوەی گەڕامەوە ماڵەوە لەخۆمەوە دڵم بۆ لۆریتا پڕ بوو، من بۆ خۆیشم نازانم بۆ ئەوەندە هۆگری ئەو ژنە بووم!' بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ خەڵکی گوندەکەداو ئەوانەی یەکتر دەناسین پەیوەندییەکی گەرم و گوڕم هەیە، هەر کاتێک لەسەر ڕێگای کێڵگەکان یان چەند دوکانەکەی بەردەم کڵێساکە یەکتر دەبینین دەست بە قسەی قۆڕ و فیشقیات دەکەم. ژنەکانی گوند هەموویان لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا گەرم و گوڕن، هەموویان وەک پیاوەکان حەزیان لە خواردنەوەی شەرابەو لە کۆتایی هەفتەکاندا تا درەنگی شەو لە مەیخانەکە دەمێننەوە، کەچی لەگەڵ لۆریتا نەک هەر ئەو جۆرە پەیوەندییەم نەبوو، بەڵکو درووستکردنیشی ئاسان نەبوو. ساڵێک زیاتربوو بۆ گوندەکە گەڕابووەوە جگە لە سڵاوکردنی سەر ڕێگاکان، کە بە بزەیەک وەڵامی دەدامەوەو سەریدادەخست نەمدەتوانی ئەو پەیوەندییە کەمێک فراوانتر بکەم، وەک هەر ژنێکی تری گوندەکە بێترس و دڵەڕاوکێ قسەی دڵی خۆمی لەگەڵدا بکەم، کەچی بە پێچەوانەوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو زەردەخەنەو سەرداخستنە شەرمنانەی کاریگەری لەسەر ڕۆح و بیرکردنەوەم دادەنا، ماوەیەک وام لێهاتبوو نەمدەتوانی بۆ ساتێک بیری لێنەکەمەوە، ڕۆژی سەدجار بەبێهۆ دەچوومە بەردەرگاو ئەو شوێنانەی ئەو

پیاسەی بەدایکی تێدادەکرد. سیحری ئەو زەردەخەنە بووبوو بە وێنەیەک و لەناو زەینمدا چەسپیبوو، هەرچەند کارەساتە ناخۆشەکانی ڕابردووم دەهێنایەوە یاد بۆ ئەوەی ئەو وێنە لە زەینمدا بسڕێتەوە، بەڵام لانەدەچوو....
خانمەکەم، ئەو ژنە هێزێکی گەورەی سەرنجڕاکێشی هەبوو، بە ئاسانی دەیتوانی خۆی لەناو سەری تۆدا بچێنێت و بەهیچ هێزێک لەم دونیا هەڵکەندنی ئاسان نەبێت، ئەو خۆی لەناو مێشکی مندا بەشێوەیەک چاندبوو ڕەگەکانی بۆ ناو ڕۆحم شۆڕبووبوونەوە، دەرباز بوون لێی ئاسان نەبوو، چونکە نەمدەتوانی دەستی لێدەم، لە بۆنێکی خۆش دەچوو بۆخۆی ڕادەکێشایت، بەڵام دەست لێدانی ئەستەم بوو، تەنانەت دوای ڕوداوی شەوی ئەستێرەکانیش، کە چەند هەفتەیەک پێش مردنی دایکی ڕوویدا هەر نەمتوانی ئەو دیوارە بشکێنم....
خانمەکەم" هەندێکجار بێدەنگی و قسەنەکردن دەبێتە هۆی کارەساتی گەورە، ئەگەر مرۆڤ بتوانێت لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا ڕاستەوخۆ تێڕوانین و دیدەکانی خۆی بخاتە ڕوو، بێئەوەی لە کاردانەوەی بەرامبەرکەی سڵبکاتەوە هەندێک کارەسات هەیە ڕوونادەن. پەیوەندی من و لۆریتا تەنها بێدەنگی و قسەنەکردن نەیکووشتبوو، بەڵکو هەندێکجار بیری لێدەکەمەوە، بۆ ئەو، نازانم لەسەر من چۆن بیریی دەکردەوە...!' بەڵام من بۆ خۆم بە ئێستاشەوە نازانم چیم لەو ژنە دەویست....! دەمەویست ئەو ژنە چی بۆ من بکات و لەگەڵ مندا چۆن مامەڵە بکات! دوای چەند ساڵێک لە بیرکردنەوەو ئەزموونی تر لەگەڵ ژناندا وەڵامەکەم دەستکەوت، کە لۆریتا جگە لە قوربانی نەفامی پیاوێک لەژیانیدا تاکە ئافرەتێک بە دەمییەوە پێنەکەنیوە هیچی تر نەبوو. پیاوانێک لەمناڵیدا ئەوەندە بێبەشبوون لەسۆزی باوەشی دایکیان، لەگەورەییدا دەیانەوێت لەباوەشی ژنانی تردا بیدۆزنەوە. خانمەکەم ئەو قوربانی کەمایەسی خۆشەویستی و سۆزی مناڵیی پیاوێک بوو بە درێژایی تەمەنی مناڵیی بیریی نایەت بۆ جارێک دایکی لە ئامێزی گرتبێت و ماچێکی کردبێت و ڕوویەکی خۆشی پێدابێت. من درەنگتر لەوە تێگەیشتم ئەو پیاوانەی لە تەمەنی مناڵیدا کەمترین سۆزو خۆشەویستی دایکایەتییان وەرگرتووە، لەگەورەییدا لە باوەشی هەموو ژنێکدا بۆی دەگەڕێن و قەت نایدۆزنەوە، بۆیە ئاگریان تێبەردەبێت و دەیانەوێت باوەشی هەرچی ژنی ئەم دونیا هەیە تاقیبکەنەوە، بەڵام گەوجێتی پیاو لەوەدایە لەناخی خۆیدا بۆ خەوشەکە ناگەڕێت و نایەوێت لەوە تێبگات هەرچی سۆزو خۆشەویستییەکی ئەم دونیا هەیە ناتوانێت هێندەی دڵۆپێک سۆزو خۆشەویستی دایکێک بۆ مناڵەکەی لەدەوونی مرۆڤدا جێگا بگرێت.
هێشتا هەر لەسەر ڕایەخەکە پاڵکەوتبووم و بیرم لە لۆریتا دەکردەوە، بە زەردەخەنەکانیەوە شەرمنانە سەرێکی دادەخست و لەگەڵ دایکیدا درێژەی بە ڕۆیشتن دەدایەوە، فرمێسک لە چاوەکانمەوە دڵۆپ دڵۆپ بەردەبوونەوە سەر سەرینەکەم. نازانم ئەو شەوە بۆ ئەوەندە دڵم پڕبوو، یروا ناکەم لەژیانمدا ئەوەندەی ئەو شەوە بە کوڵ گریابێتم! ئێستاش نازانم بۆ مردنی دایکی لۆریتا دەگریام یان بۆ لۆریتا خۆی یان بۆ بەدبەختییەکانی خۆم. هەرچەند بیر دەکەمەوە قەت لەوە تێناگەم بۆ ئەوەندە بەکوڵ دەگریام و بۆ کێ دەگریام!. ماوەیەک بوو هەستم بەوەکردبوو خەریکە پڕ دەبم لەگریان و هاکا تەقیمەوە، زۆرجار لە دڵی خۆمدا نزام دەکرد کەسێک بمرێت بۆ ئەوەی بە بیانووی مردنەکەیەوە تێر بگریم، بە

تەنها خۆم دەمزانی لە ڕابردوودا چەند گریانم خواردۆتەوەو چەند بەربەستم لە سەر ڕێگای ڕژانی فرمێسکی چاوەکانمدا دروستکردبوو، هەڵەی گەورەی من وەک هەر پیاوێکی تر ئەوە بوو، کەوتبوومە ژێر کاریگەری ئەو وتە بێماناوە، کە دەیگووت: " گریان بۆ ژنانە نەک پیاو، بەتەنها ژنان فرمێسک دەڕێژن".
مردنی ڕۆزماری بۆ من مردنێکی ئاسایی پیرەژنێک نەبوو، بە تەنها کۆتاییهاتنی لاشەیەکی بێگیان نەبوو، ڕۆژانە بەدەست کچەکەیەوە بە کۆڵان و شەقامەکانی ئەم گوندەدا دەیگێرا، بۆ ئەوەی بۆ دواجار و یەکجارەکی خواحافیزی لەهەموویان بکات، بەڵکو مردنی ڕۆزماری بورکانێک بوو لەناخی مندا تەقییەوەو ئاگری نا بە ڕۆح و دەروونمەوە، کە تا ئێستاش کڵپەی ئەو ئاگرە لەناخمدا دەگەشێتەوە. مردنی ئەو پیرەژنە ڕێژنەبارانێکی پەنگخواردوو بوو لە ڕۆحمدا، لەو شەوەوە دایکرد تا ئێستاش خۆشینەکردۆتەوە، مردنی ئەو بۆ من مردنێکی تەنهاو بێدەنگ نەبوو، ئەو لەگەڵ خۆیدا زەردەخەنە شیرینەکانی لۆریتا و پێکەنینی چاوە گەشەکانی برد.
قەت ئەو دیمەنەم لەبیرناچێتەوە لەکاتی بردنی تەرمەکەی لە کڵێساکەوە بەرەوە گۆڕستان پەڵە هەورێکی ڕەش بەسەر سەرمانەوە سێبەرێکی تاریکی دروستکردبوو، ئێمە چەند لە گۆڕستانەکە نزیک دەبووینەوە ئەو نزم و گەورەتر دەبوو. بە ئەنقەست لە دوای هەموو خەڵکەکەوە بە بێدەنگی و هێمنی دەڕۆیشتم، هەندێکجار ناڕێکی ڕۆیشتنەکە دەلاقەیەکی دروستدەکردو لۆریتام لە پێشەوە بە باوەشێک گوڵەوە لەتەنیشت تەرمەکەوە بەسەرکزی دەکەوتە بەرچاو، یەکەمجاریشم بوو لۆریتام بە جلی ڕەشەوە دیبێت، ئەو هەمیشە جلی مۆرێکی ئاڵ یان شینێکی ئاسمانیی لەبەردەکرد. لە پشتەوە هەستم بە ئازارەکەی دەکرد. زۆرم پێخۆشبوو ئەو ئازایەتییەم تێدابوایە لەوکاتەدا لەتەنیشتییەوە دەستەکانم بگرتباو دڵنیام بکردایەتەوە، بەڵام گریان و نەخەوتنی شەوێ هێزی لەبەر پێیەکانم بڕیبوو، دایکی ئەو مردبوو ئەژنۆکانی من شکابوون، لە ڕاستیشدا نەمدەویست لۆریتا لە ڕەوشێکی وادا ببینم هێندەی تر ئازارەکانم قوڵبکاتەوە. ئاخ من چ پیاوێکی خۆپەرستبووم، تەنها لۆریتام بە زەردەخەنەکانییەوە دەویست، بۆیە ئەو ڕۆژە هەموو جوانییەکان لەگەڵ ڕۆزماریدا نێژران.
تا ئەو کاتەی ڕۆزماری بۆ نێو دوا وێستگەی ژیانی داهێڵرایە خوارەوە، من هەر دوورە پەرێزو لە گۆشەیەکی تەنهای گۆڕستانەکەدا دەگریام، ئەو ڕۆژە هەر خەیاڵیک بە مێشکمدا گوزەریکردبێت تێر گریاندوومی، مردنی ئەو پیرە ژنە هۆیەک بوو بۆ تەواوی ڕابردووم بگریم، من دەگریام و هەورە ڕەشەکە تەواو ئاسمانی تاریک کردبووە، لە پڕ گوێم لێبوو داوایانکرد کاتی پێشکەشکردنی گوڵەکان و دوا دوعا خوێندنە، هەستامە سەرپێ و چەپکە گوڵەکەم فڕێدایە سەر گۆڕەکەی، لەوکاتەدا لۆریتا کەوتە بەرچاوەکانم! لەپڕ هەورەتریشقەیەک بێدەنگی ئەو ناوەی شکاند و بە لێزمە باران دایکرد، وەک ئەوەی ئاسمان ئەو هەموو بارانەی بۆ ئەو ڕۆژە هەڵگرتبێت. من لەبەردەم بارانەکەدا وەستام وەک گوناهبارێک بۆ ئەوەی گوناهەکەی بشواتەوە، خەڵکەکە ئەو ناوەیان چۆڵکردو لەسەرخۆ بەرەو کڵێساکە گەڕانەوە، بەڵام من هەر لەبەر بارانەکەداو لەسەر گۆڕەکەی ڕۆزماری لە شوێنی خۆمدا چەقیبووم و نەمدەوێرا چاوەکانم بکەمەوەو ئەو دیمەنە خەمناکەی لۆریتا بێتەوە بەر نیگاکانم. خوایە گیان تۆ چ بوونەوەرێکی سەیرت ئافراندووە، چەند دەیەوێت خۆی دڵڕەق و بەهێز نیشان بدات، چەند دەیەوێت وەک تاکە

دەسەڵاتدارێک بەسەر هەموو بوونەوەرەکانی سەرزەویدا خۆی بسەپێنێت، چەند بەخۆیەوە دەنازێت و لوتبەرزە، کەچی وەک پەپولەیەک بەرگەی تینی گەرمای مۆمێک ناگرێت و زوو هەڵدەقرچێت. ئاخ لۆریتا پەپولە جوانەکە، چۆن لە شەوو ڕۆژێکدا ئەم هەموو هەڵقرچاندنە ڕوویدا! ئەو زەردەخەنانە بەچی هەڵوەرین! چ ئازارێک ڕەنگی بەو شێوە پەڕاندیت! تۆ تا دوێنێ لە منداڵێک دەچوویت بەدەم خەوێکی خۆشەوە بزە بیگرێت، تۆ تەنها ژنێک نەبوویت و بەس، تۆ گەوهەرێک بوویت لەتاریکترین شەوەکاندا دەدرەوشایتەوە، تۆ باڵندەیەک بوویت لە زەردەخەنە، بۆچی وا لەپڕێکدا وا ئەم هەموو جوانییە نوقمی ناو ئازاربوو....

خانمەکەم، هەستدەکەم تۆیش ماندوویت، لەسەر ڕایەخەکەت، ڕاکشێ، من چیتر خەوم نایەت، ئێستا، کە ئەو بەسەرهاتەی لۆریتا دەگێڕمەوە، هەستدەکەم هێشتا بە پێوە سەرم بەسەر گۆڕەکەی ڕۆزماریدا داخستووەو باران بە لێزمە دەمشواتەوە، ئا خانمەکەم، تۆ بنوو زۆر ماندوویت، من چیتر ناتوانم بنوم، دەبێت تا قاچەکانم توانای ڕاگرتنی لەشمیان هەبێت و دەکەومە سەر زەوی لەبەردەم ئەو بارانەدا بوەستم، من ناتوانم هەروا بە ئاسانی ئەو سەرگۆڕە جێبهێڵم، ئەوە بەتەنها گۆری ڕۆزماری نییە، بەڵکو گۆری زەردەخەنەکان و پرشنگە گەشەکانی چاوی لۆریتایشە. لەوەڵامدا گووتی: منیش نانوم لەگەڵ تۆدا لەبەردەم ئەو بارانەدا دەوەستم، ها ئەوە دەستم بیگرە با چیتر هەستنەکەیت لەبەردەم بارانەکەدا تەنهایت...!.

مسیۆ، کاتێک دەستەکانی هێناو هەردوو دەستمی خستە ناو دەستییەوە، وەک منداڵێک نەمتوانی هیچ بەرگرییەک بکەم و خورپەیەک لە قوڵایی دڵمەوە دایخورپاندم، بۆ ساتێک هەستم کرد هەمان دەستەکانی لۆریتایە بۆیەکەمجار لەشەوی ئەستێرەکاندا خستییە ناو دەستمەوە، هەمان موچورکی شەوی ئەستێرەکان لەشی داگرتم. من چیتر خاوەنی سەری خۆم و بیرکردنەوەی خۆم نەبووم، چاوەکانم دادەخست و وێنەکانی لۆریتا لەشەوی ئەستێرەکاندا دەهاتنەوە بەر چاوانم، خۆمم دەبینییەوە لەسەر ڕایەخەکە لۆریتا لە تەنیشتمەوە دەستەکانمی توند لەناو دەستە لاوازەکانیدا بە نەرمی دەگوشی، شتێک لەناخەوە دەیکوڵاندم، وەک تالێهاتوویەک لەشم گەرم دەبوو. ڕاستە ئەو شەوە من مەستبووم و لەسەر زۆربڵێیی باوەکریست ڕەوانەی ماڵەوەی کردم، بەڵام بۆم دەرکەوت مەی دەتوانێت هەموو لەشت سڕ وکاس بکات، دەتوانێت عەقڵ لەسەرت بهێنێتە دەرەوەو شعور لەبەرت هەڵگرێت، بەڵام ناتوانێت هەندێک هەست، کە لە قوڵایی دەروونی مرۆڤدا خۆیان حەشارداوە سست بکات، پروا ناکەم هێزێک هەبێت لەم دونیا بتوانێت ئەو هەستانە لە دەروونی مرۆڤدا لاواز بکات، بەتایبەتی کاتێک لەگەڵ ئافرەتێکدا دادەنیشێت و دەستت بەر جێگایەکی هەستیاری دەکەوێت، ئیتر دەوروژێن و ناخی پیاو دەهێننە کوڵان.

ئەو دەستەکانمی بە پێدەنگی لە نێوان پەنجە باریکەکانیدا دەگوشی، من هەر بیرم لای شەوی ئەستێرەکان بوو، ئەو شەوەی بە بۆنەی لەدایکبوونی عیساوە هەموو گوندنشینان لە کڵێساکە خوانێکی گەورەیان ڕێکخستبوو، ئەو جارە یەکەم و دواجار بوو لەو بۆنەدا بەشداربم، ئیتر باوەکریست ڕێگای پێنەدام و نەیهێشت بەشداری لەهیچ بۆنەیەکی گشتیدا بکەم، چونکە دەیگووت: تۆ بەکەڵکی ئەو شوێنانە نایەیت و هەرکە سەرت گەرمبوو دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکەیت، بەمەش

ژیانی خۆت و منیش دەخەیتە مەترسییەوە، کورەکەم من باش لە تۆ تێدەگەم و ئازارەکانت دەخوێنمەوە، بەڵام ئایا هەموو کەس وەک من تێتدەگات؟. باوەکریست ڕاستی دەکرد و مافی خۆی بوو بترسێت لەوەی ناسنامەی ڕاستی من دەرکەوێت، ئەو دەیزانی ناخی من پڕە لە حیکایەتگەلێک چڕنوکیان هەیەو ناخم هەڵدەکۆڵن، بەڵام ناکرێت بۆ ئەوەی تۆ ناخی خۆت بەتاڵ بکەیتەوە، خەڵکانی تری پێ ئازار بدەیت، ئەگەر دەزانی قسەیەک نەکردنی زۆر پێویست نییە و دەبێتە هۆی درووستبوونی کێشە بۆ خەڵکانی تر نەکردنی گەلێک بە نرخترە. ئەو ڕاستیدەکرد، مرۆڤ دەتوانێت هەر قسەیەک ناخی ئازار دەدات لەبەردێکدا بەتاڵ بکاتەوە، دەتوانێت ملی سەگێک بگرێت و هەرچی دەوێت بۆی باس بکات، بێئەوەی ببێتە مایەی ئازارو دەرد بۆ کەسانی تر.
باوەکریست لەدوای شەوی ئەستێرەکانەوە ئێرەی بۆ من هەڵبژارد، تا هەموو قسەکانی دڵی خۆم بکەم، بە بێئەوەی کێشەیەک بۆ یەکێک و خۆم درووست بکەم، من لێرە تا دەتوانم دەخۆمەوەو وەک بەرازێکی پۆخڵ دەنرکێنم، لەبەر خۆمەوە قسە دەکەم و گۆرانی دەڵێم و دەگریم، بێئەوەی ببمە جێگای سەرنجی هیچ کەسێك. ئەگەر گوێچکە ماسییە نەفرەتییەکان بهێڵن ڕاوی ماسییەک دەکەم و هەموو قسەیەکی دڵی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە، لە دەنگی نەورەسەکان تورەدەبم و بەسەریاندا هاواردەکەم و لێرە دووریان دەخەمەوە، شەوانە بانگی چەقەڵەکان دەکەم لێم نزیکببنەوەو ببنە هاورێم، داوایان لێدەکەم ئەو نێچیرە باڵشکاوانە ببەخشن، کە قەدەر تواناکانی فڕینی لێسەندوونەتەوەو بەختێکی تریان بۆ ژیان پێبدەنەوە، ئێواران لە مەرگی پرتەقاڵی هەتاو ڕادەمێنم و پێی دەڵێم: (بۆ ئەوەی سبەینێ سەر لەنوێ زیندوو بینەوە، پێویستە وەک تۆ لە پێشدا بمرین) تۆ کەمێکی تر بەو خۆینە سورە جوانەی بەرتەوە نوقمی ناو دەریا دەبیت و جیهان بە ئاوابوونت ڕەشپۆش دەکەیت، بەڵام دڵنیام سبەینێ گەرمترو بەهێزتر بەسەرماندا دەدرەوشێیتەوەو تاریکی بۆ ماڵە تاریکەکەی خۆی ڕاودەنێیت.
ئەو شەوە شەوێکی تربوو لەژیانم، دوای شەوی یەکەمی ئەستێرەکان، کە چارەنووس سەرلەبەری ژیانمی هەڵگێڕایەوەو منی بەم کەناری دونیا گەیاند، ئەو شەوە بەرەو کڵێساکە دەڕۆیشتم بەفر پروشەی دەکرد و هەموو پەنجەرەو سەربانی ماڵەکان بە ئەستێرەگڵۆپ، سنەوبەرەگڵۆپ و ئاسکە گڵۆپەکان ڕازێندرابوونەوە. دارگوێزە پیرەکەی بەردەم کڵێسا جۆرە گڵۆپێکی ووردی شینییان بەلقەکانیدا ئاڵاندبوو، لەدوورەوە واتدەزانی هەرچی ئەستێرەی ئەو ئاسمانە بەرزە هەیە لەوێ نیشتوونەتەوە. ئەو شەوە یەکەمجارم بوو ئەو گوندە بەو شێوە جوانە ببینم، سەرم بۆ ئاسمان بەرزدەکردەوە، کلوە بەفرەکان لەبەردەم ڕوناکی گڵۆپەکاندا دەبریسکانەوە، سەیری هەرلایەکم دەکرد یەکپارچە ئەستێرە بوو، ئەی خوایە گیان ئەو ئەستێرەبارینە چییە؟.
نایشارمەوە پێش ئەوەی لەماڵ بەرەو کڵێسا وەدەرکەوم بتڵێک شەرابم لەشەرابە کۆنەکانی پارساڵ، کە بەرهەمی ترێ مۆرە دەنک گەورەکانی ناوچەکەی خۆمانە خواردەوە، هەستم کرد بەتەواوەتی خوێنی ترێکان لەناو دەمارەکانمدا دەهاتن و دەچوون و دەگەشتنە ناو مێشکم و بەرەو مەستییەکی خۆشیان دەبردم، ئاخر مەستی شەراب تەواو لە مەستی هەموو مەیەکانی تر جیاوازترە، ئەگەر لێم بپرسن جیاوازییەکەیان چییە نازانم وەڵام بدەمەوە، تەنها

ئەوە نەبێت هەندێک جار مرۆڤ خۆی لێدەبێت بە شاعیر. یەکێک لە سیفەتە خراپەکانیشی ئەوەیە دەبێت لەکاتی خواردنەوەدا وەک کەروێشک بەردەوام دەمت بجولێت، ئەمەش وا دەکات قەت نەتوانیت بە دڵی خۆت بخۆیتەوە.
ئەو شەوە ئەگەرچی خەڵکی گوند هەمویان لەدەرەوە بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بێدەنگییەکی ئارام باڵی بەسەر ئەو ناوەدا گرتبوو، بەفریش کلو کلو دەهاتە خوارەوە، ئەو شەوە یەکێک بوو لەو شەوانەی چووبوومە ناو دونیای شاعیرەکانەوە، هەموو شتێکم لێبووبوو بە ئەستێرە، هەربەڕاستیش وابوو، شەوێک بوو لێوانلێو لە ئەستێرە، لەبەرچاوەکانمدا هەموو دەرەختەکان ئەستێرەیان گرتبوو، سەربانەکان پڕبوون لە ئەستێرە، کلوە بەفرەکان ڕەنگی ئەستێرەیان گرتبوو، وەک منالێک لەگەڵ کلوەکاندا یاری بکات تا گەشتمە کلێساکە سەمام دەکرد و خۆم بادەداو گۆرانیم دەچڕی....
زۆر بە دڵخۆشی خۆم بە کلێساکەدا کرد، ڕەنگە دەگمەن لەژیانی مرۆڤدا ڕێکبکەوێت لە خۆیەوە خۆشی سەرودڵی بگرێت و هەر قسەیەکی بۆ بکەن قاقا پێبکەنێت، بۆ خۆیشی نەزانیت هۆکەی چییە! ئەو شەوە یەکێک بوو لەو شەوانەی دڵخۆشی خەریک دەبوو باڵم لێبڕوێنێت و بەناو ئەو خەڵکانەدا بفڕم. بەدەم چاوگێرانەوە زۆر دڵخۆشانە گۆرانیم دەچڕی، هەموو خێزانەکان بەسەر مێزەکاندا دابەشبووبوون، لەپڕێکا چاوم بە باوەکریست ودایکم کەوت لەگەڵ خزم و دراوسێکانمان پێکەوە دانیشتبوون، نیگایەکی تێگرتم! تەنها خۆم و خۆی لەو نیگا تێگەیشتین.... ڕێک وەک سەربازێک لەبەرەکانی جەنگدا خەوێکی خۆش ببینێت و لەپڕێکدا زرمەی تۆپێک بە ئاگای بهێنێتەوە چوومەوە ناو خۆم و بە بێدەنگی و ڕێزەوە سڵاوم لەهەموو لایەک کرد. ڕۆشتمە سەر مێزەکەی ئەوان و بە شەرمێکەوە سڵاوم کردو دانیشتم، بە پێی ئەوەی من و بابە کریست دەمێک بوو پێکەوە دەژیاین و زۆربەی کات پێکەوە کارمان دەکرد، بۆیە تەواو شارەزای یەکتر بووین، باش لە زمانی یەکتر تێدەگەیشتین، ئەو پیاوێکی تەواو پێگەیشتوو ژیربوو، بیرم نایەت بۆجارێک دڵی شکاندبێتم، هەرچییک لە نێوان من و ئەودا ڕوویدابێت هەمیشە لەبەرژەوەندی من بووە. من هێشتا نیگاکەی بابە کریست لە خەیاڵم کاڵ نەبووبووە، پێی گووتم: کوڕم ئێرە ماڵی خودایە، دەزانیت ماڵی خودا مانای چی؟ ئەمشەویش یادی لەدایکبوونی کوڕی خودایە، بۆیە ئێمە یادێکی پیرۆز لە شوێنێکی پیرۆزدا دەکەینەوە، دەتوانین چیمان بوویت بیکەین و چۆنمان بوێت دڵی خۆمان خۆشکەین، ئا دەتوانین ئەمشەو بەهەموو شێوەیەک دڵی خۆمان خۆشکەین، بەڵام یەک شت ئێرە لە شوێنەکانی تر جیا دەکاتەوەو نابێت لەبیرمان بچێت ئەوەیە، ئێمە لەم کاتەدا خودا لەگەڵماندا بەشداری ئەم خۆشییە دەکات، بۆیە نابێت کارێک بکەین ئەمشەو دڵی خودامان لێبڕەنجێت، بە پێچەوانەوە دەبێت لەگەڵ خۆماندا دڵی خودا خۆشکەین، ئێستا تێگەیشتی کورەکەم...؟ فەرموو لەسەر ئەو مێزە هەموو شتێک ئامادەیە دەتوانیت چیت حەز لێبێت بخۆیت و بخۆیتەوە.
لەشەوێکی وادا بۆ من وەک گیسکێکی سەرچڵ ڕێی لەخەرمانێک کەوتبێت، بێئەوەی گوێ بداتە با و ئینتەلاکردن و ئاکامەکەی چ بەدبەختییەکی بەدوادا دێت، کەمێک گۆشتی قاندراو و چەند پارچە پەنیرێکم هەڵگرت و دەستم بە خواردنەوەی شەراب کرد.

به شێوەیەکی گشتی میوانەکان خەڵکانی بەتەمەن بوون و لەکاتی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحدا شەرابی گەرم دەخۆنەوە، ئەو بەشە کەمەی لە تەمەنی من و گەنجتر بوون ئەوەندە هۆگری خوارنەکان بوون تامەزرۆی خواردنەوەی شەراب نەبوون، ئەگەر بیانخواردایەتەوە لەیەک دوو پەرداخ زیاتریان نەدەخواردەوە، بەتەنها بخۆرەوە من بووم، پەرداخ لەدوای پەراخ هەڵمدەقوراندو دەستێکم بە ورگمدا دەهێنا، ئەوەندەم خواردبۆوە تەواو عەقڵ لە سەرمدا نەمابوو، نازانم کێ بوو لە پشتی سەرمەوە باسی بارینی بەفری دەکردو دەیگووت بە ڕاستی "نۆیل"ێکی جوانە، دەمێکە ئاوا لە نۆیلدا بەفر نەباریوە! منیش قسەکەم پێبڕی گووتم: بەفری چی! ئەوە پەپولەی سپیین دەبارێن، ڕەنگە ئەمشەو دیسانەوە ڕۆحی کێومەرس بۆ ئاسمان هەڵکشێت، بۆیە ئەو هەموو پەپولە سپییە دەبارێت، خوایە گیان ئەمە نیشانەیەکی باش نییە، بزانن چ ستەمێک لەم گوندەدا ڕوویداوەو چ مناڵیکی بێلانە وەک چۆلەکەیەکی تەڕبوو بەدەم سەرماوە هەڵدەلەرزێت، بارینی ئەم پەپولانە لەخۆیەوە نییە، بڕۆن بە گوندەکەدا بگەڕێن بزانن مناڵێکی هەڵلەرزیوی برسی دەدۆزنەوە بیهێنن بۆ ئێرە، ئەگینا هەمووتان توشی نەخۆشیی هەڵوەرین دەبن، من پێشتر حیکایەتی ئەم پەپولە سپییانەم بیستووە. ئەمە نیشانەیەکی باش نییە، ڕاست نییە ئەمشەو ڕۆحی مەسیح لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارەوە، ئەمشەو جارێکی تر ڕۆحی کێومەرسە بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە، بۆیە ئەو هەموو پەپولە سپییە دەبارێت، من نیشانەکانی باش دەناسمەوە.... هەموو ساڵێک لەم کاتەدا ڕۆحەکەی بۆ ئاسمان بەرزدەبێتەوە....
من قسەم دەکرد و دەڵێن: خەڵکەکە هەموویان نیشانەی خاچیان کێشاوەو گووتوویانە ڕۆحێکی شەڕ ئەمشەو هاتووتە ناو کڵێساکەوەو دەیەوێت جەژنی پیرۆزمان لێ بشێوێنێت، تکایە ئەو ڕۆحە شەڕە بکەنە دەرەوە.... باوەکریستیش بەرگری کردووەو گووتوویەتی: ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت و ڕۆحێکی شەڕ لەم ناوەدا بێت ئەوا بێگومان لەناو هەریەکێک لەو بتڵە شەرابانەدایە ئێوە بۆ ئێرەتان هێناوە، بۆ هەمووتان ئەوە نازانین شەراب لە ئەزەلەوە بۆ ئەوە دروستکراوە سەری مرۆڤ لە ڕۆحی جیابکاتەوە، ئەی خودا خۆی لە کتێبی پیرۆزدا باسی لەمە نەکردووە، کە نابێت شەراب بخۆنەوە بۆ ئەوەی سەرتان لەدەست نەدەن، چونکە هەر کاتێک سەرتان لەدەستدا، ئەوا شەیتان فریوتان دەدات و ڕێگای بەهەشتتان لێ ون دەکات و ناگەنە لای من، ئێوە نابێت بهێڵن قەت سەرتان لەدەست بدەن و ئەو ڕێگاتان لێوونبێت تا دەگەنە لای من، ئەو کاتە لێرە من چەمی شەرابم لە ڕەزەکانی بەهەشت بۆ ئامادەکردوون، ئیتر بۆ لۆمەی ئەو بەدبەختە دەکەن، ئەمشەو سەری لەدەستداوە، بۆ کەسێک لە ئێمە هەیە ڕۆژێک سەری خۆی لەدەستنەدابێت؟ لەخۆی وننەبوویێت و بەدوای خۆیدا نەگەڕابێت...! تکاتان لێدەکەم من ئەو دەنێرمەوە ماڵەوە هەرکەسێک لەشوێنی خۆی دانیشێت بۆ پیرۆز ڕاگرتنی جەژنەکە.
شتێک وەک خەو دێتەوە یادم، لەکاتی قسەکردندا من لۆریتام دەبینی لەتەنیشت دایکی، کە بەتەنیشت دایکمەوە لەبەرامبەرمدا دانیشتبوو ئەوەندە بەدڵ پێدەکەنی چاوەکانی پڕبووبوون لە ئاو، من قسەم دەکردو ئەو بۆئەوەی پێکەنینەکەی دەرنەچیتە دەرەوە گازی لە قۆڵی دەگرت، منیش کاتێک ئەو دیمەنەم دەبینی وامدەزانی قسەکانم زۆر خۆشن و بۆئەوەی دڵی خۆشتربێت

زیاتر سوردەبووم لەسەرکردنیان، تا ئەو کاتەی گوێم لەباوەکریست بوو، بەدەنگی بەرز بەسەرمدا قیراندی و گووتی ئیتر بەسە....
باوە کریست دەستی من دەگرێت بمباتەوە بۆ ماڵەوە، لۆریتا من لەدەستی وەردەگرێت و دەڵیت: بابە گیان تۆ لێرە لەگەڵ میوانەکاندا بمێنەوە من لە بری تۆ ئەو کارە دەکەم. لۆریتا وەک منالێک دەستی من دەگرێت و دەمباتەوە بۆ ماڵەوە، لەگەڵ وەدەرکەوتنمان لە کڵێساکە دارگوێزەکەم بە ئەستێرەکانەوە کەوتەوە بەرچاو، زۆر لە لۆریتا پاڕامەوە لە ژێر ئەو دارگوێزەدا، کە ئەو هەموو ئەستێرەی گرتووە کەمێک بحەسێمەوە، بەڵام ئەو هیچ گوێی بەداواکەم نەداو وەک مناڵ بەرەو ماڵەوە پەلکێشی کردم. شتێک لە یادوەریمدا مابێتەوە ئەوەبوو تا گەشتینە ماڵەوە من هەرباسی ئەو ئەستێرە بارینەم دەکردو لۆریتا گوێی لێنەدەگرتم، دەوەستام، سەرم بۆ ئاسمان بەرزدەکردوە کلوە بەفرەکان وەک ئەستێرە لە ئاسمانەوە دەبریسکانەوەو بەردەبوونەوە سەر سەرمان. ئەو شەوە جیهان بۆ من یەک پارچە ئەستێرە بوو. گڵۆپی بەر پەنجەرەو دەرگاکان هەمووی وەک ئەستێرە لەبەر سۆمای چاوەکانمدا دەهاتن و دەچوون. کاتێک گەشتینە ماڵەوە لۆریتا پرسی: ژووری نووستنەکەت لە کوێیە؟ ئەوە یەکەم و دوا قسەی لۆریتا بوو لە کڵێساکەوە تا گەشتینە ماڵەوە لەگەڵ مندا بیکات. ئەو ئافرەتێک بوو بەزەردەخەنە دەپەیڤی و چاوەکانی پڕبوون لە گووتن.
ئەو کاتەی منی بردە ژوورەکە و من خۆم لەسەرقاچ بۆ ڕانەدەگیرا، هەرکە دەستی لێبەردام بەربوومەوە سەر جێگای نووستنەکەم، دەستیبرد یەک بەیەک قۆپچەی پاڵتۆکەمی کردەوە، جۆرە هەستێکم بە شێوەیەک لادرووستبوو ناخمی پردەکرد لە خۆشی، ئاواتەخواز نەبووم ئەو قۆپچانە تەواو بن، حەزم دەکرد ئەو پێنج قۆپچە ببن بە پێنجسەد قۆپچەو کردنەوەیان تەواو نەبیت.
بۆیەکەمجار لە ژیانمدا دەستی ئافرەتێکم هەستپێکرد کاتێک بەر لەشم دەکەوێت، من سەرم پێوە نەمابوو، ئەو شتەی پێی دەڵێن عەقڵ لەگەڵ خەیاڵی شەرابەکەدا باڵیگرتبوو، بەڵام لەناو دڵ و دەروونمدا هەستم بە هۆشێکی تر دەکرد، خۆشیی پێدەبەخشیم. پاش ئەوەی پاڵتۆکەمی داکەند دەستی بەکردنەوەی قۆپچەی کراسەکەم کرد، کە یەکەمجارم بوو بۆ ئەو جەژنە لەبەرمکردبوو، یەکە بە یەک هەستم بەباریکیی پەنجەکانی دەکرد بەرسنگم دەکەوتن، دوای کردنەوەی هەر قۆپچەیەک لەناوەوە دەکوڵام و گەرمایەکی خۆش تینی بۆ دەهێنام، خوایە گیان قۆپچەکانی کراسەکەم زۆرتر بوون لە هی پاڵتۆکەم، کەچی زووتر تەواو بوون، دەمزانی دوای داکەندنی کراسەکەی بەرم، ئیتر لۆریتا دەگەڕێتەوە بۆ کڵێساو بەجێمدەهێڵێت....
لەکاتێکدا دەستی بردە خوارەوە بۆ کردنەوەی دوا قۆپچە من تایەکی خراپم لێهاتبوو، هەموو لەشم خەریک دەبوو لە ئارەقەدا نوقم بێت، خەمی ڕۆیشتنی لۆریتا دڵی پرکردبووم، دەمویست دان بەخۆمدا بگرم و هەست بەو نائارامییە ڕۆحییەم نەکات، نەمدەویست قەت لۆریتا لە حاڵەتێکی ئەوەندە لاوازدا بمبینێت، ئەمە خواستی من نەبوو بەتەنها، زۆربەی پیاوەکان ئەمە خواستیانە لەبەردەم ئافرەتەکاندا خۆیان بە توانا نیشان بدەن، بەڵام زۆرجار هێزە جوڵێنەرەکانی ناخی ئینسان ئیرادەیەک بۆ پیاوان ناهێڵنەوەو خۆیان فەرز دەکەن، منیش چەند ویستم خۆم بگرم، ئەو دڵپربوون و بێدەسەڵاتییەم بشارمەوەو وانیشانی بدەم شتێکی

ئەوتۆ ڕووینەداوە، بەڵام لەگەڵ کردنەوەی دوا قۆپچەدا خۆم پێنەگیراو وەک مناڵیک حەزی بۆ شتێک دڵی پڕ دەکات و هەر خۆی بگرێ و هەر خۆی بگرێ تا لە پڕێکا بتەقێتەوە و دەست بە گریان بکات، بەڵام چ گریانێک، گریان بەهەنسکەوە، کە ژێربوونەوەی ئەستەمە. من بە قوڵپ و هەنسکەوە دەگریام، ئەگەر ئەو کاتە لێت بپرسیبام بۆچی دەگریام، نەمدەزانی بڵێم بۆچی، تەنها ئەوە نەبێت، حەزم دەکرد لۆریتا تا سبەینێ لەژوورەکەم وەک ئێشکگرێک لەسەرسەرم ڕاوەستایە، خۆ ئەو هیچ قسەیەکی لەگەڵ مندا نەدەکرد، پەیوەندی من و ئەو لەدەرەوەی هەموو پەیڤێک بوو، لەهەمانکاتدا مناڵێکیش نەبووم، بڵێم بەو شەوە دەترسام و پێویستم بەکەسێکە لام بمێنێتەوە، بەڵام لە خۆمەوە ترسی ڕۆیشتنی ئەو لەناخەوە وێرانی دەکردم و هەستم بەنائومێدییەکی گەورە دەکرد، حەزم دەکرد لۆریتا بۆ هەتا هەتایە لەوژووره نەڕۆشتایەتە دەرەوە.
لۆریتا ئەم حاڵەتەی بینی توشی شۆک بوو، توند دەستەکانی گرتم و وەک مناڵیک ڕاستیکردمەوە، من وەک یێشکەی شکاو بەملاو لادا دەکەوتم، بۆیە ناچاربوو شان بداتە بەر سەرم و ملم خوار نەبێتەوە، کاتێک ملم کەوتە سەرشانی، هەستم بە بۆنی گوڵاوێک کرد لەهەموو تەمەنمدا بۆنی وا خۆشم بۆن نەکردبوو، لە ژیانمدا بۆنی زۆر گوڵم کردبوو، لەمناڵییەوە بەهاران بە ناو گوڵزارەکاندا دەگەڕام و بۆنی هەموو گوڵە بەهارییەکانم دەکرد، کەم گوڵە بەهاری هەیە نەیناسم و بە بۆنەکەی ئاشنا نەبم، ئێستاش لەم گوندەدا چەندین جوتیار هەن کێڵگەی تایبەتی گوڵچاندنیان هەیەو دەیان جۆر گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و بۆنخۆش دەڕوێنن و بەخێو دەکەن، لەشارەکانەوە کڕیاری هەمیشەییان هەیە و بە ئوتۆمبیل چەپک چەپک و دەستە دەستە وچڵ چڵ دەیگوازنەوە بۆ گوڵفرۆشەکانی شارەکان، ئەگەر بڵێم بەو دوو چاوانەی خۆم بەس گوڵباخ بیست جۆرم دیوە هێشتا کەمم گووتوە،، ڕۆژێکیان بۆ هاوکاری سەردانی جێگایەکیانم کرد، بەس گوڵباخی سور شەش ڕەنگم بینی، سوری ئاڵ، سوری هەناری، سوری جەرگی، سور وەک ڕەنگی دڵ، سوری کاڵ و سورێکم بینی لە ڕەنگی لێوی ئافرەت دەچوو. ئەوە ڕەنگی زەرد هەر باس ناکرێت و یەکەمجارم بوو گوڵباخی سەوز ببینم، گوڵی ئاماریلیس ئەو گوڵەی هەر لە دورەوە وەک ئافرەتی جوان یەکسەر سەرنجت بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، گوڵی کالا وەک مۆمدان ملی بەرز ڕاگرتووە و دەڵیی دەستکردە، خوا ئاگای لێیە یەکەمجار بینم تا دەستم لێنەدا وام زانی لاستیکە، گوڵی پێڵاوی ژنان، لەدورەوە دەڵێی پێڵاوەکانی سندرێلایە و پێشەوەیان پەمەییکردووە، گوڵی لیلی بە هەموو ڕەنگەکانییەوە، گوڵە مێخەک، ئۆرکیدی، لالە، نێرگز، پرۆتیا و سترێلیزی، کە لەهەندێک شوێن پیی دەڵێن باڵندەی بەهەشت بەدەنوکە درێژەکەیەوە دەڵێی پەپوسلێمانیەو دەنوکی درێژ بووە، ئەوە باسی گوڵی کێڵگەکانی تر ناکەم سەدان جۆر و هەزاران ڕەنگ دانە بەدانەیانم بە مەبەستی ئەو بۆنە بۆنکردوەو نەمدۆزیوەتەوە، بەناو بۆنفرۆشەکانی شاردا گەڕاوم و بۆنی یەکە بەیەکەی گوڵاوەکانی ژنانم کردووە" بۆنی فێرساژ، دیۆر، شانێل، ڤان کلێف، بۆس، نینا ڕیچی، لانکۆم، تیری موگلەر، پاکۆ ڕابانە، ئیڤیس سانت لۆران، بۆنی ئامورو سەدان بۆنی تر، کە ناوەکانیان نازانم، بۆنی هەموویانم کردووە، بەڵام ئەو بۆنەم نەدۆزیوەتەوە. ئێستاش لەهەر جێگایەکی ئەم دونیا ئەو بۆنە بێت بە لوتمدا دەیناسمەوە.

ئەو بۆنە تا ماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکی سەیری لەسەردانابووم، وەک سەگ هەر ئافرەتێک بەلامدا پرۆیشتبا لوتم پێوە دەنا بۆ ئەوەی بزانم لەو گوڵاوەی لەخۆی نەداوە، ئەم خوە خراپەش چەندینجار لەگەڵ ئافرەتاندا کێشەی بۆ ناومەتەوەو توشی خەجاڵەتیی کردووم. ئەو بۆنە بۆنێکی تایبەت بوو بە لۆریتا، چونکە گوڵفرۆش و گوڵاوفرۆشی دونیا گەڕام و هەموو بۆنەکانیانم تاقیکردەوە هەر ئەو بۆنەم نەدۆزییەوە.
ئەو کاتەی سەرم بەسەر شانیدا شۆڕبوویەوەو بۆنی گوڵاوەکە بە لوتمدا چزا، پێمخۆشبوو سەرم بەرزبکەمەوەو پڕ بە سییەکانم لەو بۆنە هەڵمژم، لەتاو بۆنەکە ئاگام لە گریانی خۆم نەمابوو. ئەبێت چەنێک گریابێتم و هەنسکم دابێت لەو ماوە کەمەی لۆریتا دەستیگرتم و لەناو جێگاکە ڕاستیکردمەوە! منیش وەک کۆرپەیەکی بێدەسەڵات لەسەر هیچ لایەک خۆم پێرانەدەگیرا.
من بەردەوام ئەو بۆنە خۆشەم هەڵدەمژی، ئاگام لەحاڵی خۆم نەمابوو، ئەوەندە نەبێت تا زیاتر بۆنەکەم هەڵدەمژی، زیاتر هەستم بەنزیکبوونەوەی بۆنەکە دەکرد. ئەو بۆنە بەشێوەیەک کاری تێکردبووم، حەزم دەکرد ئەو جێگای گوڵاوەکەی بەرکەوتبوو بیخۆم، وەک سەگێکی برسی لوتم لەهەموو شوێنێکی دەژەند، بۆنم بە هەموو شوێنێکییەوە دەکرد، بۆنی بن گوێچکەی، تاڵەکانی پرچی و لاملی، ئەویش بە پەنجە باریکە بێهێزەکانی دەستە قورسە زبرەکانمی دەگوشی، وەک بییەوێت کەشەکە ئارام بکاتەوە. سەرم نابوو بە لاملییەوەو پڕ بەسییەکانم بۆنەکەیم هەڵدەمژی، بە هێواشی گوێم لە ترپەکانی لێدانی دڵی بوو لەناو قەفەسەی سنگیدا گەورە دەبوون و بچوکدەبوونەوە، من بۆنم دەکردو مەستی بۆنەکە کاریگەری شەرابەکەی کەمدەکردەوە، خەریک دەبوو ئەو بۆنە شێتم بکات و پەلاماری بدەم و بەگاز بیخۆم، بەڵام تەنها توانیم ماچێکی لا ملی بکەم، لە گوشینی دەستیدا هەستم بە کاردانەوەکەی کرد، ئەو گوشینە خۆشییەکی سەیری پێبەخشیم، بۆیە زیاتر کەوتمە ماچکردنی، من ماچم دەکرد و ئەو ڕێگای زیاتری خۆشدەکرد بۆ جێگاکانی تری، وەک گەردنی و کوڵمەکانی. تا زیاتر ماچم بکردایەت زیاتر حەزێکم لادرووست دەبوو بەخۆمییەوە بنووسێنم، توند لە ئامێزم دەگرت و تێر بۆنم پێوە دەکردو خۆم تێدەسوو، من خەریک بوو دەمخوارد، تامی ماچەکان و بۆنەکە بە شێوەیەک تێکەڵبووبوون هارو شێتیان کردبووم، لەپڕێکا دیسان سەرم گێژیخواردوو کەوتمەوە سەر ڕایەخەکەم. ئەویش بەسەرمدا کەوت، ئەو لەوکاتەدا، وەک مشکێکی لێهاتبوو پشیلەیەک تامەزرۆی خواردنی بکات، بەڵام دڵی نەیەت بیخوات بەتەنها یاریی پێبکات، دەمم بەر دەمی کەوت، موچڕکێک لە تەوقی سەرمەوە هات لە سەری پەنجەکانی پێمەوە دەرچوو، من دەمێک بوو دەمزانی خودا تەنها بۆ ئازارچەشتن منی هێشتۆتەوە، ئەگینا دەبوو ئەو شەوە بمردمایە، دەبوو دوای ئەو لێو مژینانە هیچی تر ڕوینەدایەت، بۆ ئەوەی شێت ببومایەو هەموو تەمەنم بەشێتی ئەو تامەوە بە شەقامەکاندا بسوڕامایەتەوە، چونکە ئەو تامەی لەو لێوانەدا چەشتم، تەنها خۆم دەزانم چ چێژێکی پێبەخشیم، ئەو کەوتبوو بەسەرمدا، دەستەکانی گرتم و خستنیە سەر مەمکەکانی، خودای من تۆ ئافرەتت تەنها بۆ ئازاردانی پیاو ئافراندووە، دوای هەر خۆشییەک لەگەڵ ئافرەتێکدا پیاو توشی چ ئازارێک دەبێت!. لەسەرم ڕاستبوویەوەو لە پێشدا منی ڕووتکردەوەو پاشان خۆی، منیش هەروەک

برینداریک لەبەردەم نەشتەری پزیشکێکدا کەوتبێت بێدەسەڵاتانە لەو مەمکە قوتانەم دەڕوانی لە هەنارێکی گەورە دەچوون بەدارێکەوە چاوەڕوانی دەستێک بکات بیگرێت و لێیبکاتەوە، ئەو شەوە ئەو ژنە منی بەو بۆنە خۆشە شێتکردبوو.
لەو کاتەدا خۆی بەسەر لاشەمدا شۆڕکردەوە هەردوو گۆی مەمکەکانی بەرسینگم کەوتن، من بووم بە گڕی مۆمێک و لەناو خۆمدا توامەوە، لێویم بەدانەکانم توند کرۆژی، مەبەستم بوو بیبچڕم و بیخۆم، مەمکەکانی لەدەمم نزیککردەوە، دیسان بۆنە خۆشەکە بەلوتمدا پژا، ئەو دەیویست گۆی مەمکەکانی، کە لە بەهێیەکی گەیوو دەچوون بمژم، منیش دەمویست لە پێشدا پڕ بە سییەکانم لەو بۆنی گوڵاوە هەڵمژم، کەمێک خۆی جوڵاندوو قاچەکانی کەمێک کردەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ قاچمدا تێهەڵکێشن بن، گەرماییەک بە دڵ و ڕۆحم گەیشت....! مەگەر هەر خۆم بزانم ئەو گەرماییە چ خۆشییەکی لەگەڵ خۆیدا بۆهێنام....
مسیۆ، من هێشتا لەیادەوەرییە شیرینیەکانی لۆریتادا بووم، کە یەکجارو بۆ هەتا هەتایە دووبارە نەبوویەوە، ئەویش وەک لەناو خەیاڵەکانمدا بزی و ئاگای لە ڕووداوەکانی ناو مێشکم بێت، هەستم دەکرد خەیاڵەکانم بخوێنێتەوە، لەکەسێک دەچوو لە پشتی دەرگاوە خۆی شاردبێتەوە. پێیخۆشبوو لۆریتا لە ژوورەکە بکاتە دەرەوەو خۆی بێتە ژوورەوە، بۆیە خۆی خزاندە ژێر پەتوەکەم. دەمی لە ڕومەتەکانم نزیک کردەوەو گووتی: گوێ مەدەرێ دونیا ئەوە ناهێنێت، بەتەنها یەک لۆریتا لەم جیهانەدا نییە.... ئیتر من تێگەیشتم خانم چی دەوێت، بۆیە هەستامە سەرپێ دەرگای چادرەکەم داخست وخۆم ڕووتکردەوەو ڕۆشتمە لایەوە....

## شەوی سێهەم

مسیۆ، شەوی ڕابردوو بەوە کەلّەییت کردم، کە بۆچی فەرزان خوێنەوارێکی باش و خاوەن ئەزمون و مرۆڤێکی پێگەیشتووە، بۆ ئاسودەکردنی ویژدانی پەنای بۆ نووسینەوەی ئەو نهێنییانە نەدەبردو دەیوویست بۆ پاراستنی نهێنییەکانی ئێمە بەکاربهێنیت. پێت وایە فەرزان بۆ خۆی نەیدەزانی نووسینەوەی هەرشتێک بە قەڵەم لەسەر کاغەز، جگە لەوەی باوەڕپێکراوترە تاکە وشەیەکیشی لێ نافەوتێت، تۆ بڵێی ئەو درکی بە گرنگیی نووسینەوە نەکردبێت و لە بەهاو نرخی ئەرشیفکردن نەگەیشتبێت!. مسیۆ، ئەو پێش ئەوەی تاکە وشەیەک لەسەر نهێنییەکان بگێڕێتەوە بۆ خۆی دەیزانی ئەو شتانەی بۆ ئێمەی دەگێڕێتەوە وەک فڕێدانی سندوقێکی دارین وایە بە ڕووبارێکدا، کە کەس نازانێت بەدەم تاڤگەو شەپۆلەکانەوە کاتێک بەر تاشە بەردەکان دەکەوێت دەشکێت و هەرپارچەیەکی بە شوێنێکدا دەڕوات یان لەکەنارێکدا بەقورسی دەگیرسێتەوەو ڕێبوارێک بەڕێکەوت هەڵیدەگرێتەوە، یانژی بۆ هەتاهەتایە لەناو زەمەندو قامیشەڵانێکدا دەبێتە یادگارێک و لەبیرەوەری هیچ کەسێکدا نامێنێتەوە. ئەو هەموو ئەو شتانەی دەزانی و لەمن و تۆ باشتر مەسەلەکانی شەن وکەو کردبوو، ئەوەی من تۆ ئێستا بیری

لێدەکەینەوە ئەو بەچەند ساڵێک پێش ئەوەی بگاتە میوانخانەی پەپولە سپییەکان بە دروستی نەخشەی بۆ کێشابوو....
ئەمڕۆ، بە درێژایی ئەو ماوەی تۆ ڕۆشتیت بۆ ناو شار، لەسەر ئەم گابەردانە لەدەریاکەم دەڕوانی و چاوەروانی دەمی ماسییەک بووم زریکە لە قولاپەکەم هەڵبسێنێت، هەر بیرم لە فەرزان دەکردەوە، تۆ بڵێیت ئێستا فەرزان لە ژیاندا مایێت و ئەویش لە قوژبنێکی ئەم دونیاوە خەریکی نووسینەوەی ئەو یادەوەرییانە نەبێت بەدەستییانەوە ڕۆژانە ئازاری دەچەشت!. ئەو دەیگوت: تەنها ئەم بیرەوەرییانە دەتوانێت جارێکی تر ئێمە بەیەکەوە گرێبداتەوە، ئەگەر هەریەکێکیشمان قەدەر فڕێیدابێتە جەمسەرەکانی زەوییەوە، ئەم یادەوەرییانە بانگمان دەکاتەوەو لە جێگایەکدا وەک میوانخانەی پەپولە سپییەکان کۆماندەکاتەوە.
ئەوشەوە پێش ئەوەی دەست بەگێرانەوەی چیرۆکەکانی ژیانی بکات، هەندێک قسەی زۆر سەیری کردو بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ لە من و کامشادی دەڕوانی... بێدەنگییەکەی شتێکی نوێ نەبوو بۆ ئێمە، لەبەرئەوەی بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی لە میوانخانەی پەپولە سپییەکان بووین بەو بێدەنگییە ڕاهاتبووین.
ئەو لەدەریاچەیەک دەچوو زوقم و سەرما سەرەوەی کردبێت بە بەستەڵەک و لە قوڵایشیدا پڕ بێت لە ژیان، ئەو هێندەی ئەو بێدەنگی و ماتییەی سەرەوە لەناوەوە پڕبوو لە قسە و حیکایەتی لەبیرکراو، بەڵام ئەو چاوانەی ئەو شەوە لە ئێمەی دەڕوانی قەت لە چاوە ڕاستەقینەکانی فەرزان نەدەچوون، کە ئێمە پێی ئاشنا بووین، زیاتر لەچاوی ئەو جەلادانە دەچوو دەیانەوێت لەڕێگای زەبری چاوەکانیانەوە نهێنی بە قوربانییەکان بدرکێنن، ئەو بەو چاوە ترسناکانە دەیویست دڵنیا بێت لەوەی نهێنییەکانی دەپارێزرێت و هیچ زەبرو زەنگێک ناتوانێت پێمان ئاشکرا بکات.
دوای ماوەیەکی درێژ لە بێدەنگی، وەک هەرجارێکی تر بە دەنگە نەرمە هێمنەکەی وەک شنەی بایەک بە گوێماندا بدات هەناسەیەکی هەڵکێشاو گووتی: واهەست دەکەم سەفەری ئێمە لێرە نزیکبۆتەوەو دەبێت بڕۆین بۆ ئەو جێگایەی قەدەر چاوەڕێمان دەکات. هەمووومان دەزانین دەبێت سەفەر بکەین و بڕۆین بۆ ئەو شوێنەی لەوێ بە ئاسودەیی و وەک مرۆڤ هەست بەبوونی خۆمان بکەین و وەک شاعیرێک دەڵێت: "لەدەرگادان ئیتر داماننەچڵەکێنێت و ترس نەخاتە ناو دڵمانەوە". ئێمە هەمووومان هاتووین بۆ ئێرە بۆ ئەوەی سەفەر بکەین و بڕۆین بەدوای چارەنوسی خۆماندا بگەڕێین، براکانم دەبێت بەم زووانە ئەم وڵاتانە بەجێبهێڵین، کە تارماییەکانییان وەک شمشێرێک بەسەر سەرمانەوە هەڕەشەی سەر پەڕاندمان لێدەکەن. ئێمە لێرە جگە لە بوونەوەرێکی غەریبی دڵشکاو بەردەوام دەسکەنەی نائومێدییەکانمان دەکەین هیچی تر نین. ئێمە ڕۆژانە لەم مەملەکەتانەدا بە سەر شەقامەکانی بێهیواییدا بەدوای خەونە دزراوەکانماندا ڕادەکەین، بۆیە دەبێت ئەوانەی ئەم مەملەکەتانەی منالییان لێزەوتکردین بەنەفرەتکەین و هەڵبێین تا گەنجێتی و پیرییشمان نەکەوتوونەتە نێوان بەرداشە بێرەحمەکانییانەوەو نەیانهاڕیووین. ئا دەبێت دوور بڕۆین زۆر دوور، هێندە دوور بڕۆین جارێکی تر توانای گەڕانەوەمان نەبێت و گوێمان ڕزگارکەین لە بیستنی ئەو ووشانەی ڕۆژانە ئازارمان دەدەن....

برا بچکۆلەکانم، بەڵێنم بدەنێ هەرکاتێک گەشتنە بەرزترین پلەی دەسەڵات، بوون بە دەوڵەمەندی گەورەو خاوەن کار و توانای خوێندن و زانستتان بە لوتکە گەیشت، هەمیشە هەر بەم مێردمنداڵییە سادەیەوە بمێننەوەو پشت نەکەنە ناڵە هەژارو کەمدەرامەتەکان، لەداهاتوودا هەرشتێک بەدەست بهێنن بەرهەمی ئەم میوانخانەیە. ئەم میوانخانەیە چرۆی درەختی ژیانی ئێمەیە، کە نازانین لەکوێ و لە چ مەملەکەتێکدا گەورە دەبێت یان دەمرێت، ئەم میوانخانەیە هێلانەیەک بوو بۆ ئێمەی زەرنەقوتە، لێرەدا پەڕو باڵمان دەرکردو واخەریکە باڵەکانمان توانای فڕینیان هەبێت. براکانم، لەهەر ئاستێکی بەرزی ژیاندا بوون، قەت لە خۆتانەوە وەڵامی هیچ شتێک نەدەنەوە تا پرسیارتان لێنەکەن، بۆ ئێوە باشترە ڕۆشتنە هەرشوێنێکەوە بە بێدەنگی دەستپێبکەن. باش گوێبگرن پاشان دەست بەقسە بکەن، تەنانەت دەربارەی ئەو شتانەش دەیزانن، گوێتان لە هەرکەسێک بوو باسی شتێک دەکات پێشتر ئێوە بیستووتانە، قسەکەی پێمەبڕن و خۆتان وا نیشان مەدەن دەیزانن، چونکە ڕەنگە ئەوەی تۆ بیستووتە جیاواز بێت لەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە، ئەگەر واش نەبوو پێویست بەوە ناکات خۆتان بەسەریدا هەڵکێشن، لەبەر ئەوە ئەمە کاری گەمژەکانە دەیانەوێت لە ڕێگای ووردوخاشکردنی بەرامبەرەکانیانەوە خۆیان بونیاد بنێن، کەسێک لە ئێمە نییە تا ئەمرێت هەڵە نەکات، هەمووومان هەڵە دەکەین، بەڵام نابێت هەڵەکانمان دووبارە بن، ئەمە کارێکی خراپە، ڕۆژانە چەند هەڵەیەکی جیاواز بکەین باشترە لەوەی لە ساڵێکدا یەک هەڵەی دووبارە بکەین، چونکە ئەگەر هەر هەڵەیەکمان دووبارە کردووە، ئەوە مانای وایە لەو هەڵەوە هیچ فێرنەبووین و نەگۆڕاوین، بۆیە دەشێت هەموو تەمەنمان هەمان هەڵە دووبارە بکەینەوە، کە هەرجارەو باجەکەی قورستر دەبێت. پێویستە لەناو مێشکی خۆتاندا لە ڕووی ڕەوانییەوە، وەک مناڵێک بێتە پێشچاو پێویستی بە هاوکاری هەموو کەسێک هەیە، نەک بە تەنها لە مرۆڤەکانەوە بگرە لە قالۆنچەو مێرولەکانیشەوە شت فێردەبن و ئەزموون وەردەگرن، جگە لە گەمژەکان کەسێک لەم دونیادا نییە هەموو شتێک بزانێت، بەتەنها گەمژەکان هەموو شتێک دەزانن، سەر لەهەموو شتێک دەردەکەن و دەتوانن وەڵامی هەموو پرسیارێک بدەنەوە. مەبن بەو کەسانەش کلیلێکیان لە مێشکیانداوەو نایانەوێت گوێیان لە هیچ شتێک بێت، پێشتر پێی ئاشنا نەبوون، گوێ لەهەموو شتێکی نوێ بگرن ئەگەر بە دڵیشتان نەبوو، بیروبۆچوونی هیچ کەسێک ڕەتمەکەنەوە، ئەگەر لەگەڵیشیدا دژ بوون، بەڵکو ڕێزی لێبگرن، دەشێت ئەو بیروبۆچوونە دژانە قازانجی زۆرتر بێت لەو بۆچوونانەی هەمان بۆچوونی ئێوەن، مرۆڤ لە دژەکانەوە زیاتر فێردەبێت و باشتر لەخۆی تێدەگات، ئەگەر بمانەوێت لەژیاندا سەرکەوتووبین نابێت لە وێنە دزێوەکانی خۆمان ڕابکەین، بەڵکو دەبێت کار بۆ چاککردنیان بکەین، بە تەنها لەبۆچوونە جیاوازو دژەکاندا دەتوانین لە وێنەی خۆمان ڕابمێنین، ئێمە هەتاکو لە ئاوێنەیەکەوە سەیری خۆمان نەکەین نازانین چ جۆرە وێنەیەکمان هەیەو ئەو وێنەش ڕاستی خۆمانە یان ڕەنگدانەوەی ئاوێنەکەیە. براکانم، گوێم لێبگرن دەمێکە دەمەوێت هەندێک شتی گرنگتان بۆ باسبکەم، بەڵام کاتەکان گونجاو نەبوون، هەستدەکەم ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەندێک لە ئەزموون و بیرەوەرییەکانی خۆمتان بۆ باس بکەم، چونکە وەک گووتم: وادەی سەفەرکردن نزیکبۆتەوەو ڕەنگە پێکەوە بین، لەوانەشە بۆ هەموو تەمەنمان

لەیەکتر دابپڕێین و یەکتر نەبینینەوە! بەڵام دڵنیام ئەگەر لە ژیاندا بمێنین ئەم چیرۆکانە دەتوانێت بماندۆزێتەوە، ئا ئێمە دەتوانین ڕۆژێک بێت لە سوچێکی ئەم دونیادا یەکبگرینەوەو یادی ئەم ڕۆژە تاڵانە بکەینەوە.... دەمەوێت لەمشەوەوە هەندێک چیرۆکتان لەسەر ژیانم بۆ بگێڕمەوە، کە وەک بارێکی قورسن بەسەر شانمەوە، تەواو خەریکن ماندووم دەکەن و تەواوی ژیانم سەرلەبەر هەڵدەگێڕنەوە.... هاوڕێ بچکۆلەکانم، منیش وەک ئێوە دەمەوێت پڕۆم بۆ سەرزەمینێک تێر بە دڵی خۆم هەناسە بدەم و سەربەستانە بە چاوەکانم لەدونیاو دەوروبەرم بڕوانم. منیش وەک ئێوە تامەزرۆی ژیانێکی سادە و ئارام دەکەم، بەڵام ئەمانە تەنها چەند حەزێکن و بەس، منیش وەک ئێوە منالێم وەک گەڵای درەختەکان لە پاییزدا بەدەم خەزانی چارەنووسەوە هەڵوەری، بەڵام نایێت بهێڵین گەنجێتیمان بەهەمان دەرد بڕوات، بۆیە لەو ڕووەوە دەمەوێت ئێوە بڕۆن و ڕزگارتان بێت، تا وەک من نەکەوتوونەتە ناو داوێکی تورەهاتی تری ژیانەوە، کە دەربازبوون لێی ئاستەمە. ئێوەو هەموو منالەکانی ئەم میوانخانەیە بوون بە بەشێک لە ژیانی من ، ئێمە لێرە لە خێزانێکی گەورە دەچین، ڕۆیشتنی هەریەکێک لە ناو ئەم خێزانەوە کەلێنێک دروستدەکات، من دەزانم دوای ئێوە دەکەومە ناو چ بیابانێکی تەنهاییەوە، ئەوەش دەزانم دوای ئێوە ژیان بۆ من چەند قورس دەبێت....

براکانم، هەموومان هاتووین بۆ ئەوەی لێرەوە دەست بەگەشتە دوورەکانمان بکەین، ئا ئێمە بۆیە هاتووین بڕۆین بۆ ئەو جێگا دوورانەی هیچ شتێکیان لە ئێمە ناچن و لە هیچ شتێکیان تێناگەین، ئەم سەفەرانەی ئێمە بۆ ئەوەیە بگەینە وێستگایەک و دەستبەهەڵوەشانەوەی خۆمان بکەین، تا جارێکی تر خۆمان بە شێوەیەکی تر دروستبکەینەوە، دوور نییە بەشێوەیەکیش هەڵوەشێینەوە بۆ هەموو تەمەنمان بە هەڵوەشاوەیی بمێنینەوەو لەهیچ کەسێک نەچین، نە لەخۆمان و نە لە دەوروبەرمان. ئێمە هەموومان لەم دۆزەخانەوە هەڵدێین، کە ڕۆژانە ئێسکمان دەسوتێنن، ئێمە لەسوتانی بەردەوام بۆ جێگایەک هەڵدێین، هێشتا نازانین لە کوێی ئەم گەردوونەدا وەستاوەو کەوتۆتە کوێی ئەم دونیاوە، بەڵام زۆر ئەترسم ڕۆژێک لەبەهەشتەکانی ئەوسەری دونیاوە بۆ ئەم سوتانەی ئێرە بگرین و شەوان خەو بەم دۆزەخانەوە ببینین....

برابچکۆلەکانم، زۆر ئەترسم ڕۆژێک تاراوگە بەشێوەیەک ناخمان بکاتە بەستەڵەک بە ئاگری ئەم دۆزەخە نەبێت گەرممان نەبێتەوە، ئەترسم برینەکانی تاراوگە هێندە گەورەبن بە سوتانی ئەم دۆزەخە جارێکی تر فریو بخۆین و بە قاچەکانی خۆمان بۆی بگەڕێینەوە. دەزانم هەر دەبێت بڕۆین و ئەم دۆزەخە بەجێبهێڵین، بەڵام زۆر دەترسم ڕۆژێک بیریی بست بە بستی ئەو کۆڵان و شەقامانە بکەین، کە تیایدا مەرگ ڕاوی دەنایین، ئەترسم بیری ئەو باخانە بکەین لەترسی جەلادەکان خۆمان تیایدا حەشار دەداو بۆ ئەو ڕوبارانە بگرین خۆمان تێفڕێدەداو پێمان دەگووت بۆ کوێ دەڕۆیت بمانبە لەگەڵ خۆتدا تا پیاوکوژەکان نەگەشتوونەتە سەرمان!. براکانم زۆر دەترسم، لەم سەفەرە دوورانەدا ببین بە دوو لەتەوەو تامردن هەر لەتێکمان بەدوای ئەوی تردا بگەڕێت....

مسیۆ، ئەو شەوە یەکەمجار بوو فەرزان لە نائومێدییەکی گەورەدا ببینم، ئەو پیاوە لە درەختێک دەچوو بەرگەی هەزاران گەردەلول و باوبۆرانی بەهێزی گرتبێت، بەڵام کاتێک باسی سەفەرەکانی ئێمەی دەکرد تۆنی دەنگی دەگۆڕا بۆ ئاوازێکی

غەمناک، ئێمە نەماندەزانی ئەو دەیەوێت بەو شەوە چیمان پێ بڵێت، تەنها بە مەلولی و بێدەنگی گوێمان لە قسەکانی دەگرت، ئەو شەوە پێچەوانەی هەموو شەوەکانی تر، ئێمە نوقمی ناو بێدەنگی بووبووین، ئەو کاتانەش لەقسەکردن دەوەستاو سەری بۆ بنمیچی ژوورەکە بەرزدەکردەوە وەک ئەوەی لەو بنمیچەدا قسەکانی حەشاردابێت و بۆیان بگەڕێت بیاندۆزێتەوە، ئێمە هەر بێدەنگ بووین.
ئەو شەوە بۆ یەکەمجار باسی کەسێکی کرد ناوی خەسرەو خەسیو بوو، کاتێک ناوی دەهێنا چین چین ئارەقەی دەردەدا، ئەگەر ئەو بارە خراپ و شڵەژانەی ئەو نەبوایەت و لەکاتێکی ئاساییدا ئەو ناوەی بهێنابا دڵنیام دەماندایە قاقای پێکەنین، چونکە خەسیو لە زمانی ئێمەدا بە کەسێک دەڵێن گونیان دەرهێنابێت، کەچی فەرزان وەک مامۆستایەکی خۆی ناوی دەهێنا، کە لەژیانیدا زۆرشتی لێوە فێربووبوو، ئەو دەیگووت: هەرچی کتێبی دونیا هەیە ناتوانێت، ئەوەندەی مرۆڤێکی بە ئەزموون خزمەتت بکات، ئەگەر نەخوێندەواریش بێت. ئەو دەیگووت: لەدوای خاڵم، ئەو ماوەی لەگوندەکەیان بووم، هیچ کتێب و کەسێک نەیتوانی وەک خەسرەو خەسیو چاوم لەسەر سیاسەت بکاتەوە. ئەو شتانەشی خاڵم لەسەر شۆڕشگێڕەکان، کە ناچاریان کردم دواجار منداڵەکانی گوند بەجێبهێڵم و ببم بە مامۆستای شۆڕش و وانە بە منداڵەکانیان بڵێمەوە، لەو ئەزموونە کەمەی خۆیان لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا هەیانبوو تێپەڕی نەدەکرد. خاڵم دەیگووت: خراپترین سیفەتی شۆڕشگێڕەکان ئەوەیە؛ لەهەر مەسەلەو داوایەکی ئەواندا لەگەڵیاندا نەبیت، یەکسەر بە پیاوی دەوڵەت و دوژمنی شۆڕش تاوانبارت دەکەن، ئەو ستەمەی شۆڕشگێڕەکان لە گوندنشینەکانی دەکەن هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو ستەمەدا نییە دەوڵەت بەرامبەر شارنشینەکانی دەکات. ئەوان دەڵێن: ئێمە ئازادیتان بۆ دابین دەکەین، کەچی نانی منداڵەکانمان دەدزن، ئاخر ئێمە چی لە ئازادی بکەین، ئەگەر نانمان نەبێت بۆ منداڵەکانمان. ئەوان لێمان گەڕێن ئێمە لەم گوندانەدا ئازادییەکی خۆمان هەیە.
خاڵم پیاوێکی سادەی نەخوێندەوار بوو، بەڵام ئەزموونی تاڵی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکاندا کردبووی بە سیاسەتمەدار. بیرم دێت ئەو ئێوارەی دەبوو بۆ ڕۆژانی داهاتوو گوندو منداڵەکانی گوند بە جێبهێڵم، دەبوو ئەو قوتابخانەی بەدەستەکانی خۆم بنیادم نابوو، بە چۆڵی بسپێرم، قوتابخانەیەک بووبوو بە تروسکاییەک لە ژیانی تاریکی منداڵەکاندا، تا بتوانن هیچ نەبێت روناکییەک بکەوێتە ناو مێشکیانەوە ولە ڕێگایەوە خەونەکانیان بەدیبهێنن. ئەو ئێوارە خاڵم بەدوامدا گەڕابوو... ئەوەی ڕاستی بێت لەسەرەتاوە بە قسەکانی خاڵم دڵگران دەبووم و پێم وابوو خاڵم بەو قسانە زوڵمێکی زۆر لە شۆڕش دەکات و هەندێکجار بە شێوەیەک دەگەشتە تینم وەڵامی بدەمەوە، کە ئەمە لە نەریتی گوندەکاندا بێڕێزییەکی گەورەیە وەڵامی لە خۆت گەورەتر بدەیتەوە، ئەگەر قسەکانی راستیش نەبن و لە جێگای خۆشیاندا نەبن، بەڵام دانم بەخۆمدا دەگرت و قسەکانم قوت دەدایەوە. ئەو کاتە من مێردمنداڵێکی ساویلکەی شاربووم و هیچ شتێکم دەربارەی سیاسەت و شۆڕش نەدەزانی ئەوەندە نەبێت شۆڕشگێڕەکانمان خۆشدەویست و ئەفسانەی گەورەمان لەسەر جەنگاوەرەکانیان گوێ لێدەبوو، پرواتان هەبێت چیرۆکی سەرسوڕهێنەری وامان دەبیست، پەلەمان بوو زوو گەورەبین و ببین بە یەکێک لەو قارەمانانە، کە خەڵک

ئازایەتییەکانمان بۆ یەکتری بگێڕنەوە. منداڵێک نەبوو لە ئێمە لە ناخەوە خۆی لێنەبوویێت بە یەکێک لەو شۆڕشگێڕانەی، کە سەربازو پیاوەکانی دەوڵەت لەترسیان خەو نەدەچووە چاویان و لەبەردەم ئازایەتییاندا ئەژنۆکانیان نەشکا بێت.
منداڵیک نەبوو حەز نەکات ئەو پیاوە ئاسنینە بێت، کە دەیانگووت: "دەبابە قوت دەدات و بە لولەکەی دانەکانی پاک دەکاتەوە" ئەوە باسی ئازایەتی پیاوە ڕیشنەکە هەر ناکرێت، کە دەیانگووت: خۆی دەکات بەناو ئەشکەوتی شاخەکاندا لەناو شارەوە سەر دەردەهێنێت و گورزێکی کوشندە لە پیاوەکانی دەوڵەت دەسرەوێنێت، وەک هەموو جارێک لەناو تاریکی نیوەشەودا بزر دەبێت و بۆ سبەینێ لەسەر لوتکەی چیاکانەوە دەردەکەوێتەوە....
ئەو ماوەی لە لای نەنکم دەژیام و منداڵانی گوندم فێری خوێندن و نووسین دەکرد، هەستم بە ڕقئەستوری خاڵم کردبوو بەرامبەر بە شۆڕشگێڕەکان. لەگەڵ ناوی ئەوان بهاتبا کۆنترۆڵی خۆی لەدەستدەداو سەرە باریکەکەی ڕادەوەشاندو دەیگووت: هەم دیسان باسی ئەو بێرەوشتانەتان کردەوە، بە ناوی شۆڕشەوە دایکی هەموومانیان گا، داواتان لێدەکەم من لەهەر شوێنێکدا بووم ناوی ئەو سەگبابانە مەهێنن، ئێمە تا ئەمرین دەبێت قوری ئەوان بشێلین.... کاتێک خاڵم بە توڕەییەوە ئەو قسانەی دەکرد سەرنجم دابوو خەڵکەکە سەری ڕەزامەندییان بۆ ڕادەوەشاند، کەچی ئەوەی لام سەیربوو قەت دەریانەدەبڕی!.
ماوەیەک خوم دابووە خوێندنەوەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی شۆڕش و لەڕێگەی ئەو کەسانەی پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵیاندا هەبوو، زۆربەی بڵاوکراوەکانیانم دەستدەکەوت و دەخوێندەوە. ڕاستە زۆرێک لەو نووسین و بڵاوکراوانە لەئاستی تێگەیشتن و تەمەنی مندا نەبوون، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا سودی خۆیان هەبوو، بۆ نمونە: خۆشەویستی خاک و نیشتیمان بە جۆرێک لەناخمدا ڕەگی دادەکوتی کەمتر لەجاران هەستم بە بۆشایی خۆشەویستی دایکم دەکرد، نیشتیمان بۆ من بووبوو بە دایک و لەوێوە دونیام ئەبینی، ماوەیەکی کەم بوو دایکم کۆچی دوایی کردبوو، لە سۆزو خۆشەویستی دایکانە بێبەش بووم، بەڵام لەناو شیعرو پەخشانە شۆڕشگێڕییەکانی ئەو سەردەمەدا ئەو سۆزو خۆشەویستییەم لە باوەشی نیشتیماندا دۆزییەوە. شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی ئەو سەردەمە بۆ من بووبوون بە خۆراکی ڕۆح و هێزو وزەم لێوەردەگرتن و زۆربەیانم لەبەر کردبوو، بەلای چەم، دارستان و کێوێکدا پرۆشتبام لەبەر خۆمەوە دەمگووتنەوە....
دوای مردنی نەنکم ئیتر خاڵم بۆ من هەموو کەسێک بوو، تاکە پەناو جێگای من ئەو بوو، هەر بەڕاستیش لە دڵەوە خۆشمدەویست، بەڵام ڕقی ئەوو خۆشەویستی من بۆ شۆڕشگێڕەکان پەیوەندییەکانمانی بەرەو تەقاندنەوە دەبرد، من چیتر نەمدەویست پرۆمە ناو ئەو کۆڕو کۆبوونەوانەی خاڵم تیایاندا ئامادە دەبوو، هەمیشە خۆم دوورە پەرێز دەگرت و شتێکم دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی گوێم لەو ناهەقییانە نەیێت بەرامبەر بە شۆڕش دەکران، چیتر نەمدەتوانی گوێم لە قسەگەلێک بێت دژی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەری و نەتوانم بەرگریش بکەم، ئاخر هیچ شتێک هێندەی ئەوە قورس نییە، مرۆڤ توانای بەرگری لەخۆکردنی هەبێت بەڵام نەتوانێت بەرگری بکات و بێدەنگی هەڵبژێرێت. هەڵبژاردنی بێدەنگی مرۆڤ لە ناخەوە پردەکات لە ڕق و کینە بەرامبەر ئەو کەسانەی ناتوانێت ڕووبەڕوویان بێتەوە. من ئەمەم نەدەویست، بۆیە باشترین ڕێگە ئەوەبوو خۆم دوور

لەو جێگانە بگرم دەبنە هۆی درووستکردنی کێشەو خراپکردنی باری دەروونیم. ماوەیەک تێپەڕیکردبوو پەیوەندییەکانی من لەگەڵ ماڵی خاڵمدا ئەو گەرم و گوڕییەی جارانی نەمابوو، هەستم دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ کەشەکە بەرەو گرژبوون دەچوو، ئەگەرچی من نەمدەویست خاڵم هەست بە دڵگرانی من بکات بەرامبەر بەو قسانەی لەسەر شۆڕش و شۆڕشگێڕەکانی دەکردو وا تێبگات ئەو قسانەی ئەو وەک خەنجەر دڵ و جەرگم کون دەکەن و هەرجارێک ئەو لەدانیشتنەکانی گوندا هێرش دەکاتە سەر شۆڕش و شۆڕشگێڕەکان من لە ناخەوە بریندار دەکات، بەڵام بێدەنگیش بۆ خۆی جۆرە زمانێکی هەیە، مرۆڤ بەچاو لێیتێدەگات. ئەوەی لەو ماوەدا من وامدەزانی خاڵم هەست بەو بێتاقەتییەم ناکات، تەواو پێچەوانە بوو، خاڵم هەر لەسەرەتاوە هەستی پێکردبوو، کە من دەردێکم هەیەو ڕۆژانە ئازاریی پێوە دەکێشم، ئەو دەردەش دەردی عاشق بوونە.
بێتاقەتی من ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبوو، خۆشەویستی و دڵسۆزی خاڵیشم بۆ من، لەمپەرە گەورەکە بوو نەتوانم ڕووبەڕووی ببمەوە، چونکە دەمزانی لە کەش و هەوایەکی ئاوادا ڕووبەڕووی خاڵم ببمەوە، ئەوا ئیتر بۆ هەموو تەمەنم پەیوەندی نێوان من و خاڵم کۆتایی دێت. ڕاستە یەکێک لە دروشمە سەرەکییەکانی شۆڕش ئەوەبوو، کە "باوکی هەتیوانە" بەڵام نەمدەویست من خاڵم لە دەست بدەم و کۆمەڵێک شتی جوان بکەمە قوربانی شتێکی پیرۆز، کە لە ئایندەی دڵنیا نیم، ئا نەمدەویست ئەو ماسییە بچوکانەی هەمبوون بیانکەم بە قولاپێکەوە بۆ ئەوەی ماسییەکی گەورەتر ڕاوکەم.
ئێوارەیەک لە بن دار بەڕووە پیرەکەی تەنیشت کانیاوەکەی گوند دانیشتبووم و هەر بیرم دەکردەوە، لەمسەرەوە دەڕۆشتم بۆ ئەوسەرو پێچەوانەم دەکردەوە تەنها بەو ئاکامە دەگەشتم، کە دەبێت لە کۆتاییدا لەنێوان شۆڕش و خاڵم یەکێکیان هەڵبژێرم.... من لە بیرکردنەوەدا بووم ئازادی کوڕە گەورەی خاڵم لە پشت سەرمەوە گووتی: هەرزانیم لێرەیت، دەمێکە بە دواتدا دەگەڕێین، باوکم لە ماڵەوە چاوەڕێت دەکات و کاری پێویست و بە پەلەی پێتە....! ئەم قسانەی ئازاد وەک ئەوە وابوو لە سەرکێوێکی بەرز بێئەوەی ئاگات لەخۆت بێت بەربیتەوە بۆ سەر زەوەی و لەو ماوە کەمەی بەردەبیتەوە تا دەگەیتە سەرزەوی خەیاڵەکانت فریای هیچ نەکەون و لەپڕ بدەیت بەزەویدا، من هەر ئەوەندەم گووت: خاڵم....خاڵم منی بۆ چییە؟. ئازاد بە پێکەنینێکەوە گووتی: هیچ نییە ڕەنگە بۆ کارێکی چاکە بێت، بۆچی هیچ کوڕێک هەیە لەدونیادا حەز نەکات ژنی بۆ بهێنن....! ژن؟ ژنی چی ئازاد...؟ من کەی کاتی ئەوەمە، هێشتا من خەون بەوەوە دەبینم ڕەوشەکە کەمێک لەبار بێت و بگەڕێمەوە شار بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم، تۆ خۆت ئەمە دەزانیت، من نەهاتووم هەموو تەمەنم لێرە بەسەر بەرم.... ئازاد بە پێکەنینێکەوە... پورزا گیان، هەمووومان بەو ڕەوشەی تۆدا تێپەڕبووین و کچێک عەقڵی لەسەرمان دەرهێناوەو وەک شێت بە کۆڵان و ناو گوندا سوڕاوینەتەوە، ئەم دەردە تەنها تۆی نەگرتۆتەوە، هەموو کوڕێک لەو تەمەنەی تۆدا بەو قۆناخە ناسکەدا ڕۆشتووە، بەو چاوانەی تۆ، ئەم خونچە خوێنتاڵەی، کە هەموو ڕۆژێک یەک چینی باشی لەسەر دەمدرێژی تێهەڵنەدەم دڵم سوکنایی نایەت، شەو نەبوو تا ڕۆژ دەبێتەوە لەو سەر سەربانەی لێی دەنووستین نەمگرێنێت. پورزا خوێنەوارەکەم هەمووومان پێش ئەوەی ژن بهێنین

دەردی خۆشەویستیمان چەشتووەو داخی کردووین، پیاوێک لەم دونیا نادۆزیتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ ژنێک کە شەیدای بووە نەگریا بێت. خۆزگە خوێنەواربام و ئەو بەیت و هۆنراوانەی لەسەر خونچە دەمهۆنینەوەو لەبەر خۆمەوە بە گۆرانی دەمگووتنەوە دەنووسییەوە. شەوان مانگ هەڵدەهات وامدەزانی خونچەیە بەسەر سەرمەوەو شیعرم بۆ دەخوێندەوە، لەگەڵ کازیوەدا هەتاوم لێدەبوو بە خونچە و تیرۆژەکەی ئاگری تێبەردەدام و شێت و شەیدای دەکردم. بە سەر سەربانەکاندا بەرەو ماڵ ئەوان ڕامدەکرد، بەڵکو لە حەوشەکەوە بیبینم و ئاوێکی فێنک بکات بە ڕۆحمدا. پروا بکە ئەو خونچە ئێسک گرانەی، کە دەمدەکاتەوە حەز دەکەم یەکسەر بکێشم بەدەمیدا، لەسەربانەکەیانەوە گوێم دەگرت بەڵکو گوێم لە وشەیەک بێت لەدەمی بێتە دەرەوە. ئەو لەماڵ خۆیانەوە لەگەڵ براو خوشکەکانیدا قسەی دەکرد من لەسەرسەربانەکەوە دەتوامەوە ودەبوومە دڵۆپەیەک ئاو، ئەو قسەی دەکرد و من مەستدەبووم. پرواتە هەبێت چۆن ئێستا حەز ناکەم چرو چاوی ببینم، ئەو کاتە  لێمبووبوو بەو گوڵهەسارانەی شەوان دوای دەکەوتم و بۆم نەدەگیرا، دەرکەوتنی ئەو لەتاریکترین شەوەکاندا بۆ من وەک هەڵهاتنی مانگ وابوو، کەچی ئێستاش خۆت باش دەزانی من و خونچە چۆن ژیان دەگوزەرێنین ... ئیتر بۆ خۆت بێتاقەت دەکەیت پورزا جوانەکەم، ژن لەو دەرمانانە دەچن هێندە تاڵن زەهر لە چاویاندا شەکراوە، بەڵام وەک نەخۆشەکان بە نۆشینیان ناچارین، ئەی چۆن بۆ ئەوەی چێژ لە ژیان و تەمەن وەربگرین دەبێت هەمووومان ئەو تاڵاوە بچێژین، جگە لەوەش سونەتێکە پیاو هەست بە بوونی خۆی دەکات....

ئازادی خاڵم وەک ورێنە بکات لەبەر خۆیەوە قسەی هەلەق و مەلەقی دەکردو منیش مێشکم بەدەست هەزاران پرسیاری بێوەڵامەوە ئاوسا بوو، نەمدەزانی بە ڕاستی خاڵم چی دەوێت و هەستی بە چی کردووە! لەهەرەسهێنانی یەکجارەکیی پەیوەندییەکانمان دەترسام، هیچ شتێک لە کۆتاییهاتنی ئومێدێک تراژیدیتر نییە، کە لە چاوەڕوانی خودی کەسەکەدا نەبێت، من هەستم بە ترسێکی گەورە دەکرد، کە خۆشەویستیی نێوان من و خاڵم نەک هەر کۆتایی بێت بەڵکو بگۆڕێت بۆ ڕقێکی ئەستور، دەترسام دواجار منیش ببم بە یەکێک لەو شۆرشگێرە ناحەزانەی کەسانی وەک خاڵم و زۆربەی گوندییەکان چارەیان نەدەویستن و وەک بارێکی گران بەسەرشانییانەوە لێیاندەڕوانین....

ئێمە گەشتینە بەردەم دەرگاو هێشتا بۆ وەڵامێک دەگەڕام تواناى ڕازیکردنی دڵی هەردولامانی هەبێت، لەپڕ خاڵم بە پیرمانەوە هات و دەستێکی خستە سەرشانم و لەگەڵ خۆیدا بەرەو ژوورەوەی بردم و بە ئاماژە منداڵەکانی ئاگادارکرد، بەتەنها بەجێمان بهێڵن. لەبەرئەوەی یەکەمجارم بوو لەگەڵ خاڵم بەتەنها دابنیشم، کەمێک شەرمم دەکردو کاتێک قسەی دەکرد نەمدەتوانی سەربەرز بکەمەوەو لە دەموچاوی پروانم. سەرەتا بەوە دەستی پێکرد: کورم ماوەیەکە کز دێیتە بەرچاوم، لەگەڵ ئەوەشدا پێت وانەبێت وەلاوەم نابیت و گوێی خۆم لێ کەڕ کردبیت، لەگەڵ کورەکانمدا زۆرمان هەوڵدا هۆکاری بێتاقەتی تۆ بدۆزینەوە، هیچمان دەستنەکەوت، بۆیە بانگم کردیت تا لە زمانی خۆتەوە بیبیستم.... منیش دەزانم ئەوە بڕیارێکی قورسە نا شۆرشگێرەکان دەیانەوێت لێرەت هەڵکەنن و بتبەن بۆ خۆیان، پێت وا نەبێت ئەمە کردەوەی یەکەمجاریانە! ئەوان هەموو شتێک

به هی خۆیان دەزانن، بۆیە ئەو مافە بەخۆیان دەدەن هەرچییەکیان بوێت تەنها پرسە گورگانەیەک بکەن، یان لە خراپترین حاڵەتەکاندا دەمی خاوەنەکەی تاقی بکەنەوە، بزانن لەگەڵیاندایە یان نا.... کێ دەتوانێت ڕووبەڕوویان بێتەوە، ئەوان دەڵێن: ئێمە بۆ ئێوە خۆمان دەدەین بەکوشت و ژیانی خۆمان بۆ ئێوە لە سەر ڕێگای مەرگدا داناوە، کەچی ئێوە ئەوەندە سپڵەو بەدخوون ناتانەوێت هاوکاریمان بکەن. کوڕەکەم هیچ خەمت نەبێت، وەک پێم گووتیت جارێک ناتوانین ڕاستەوخۆ داواکانیان ڕەتبکەینەوە، چونکە ئەوان بە هیچ شتێک تێک ناچن بەوە نەبێت داوای شتێک بکەن و تۆ ڕەتی بکەیتەوە، هەرکاتێک ویستت ئەوان شێت و هار بکەیت داواکانیان ڕەتبکەوە.... هیچ خەمت نەبێت چارەیەک هەر دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی تۆ لەدەست ئەم ستەمکارانە ڕزگارت بێت.... خاڵم قسەی دەکرد و من لەناوەو ئاگرم تێبەردەبوو، وام لێهاتبوو خەریکدەبوو بتەقمەوەو کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنم، چونکە هەستم بە نا دادییەک لە قسەکانیدا دەکرد، بەڵام هەرچۆن بوو دانم بە خۆمدا گرت و چاوەڕوان بووم قسەکانی تەواو بکات.... کوڕەکەم، ئێمەی چینی خوارو هەژار هیچ شتێکمان پێناکرێت بەرامبەر بە ستەمکارەکان، پروام پێبکە سبەینێ ئەم نا شۆرشگێرانەش حکومەت و دەسەڵات بروخێنن و خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست، ئەگەر ژیانی ئێمە خراپتر نەبێت باشتر نابێت، پێت وانەبێت ئەو قسە زلانەی ئەمڕۆ دەیکەن، سبەینێ هەر لەبیریشیان دەمێنێت. نامەوێت تۆیش وەک زۆربەی گەنجەکانی شار بە درۆکانیان هەڵخەڵەتێیت و وابزانیت ئەمانە مرۆڤایەتی ڕزگار دەکەن و سبەینێ بەهەشتێکمان بۆ دەسازێنن، ئیتر کاری ئێمە دەبێت بەوەی "لە تەڕ بخۆین و لە وشک بخەوین".... حەزدەکەم ئەوەشت پێبڵێم: ئەم قسانەی من دەیکەم ڕەنگە ڕاست دەرنەچن، بەڵام وتنیان هیچ زیانێکی نییە و دەمەوێت خۆشباوەڕانە باوەش بە درۆو بەڵێنەکانیاندا نەکەیت و فریو نەخۆیت، ئەگینا تیا دەچیت. زۆری وەک تۆیان بردە لای خۆیان و لەوێ لەناویان برد، لەسەر ئەوەی وەک ئەوان بیرناکەنەوە، کورم قەت بیر لەوە نەکەیتەوە، دژی بیرکردنەوەی ئەوان قسە بکەیت، ئەگینا بە تۆمەتی خیانەت و ناپاکیی نیشتیمانی لەناوت دەبەن، بۆیە ئەم قسانەت پێدەڵێم، بۆ ئەوەی تۆیش نەبیتە قوربانییەکی تری نیازە پیسەکانییان!.

کوڕی خۆم، من ئەوەش دەزانم دەسەڵاتی ئێمە تەنها ئەوەندەیە دوعای شەڕیان لێبکەین و بڵێین خوا بۆ خۆی تۆڵەی ئەم هەموو ستەمەیان لێبکاتەوە، کەوا لەم خەڵکە ڕەش و ڕوت و هەژارانەی دەکەن.

من دەزانم تۆ خۆت کەسێکی زوو لە شتەکان تێدەگەیت، پروا ناکەم ئاوا بە ئاسانی تەسلیمی ئەوان بیت، بۆیە دەمەوێت بزانم ئەو شتە چییە ماوەیەکە مێشکی تۆی ماندوو کردووە تا پێکەوە چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، دەمەوێت ڕاستگۆیانە هەرچی شتێکت هەیە بە خاڵی خۆتی بڵێیت و هیچ شتێکم لێنەشاریتەوە، هەرچی بە من بکرێت بۆ هاوکاری تۆ درێغی ناکەم... بە گۆڕی جوانەمەرگی دایکت جیاوازی تۆو ئازادی کورم ناکەم و ئەگەر زیادەڕۆیی نەکەم خۆشەویستی تۆ بەسەر ئەودا هەیە، بۆیە داوات لێدەکەم هیچ شتێکم لێنەشاریتەوەو ڕاستگۆیانە دەردە دڵی خۆتم پێ بڵێی، پێش ئەوەی من دەستپێشخەری بکەم و دەست بخەمە سەربرینەکە! تۆ خۆت دەزانیت وا سەروریشم سپی بووەو بەشی ئەوە ئەزموونمان کردووە، کە چ شتێک عەقڵ

لەناو سەری گەنج دەهێنێتە دەرەوە، ئەمە دەردێکە هەمووومان پێیدا تێپەڕبووین و دەزانین تەنها شتێک بتوانێت پیاو دین بکات و هۆش و عەقڵ لەسەریدا نەهێڵێت ژنە. هیچ شتێک وەک ژن ناتوانێت پیاو تێک بدات، ئەگەر ڕاستر بڵێم: ژن تاکە زەقنەبوتێکە هەموو پیاوێک شەیدایەتی و بە خۆشحاڵییەوە دەینۆشێت.... قسەکەم پێبڕی و گووتم: خاڵە ژنی چی! ئەوە باسی چی دەکەیت!؟ تۆش هەمان قسەی ئازاد دەکەیت! بۆ نازانیت من هێشتا کاتی ئەوەم نییە، بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەم لە هەلێک دەگەڕێم بۆ شار بگەڕێمەوە، تکا دەکەم ئەو مەسەلە چیتر لەگەڵ مندا باس مەکەن، ئەوەی ئێستا لەخەیاڵی مندا نییە تەنها ژنە.... خاڵم قسەکەی پێبڕیم و گووتی: کوڕی خۆم، پێوویست بە هیچ خۆسەغڵەتکردن و تورەبوونێک ناکات، ئەمە قسەیەو دەیکەین، بۆ خۆت باش بیری لێبکەرەوە، من ناتوانم بەزۆر بتبەستمەوە بە هیچ کەسێکەوە، بۆیە لە کۆتاییدا دەمەوێت بزانم تۆ هیچ کەسێک لە مێشکتدا هەیە؟ دەی وەڵامم بدەرەوە کوڕی خۆم.... نا خاڵە هیچ کەسێک لەمێشکی مندا نییەو بۆ ساتێکیش هیچ کەسێک بەناو مێشکمدا گوزەری نەکردوە تا بیری لێبکەمەوە، لەوەڵامدا گووتی: ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، کەواتە من دەتوانم پێشنیاری ئەوە بکەم، کچەکەی خۆمت لێ مارە ببڕم، لەو ڕۆژەوە هاتوویتە ئێرە ئەمە خولیای من بووە، بەڵکو بەم بۆنەیەوە بیانوویەک بدەین بەدەست ناشۆڕشگێرەکانەوەو لێرە وەک کوڕەکانی تر بمێنیتەوەو پێکەوە ژیانێکی ئاسایی بەسەر بەرین.....

قسەکانی خاڵم وەک بەردێکی گەورە بێت و کەوتبێتە سەر سنگم، توشی جۆرێک لەتەنگە نەفەسی کردبووم و بەئاستەم هەناسەم بۆدەدرا. من دەمزانی خاڵم هەموو قسەکانی لە دڵسۆزییەوە بوون بۆ من، ئەوەشم دەزانی، ئەو بە تێگەیشتنی خۆی دەیوویست هاوکاری من بکات، بەڵام ئەو نەیدەزانی بەو قسانە چۆن لەناوەوە من دەهاڕێت، ئەو نەیدەزانی بەو قسانەی نەک من لەخۆی نزیک ناکاتەوە، بەڵکو زیاتر دوورم دەخاتەوەو ڕەنگە بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕووبەڕووی یەکتر نەبینەوەو چیتر گوێم لەو قسانە نەبێت لەسەر شۆڕشگێرەکانی دەکرد بۆ هەتاهەتایە یەکتر نەبینینەوە، کە دواتر هەروا دەرچوو....

ئەو شەوە هەر بیرم لەقسەکانی خاڵم دەکردەوە سەبارەت بە شۆڕشگێرەکان و لەدڵی خۆمدا دەمگووت: مرۆڤ چ بوونەوەرێکە، دەیەوێت هەموو شتێکی هەبێت و دەستبکەوێت بێئەوەی بیەوێت هیچ ببەخشێت، ئاخر تۆ بتەوێت نانت دەستبکەوێت، پێویستە زەوی بکێڵیت، ئارەقە بڕێژیت و لەکۆتایدا بەو گەرمای هاوینە دروێنەی بەرهەمی ماندوو بوونەکەت بکەیت، کەچی لەبیرت دەچێت هێلانەی دەیان کڵاوکورەو پۆرو باڵندەو جانەوەری تر دەشێوێنیت و سەرگەردانیان دەکەیت، ئێ شۆڕشیش شتێکە لەو بابەتە، خۆ ئازادی لەخۆوە نایەتە دی....

مسیۆ، لەخۆمەوە تاقەتی گێڕانەوەی هەندێک لە قسەکانی فەرزانم نییە، بەتایبەتی ئەو قسانەی لەسەر سیاسەت و شۆڕش دەیکردن... هەندێک لەقسەکانی ئەوەندە بێتام و وشک بوون بە ئێستاشەوە هیچی لێحاڵی نەبووم، هەرچەنێک سەیری تۆش دەکەم دەڵیی لەسەر پشکۆیەک ئاگر دانیشتوویت و ناتەوێت گوێت لە هیچ بێت، جگە لەوەی بزانیت ئەو شتە نهێنییە چیبوو ئەو شەوە بۆی گێڕاینەوە....!.

مسیۆ بەو قەبرە هەمووومان دەچینە ناویەوە، ئەم دونیا جگە لە کۆمەڵیک قسەی قۆڕ هیچی تر نییە، ئەم ژیانە وەک خەون وایە، ئیتر یان خۆشە یان ناخۆشە، بۆ هەندێک کەسیش لەو خەونانە دەچێت، لەگەڵ خەبەری بوویەوە هەمووی بیردەچێتەوە، ئاخر مسیۆ، خەون خۆش بێت یان ناخۆش لەگەڵ بێداربوونەوەدا بە شێوەیەک کۆتایی دێت هەر ئاسەواریشی نامێنێتەوە، ژیانیش شتێکە لەو بابەتە، لەگەڵ کۆتایی هات و خەوی یەکجارەکی بردیتییەوە، ئیتر هیچ ئاسەوارێکی نامێنێتەوە.

مسیۆ، دەزانی هەندێک جار سەیری تۆ دەکەم و بیردەکەمەوە، لەخۆمەوە واهەستدەکەم خەو دەبینم، پڕوام پێبکە، وا نەزانیت زۆرم خواردۆتەوەو کەمێک سەرم تای لێهاتووە، هەموو تەمەنم هەستم نەکردووە بە ڕاستی دەژیم، جگە لەوەی وا هەستدەکەم من مردوویەکم و لەو دونیاوە خەو بەم سەرزەمینەوە دەبینم.... وەرە با سەرو پێک بخۆینەوە لەچاوی ئەوانەی قەت لەخەوندا ناژین....

مسیۆ، ئەو شەوە فەرزان هات بۆ لامان، دیاربوو ئەویش تێر لەم قوزەڵقورتەی خواردبۆوە، دانیشت و دوای بێدەنگییەکی زۆر، پاشان کەوتە قسە.... دەمەوێت پێش ئەوەی لێرە بڕۆن نهێنییەکی ژیانی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە، کە من چۆن گەیشتوومەتە ئێرە!. مسیۆ، هەر کە باسی نهێنی کرد ڕێک و ڕاست وەک ئێستای تۆ، هەر چیرۆک و بەسەرهاتێکی تری دەگێڕایەوە، من لەم گوێچکەمەوە دەچووە ژوورەوەو لە گوێچکەکەی ترمەوە دەڕۆشتە دەرەوە، مێشکم لای نهێنییەکە بوو، ئەویش بەتاقەتی خۆیی و شێنەیی ورد چیرۆکەکانی دەگێڕایەوە، کەچی من هەر پەلەی ئەوەم بوو بزانم نهێنییەکە چیە، نازانم ئەو خوە خراپەی مرۆڤ چییە، تۆ هەزاران حیکایەتی بۆ بگێڕیتەوە، ئەو دەیەوێت هەر ئەوەی گوێ لێبێت، خۆی پێیخۆشە!.

ئەو ئاوا دەستی پێکرد، ئەمشەو نامەوێت کاتەکان بە هەندێک قسەوە بەسەربەرم، کە ڕەنگە هیچ سودێکیان نەبێت، ناشمەوێت ئەو شتە بێکەڵکانەش بگێڕمەوە مرۆڤ توشی نائومێدی و بێزلەخۆبوونەوە دەکەن، بە دڵنیاییەوە باسی ناپاکی لەیەکترکردن و تەڵەنانەوە بۆ هاوڕێ، هاوخەبات و هاوخوێنەکانیش ناکەم.... بەتەنها دەمەوێت باسی ئەو کاتەتان بۆ بکەم، بۆ لەناو شۆڕشگێڕەکان نەمتوانی بەردەوام بم و هەڵهاتم، یان باشترە بڵێم فڕاندمیان....!

شەوێک لە شەوەکانی پاییز لە یەکێک لە ئۆردوگاکانی سەرکردایەتی شۆڕش، کە دەکەوتە دامێنی کۆمەڵە چیایەکی بەرزو سەختی چڕە دارستان، چیاکان بە شێوەیەک بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون، شەوانە لەکاتی هەڵهاتنی مانگدا مرۆڤ هەستی دەکرد بەئاسانی دەستی پێیرابگات، پرواتان هەبێت شەوی وا هەبووە بینیوومە وەک ئاوێنەیەکی گەورە لکاوە بە پشت شاخەکەوە، ئێستاش گومانم نییە، ئەگەر مرۆڤێک لەوکاتەدا لەسەر لوتکەی شاخەکە بوایەت، ئەگەر دەستی پێی ڕانەگەشتبا بە ئاسانی وێنەی خۆی تێدا دەبینی. لەناو قەدی شاخەکەوە سنگێک هاتبووە دەرەوە، لەدوورەوە لە سنگ و بەرۆکی ئافرەتێکی شۆخی دەکرد لە مەمکەکانییەوە شیر بپرژێت، ئەوەندە جوان کانیاوێک بۆ خوارەوە پەرژ دەبووەوە. لە ناوباخەکاندا دەیان دارهەنار، گوێز، هەنجیرو هەرمێ هەبوون، شۆڕەبیی گەورە گەورەش ملیان بەناو ئەو چەمەدا شۆڕکردبووەوە، کە بە بێدەنگی وەک ڕێبوارێک

خەیاڵ بردبێتییەوە، دوور دوور ملی ڕێگای گرتبووە بەر. لە شەوێکی پاییزدا شاخەکان شینیان دەکردەوەو دەرەختەکان نوقمی ناو مەرگی گەڵاکان بوون، کزەباپەکی سارد لەپشتی دەدایت و لەسنگتەوە بۆی دەردەچوو، گەڵاکان بە کۆمەڵ زەرد زەرد بەدەم سەماوە دەوەرین....
ئەو ئێوارە پێش ئەوەی شەو دابێت و بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم و ئەوەی چاوەڕوانی نەبووم ڕوویدا....! پیاسەیەکی دووروو درێژم بەناو دارستانە زەردەکەدا کرد، من بەناو دارستانەکەدا دەڕۆشتم و پێم بەهەزارەها گەڵای زەرددا دەنا، ئەو ڕۆژە نەگبەتەم بیرکەوتەوە، بۆ دواجار ماڵئاواییم لە گۆڕەکەی دایکم کرد، پۆلە باڵندەکە هاتنەوە بەرچاوم، بەخێرایی بەسەر ماڵماندا فڕین. ئەو ئێوارە بۆنێکی زۆر سەیر دەپرژا بە لوتمدا، حەزم دەکرد پڕ بە سییەکانم لەو بۆنە تەڕە هەڵمژم. سەرەتا وامدەزانی بۆنەکە لە پێشمەوەیە، بۆیە زیاتر هەنگاوم بۆ پێشەوە دەنا، کەچی چەندین هەنگاو دەڕۆیشتم هەستم دەکرد بۆنەکە لەدوامەوەیە، بەپەلە دەگەڕامەوە دواوە، کەچی بۆنەکە لە ڕاستەوە، لەچەپەوە، لە پێشەوە گەمارۆیاندابووم، بۆیە وەستام و تێر بە دڵی خۆم لەو بۆنە تەڕەم هەڵمژی، هێندە بۆنم هەڵمژی هەر تێر نەبووم لێی و هەر تێر نەبووم، دانەویمەوە مشتێک گەڵام هەڵگرت و لە نێوان هەردوو لەپی دەستمدا نام بە لوتمەوە، ئینجا تێگەیشتم ئەو بۆنە بۆنی مردنی گەڵاکانە. چ هەستێکی سەیربوو! بۆ یەکەمجار لەژیانمدا بۆنی مردنم لاخۆش بێت، بۆیە پێمخۆشبوو باوەشێک لەو گەڵا چاوزەردانە لەگەڵ خۆمدا بەرمەوە بۆ ژوورەکەم، کەچی ئەو گەڵا چاوزەردانە تەنها بۆنیان لەو جێگایەدا خۆشبوو، کە لێی دەمردن....
ئەو ئوردوگا ئێمە لێی دەژیان نزیکەی پەنجا ماڵێک دەبوو، دوکانێکی بەقاڵی و چایخانەیەکی گەورەشی تێدابوو، هەموو ئەمانە سەر بەشۆڕش بوون بە قوتابخانەکەشەوە، کە من و چەند مامۆستایەک وانەمان تیایدا دەگووتەوە. ماڵەکانی ئۆردوگاکە کرابوون بە سێ بەشەوە، بەشی یەکەمیان، کە تەواو دەکەوتە شوێنێکی بەرزایی لەدامێنی چیاکەدا نزیکەی بیست ماڵیک دەبوو، تایبەت بوو بە ماڵی سەرکردەو بەرپرسە گەورەکان و چواردەوری تەلبەندکرابوو، تەنها دەرگایەکیان بۆ هاتووچۆ هێشتبووەوە، لەوێش شەوو ڕۆژ پاسەوانی لێدانرابوو. بەشی دووەمی ئۆردوگاکە درێژکراوەی بەشی یەکەم بوو، نزیکەی پانزە ماڵی بەرپرسە مامناوەندەکانی لێبوو، هەر بەدوای ئەمدا بەشی سێهەم دەستی پێدەکرد، کە 15 ماڵێک دەبوو لەگەڵ چەند خانۆچکەیەکدا، کە لکابوون بەیەکەوە بۆ مامۆستاو ئەو ماڵانەی وەک خزمەتکار کاروباری چێشتلێنان و جلشۆرین و ئەو ئیشانەیان پێسپێردرابوو، قوتابخانەکە کەوتبووە ناو بەشی دووەمەوە، بەڵام چایخانەو دوکانی بەقاڵیەکە دەکەوتە کەناری بەشی سێهەم. من وەک هەر مامۆستایەکی تر ژوورێکیان لەبەشی سێهەمی ئۆردوگاکە دامێ، بەڵام کەسێکی وەک خەسرەو خەسیو ژوورێکی لە ناو بەشی یەکەمدا هەبوو، چونکە ئەو خزمەتکاری تایبەتی خێزانی سەرهەنگ بەهزاد بوو، ئەمەش کاتێک زانیم هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو.
من یەکەمجار خەسرەو خەسیوم لەقوتابخانەکە بینی، کاتێک دوو منالی بەرپرسەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناو خۆی پێناساندم، یەکەمجار سەرم سورما کەسێک بەو شێوە خۆی پێشکەش دەکا، منیش پێمگووت: خۆشحاڵم بە

ناسینتان، کەمێک لەسەرەوە بۆ خوارەوە لێم ڕاماو بە چاوێکی ئەوەندە گوماناوییەوە تەماشای کردم، تاماوەیەک تووشی دوودڵی و لەخۆڕامانی کردم، بەداخەوە، کات یاوەر نەبوو، ئەو پرسیارەی لێبکەم، ئەگەرچی تا ئێستاش ئەو تێڕوانینەی ئەو پرسیارێکی گەورەیەو لەناخمدا دێت ودەچێت. سەرێکی ڕاوەشاندو گووتی: خۆشحاڵم مامۆستا، ئەوە دوا گفتوگۆی خەسرەو خەسیو بوو لەگەڵ مندا بە درێژایی ئەو سێ ساڵەی، کە هەموو شەوێک ئەگەر بۆ پانزە خولەکیش هاتبێتە لام دەهات و بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات دادەنیشت و گوێی لە قسەکانی من دەگرت.

من لەو پیاوە سەرم سوڕمابوو، لە ماوەی ئەو ساڵانەی من ناسیم، تەنها چەند قسەیەکی دەزانی، بەڵی گەورەم، باشە گەورەم، بەسەرچاو گەورەم، فەرمانتە گەورەم و خانمەکەم کارێکتان نییە، ئێوە چی دەڵین بەسەرچاو جێبەجێیدەکەم، ئێوە چۆن دەڵێن با وابێت گەورەم، خانمەکەم، هەرشەوێکیش دەهاتە لای من تەنها دوو دێڕی دەگووت: مامۆستا دەتوانم بێمە ژوورەوە، مامۆستا من دەبێت بڕۆم... سەرەتا ئەم هەڵسوکەوتەی خەسرەو خەسیو زۆر پەست و بێزاری دەکردم. هەندێک قسەی خاڵم خەریک دەبوو گومان لەسەر بیروباوەڕەکەم دابنێن، نەوەک ئەمە وەک سیخوڕێك بنێرن تا بزانن من چۆن بیردەکەمەوەو چی دەڵێم!.

ئەم بۆچوونەم لەجێگای خۆیدا نەبوو، چونکە زوو ڕەوییەوە بەوەی یەکێک لەمامۆستاکان بینیبووی سەردانم دەکات، بۆ سبەینێ بە توانجێکەوە گووتی: خوا دەروی لێکردوویتەوە وا خەسرەو خەسیو بۆ لات دێت، من لەمەبەستەکەی تێنەگەیشتم دەیەوێت چیم پێبڵێت، گووتم: مەبەستت ئەو پیاوە گوناحەیە دێت دادەنیشێت و بێئەوەی هیچ بڵێت دەڕوات، سەیرێکی کردم و دەستێکی دا بەشانمدا گووتی: تۆ زیرەکیت هەر زوو لەمەسەلەکە تێگەیشتوویت، ئەوە هەمووومانی بەو بێدەنگییە شێتکردووە، هەر ماوەیەک بە مامۆستایەکەوە دەیگرێت، هەموو شەوێک دەڕواتە ژوورەکەیی و بێئەوەی هیچ بڵێت دەڕواتە دەرەوە، ئەوە نەگبەتێکە شوێنەکەی بەس قابیلی ئەو نییە! لەبەر خۆیشییەوە گووتی: ئێ ئەو شوێنانە هەر بەو گێلانەی دەدەن، ئێ هەرواشە.... من خۆم لە گێلی قسەکەی داو ویستم بزانم ئەو پیاوە بۆ هەر ماوەیەک بە یەکێکەوە دەیگرێت و چی دەوێت، وەڵامەکەی ئەو ئەوەبوو، کە ئەوە بۆ خۆی شێتەو دەیەوێت ئێمەش بە خۆیەوە تێک بدات، قابیلە بۆچی دێت، بە توانجێکەوە تۆ مامۆستایەکی گەنجیت، بەڵکو چارەسەرێکی بۆ بدۆزیتەوە....!

برابچکۆلەکانم، ئەو کاتە من تازە ڕۆشتبوومە ناو دونیایەکی نوێیەوە، هەموو ئەو مرۆڤانەی تازە دەڕۆنە ناو دونیایەکی نوێوە دەبنە نێچیری ئەوانەی پێشتر لەوێ بوون، هەموو کەسێک دەیەوێت بۆ مەبەست و بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریبهێنێت، هەموو کەسێک دەیەوێت بیرکردنەوەی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت، دەتوانم بڵێم منیش سەرەتا یەکێک بووم لەو قوربانییانە، تا وردە وردە شارەزایم پەیداکردوو لە نهێنییەکانی ژیانی ئەوێ تێگەیشتم کاتی ویست. وا بزانم شتێکی گرنگم بیرچوو بۆتان باسبکەم، کەبەشێکی تایبەت هەبوو هیچ کەسێک نەیدەتوانی پرواتە ئەوێ ئەگەر روخسەتی فەرمی پێنەبێت، ئەو بەشە لەچەندین خانووی گەورە پێکهاتبوو چواردەورەکەشی بە دیواری بەرز گیرابوو، بەتەنها لەسەربانەکەوە چەندین ئاریەڵی بەرزو وایەری تێکئالاوت دەدی، پێیان دەگووت:

ڕاگەیاندن، من دواتر بەم شوێنە ئاشنا بووم و زۆر سودم لێوەرگرت، بەشی ڕادیۆ، چاپخانەو بڵاوکراوەکانی لێبوو، لەگەڵ کتێبخانەیەکی سنورداردا.

ئەو مامۆستایانەی پێشتر لەوێ بوون ئەزمونێکی باشیان هەبوو، کارە قورسەکانیان بۆ مامۆستا نوێکان جێدەهێشت. سەرەتا بەیانییان من وانەم بە چەند منالێک دەگووتەوە، تەمەنیان لە نیوان پێنج بۆ حەوت سالان بوو، بەسەریەکەوە نەدەگەشتنە دە قوتابی، ئێوارانیش دەبوو لای چەند کادرێک وانە لەسەر شۆرش وەرگرین. سەرەتا من زۆر چێژم لەو کۆرو کۆبوونەوانە وەردەگرت و هەر بەڕاستیش سودم لێبینین، جگە لەوە هاندەرێکی باشیش بوون بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی لەوێ دەستدەکەوتن. بیرم دێت بۆ یەکەمجار سەردانی کتێبخانەکەم کرد بۆ وەرگرتنی کتێب، خەریکبوو پەلاماری هەموو کتێبەکان بدەم و لەگەڵ خۆمدا بیانبەم، کەچی بەرپرسی کتێبخانەکە بە توانجێکەوە گووتی: لەوە دەچێت تازەبیت لێرە!، وەلامەکەم بەلێ بوو، بەلام پرسیم، تۆ بە چیدا دەزانیت؟ سەرێکی باداو پشتی تێکردم، وەک بیەوێت لەگەڵ یەکێکی تردا قسە بکات، گووتی: هەر تۆ نیت، هیوادارم تۆش لەوانە نەبیت، کە سەرەتا دێنە ئێرە بە حەسرەتەوە پەلاماری کتێب دەدەن و هەر پاش خوێندنەوەی چەند کتێبێک ئیتر خۆیان لێدەبێتە کارڵ مارکس و هەموو تەمەنیان ڕێگایان ناکەوێتەوە ئێرە! بەم قسەیە کەمێک پەشۆکام و گووتم: ببورە خۆیان لێدەبێتە کێ...؟ خۆیان لێدەبێتە کارڵ مارکس، ناشێت تۆش خۆت بە یەکێک لەوانە بزانیت و گاڵتەت بە عەقڵم بێت! نابورە ئەو ناوەم نەبیستووە، ئەوە کێیە؟ بەرپرس و شتی گەورەیە لێرە....؟ بەهەردوو دەستی دای بەسەریاو بەدەنگی بەرز گووتی: قور بەو تەوقی سەرم، شۆرش جوان سەرئەکەوێت، مامۆستاو بلیمەتی ئاوای هەبێت.... ڕاستییەکەی ئەوەندەی تر پەشۆکام و وەک هەڵەیەکی گەورەم کردبێت یان بەهەڵە لەدەرگای ماڵێکم دابێت، بە پەلە دەرپەڕیمە دەرەوە.

ڕۆژێکیان ویستم لەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکاندا لەسەر خوێندنەوەی کتێب گفتوگۆ بکەم، بۆئەوەی هاوکاریم بکات چۆن دەست بەخوێندنەوە بکەم، پرسیم: مامۆستا دەمەوێت بخوێنمەوە، دەتوانیت هاوکاریم بکەیت لەکوێوە دەستپێبکەم؟. قاقایەکی بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز لێدا، "یەکسەر لە شوێنی خۆم تەریقبوومەوەو هەستم کرد پرسیارێکی زۆر ساویلکانەم کردووە" گووتی: کورم، پێتناخۆش نەبێت، ئەو پرسیارەی تۆ وەک ئەوە وایە، بڵێیت: مامۆستا برسیمە، چی بخۆم باشە، کتێب وەک خواردن وایە، کتێبی باش وەک خواردنی باش سودی هەیە و خراپیش زیان، بەلام چۆن دەتوانیت باش لە خراپ جیا بکەیتەوە، ئەوە نهێنییەکەیە. خواردن هەیە دەیخۆیت زۆر خۆش و بەتامە، بەلام تا لە لەشتدا بڵاونەبێتەوەو تێکەڵ بە خوێنت نەبێت نازانیت ژەهراوییە، کتێبیش هەیە چێژدارە، بەلام مێشکت ژەهراوی دەکات، ئەمە شتێکە من ناتوانم ناچارت بکەم، حەزت لە پەتاتەی سورەوەکراو بێت، یان برنجی سور، باشترە خۆت تامیان بکەیت، تۆ نابێت بە دوای چێژدا بگەڕێیت، پێویستە بەدوای سودوەرگرتندا بگەڕێیت. تەنها شتێک بتوانم هاوکاریت بکەم ئەوەیە، کۆمەڵ کتێبێک هەن بۆ سەرەتای تۆ خراپ نین، وەک کتێبەکانی میخایل شۆلۆخۆف، نیکۆلای ئۆستروفسکی، مەکسیم گۆرکی، ئێدوارد کلاودیوس و کۆمەڵیک چیرۆکی ئەنتۆن چیخۆفیش هەن خراپ نین، ئەگەر

تۆ توانیت ئەمانە بخوێنیتەوە، ئەوا ئەوان بۆ خوێندنەوەی کتێبی تر هاوکاریت دەکەن....
کورینە، دەزانم ئەم قسانە بێماناترین قسەن بۆ ئێوەی دەکەم، بەڵام دەمەوێت یەک شتی گرنگتان پێبڵێم، ئەم خولیایەی من بۆ کتێب و فێربوون، بووە هۆی ئەو هەموو دەردە سەرییەی، کە دەبێت تا دەمرم باجەکەی بدەم. دەزانم لەوەتەی من دەناسن قەت ئەوەندە قسەی بێتام و بێماناتان لە دەمی منەوە نەبیستووەو پەلەی ئەوەتانە بزانن ئەو نهێنییە چییە، دەمەوێت بۆتان بگێڕمەوە، بەڵام بێ باسکردنی ئەو ئارەزووەی من بۆ خوێندنەوە، ناتوانن لەناوەڕۆکی کارەساتەکە تێبگەن، بۆیە داواتان لێدەکەم باش گوێبگرن....
ئەو کوڕەی بەرپرسی کتێبخانەکە بوو ناوی دانای بلیمەت بوو، بەڕاستی ناوەکەی هەر بە خۆیەوە بوو، نەک من هەر کەسێک بۆ جارێک و داوای کتێبێک ڕۆشتبێتە کتێبخانەکە سەرسامی خۆی بۆ بلیمەتی نیشانداوە، بگرە کەسە باڵاکانی سەرکردایەتی پێی سەرسام بوون، پرس و ڕایان سەبارەت بەناوی کتێب و نووسەرەکان پێدەکرد، بلیمەتی ئەو کوڕە لەوەدا بوو تۆ ناوی کتێبێکت دەبرد یەکسەر ئەو ناوی نووسەرەکەی تەواو دەکرد، ناوی نووسەرێکت دەگووت، ئەو یەکسەر ناوی کتێبەکانی بۆ دەژماردیت.... دووەم کەسێک، کە زۆر پێی سەرسام بووم و زۆرشتی لێوە فێربووم ئەو کادرە بوو وانەی سیاسی ئێوارانی پێدەگووتینەوە، ناوی دکتۆر زوپیر بوو... کەسی سێهەم ئەو مامۆستا بەتەمەنە بوو، پێشتر ڕێنمایی کردبووم بۆ خوێندنەوەی کتێب، کە دواتر زانیم یەکێکە لە نووسەرو ڕۆشنبیرە گەورەکانی شۆڕش و جێگایەکی تایبەتی لە پرس ورا پێکردندا هەیە... ئەڵبەتە خەڵکی تریش هەبوون، کە پێویست ناکات ناویان بهێنم، ڕەنگە ئێستا ناوەکەیانم بیر نەمابێت، ئەگەر بیرم هاتنەوە بۆتان باسدەکەم.
من سەرەتا لەگەڵ ئەمانەدا دەستم بە فێربوون کرد، هەر ئەمانیش بوون چاویان لەسەر زۆرشت کردمەوەو بووم بە خوێنەرێکی باش و بەماوەی ئەو چەند ساڵە لەوێ بووم زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکانم خوێندەوە.
مسیۆ، پێش ئەوەی فەرزان دەست بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بکات، سوێندی داین، چەندینجار بەڵێنی لێوەرگرتین، کە ئەم ڕووداوە وەک خۆیی بگێڕینەوە، ئەو شەوە هیچ لە فەرزان نەدەچوو، لە پیاوێکی تاوانبارکراو دەچوو لەبەردەم دادگادا بەرگری لە خۆیی و ڕاستییەکان بکات، ئەو دەیگووت: من هیچ پەشیمان نیم لەو بیروباوەڕانەی ئەو کاتە دەرمدەبڕین، ئێستاش بەرگری لەو قسانەم دەکەم، کە دەمکردن، بەڵام بەسەرهاتەکەی خەسرەو خەسیو پەیوەندیی بە منەوە نییە، هەموو کەس پێیان وایە من بوومەتە مامۆستای خەسرەو خەسیو و فریوم داوە، کە تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە. هەڵەیەکی گەورەیە ئێمە پێمان وابێت مرۆڤە گێلەکان تەنها بەکەڵکی ئەوە دێن پێیان ڕابوێرین، کەچی من لە خەسرەو خەسیوەوە ئەوە فێربووم، کاتێک تۆ دەتەوێت بە گێلەکان ڕابوێریت و بە قسەگێلەکانی بتخاتە پێکەنین، ئەو لەناخەوە بۆ گێلێتی تۆ دەگری، ئەو لەدڵەوە بەزەیی پێتدا دێتەوەو دەیەوێت هەرچۆنێک بێت دڵتخۆش بکات.
ڕاستە خەسرەو خەسیو بە ڕواڵەت پیاوێکی گێل بوو، پیاوێک بوو، هەموو تەمەنی لەکۆمەڵێک وشە زیاتر هیچی نەدەدرکاند، بەڵام لە ناوەوە یەکێک بوو لە پیاوە تێگەیشتووەکانی ئەم دونیا، هەموو ئەوانەی بە شێت و گێلیان دەزانی، ئەو بەو

منالآنەی پەسن دەکردن، کەلەخۆیانەوە بەرد دەگرنە بۆقەکان و دواى مراوێکان دەکەون تا هەڵیانفڕێنن....
بیرم نەچێت مسیۆ، ئەو شەوە ئەوەشی گووت: "شایگانی پوژمان، کامشاد" ئێوە ئەو دوو کەسەن بە تەنها ئەم نهێنییەی ژیانی من دەزانن، ئەوەش دەزانن ئاشکرابوونی پەیوەندی نێوانمان زیانی بۆ ئێوەش دەبێت، پێویستە ڕۆژێک بێت ئەگەر لەژیانیشدا نەمابم ئەم هەڵەیە ڕاستبکرێتەوە، تاکە هیواى من ئێوەن، ئەم کارە بەتەنها بە ئێوە دەکرێت، تەنها ئێوە دەتوانن درووستی بەسەرهاتەکە لە دەمی منەوە بگێڕنەوە، کێ گومانی ئەوە دەکات، ئێوەی مێردمندالْ هەڵگری نهێنییەک بن، کە پیاوە گەورەکانی شۆڕش سەر زەوی و ژێرزەوی بەدواى خاوەنەکانیدا دەگەڕێن، ئێستا دەزانن بۆ ئەم پەیوەندییەم بەنهێنی هێشتۆتەوەو ئاوا درەنگانی شەو دێمە لاتان، لەوەش تێدەگەن بۆ لەگەڵتاندا خراپم و هیچ ڕوویەکی خۆشتان نادەمێ. دواتر لەوەش تێدەگەن، بۆ بە بێدەنگی درەنگی شەوان سەردانتان دەکەم، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لە خەسرەو خەسیوەوە فێربووم، ئا لەو مامۆستا مەزنەوە زۆر شتی تر فێربووم و چاوم لەسەر جیهان کرایەوە.
مسیۆ، ئەوە بۆ وا بە بێدەنگی چاوت پڕیوەتە چاوەکانم و گوێیەکانت کردوون بە هەزار، دەترسم تۆش لاسایی، خەسرەو خەسیو بکەیتەوە، تو خوا وانییە مسیۆ هاهاهاها... ئەمشەو ئەوەندەم درێژدادڕی کرد خەریکە زمانم لەدەممدا دەبێتە تەختە، با قومێک ئاو بخۆمەوە، جگەرەیەکی بۆ داگیرسێنم و پێکێکی تری بۆ هەڵدەم، باسی ئەو خەسرەو خەسیوەت بۆ دەگێڕمەوە، کە چۆن سێ دانە ساڵ بە بێ ئەوەی یەک دێڕ قسە لەدەمی بێتە دەرەوە، زۆر بە نهێنی ژیانی فەرزان داگیردەکات و دواجار وەک بۆمبێک دەیتەقێنێتەوە!.
مسیۆ، خۆزگە دەمزانی ئێستا فەرزان لە کوێیە؟، تۆ بڵێیت، ئێستا ئەو منی لەبیرمابێت! دەبێت ئێستا ڕەنگ و شێوەی چۆن بێت! ئەو نزیکەی دە ساڵێک لە ئێمە گەورەتر بوو، کەواتە مسیۆ، ئێستا ئەو لەمن پیرترە! خۆزگە بە پیریی دەمبینی، نا پڕوا ناکەم ئەو منی هەر لەبیر مابێت، ڕەنگە ئێستا ئەو هەر بیر لە خەسرەو خەسیو و خانم ئازێتا بکاتەوە، کاتێک ناوی دەهێنا ڕەنگی سور هەڵدەگەڕا، دڵنیام ئێستا هەر بیر لەئەوان دەکاتەوە، ئەگەر دەستە ڕەشەکانی پیاوانی شۆڕش گیانیان لە لاشەی دەرنەهێنابێت... بخۆرەوە مسیۆ، لە چاوی ئەو چارەنووسەی هەردووکمانی بەم کەنار دەریا گەیاند، نۆش....
مسیۆ، هەرچەند سەیری چاوەکانت دەکەم، دەتەوێت پرسیارێک بکەیت و ناوێریت...! لەبەر ئەوەی ئەمشەو، قسەکردن ماندوویکردم، نەمتوانی تێر بە دڵی خۆم بخۆمەوە، نەمتوانی کەمێک سەیری ئەو یەختە جوانانە بکەم، بە بەردەماندا تێدەپەڕن و پاش ماوەیەک لە ناوەڕاستی دەریاکەدا لەنگەر دەگرن. مسیۆ، زۆرم حەز دەکرد، منیش شەوێک لەگەڵ ژنەکەمدا هاهاهاها لەناو یەختێکدا لەو قوڵاییەی دەریادا بەسەر بەرم، دڵنیام خەوی ناو ئەو یەختانە لە خەوی ناو بێشکەی منالی دەچێت، کاتێک یەکێک ڕایدەژەنێت....
مسیۆ، نامەوێت چیتر سەرت بئێشێنم، دەزانم پڕبوویت لە پرسیار، ئەوەش دەزانم، کە من پیاوێکی زۆر خۆپەرست و خراپم، ڕێگای پرسیارەکانت لێدەگرم، زۆرجار خۆم وەک ئەو پیاوانە دێتە پێشچاو، دەیانهێننە سەر تی ڤییەکان بۆئەوەی

پرسیاریان ئاڕاستە بکەن، کەچی قەت وەڵامی ئەو پرسیارانە نادەنەوە، کە لێیان دەکرێت، ئەوان هەمیشە پێیانخۆشە قسەکانی دڵی خۆیان بکەن، نەک وەڵامی پرسیارەکانی خەڵک بدەنەوە، تۆش لەبەرامبەر تی ڤییەکەدا دڵت دەئاوسێت. دە پێم بڵێ بزانم من لەو کەسانە ناچم....؟
مسیۆ، من ئەمشە تەواو ماندوو بووم، تاقەتی قسەکردنم نەماوە، تۆیش بۆ ئەوەی لەوە زیاتر دڵت نەتەقێت، دەست بکە بە پرسیارەکانت، ئینجا من تاقەتی وەڵامدانەوەی هیچیانم نییە، مسیۆ، باشترین هەلە دڵی خۆت هەڵڕێژیت، ڕوا بکە، بە باشی گوێت لێدەگرم، بەڵام تو سەری ژنەکەم، هاکا پەیدا بوو هاهاهاها داوای وەڵامم لێ مەکە....

## شەوی چوارەم

مسیۆ، دوێنێ شەو تۆ پرسیاری ئەو خانمەت کرد، کە لەگەڵ خەسرەو خەسیودا ناوم هێنا، بەداخەوە تۆ ناوەکەت لەبیرچووبوو، منیش تاقەتی وەڵامدانەوەم نەبوو، ئەو خانمە ناوی ئازێتا بوو، خێزانی سەرهەنگ بەهزاد بوو، وەک فەرزان باسی دەکرد لەو ژنانە بوو بەهەر ڕێگایەکدا ڕۆیشتبا پیاوەکان لەجێگای خۆیان دەچەقین و تا ماوەیەک دەمیان بە کراوەیی دەمایەوە، نازانم دوێنێ شەو باسم کرد یان نا، فەرزان هەر لەگەڵ ناوی دەهێنا سور هەڵدەگەڕاو بۆ ماوەیەک بێدەنگ دەبوو.
یادی بەخێر فەرزان، دەیگووت: هەندێک ڕووداو هەن لە سەرووی دەسەڵاتەکانی مرۆڤەوەن، هیچ کەسێک لە ئێمە ناتوانێت ڕێگایان لێبگرێت. کێ لە ئێمە لە خەویشدا ڕۆژگارێکی وەک ئەم ڕۆژگارەی دیوە، کە تێیکەوتووین؟ کێ لە ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووە لە ناسکترین ساتەکانی تەمەنیدا بکەوێتە بەر ڕەشەبای نەگبەتی و جگە لەخۆی کەسێک گوێی لە هاوارەکانی نەبێت!.
ئەو دەیگووت: برا بچکۆلەکانم، لە ئێوە زیاتر ئەمڕۆ کەسێک شک نابەم گوێ لە سکاڵاکانم بگرێت، ئاخر ئەگەر ئێوە نەبن لە چ جێگەیەکی ئەم جیهانەدا دەتوانم ڕاستی و درووستی مەسەلەکان باس بکەم، ئێوە هێشتا منالْن و لە دڵرەقییەکانی ئەم دونیا تێنەگەیشتوون، هێشتا نازانن سیاسەت ماناى چی!. هێشتا لەوە تێنەگەیشتوون، کە سیاسەت چۆن خەڵکانی وەک ئێمە دەکاتە ئامرازێک بۆ ئەو یارییانەی، کە کۆمەڵێک پیاوی دەسەڵاتخواز لەم دونیایەدا حەزیان لێیەتی. دەزانم ئەمە قورسە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ ئێوە لێی تێبگەن، بەڵام کاتێک گەورە دەبن و هۆش لەسەر شتەکانی دەوروبەرتان پەیدا دەکەن، ئینجا تێدەگەن، کە سیاسەت جگە لە قومارێک، کە کۆمەڵێک قومارچی لەسەر ماف و ژیانی ئێمە دەیکەن هیچی تر نییە.... هەرچی سیاسییەکانی ئەم دونیا هەیە قومار لەسەر ئازادی و مافەکانی ئێمە دەکەن، کاتێکیش دەیبەنەوە بۆ خۆیانی زەوت دەکەن. من نامەوێت نائومێدتان بکەم لەوەی خەڵکی باش لەم دونیادا نەماوە، بەڵام یارییەکە ئەوەندە پیسە، ئەستەمە هیچ کەسێک بەپاکی لێی بچێتە دەرەوە. سیاسەت لە یاری تۆپی پێ دەچێت، تۆ چەند یاریچی باش و دڵسۆزیش بیت بۆ یانەکەت ناتوانیت سەربەخۆو ئازادانە یاریی خۆت بکەیت، پێویستە پەیوەست بیت بەو

پلانەوە ڕاهێنەرەکەت بۆ یارییەکانی کێشاوە، ئەگەر دۆڕانی گەورەشی بەدوادا بێت، ئەگینا هەرزوو ڕاتدەکێشنە دەرەوەو لەیارییەکەت دووردەخەنەوە، لەوانەیە سزاشی بەدوادا بێت....
مسیۆ، ئەوەی لامان سەیر بوو، ئەو پیاوەی وەک کێوێک وابوو هیچ بورکان و بومەلەرزەیەک نەتوانێت هەرەسی پێبێنێت، کەچی ئەو شەوە، کاتێک قسەکانی دەگێڕایەوە هەموو گیانی دەلەرزی، زمانی وشەکانی بەتەواوەتی نەدەگرت، زوو زوو وەک ماندوو بێت و بیەوێت پشوویەک بدات، هەناسەیەکی قوڵی هەڵدەکێشا، بەتایبەتی دوای ئەوەی هاتە سەر باسی دوا شەوی هاتنی خەسرەو خەسیو بۆ ژوورەکەی و پێیگووتبوو: مامۆستا، وا بۆ سێ ساڵ دەچێت من هەموو شەوێک دێمە ئەم ژوورەو گوێ لە تۆ دەگرم، ئایا تۆ دەتوانیت تەنها ئەمشەو بۆ چەند خولەکێک گوێ لەمن بگریت؟.
فەرزان دەیگووت: نەک من، بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی خەسرەو خەسیو لەو ئۆردوگادا وەک خزمەتکاری خێزانە بەرپرسەکان و پاشان خزمەتکاری تایبەتی خانم ئازێتای خێزانی سەرهەنگ بەهزاد کاریدەکرد، هەموو بە ئاواتەوە بوون، لەگەڵ یەکێکیاندا کورترین و سادەترین گفتوگۆ بکات. هەندێکجار ئەو پلارەشیان تێدەگرت، کە هەر لەخوارەوە خەسیو نییە، بەڵکو لە سەرەوەش خەسیوە....
فەرزان کاتێک ئەو بەسەرهاتەی دەگێڕایەوە دەستەکانی دەلەرزین و چاوەکانی پڕ دەبوون لە فرمێسک، دەیگووت: قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات، ڕۆژێک لە ڕۆژان خەسرەو خەسیو بتوانێت قسە بکات، ئاخر من بە درێژایی سێ دانە ساڵ هەموو شەوێک قسەم بۆ ئەو پیاوە دەکرد، تەنها بە بێدەنگی و ئارامییەوە لە چاوەکانم ڕا دەما، کەچی ئەو شەوە هەرلەیەکەم قسەوە لەدەمی هاتە دەرەوە هەستم بەوە کرد، دەیەوێت شتێکی گرنگم پێبڵێت یان ئامۆژگارییەکەم بکات! مرۆڤ لەیەکەم ڕستەی کەسێکەوە دەستپێدەکات، تێدەگات ئاستی قسەکردنی ئەو کەسە چەندە! خەسرەو خەسیو وەک پیاوێکی تێگەیشتوو پڕ لە زانیاری هاتە قسەکردن، ئەمە گرێ گەورەکەی ژیانی منە، کە تا ئێستا هیچ کەسێک ناتوانێت باوەڕم پێبکات! من خۆم ئەگەر بە چاوەکانی خۆم خەسرەوم نەدیباو بە گوێچکەکانی خۆم گوێم لەقسەکانی نەبووایەت، نەمدەتوانی باوەڕ بە شتێکی لەو جۆرە بکەم!.
مسیۆ، فەرزان دەیگووت: ئەو پیاوە، کاتێک قسەیدەکرد هێزێکی ئەوەندە گەورە لە قسەکردنەکانیدا هەبوو، نەتدەتوانی تا تەواوبوونی قسەکانی گوێی لێنەگریت، دەنگێکی گڕی ئارام و لەسەرخۆی هەبوو، لەقسەکردندا هیچ پەلەی نەدەکرد، جوان دانی بە هەموو وشەیەکدا دەنا، لەهەمووی سەیر تر، چاوی لەسەر چاوەکانت هەڵنەدەگرت....
خەسرەو خەسیو ئەو شەوە ئاوا بۆ من کەوتە دووان و دەستی بەقسەکرد: مامۆستا، ڕەنگە هێشتا لەوە تێنەگەیشتبیت، کە ئێمە لەناو یارییەکی ترسناکداین، ئایا بە ڕاستی تا کەی دەتوانین لەم گەمەیە بەردەوام بین! هەموو یارییەکان کۆتایی خۆیان هەیە، بەڵام دەبێت ئێمە نەهێڵین کۆتاییەکە بە خواستی ئەوان بێت. لە ئێوارەوە چاودێریم دەکردیت، دەمویست بزانم تۆ سەبارەت بەو شتانەی لەدەوروبەرمان ڕوودەدەن هیچ تێگەیشتوویت، بەڵام کاتێک لەناو دارستانەکەدا پیاسەت دەکرد و لە گەڵا وەریوەکان ڕادەمایت، لەو کەسانە دەچوویت لەمەرگی خۆیان ڕادەمێنن، ئا لەو کەسانەی بە بۆندا مەرگی خۆیان

دەناسنەوە، ئیتر تێگەیشتم، کە تۆ هێشتا جگە لەمەرگ هیچ شتێکی تر سەبارەت بەخۆت نازانیت!. مامۆستا، دەبێت بمبوریت، کە پێت بڵێم؛ تۆ لەو کەسانەی بەدەستی خۆیان مەرگ بۆ ماڵەکانیان بانگهێشت دەکەن، زۆرن ئەوانەی وەک تۆ هەست بەمردنی خۆیان دەکەن، بەڵام نازانن چۆن و کەی، تەنها وەک چۆلەکەکان غەمێکی قوڵ دایاندەگرێت.
مامۆستا، ئێمە کاتمان زۆر بەدەستەوە نەماوە، تا بتوانین بیربکەینەوە، ئەوەش دەزانم تەنها بە بیرکردنەوە هەموو گرێکان دەکرێنەوە، بەڵام خۆ بیرکردنەوەش کاتێکی دەوێت، کە ئێمە لە ئێستادا نیمانە!. ئەوەی ئەمڕۆ لەتوانای ئێمەدا هەیە بیکەین، دەبێت بڕۆین و لێرە دووربکەوینەوە، دەبێت بەرەو وڵاتە دوورە دەستەکان هەڵبێین، هەڵهاتن لە مەرگێک شایستەی ئێمە نییە شەرەفمەندانەترە لە بەرگریکردنێک لە پێناو هیچدا، هەڵهاتن لە پێناو شتە جوانەکاندا ئاکارێکە هەموو کەسێک ناتوانێت پێیهەڵسێت، لە پێناو گەڕاندنەوەی شتە جوانەکان و شکاندنی ئەو تابوانەی وەک تەوقێک کراوەنەتە ملمان دەبێت بڕۆین و لێرە هەڵبێین، ئێمە لێرە لەناو جەنگێکی بێماناداین، ئێمە لەناو ئۆردوگای مەرگداین، تۆ ڕۆژانە جگە لە کوشتن گوێت لەهیچ وشەیەکی تر دەبێ؟ بێگومان نا، ئێرە مەیدانی هەواڵەکانی مەرگە، تۆ خۆت ئەمە باش دەزانیت و بە ڕوونی قسەت لەسەر کردووە....
مامۆستا، منیش وەک تۆ دژی کوشتنم و پێمخۆشە هەموو کێشەکان بە لەیەکتر تێگەیشتن چارەسەر ببن، هیچ کێشەیەک لە دونیادا نییە بە گفتوگۆ چارەسەر نەبێت، ئەوانەش پێیان وایە بە جەنگ و خوێنڕشتن کێشەکان چارەسەر دەبن، لە کۆتاییدا هەر لەسەر مێزی گفتوگۆ خۆیان دەبیننەوە، بەڵام دەبێت تۆیش ئەوە بزانیت، پیاوێکی وەک سەرهەنگ بەهزاد جگە لە کوشتن هیچ هونەرێکی تر نازانێت، چۆن لەمە تێدەگات!.
مامۆستا، ڕەنگە لە نیازی هاتنی ئەمشەوم تەواو تێنەگەیشتبیت، لە ڕاستیدا من نەهاتووم بۆ ئەوەی هەندێک قسەی پرو پوچت بۆ بکەم، ناشمەوێت سەبارەت بەو کێشانەی پەیوەندییان بە تۆوە هەیەو خۆت بێئاگایت لێیان قسە بکەم، تەنها شتێک دەمەوێت پێتی بڵێم ئەوەیە: خانم ئازێتا زۆر ناساغە، وەک ئاگاداریشت سەرهەنگ بەهزاد لە دەرەوەیەو نیازی نییە بەمزوانە بگەڕێتەوە، ڕەنگە لەدوایدا پێت بڵێم بۆ!. من هەموو شتێکی سەفەرم ئامادە کردووە، پێوستمان بە هیچ شتێک نییە تەنها ڕەزامەندی تۆ نەبێت، کە لەگەڵماندا بێیت!. تۆ خۆت دەزانیت، ئەگەر ئەم داوایە ڕەت بکەیتەوەو خانم ئازێتا شتێکی لێ بەسەر بێت، ئەوا لە تۆڵەی ڕقی سەرهەنگ بەهزاد دەرباز نابیت، بۆیە دەبێت لە ئێستاوە خۆت بۆ سەفەری سبەینێ ئامادە بکەیت. خەمت نەبێت هەموو شتێک بە دڵی ئێمە دەبێت، دڵنیام بە دڵی هەردوولامان دەبێت....
مسیۆ، ئێمە چ بوونەوەرێکین! هەزار ساڵ بژین و ئەو هەزار ساڵە تەرخان بکەین بۆ تێگەیشتن لەناخی مرۆڤێک، تا خۆی نەیەتە قسە، ناگەینە هیچ ئاکامێک. پیاوێکی وەک خەسرەو خەسیو چەندین ساڵ لەناو شۆرشدا وەک گێلێک و پیاوێکی خەسیو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، کەچی لە کۆتاییدا، هەموو شتەکان سەرەو لێژبوونەوە!.
فەرزان چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، دەیگووت: ئەو شەوە خەسرەو خەسیو منی بۆ ناو خەرەندێکی قوڵ بەردایە خوارەوەو بۆ خۆی لێیدا ڕۆیشت. قسەکانی

خەسرەو پڕ بوون لە ئاماژەو مانا من لێیان تێنەدەگەیشتم، کۆمەڵێک قسەی سادە نەبوون، بەڵام ئەوەی سەیربوو، ئەو خەسرەوە گێلە چۆن دەزانێت وا قسە بکات! سەرم لەوە سوڕمابوو، کاتێک قسەیدەکرد، وەک کەسێکی زۆر بەئاگا دەپەیڤی. شتێکی تر زۆر مێشکی تێکدابووم، سەرەتا وەک ئامۆژگاریکەرێک دەستی پێکرد، کەچی بە هەڕەشە کۆتایی پێهێنا!.
کورینە پرواتان هەبێت، دوای ڕۆیشتنی خەسرەو خەسیو تا ئەو کاتەی هاتن بەشوێنمدا خەو نەچووبووە چاوەکانم، ترسێکی سەیر دایگرتبووم، هەندێک قسەی مامۆستاکانم هاتەوە یاد، کە دەیانگووت: خەسرەو خەسیو پیاوی یەکەمی سەرهەنگ بەهزادە و نزیکترین کەسێکیشە لە خانم ئازێتاوە، هەموو ئەو شتانەی لە ئۆردوگاکەدا ڕوودەدەن ئەو دەیگەیەنێت بە سەرهەنگ بەهزاد. بیرم دێت یەکێک لە مامۆستاکان پێی گووتم: کاتێک ئەو گێلە دێت بۆلات ئاگات لەدەمت بێت، ئەو زۆڵە خۆی گێلدەکات، بۆ ئەوەی سیخوری بەسەر هەموومانەوە بکات. ئەم قسەیەی ئەو مامۆستا دەیان گومانی ترسناکی لەلا دروستکردم، چونکە ئەگەر ئەو قسە ڕاست نەبووبا، چۆن ئەو هەموو قسە تەمومژاوییەی دەربارەی من دەکرد، ئەو باسی مردنی منی دەکرد، ئا، ڕاستە بە ئاماژەی شاراوە باسی مردنی منی دەکرد، دەبێت چ پلانێک لەژێر سەریدا بێت؟، ئەوەشی گووت: کە سەرهەنگ بەهزاد ئاگای لە هەموو شتێکە، ئەی کەوایە بۆ دەیەوێت لەگەڵیدا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی خانم ئازێتا پرۆمە دەرەوە، ئاخر بۆ بەتەنها من؟، پێشتر کەسانی تر ئەو کارەیان دەکرد، وەک من زمانیان دەزانی و لەمنیش شارەزاتر بوون، بەڵام ئەمجارە بۆ من، تێناگەم، ئەم گێلە دەیەوێت چی بکات؟.
مسیۆ، لەم شەوانەدا تۆ پرسیاری ئەوەت کرد، کە بۆچی فەرزان ئەو نهێنییانەی نەدەنووسییەوە؟ سەرەتا منیش وەک تۆ بیرم دەکردەوە، بەڵام کاتێک بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە، تێگەیشتم، کە نووسینەوەی هەندێک نهێنی، کات و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگینا کارەسات دەخولقێنێت. ئەو نهێنییانە هێندە ترسناک بوون تەنها لەناخی مرۆڤەکاندا دەتوانرا بشاردرێنەوە. فەرزان هێشتا لەناو سنوورەکانی مەرگدابوو، ئەو دەیگووت: بۆهەر شوێنێک دەڕۆم لە پشتمەوە هەست بە سێبەرەکانی مەرگ دەکەم دوام دەکەون. مسیۆ، سەردەمێکی ئەوەندە تاریک بوو لەسەر لاپەڕەیەک نووسین گەنجەکانیان بە گوندا هەڵدەواسی، ڕوویداوە لاپەڕەیەک نووسین یان وێنەیەکیان بەدەست گەنجێکەوە گرتووە بێئەوەی لێکۆڵینەوە بکەن، گەنجەکەیان لە ژێر ئەشکەنجەدا کووشتووە، کەچی دوایی دەرکەوتووە جگە لە نامەیەکی خۆشەویستی، کە بە زمانی هێماگەری نووسراوە هیچی تر نەبووە.... ئەو وڵاتانە هیچ شتێکیان وەک ڕقلێبوون و تۆڵەسەندنەوە بە یەکسانی دابەشنەکردووە، باوک لە کوڕەکەی خۆی دەترسا، کوڕ لەبراکانی، قوتابییەکان لە مامۆستاکانیان و مامۆستاکان لەقوتابییەکان دەترسان. ئێمە هێشتا مناڵبووین و هەندێک شتمان بەرگوێدەکەوت، وەک یاریی مناڵانە تەماشامان دەکردن، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە یاری نەبوون، ئەوانە گەمەیەک بوون گەورەکان دەیانکردو ناویان نابوو جەنگ، هەموو جەنگەکانیش مەکینەیەک بوون بە خوێنی گەنج و خەڵکی سادە کاریان دەکرد، لەجەنگەکاندا کەس بەزەیی بەکەسی تردا نایەتەوە، هەموو دەیەوێت تۆڵە لەوی تر بکاتەوە،

بێئەوەی بزانێت ئەو کەسە کێیەو چی کردووە. مسیۆ، تۆ نازانیت چەندێک گەنج و قوتابیان لە ژێر ئەشکەنجەدا کوشتووە، فەرزان دەیگووت: قوتابی لەسەر ئەوەی وێنەی کێوێکی کێشاوە، تاوانبار کراوە بەوەی کێو سومبولی بەرگری شۆرشگێرەکانە لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە، لەسەردەمێکی ترسناک و دڵڕەقی وادا فەرزان چۆن دەیوێرا ئەو نهێنییانە بنووسێتەوە، پێت وا نەبێت سیاسەتی شۆرشگێرەکان دژی ئەوانەی نەدەچوونە ژێر فەرمانەکانیانەوە لە دەوڵەت باشتر بووبێت، نا بە پێچەوانە، لاسایی ئەوانیان بە خراپی دەکردەوە....
فەرزان دەیگووت: بەو هەموو ماوە درێژەی لە سنورەوە تا پایەتخت، کە دەبوو لە میوانخانەیەک دابەزین، شوێنی حەوانەوەی هەموو بەرپرس و سەرکردەکانی شۆرش بوو، کاتێک سەردانی دەرەوەیان دەکرد، خەسرەو وشەیەک چییە لەگەڵمدا نەدوا، مینش وای بۆ دەچووم پەیوەندی بە خانم ئازێتاوە هەبێت، نەک شۆفێرەکە قسەیەک بەقەرز وەربگرێت و کێشەیەکمان بۆ بنێتەوە!.
ئەوەی جێگای سەرسورمان بوو، کاتێک گەشتینە بەردەم میوانخانەکە، کە دڵنیابووم چەند پیاوێکی سەرهەنگ بەهزاد لەوێ چاوەڕوانیان دەکردین بۆ هاوکاری سەفەرو پێوویستییەکانی خانم ئازێتا، خەسرەو خەسیو بە شۆفێرەکەی گووت: ئەگەر ئەرک نەبێت، کەمێک لە میوانخانەکە دوور بکەوە، بۆ ئەوەی ئەم پیاوە بەڕێبکەم، خۆم و خانم پاشان دەگەڕێینەوە بۆ میوانخانەکە، من خۆم ئێرە شارەزام و پێشتر بۆ ئێرە هاتووم.
شتێک لەیادم مابێت ئەو میوانخانە ناوی ئازادی بوو، ئەمەش ڕاست ئەو شوێنە بوو، کە دەبوو پیاوانی شۆرش ئێرە هەڵبژێرن، چونکە زۆریان حەز لەو وشە بوو. کاتێک دابەزین من دڵم لەمشتمدا بوو، قسەکانی شەوی ڕابردووی خەسرەوم هاتەوە یاد، ڕەنگە ئەوە یەکەمجارم بووبێت لە ژیانمدا بەو شێوە ترسابم، من حەپەسابووم، خانم ئازێتا خێرا هاتە خوارەوەو زوو لەچکەکەی دابەسەریدا، خەسرەو هەر لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە ملی بردبووە ژوورەوە، گوێم لێبوو پێی گووت: پێی بڵی بە بێ کێشە گەشتینە جێ، هیچ خەمی نەبێت، هەموو شتێک بە دڵی ئەو دەبێت، پاشان ماڵئاوایی لێکرد، هەستم بە شڵەژان و ترسێک کرد لەناوچەوانیدا، ئەوە یەکەمجارم بوو خەسرەو ئەوەندە نائارام و شپرز ببینم، ئەو پیاوێکی زۆر سەنگین و لەسەرخۆ بوو، ئێستا وا بۆ بەم شپرزەییە، قۆڵی گرتم و گووتی: مامۆستا، ئێستا تەکسییەک دەگرین، تۆ پێی بڵێ بمانبات بۆ میوانخانەیەک، کەمێک لەناو شارەوە دوور بێت!.
لەو کاتەدا ویستم قسەیەک بکەم، تەکسییەک لەبەردەمماندا وەستا، بەپەلە خەسرەو گووتی: سواربن، بیرت نەچیت مامۆستا، دەزانیت بۆ کوێ دەچین، منیش هەروام کرد. کەمێک گەشتینە دەرەوەی شار، شۆفێری تەکسیەکە ئاماژەی بە میوانخانەیەک کرد، کە زۆر باشەو نرخەکەشی گران نییە، مینش قسەکانی ئەوم بۆ خەسرەو وەرگێرا، گووتی: زۆرباشە با لێرەدا دابەزین.... من هێشتا هەر حەپەسابووم و ئەوەندە ئاگام لەخۆم نەبوو، ئەگەر بڵێم بیرم لەشتێک دەکردەوە، ڕاست نییە، بیرم لەهەموو شتێک دەکردەوەو لەهیچیش، وەک ئەوەی تووشی حاڵەتێکی سەیر بووبم، ترس و نیگەرانی! خەسرەو دەستی ڕاگرت پارەکەیداو گووتی: باپڕۆین، ئەو هەر زۆر شڵەژابوو، لە تاوانبارێک دەچوو تاوانێکی ئەنجام دابێت و نەزانێت چۆن بیشارێتەوە یان خۆی پەلەی بێت خۆی لەشوێنی

تاوانەکە دووربخاتەوە، کەچی خانم ئازێتا وەک هیچ ڕووینەدابێت و بێئاگابێت لەوەی ڕوودەدات خۆی پیشاندەدا. خەسرەو بەرەو کوێ دەڕۆیشت، بە بێدەنگی دوای دەکەوت.... ئەو شوێنە لێی دابەزین ناوچەیەکی دڵگیرو خۆشبوو، میوانخانەی زۆری لێبوو، خەسرەو گووتی: مامۆستا، نابێت ئێمە بڕۆینە ئەو میوانخانەی تەکسییەکە پیشانیداین، پێویستە لە میوانخانەیەک دابەزین، بە تەنها خۆمان بزانین، ئێ خۆ یەک شەوەو بەس، سبەی سەفەر دەکەین، بۆ نازانیت، سەرهەنگ بەهزاد چاوەڕوانمان دەکات!.

مامۆستا، لەیەکێک لەم میوانخانانە دادەبەزین، ژوورێک بۆ من و تۆ ژوورێکیش بۆ خانم ئازێتا بە تەنیشت خۆمانەوە دەگرین، بەڵام یەک شتی گرنگ هەیە نابێت لەبیرمان بچێت، ئەویش بلیتی فڕۆکەیە بۆ سبەینێ، وا بزانم هێشتا کاتمان هەیە و چەند کاتژمێرێکی تر بلیت فرۆشەکان کراوەن، دەبێت تۆ ئەو کارە لەگەڵمدا ئەنجام بدەیت! هەرکە باسی بلیتی فڕۆکەی کرد موچڕکێک بەلەشمدا گەڕا! ئەم کابرا نیازی چی هەیە؟ بڕیاربوو، من تا سنور لەگەڵیان بم و پاشان بگەڕێمەوە، ئەو پاسەوانانەی ئێمەیان هێنا چاوەڕوانی گەڕانەوەی من بوون، لەگەڵیاندا بۆ ئۆردوگاکە بگەڕێمەوە، کەچی خەسرەو ڕازیکردم، تا پایتەخت لەگەڵیاندا بڕۆم بە بیانووی وەرگێڕان، لەکاتێکدا سەرهەنگ بەهزاد دەیان پیاوی زمانزان و شارەزای لەم ناوەدا هەیە، لە هەموو پایتەختەکاندا شۆڕش بیرۆی پەیوەندی دەرەوەیان هەیە.

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر پرسیم: خەسرەو تۆ بلیتی ئۆتۆبوسی ئامادەکراوت پێیە، ئیتر بلیتی فڕۆکەت بۆ چییە؟ باشە تۆ دەزانی من جگە لەو بەڵگەنامەی پەڕینەوە لەسنور نەبێت، هیچ ناسنامەو گوزەرنامەیەکم پێ نییە، بۆ وڵاتێکی تر؟ لەوەڵامدا، گووتی: مامۆستا، هەموو شتێک دەزانم، بەڵام تۆ خەمی هیچت نەبێت، با کارەکان جێبەجێبکەین و پشوویەک بدەین، هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە، پێویست بە دڵگرانی ناکات، خۆم هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە....

مسیۆ، لەوە دەچێت خەوت بێت یان تاقەتی گوێگرتن لەم قسەقۆڕانەت نەبێت، وەرە با سەرو پێک هەڵدەین لەچاوی ئەوانەی، لە پێناو خۆشەویستیدا ملیان لە دەیان چەقۆی تیژ دەسوون.... نۆش.... ئەمشەو زۆر ماندوو دیاریت، بڕۆ بنوو، ئەگەر سبەی شەو ئەم چیرۆکەی فەرزان بە خەیاڵمدا گوزەری کرد بۆت دەگێڕمەوە، ئەو خەسرەو خەسیوە چۆن پیاوێک بووە، منیش بۆ خۆم سەیرێکی ئەو مانگە شەوە جوانە دەکەم، ڕەونەقی ڕوناکی گڵۆپەکانی کەمکردۆتەوە، وەکو فەرزان باسیدەکرد، ڕوخساری خانم ئازێتا وەک ئەو مانگەشەوە درەوشاوە بووە، دە تو سەری من، کە لە ژیانیدا ڕۆژێکی بێ دەردەسەری بەسەر نەبردووە با سەرو پێکی تر لە چاوی ئەو مانگەشەوەو ڕوخسارە گەشەکەی خانم ئازێتا، کە کەس نازانێت لەکام کەناری ئەم دونیادا دەدرەوشێتەوە هەڵدەین.... نۆش....

دوای هەڵدانی سەرو پێکی تر، گووتم: شایگانی پوژمان خەوی چی و ماندووبوونی چی، منیش وەک فەرزان حەپەساوم، ئەمشەو نانوم تا ئەو چیرۆکەم بۆ نەگێڕیتەوە، لەهەموو پرسیارێک خۆشدەبم، بەڵام لەو چیرۆکەی فەرزان و خەسرەو خەسیو خۆشنابم دەبێت ئەمشەو بۆم بگێڕیتەوە، بەردەوام بە.... دوای ئەوەی گەشتنە میوانخانەکە چیتر ڕوویدا، بەردەوامبە....

مسیۆ، ئەمشەو تاقەتی درێژدادڕیم نییە، فەرزان زۆری گێرایەوەو زۆر قسەیکرد، بەڵام من بە کورتی ئەوەندەی پەیوەندی بەو چارەنووسەوە هەیە دەگێڕمەوە، ئاخر ئەو ناهەقی نەبوو، دەیگووت: هیچ لەگەڵ چارەنووسدا ناکرێت، هەندێک ڕووداو هەن، لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤەکانەوەن، ئەویش وەک تۆ حەپەسا بوو، شەوێ، پاش جێبەجێکردنی کارە پێویستەکان و پشوودان، دەچێتە ژوورەوە بۆلای فەرزان و دەست بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان دەکات....

مامۆستا، بمبورە بەو شێوە نیگەرانم کردیت، کارەکان لەدەستی منیشدا نەبوون، من هەر ئەوەندەم لەدەستهات، کە ئێمە پێکەوە بۆ جارێک بتوانین لە ژوورێکی وەک ئەم میوانخانەدا کۆببینەوەو ڕاستی ڕووداوەکان باسبکەین، ئێمە دەبێت، بۆ سبەینێ ئێرە بە جێبهێڵێن و سەفەر بۆ وڵاتێکی تر بکەین، کە سەرهەنگ بەهزاد چاوەڕوانمان دەکات، بەڵام ئێمە ناڕۆین بۆ لای ئەو، ئەوەندە پێویستمان بە ئەو بوو، ئەو کارانەی بۆ ئێمە پێویستن جێبەجێیان بکات، دڵنیام ئەو ئێستا و ڕۆژانی داهاتووش ژێرزەمین و بن زەمین بەدوای ئێمەدا دەگەڕێت، ڕەنگە تۆ هێشتا ئەو بە باشی نەناسیت! ئەو لەو پیاوانەیە، تەنها دەزانێت کێشەکان بە کوشتن چارەسەر بکات، ئەو لە زمانی کوشتن بەولاوە هیچ زمانێکی تر نازانێت، من و تۆیش ئێستا ئەو نێچیرەین ئەو پێش هەموو نێچیرەکانی تر بەدوایدا دەگەڕێت، پێش ئێمەش تۆ! چونکە نە ئەوو نە هیچ کەسێکی تر لەم دونیایەدا پڕوا بە تۆ ناکات، کە ئەم هەموو پیلانە لەژێر سەری من و خانم ئازێتادا بووە، کێ پڕوا دەکات، پیاوە گێلەکان شتی مەزن ئەنجام بدەن.... پڕوا بکە ئەم هەموو کارە بە پیلانی تۆ دەزانن....

مامۆستا، دوای ئەو هەموو گفتوگۆو مشت و مڕەی لەگەڵ مامۆستاکان و بەتایبەتیش کادرەکان دەستی پێکردبوو، پشێوییەکی گەورەی لەناو ئۆردوگاکەدا نابوویەوە، هەربۆیە ئێستا ئەم کارەش بەبەشێک لەو پیلانە دەزانن، کە هەمووان وای بۆ دەچووون تۆ دەتەوێت کودەتا لەناو شۆڕشدا بکەیت، یان شۆڕش دوو پارچە بکەیت!. ئێستا قەت بە مێشکی سەرهەنگ بەهزاددا نایەت پیاوێکی گێلی خەسیوی وەک من لەپشت ڕووداوەکانەوە بێت.

مامۆستا، دوێنێ شەو ئەوەم پێڕاگەیاندیت؛ ماوەی سێ ساڵە من گوێ لە تۆ دەگرم، تۆش وەک هەریەکێک لە پیاوانی ناو ئۆردوگاکە وەک گەمژەیەک سەیرت کردووم، بۆیە دەڵێم پیاوان، چونکە ژنەکان بە هۆی ئیرەییەوە باشتر بەلای ڕاستییەکاندا دەچن، ئەوان زۆر منیان دەجوڵاند، بۆ ئەوەی شتێک سەبارەت بە خانم ئازێتا بزانن، بەڵام کاتێک خۆم لە وەڵامی پرسیارەکانیان گێل دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانیانم نەدەدایەوە، لەوە تێدەگەیشتن، من بە هیچ شێوەیەک گەمژە نیم و زۆر بە ئاگاوە نهێنی پەیوەندییەکان دەپارێزم.

ئەو ئۆردوگای ئێمە لێی دەژیاین، هیوای زۆربەی خەڵکی بوو لە ستەمی ئەو ڕژێمەی دەوڵەت بەڕێوەدەبات ڕزگاریان بکات، بەڵام خەونی خەڵکی شتێکەو ڕاستییەکانیش شتێکی تر، ڕەنگە ئاگات لەوە نەبێت، کە چەندێک ستەمی گەورەی تێدا دەکرا، ستەم هەر ستەمە هەرکەسێک پێی هەستێت! ئەوانیش وەک دەوڵەت، هەرکەسێک ڕایەکی پێچەوانەی هەبوایەت تاوانبار دەکراو هەرزوو لەناو دەبرا. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی من لەوێ بووم، هەموو ئەو کەسانەی لەناو بران، کەسانی دڵسۆزبوون و دەیانەویست هەڵەکان ڕاستبکەنەوە، بەڵام ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، بەرژەوەندی کۆمەڵێک بەرپرس و سەرکردەی دەخستە

مەترسییەوە، بۆیە ناچاربوون ئەو کەسانە لەناو بەرن، کە تۆش یەکێک بوویت لەوان....
مامۆستا گوێبگرە، بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی من لەناو شۆڕشدا بووم، زۆر شت لە بێدەنگییەکەمەوە فێربووم، سروشتی مرۆڤ وایە، لەگەڵ کەسە بێدەنگەکاندا زۆرترین قسە بکات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی وەک کەسێکی شارەزا خۆی پیشانبدات، کە زۆرترین شت دەزانێت یان ئەو قسانەی دڵی خۆی بۆ نەزانێک بکات جێگای باوەڕی خەڵکی نین، لەهەردوو بارەکەدا من سوودمەندبووم لەو کەسانەی زانیارییەکانیان بەسەر مندا ساغ دەکردەوە و قسەکانی دڵی خۆیشیان دەکرد. ڕەنگە ئەگەر ئێستا پێت بڵێم: گێلی بەهرەیەکی گەورەیەو خودا بە هەموو کەسێکی نادات پێکەنینت بێت! یان ئێستا لەبەردەم پیاوێکی گێلی خەسیوی وەک مندا شەرمەزاری داتبگرێت، کاتێک دەبینیت بەو شێوەیە قسەت لەگەڵ دەکات! دڵنیام لەوەی، لە دوێنێ شەوەوە من بووم بە نیشانەیەکی سەرسوڕمانی گەورەو مێشکت جگە لەمن بیر لە هیچ شتێکی تر ناکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مافەت پێدەدەم، تۆ بەو شێوە بیر لەمن بکەیتەوە، بەڵام لەم شەوەوە چیتر ڕێگات پێنادەم هەڵەکانی ڕابردووت دووبارە بکەیتەوە، ئەوەی دەیویست هەڵەکان ڕاستبکاتەوە، من و خانم ئازێتا بووین نەک تۆ! ئەگەر من و ئەو نەباین، ئێستا، ئا لەم کاتەدا قسەت لەگەڵدا دەکەم تۆ لە ژیاندا نەمابوویت! کە دوایی ئەوەشت بۆ ڕووندەکەمەوە....
مامۆستا، زۆرجار ترس مرۆڤ فێری شتی جوان دەکات بێئەوەی خۆی پێی بزانێت، سەرەتا من لەترسەوە فێری شەرم بووم، لە شەرمیشەوە فێری بێدەنگی بووم، بەڵام دواتر خانم ئازێتا ئەو هونەرەی تیا گەورە کردم. سەردەمی منالیم وەک هەر منالێکی تری ئەم ناوچانەی خۆمان بە نەگبەتی و دەردەسەری بەڕێکرد، لەمنالییەوە بەهرەی وێنەکێشانم تێدابوو، ڕاستر بڵێم: دەمتوانی لە هاوڕێکانم باشتر لاسایی سروشت و ئەو شتانەی بەچاوەکانم دەمبینین بکەمەوە، ئەمە هیچ ئازایەتیەکی تێدا نەبوو، بەهرەیەک بوو لەمنالییەوە تێمدابوو، بەڵام هەرچەندم دەکرد سەرم لە ماتماتیک دەرنەدەچوو، بە ئێستاشەوە هیچ لە هاوکێشە ماتماتیکییەکان تێنەگەیشتم، هاوڕێکانم بەمە زۆر ئێرەییان دەبرد، کەچی من هیچ ئیرەییم بە زیرەکی ئەوان نەدەبرد لە وانەکانی تردا لەمن باشتربوون. من کورە تاقانەکەی باوکم بووم، لەگەڵ ئەوەشدا، باوکم بە هیچ تورە نەدەبوو، بە وێنەکێشان نەبێت، ئەو دەیگووت: کێشانی وێنە حەرامە، "هەرکەسێک وێنەیەک بکێشێت لەو دونیا، خودا داوای لێدەکات ڕۆح بە بەریدا بکات" ئەمەش هەندێکجار دەیترساندم، لەگەڵ ئەوەشدا چارێکی ترم نەبوو، چونکە هیچ هونەرێکی ترم نەدەزانی و لە وانەکانی تردا زۆر خراپ بووم، تاکە هیوایەک هەمبوو لەداهاتوودا ببم بە مامۆستای وێنەکێشان.
مامۆستا، نامەوێت وردەکاری ژیانمت بۆ باس بکەم، چونکە کاتمان دەبێت لەداهاتوودا بە وردی کارەساتەکانی ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە. ئەوەی ئەمشەو دەیگێڕمەوە تەنها سەرتوێژی مەسەلەکانە، بۆ ئەوەی چیتر نیگەران نەبیت و هەندێک زانیاریت لەسەر ڕووداوەکان هەبێت. من گەورە بووم و هونەری نیگارکێشان لەگەڵمدا گەورە بوو.

لە قۆناخی خوێندنی ناوەندیدا، یەکێک لە نزیکترین هاوڕێی منالیم، چەند قوتابییەکی نوێی پێناساندم، بە شێوەیەک لای هاوڕێکانی پەسن و پیاهەڵدانی منی کرد، کەمێک توشی لوتبەرزی کردم، ئەو بەردەوام ئەم دێرەی بۆ هاوڕێکانی دووبارە دەکردەوە... لە نیگارکێشاندا هاوتای کەمە، توانایەکی سەیری هەیە، هەر وێنەیەکی بوێت وەک خۆی لەبەریدەگرێتەوە.... سەرەتا ناسینی چەند هاوڕێیەکی نوێ دڵخۆشیکردم، ئەوان بەردەوام لەگەڵمدا بوون، لەو ماوەیەدا ئەوەندە لێم نزیکبوونەوە، هاوڕێ کۆنەکەی خۆم بیرچووەوە، تا ڕۆژێکیان داوایان لێکردم، دوو وێنەیان بۆ درووست بکەم، لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە ئەوەندە لەگەڵمدا باشبوون، پێمخۆشبوو شتێکیان بۆ بکەم، دیاربوو بە وەڵامەکەی من زۆر دڵخۆشبوون. وێنەکان لەناو زەرفێکی بچووکدا بوون، تاماڵەوە تەماشام نەکردن. بەڵام کاتێک لەماڵەوە کردمنەوە، دەبینم وێنەی شۆڕشگێڕەکانە، لەو وێنانەیە شەوانە بە دیوارەکانی کۆڵانەکاندا هەڵدەواسرێن و بۆ سبەی پیاوانی ڕژێم وەک سەگی هاربوو قاچی هەموو کەسێک دەگەزن.
مامۆستا، خوا ئاگای لێیە، خەریک بوو دڵم بوەستێت، لەترساندا خستمنە ناو زەرفەکەوە، بەپەلە لەماڵەوە بە ڕاکردن خۆم گەیاندە ماڵی هاوڕێ کۆنەکەم. وێنەکەم دایەوە دەستی و گووتم: پڕۆ ئەو وێنەیان بۆ بەرەوە، من چیتر نایەم بۆ قوتابخانە، نامەوێت هاوڕێتییان بکەم، بە هیچ شێوەیەک لێم نزیک نەبنەوە، من ئەترسم، زۆر ئەترسم ، باوکم بەمە بزانێت ڕۆحم دەکێشێت، کەچی، ئەویش بە خوێنساردییەکەوە، وێنەکەی لێوەرگرتم و گووتی: دەک زیڕەکەیت، ترسنۆکی هیچ و پوچ، دەرگاکەی بەسەرمدا داخست....
دوای ئەو ئێوارەیە نەخۆشکەوتم، هەفتەیەک نەمتوانی بڕۆمەوە بۆ قوتابخانە، توشی تایەکی بەرز هاتم. هەفتەی داهاتوو ڕۆشتمەوە بۆ قوتابخانە ترسی ئەوەم هەبوو، دیسان وەک جاران بێنەوە بۆ لام، بەڵام یەک کەسیان سڵاویشیان لێنەکردم، دوور بەدوور، وەک ئەوەی لە ژیانماندا یەکترمان نەدیبێت وابوو. جگە لەو ئەو بەیانییە ڕۆشتمەوە بۆ قوتابخانە، لەبەر دەرگای قوتابخانەدا کوڕێکی گەنج وەستابوو، کە پێشتر بە هیچ شێوەیەک نەمدیبوو، هەر کە گەشتمە ئاستی، بەیانی باشی لێکردم و بەتەنیشتما دەستی بە ڕۆیشتن کردو پێی ڕاگەیاندم، کە ئەو شتەی ڕوویداوە بە نهێنی دەمێنێتەوە، ئەگینا ژیانت دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەوەشت بیر نەچێت، ڕۆژێک دێت پەشیمان ببیتەوە، هەر کاتێک پەشیمان بوویتەوە، ئەوە ئێمە هەر هاوڕێکەی جارانین، ئیتر پڕۆ، چیتر نەتبینین....
مامۆستا، تا قۆناخی ناوەندیم تەواو کرد، بە هەزار ساڵ لێم ڕۆیشت، لەهەموو شتێک ناخۆشتر، هیچ هاوڕێیەکم نەمابوو، هەموویان ژێر بە ژێر پەیوەندییان بە شۆڕشگێڕەکانەوە هەبوو.
لە کۆتایی ساڵدا، باوکم بانگی کردم و پێشنیارێکی سەیری بۆ کردم: کوڕی خۆم: ئیتر بۆ سێ مانگێک پشووی هاوینە، پێم خۆشە، ئەم سێ مانگە لەگەڵ خۆمدا کاربکەیت، ئەگەر لە پیشەکە شارەزاییت پەیدا کرد، ئەوا پێویست بە خوێندن ناکات، خۆ بەختەکەی من وەک بەختی خەڵکی تر نییە، کورەکانیان دەیانەوێت ببن بە پزیشک و ئەندازیار، تۆ دەتەوێت هەتا دەمریت هەر وەکو منال خەریکی وێنەکێشان بیت! دەتەوێت ببیتە مامۆستای وێنەکێشان...؟ ڕۆڵە کەمێک عەقڵت هەبێت، موچەی مامۆستایەک بەشی فلچەو بۆیەی هەفتەیەکی تۆ ناکات، پڕوا

بکە جەرگم بۆت دەسوتێت، دەترسم، لەبرساندا بمریت، خۆ من تا سەر بۆت نامێنم! کورم ئەم کارەی من بۆ تۆ زۆر باشە، پارەیەکی باشت دەستدەکەوێت، ئێوارانیش دەتوانیت بۆ خۆت وەک منالْ خەریکی وێنەکێشانەکەی خۆت بیت، ئەوەندە کاغەز بۆیە بکەو بیدڕێنە تا ڕۆحت دەردەچێت.... ئەرێ خەسرەو، لەم ڕۆژانەدا مام بارام لەخۆیەوە قسەیەکی دا بەزەویدا، خەریکە دەکەومە گومانەوە، ڕەنگە مەبەستی تۆ بێت!، هەتیو دەڵێن، پیاوەکانی ڕژێم کون و کەلەبەری شار بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن، شەوانە ئەو پۆستەرو وێنانە بە دیوارەکاندا هەڵدەواسن، ئەوەشی گووت: وێنەکێشەکان، وێنەکان درووستدەکەن، پاشان جێگای نهێنی و تایبەتیان هەیە، سەدان دانەی لەبەر دەگرنەوە، ئێستا تێدەگەم، مەبەستی چییە! هەتیوە حۆلە، خۆ ناشێت ئەمە، لە پشتی سەری تۆوە بێت و من ئاگام لە خۆم نەبێت؟ لە سبەینێوە، ناهێڵم، تاقە فڵچەو بۆیەیەک لەوماڵەدا هەبێت، ناتەوێت ماڵ و منالْم بەسەرپرین بدەیت، هەتیو بەزەییت بە خۆتدا نایەتەوە، بەزەییت بە خوشکەکانتدا بێتەوە، نەتبیستووە، هەرماڵێک کچی گەنج و جوانی تێدابێت، بە بەهانەی پەیوەندییان بە شۆڕشگێڕەکانەوە دەستگیر دەکرێن و خوا دەزانێت لەوێ چییان لەگەڵدا دەکەن....!
مامۆستا، ڕەنگە ئەم قسانە بۆ تۆ هیچ جێگای بایەخ نەبن، چونکە وا دەزانیت پەیوەندییان بە مەسەلەکانی ئێمەوە نییە، بەڵام پروا بکە ئەو پریارە دڕەقانەی ئەو کاتەی باوکم، کە تا سەر ئێسقان پریمی، من و تۆی ئەمڕۆ، بەم میوانخانەیە گەیاند....!.
دوای پریارەکانی باوکم، ئەوەی ڕاست بێت، کەمێک ترسم لێنیشت، چونکە پێشتر من نزیکترین هاوڕێی ئەو کەسانە بووم، کە ئەو کارانەیان لە ژێر سەردا بوو، ئەگەر یەکێک لەوانە بگیراباو لەترسی ئەشکەنجەدان ناوی منی بهێنابا، ئەوا خوشکەکانیشم دەبوونە قوربانی، بە بێئەوەی هیچ هەڵەیەکیان کردبێت. دوای قسەکانی باوکم، هەرچەندە بیرم لە مەسەلەکە دەکردەوە، زیاتر ترسم لێدەنیشت، پروات هەبێت لەو چەند ڕۆژەدا تووشی ترسێک هاتبووم، بۆ هەرکوێیەک دەڕۆیشم، پیاوەکانی ڕژێمم دەبینی، دوام دەکەوتن، وەک شێتم لێهاتبوو، مام بارام هاوڕێی نزیکی باوکمە، ئەگەر شتێکی نەبیستووە، چۆن لە خۆیەوە، ئەو قسە بەباوکم دەڵێت!. دواجار بۆ ئاسودەکردنی ویژدانم، لەئەگەری هەر ڕووداوێک، شوێن قسەکانی باوکم کەوتم.
باوکم وەستای کاشی بوو، لەکارەکەیدا زۆر دەسترەنگین و لێهاتووبوو، ئەویش لەباوکییەوە بۆی مابۆوە، لە شارەکەدا ناسراوبوو، بەڵام چیبکەم، هەرچەندم دەکرد، هەر مێشکم لای وێنە کێشان بوو، کاتێک باوکم کاشییەکی دادەناو ئاراستەی بەرز و نزمییەکەی دەپێوا، من لەمێشکمدا ئەو دیمەنەم دەکێشا، بەمەش بیرم دەچوو کاشی داهاتوو بخەمە پەردەستی، ئەویش بەمە تورە دەبوو، منیش هەرچەند سەرم دەهێناو دەبرد، لەگەڵ ئەو کارەدا نەدەگونجام....!.
مامۆستا، دەزانم کاتمان زۆر دەبێت بۆ وردەکارییەکان، ڕەنگە واش نەبێت!، بۆیە دەمەوێت بە خێرایی ئەمشەو، هەندێک شتی گرنگت بۆ باسبکەم، کە پەیوەندییان بە تۆوە هەیە، ئێمە ئەمشەومان لەبەردەستدایەوە، خانم ئازێتاش ماندووە، لە ژوورەکەی تەنیشتمان ڕاکشاوە.... دەزانم دەتەوێت بزانیت، ئەم چیرۆکانەی من چ پەیوەندییەکیان بەم ڕووداوەوە هەیە، وە مەترسییەکانی سەر

ژیانی تۆ چین، هەموو ئەمانە دەزانم، بەڵام دەمەوێت، هەندێک پێشەکیت بۆ باسبکەم، تا لە گێرانەوەی چیرۆک و ڕووداوەکان نامۆ نەبیت و لێم نەپرسیت ئەوە بۆ؟ ئەی تۆ چۆن ئەمەت زانی؟ ئەو کێبوو؟ تا دواتر....؟.
لەسەر داوای باوکم و بۆ ڕزگارکردنی خوشکەکانم، وازم لە وێنەکێشان هێنا، کاتێک دەڵێم: وازم هێنا، تەنها بە شێوە فیزیاوییەکەی بوو، فڵچەو بۆیەو ئەو شتانە تایبەت بوون بە کاری وێنەکێشانەوە هەموویانم فڕیدان، لە ڕووی بیرکردنەوەو دەروونییەوە تا دەهات بە وێنەکێشانەوە سەرقاڵتر دەبووم، خۆشبەختانە ئەمە ئەو دیوە شاراوە بوو، کە باوکم نەیدەبینی. ئەو ماوە بووم بە شاگردی باوکم هیچ فێر نەبووم، بە پێچەوانەی خەڵکانی ترەوە، کاتێک بەردەوام دەبن لەکارێکی نوێ زیاتر ڕادێن و کەمتر هەست بەماندوو بوون دەکەن، کەچی من ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەستم بە ماندوو بوون دەکرد، باوکیشم، تا دەهات تورەتر دەبوو، هەر بە گێلەپیاو بانگی دەکردم. کەچی ئێوارەیەک لەپڕ بە ڕوویەکی خۆشەوە بەناوی خۆمەوە بانگی کردم و داینیشاندم؛ کورم، وا بزانم کاتی ژنهێنانت هاتووە، پێم باشە تا لە ژیاندا بم، نەوەی تۆ ببینم، تۆ خۆت دەزانیت، تاقە کورمی، کوریش بۆ باوک مانایەکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوە من ئەم ئێوارە لەگەڵ مام بارام، لە چایخانەکە دۆمینەمان دەکرد، لە قسەهێنان و بردندا بیرۆکەی داواکردنی کچەکەیم بە مێشکدا هات و داوام لێکرد، ئەویش وەک پیاو، لە وەڵامدا گووتی: کچ کچی خۆتە، جا ئەوە پرسی بۆ چییە، خۆ ئێمە هێشتا ماڵمان جیا نەکردۆتەوە، خەسرەویش وەک کوری خۆم وایە، پیرۆزی بێت، بە دڵێکی خۆش....!. باوکم بەردەوامبوو: کورم، دەبێت تۆش پیاو بیت، ئەم متمانەمان نەدۆڕێنیت.... هەرکە ناوی ژنهێنانی برد، ئەژنۆکانم کەوتنە لەرزین، ئاخر من هێشتا کۆمەڵیک خەونی ڕەنگاو ڕەنگم هەن، نامەوێت تا دەمرم وەک باوکم کاشی ڕیزبکەم.... هەرچەندە هاوارم کردو پاڕامەوە دەست لەو کارە هەڵبگرێت، هیچ سودێکی نەبوو، دەیگووت: ناتەوێت، لەناو هاوڕێکانمدا خەوشدارم بکەیت و ئیتر وەک پیاوێک وێنام بکەن، کە خاوەنی قسەی خۆی نییە، من تازە بەڵێنم وەرگرتووە، لەوکاتەدا، دایکیشم، پشتی باوکمی گرت و هەمان قسەکانی باوکمی دووبارە دەکردەوە، کورم باوکت بەڵینی داوە، سبەی شەو دەچینە شەکراو خواردنەوە، لە ئێستاوە دڵی خۆت خۆش بکە، کچێکی وەک سپێدە خانمت دەستکەوتووە، پروا بکە ئەوەندە جوان و وردیلەیە لە دەنکە نوقوڵ دەچێت....
مامۆستا نەگبەتییەکان ئا لێرەوە دەستییان پێکرد، بەڵام یەک شت هەیە، پێمخۆشە تۆش فێر بیت، لەگەڵ هەر نەگبەتی و بەدبەختییەکدا یەکسەر خۆت نائومێد پیشان مەدە، بەوە دڵگران مەبە بەخت لەکارەکەتدا یان لە ژیانتدا یاوەرت نەبووە، پروات هەبێت، هەندێک نەگبەتی و بەدبەختی هەن ژیانی مرۆڤ لە کارەساتی گەورە ڕزگار دەکەن، پێویستە ئێمە لەبەرامبەر هەر ڕووداوو نەهاتییەکدا دیوە ئەرێنییەکەی ببینین و وا لێکیبدەینەوە، کە بە چاکە بۆمان بشکێتەوە.... زۆرن ئەو بەدبەختیانەی شتی باش بۆ ژیانی مرۆڤ دەهێنن، نەگبەتی مرۆڤ لەوەدایە ئەو شتانە نابینێت....

ئەو شەوە سپێدە کچە وردیلەکەی مام بارام، کە هەر لە کەنارییەکی ترساو دەچوو، گواستییانەوەو لە ژوورێکیان خزاند بۆ ئەوەی من وەک یەکانەیەکی تورە

لەبەریەک هەڵیوەشێنم و خوێناویی بکەم، بەمەش پیاوەتی خۆم بسەلمێنم و سەری خێزانەکەشم بەرزبکەمەوە، لە ترسێکی گەورەدا دەژیام، کاتێک بانگیان کردم و بە پاڵ کردمیانە ئەو ژوورەوە سپێدەی وردیلە لە قوژبنی دیوارەکە هەڵتروشکابوو، بەو دیمەنە هەموو گیانم هاتە لەرزین، ئەو قوربەسەرە تەمەنی پانزەی تەواو نەکردبوو، دوو چاوی ترساوی پڕوەبوو، بەزەیی لێدەتکا، منیش وەستابووم و هەر سەیرم دەکرد، لە بەچکە کەروێشکێک دەچوو دڕەندەیەک گەمارۆی دابێت، بە چاوەکانی دەپاڕایەوەو داوای بەزەیی دەکرد، هێشتا هەر گیانم دەلەرزی، ئاورێکم لە پەنجەرەکە دایەوە، چەند چاوێکم بینی، وەک چاوی ئەو دڕەندانەی لە شەوە تاریکەکاندا پڕن لە ئاماژەی ترسناک، ئەو چاوانە چاوەڕوانی ئەوە بوون، پارچە پەڕۆیەکی سپی بە خوێنی ئەو کچە سوور بکەم و وەک ئاڵای سەرکەوتنی پیاوەتی بەرزی بکەمەوە، ئەوەندەی تر ترسیان خستنە ناو دڵمەوە، لە پشتی دەرگاکەوە، گوێم لە هەناسە و لێدانی دڵی کەسانێک بوو، گوێچکەیان بەدەرگاکەوە نابوو، تا هاوارو قیژەی ئەو کچۆڵە وەک تەپڵی سەرکەوتن دڵیان خۆشبکات....
مامۆستا، ئەو ترسەی ئەو شەوە ڕۆشتە دڵمەوە، تا چەند ساڵێک پیاوەتی تێدا کوشتم، هەرکاتێک بۆ نووستن دەڕۆشتمە ئەو ژوورەوە، هەموو چاوەکان دەهاتنەوە بەر نیگام و لە پەنجەرەکەوە دەمبینین وەک گەلە گورگێک لەبەر ڕوناکی گڵۆپەکاندا چاویان دەبریسکایەوە، گوێم لەدەنگی هەناسەی ئەوانە بوو، لەپشت دەرگاکەوە گوێیان گرتبوو، بزانن چی ڕوودەدات!. ترسێکی سەیرم لێ نیشتبوو، وەک منداڵ هاوارم دەکردو دەگریام، بۆ ماوەیەکی زۆر نەخۆشکەوتم، نەخۆشییەکەم، تایەکی بەرزی شەوانە بوو....
شەش مانگ زیاتر بەسەر گواستنەوەی بوکێدا تێپەڕی کرد، من هەر کە چاوی سپێدەم دەبینی و لێی دەڕوانیم، هەموو دیمەنەکانی ئەو شەوە دەهاتنەوە ناو یادەوەریم، هەموو چاوەکان دەهاتنەوە بەر چاوم و هێرشیان بۆ دەهێنام، گوێم لە هەناسەو لێدانی دڵەکانی پشت دەرگاکە دەبوو، تاکەم بەرز دەبوویەوە، پاش کەمێک لەرز دایدەگرتم.... بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە جێگادا دەکەوتم.... هەموو پێیان وابوو جنۆکە ڕۆشتۆتە گیانمەوە، دەیان نوشتەو دوعایان لەئاو هەڵکێشاو دەرخواردیان دام، بەڵام هەرچاک نەبووم....
نزیکەی ساڵێک تێپەڕی کرد، من باری دەروونیم ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی دەڕۆیشت. مام بارام سپێدەی بۆ ماڵی خۆیان گەڕاندەوە، بە باوکمی گووتبوو: پێت وایە نان لە ماڵەکەمدا نییە بە کچەکەمی بدەم یان کچم بۆ خزمەتکاری ناردووە بۆ ماڵی ئێوە!، وام زانی کچم بە پیاو داوە، نەمزانی ئەوەی پیاوەتی بێت تێیدا نییە، برام دەتزانی کوڕەکەت خەسیوە، بۆ هێشتت، لەناو خەڵکدا نابوتمان بکات؟. باوکم زۆر خەجاڵەتیی کێشابوو، بەڵام هیچ دادی نەبوو....
وشەی خەسیو بەسەرمدا دابڕا، لەهەر جێگایەکەوە دەڕۆیشتم، بانگیان دەکردم، خەسرەو خەسیو، خەسرەو خەسیو، تۆ خۆت باش شارەزایی ئەو خەڵکەی لای خۆمانیت، هەرکە خەوش و کەمایەسییەکیان لە یەکێکدا دۆزییەوە، ئیتر بەوە شێتی دەکەن. یەکێک لە خراپترین سیفەتەکانی خەڵکی ئێمە ئەوەیە: بە لەشی مرۆڤدا دەگەڕێن تا برینێک بدۆزنەوە، ئیتر هێندە ئازاری ئەو برینە دەدەن، ئەو کەسە ناچار بە خۆکوشتن یان شێتبوون دەکەن.... مەسەلەی خەسیو بۆ من

برینێک بوو هەرکەسێک بەلامدا تێپەڕی بکردایە، شتێکی تێدەچەقاند، لەسەروو هەمووشیانەوە خێزانەکەی خۆم!. مامۆستا، پروات هەبێت، هیچ کەسێک ئەوەندەی خێزانەکەی خۆت ناتوانێت سوکت بکات و هەر ڕۆژێک لە ناخەوە پارچەیەکت لێبکاتەوە. تۆ ئەگەر خراپترین کەس بیت لەم دونیایەدا، ئەگەر خێزانەکەی خۆت لەپشتت بێت و سوک و ڕیسوات نەکەن، بەهیچ شتێک ناڕوخێیت و هەر سەردەکەویت، بەڵام ئەگەر بەتواناترین کەسیش بیت لەم دونیایەدا، خێزانەکەت کار بۆ شکاندنت بکەن و هەر ڕۆژەی تانەیەکت لێبدەن ئەوا زۆر بە ئاسانی لای خەڵکانی تریش سوک و ڕیسوا دەردەکەویت.... باوکم یەکێک بوو لەو کەسانەی بەردەوام کاری لەسەر تێکشکاندنی من دەکرد.... لەو پروایەشدا نیم بەمەبەست ئەو کارانەی کردبێت، ئەویش وەک هەر باوکێکی تر دەیوویست کورەکەی وەک خۆی بێت، هەموو باوکەکانی ئێمە بەو هەڵانەدا دەڕۆن باپیرانمان کردوویانە....
مامۆستا، ماوەیەکی زۆر لەماڵ نەدەڕۆشتمە دەرەوە، پێت وانەبێت ماڵەوەش لەدەرەوە خۆشتر بووبێت، پروا بکە ماڵەوە دۆزەخێک بوو، هەر مەپرسە، هیچ ئەوەندی ئەوە شورەییهێنەر نییە ماڵێک کورێکی خەسیویان هەبێت، بەگەورە و بچوکەوە بەردەوام تانەیان لێدەدام، ئەوەندە سەرکوێریان کردبووم، توانای وەڵامدانەوە یان تووڕەبوونێکم لە خوشکە هەرە بچوکەکەیشم نەبوو، کاتێک پێی دەگوتم: حەپۆل، گێلی خەسیوو دەیان قسەی ناشیرینتر، لەناخەوە وردتر دەبووم.
مامۆستا، ڕۆحی مرۆڤ لە دیوارکۆ دەچێت، تا ئەو کاتەی بلورەکەی دەشکێت بە جوانی دەسووتێت و ڕوناکی بەچواردەوری خۆیدا پەخشدەکات....!. ماوەیەکی زۆر تەنها بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە، وەک دیوارکۆیەکی بلور شکاو لە ڕۆحمەوە دوکەڵی ڕەش بەرز دەبووەو تارماییەکی سەیر سەراپای ژیانی تەنیبووم.
شەوێکیان کەیوانی هاوڕێی منالیم هاتە خەوم، چاوەکانی بۆ من پڕبوون لە فرمێسک، توند دەستەکانی گرتبووم و بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشام بۆ ناو چەم و باخێک، لە دامێنی کۆمەڵە چیایەکی سەختدا، لەسەر بەردێک لەقەراغ چەمێک داینیشاندم و گووتی: خەسرەو ئێرە ماڵی تۆیە، بۆ خۆت لێرەدا هەر خەریکی وێنەکێشان بە، باشترین جێگا بۆ تۆ، ئێرەیە.... بە پرواى من ئەو جێگا لە خەوەکەمدا بینیم، ئەو ئۆردوگا بوو، کە ماوەی چەند ساڵێک ماڵێکی جوانبوو بۆم.
بۆ سبەینێ لەخەو هەستام، هەستم دەکرد باری دەروونیم لە ڕۆژانی رابردوو باشتربوو، دیسان خەوەکەم هاتەوە یاد.... پریارمدا سەردانی ماڵی کەیوان بکەم.... کاتێک ڕۆیشتم، دەبینم دوو لە هاوڕی کۆنەکانم لەوێن، یەکێکیان بە توانجێکەوە گووتی: دەمێکە چاوەڕوانین بێیتەوە بۆ لامان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا درەنگ نییە. بە کورتی خەوەکەم بۆ کەیوان گێڕایەوە، یەکسەر وەڵامەکەی ئەوەبوو، کە پێویستە پرۆم ئەو شوێنە بدۆزمەوە، کە لەخەوەکەدا دیومە. بەڵام هاوڕێکانی تر دیسان داوایان لێکردم لەگەڵیاندا کار بکەم، لە خۆمەوە ڕەزامەندیم دەربڕی، بەمەرجێک ئەو هاوکارییە لەدەرەوەی شار بێت. ئەوەشم پێگووتن، ئێستا هەلێکی باشە بۆ ئەوەی خوشکەکانم تووشی کێشە نەبن، ئێستا هەموو کەس وا دەزانێت شێتبووم، شێتەکانیش ئازادترین مرۆڤن لەم سەردەمەدا.
ئەوەی لەلام سەیر بوو، بە شەوو ڕۆژێک هەموو شتێکیان بە نهێنی بۆ جێبەجێکردم و کابرایەکییان پێناساندم تا دەرەوەی شار بمگەیەنێت.... ئەو کابرا،

ناوەکەی منی بیستبوو، زوو زوو بە چاوێکی گوماناوییەوە سەیرێکی دەکردم، ئەوەشم لەبیر نەچێت، ئەو برادەرانە نامەیەکیان نووسیبوو، کە من توانای وێنەکێشانم هەیە، دەتوانن لەبەشی ڕاگەیاندن بۆ کاری پۆستەرو وێنەکێشان سودم لێ ببینن، کەچی بە هۆی ناوبانگی خراپی من، شتەکان بە پێچەوانە کەوتنەوە. کاتێک ڕێبەرەکە دەیچرپاند بە گوێی بەرپرسەکاندا، قاقا پێدەکەنین و سەریان بادەدا.... مامۆستا، هەندێکجار مرۆڤ بە سەیرکردنێک دەزانێت خەڵک باسی چی دەکەن، منیش لە دوای چپەکردنەکەیانەوە، پاشان سەیرێکیان دەکردم و قاقا پێدەکەنین لەوە تێگەیشتم، ئەمە پێشوازیکردنێکی خراپە!.
مامۆستا، سەرت نەیەشێنم، کاتێک بردمیانە لای یەکێک لە بەرپرسە باڵاکانی سەربازی، لەبەر ئەوەی شتێکیان پێشتر لەسەر من پێڕاگەیاندبوو، هەر سەیری نامەکەشی نەکرد، کە پێشتر هاوڕێکانم نووسیبوویان، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک بڕیاری دا، بۆ هاوکاری ئاشپەزخانە و خزمەتکاری خێزانی بەرپرسە باڵاکان، ڕەوانەی ئۆردوگای سەرەوەم بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا وەک بییەوێت دڵنەوایم بکات، باسی ئەوەی کرد، کە هەرکەسێکی نوێ بێتە ناو شۆڕشەوە، بۆ ماوەیەک ئەو کارانەی پێدەکەن، پاشان تواناکانی هەڵدەسەنگێنن و بە پێی تواناکانیان ئەرک و کارەکانی دەستنیشان دەکرێن، ئیتر لەو کاتەوە، کەوا بۆ هەشت ساڵ دەچێت، من لەو ئۆردوگا وەک پیاوێکی خەسیوی گێل، جگە لە خزمەتکاری خێزانی بەرپرسەکان هیچ کارێکی ترم نییە. وە بۆ ئەوان گونجاوترین پیاوێک خزمەتکاری خێزانەکانیان بکات پیاوێکی خەسیوە. ئێستا تێدەگەیت مامۆستا، ئەو چیرۆکەی ژیانی من چەند پەیوەندی بە ئەمشەوەوە هەیە، ئەگەر ئەو ڕووداوە ناخۆشانەی ژیانی من نەبوونایە، ئایا من و تۆ دەمانتوانی ئاوا بە ئاسانی، سبەینێ بە فڕۆکە بۆ وڵاتێکی ترو لەوێشەوە بۆ ئەو جێگای خۆمان دەمانەوێت بفڕین!.
مامۆستا، دەزانم تۆ کەسێکی دڵسۆزیت، ئەوەش دەزانم بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکانی ناو کتێبخانەکە بوویت، بەڵام تۆ نازانیت، خوێندنەوەی زۆر مرۆڤ توشی گومانی زیاتر لە خۆیی و دەوروبەرەکەی دەکات!. تۆ دەزانیت مرۆڤ تا زیاتر بخوێنێتەوە، پرسیاری زیاتری لا درووست دەبێت و لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە نەزانیی خۆی دەکات؟. لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا، بمبورە ئەوەت پێدەڵێم: خوێندنەوەی کتێب بەس نییە بۆ ئەوەی لەهەموو شتێک وەک خۆی بگەیت، گەورەترین هەڵەی تۆ ئەوەبوو لەناو کتێبەکانەوە لە شۆڕشت دەڕوانی! ئەو چەند ساڵەی تۆ لەناو دڵی شۆڕشدا وەک مامۆستایەک کارت دەکرد و بەردەوام لەهەوڵی تێگەیشتنی زیاتردا بوویت، بۆ جارێک لە چواردەوری خۆتت نەڕوانی، کە چی دەگوزەرێت! تەنها پێت وابوو کتێب دەتوانێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکات، ئەم هەڵە گەورەی تۆ پێشتریش چەند کەسێکی تر کردیان و لەناوبران. خوێندنەوەی شۆڕش لەناو ئەو کتێبانەی لەو کتێبخانەدا دانراون، بەتەنها ئەو دیوە جوانەی شۆڕشە، کە بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێت و ئازادی بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات، تۆ پێت وابوو ئەوانەی لەناو شۆڕشدان ئەو کتێبانەیان نەخوێندۆتەوەو لێی تێنەگەیشتوون؟! تۆ قەت شتێکی وات بەبیردا دێت، کەسانێک هەبن، کتێبی جوان دەخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی شتی خراپی لێوە فێر بن!، یان سودی لێ ببینێت بۆ کارە خراپەکانیان؟ مامۆستا، جارێکی تر پێت دەڵێم: بە هیچ

شێوەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان پشت بە باسی ناو کتێبەکان مەبەستە، خوێندنەوە بەبێ ئەزموون، مرۆڤ سەرگەردان دەکات، پشتبەستن بە ڕووداوی ناو کتێبەکان، مرۆڤ توشی خۆشخەیاڵی دەکات. هەموو نووسەرە باشەکانی دونیا کتێبی جوان و ڕوداوی سەرنجڕاکێش بۆیە دەخوڵقێنن، مرۆڤ لێیەوە، وانە گرنگەکانی ژیان فێر بێت، زۆربەی نووسەرەکانی دونیا، لە ئەزموونەکانی خۆیانەوە، فێری داهێنانی ڕووداوی گەورە دەبن، هیچ شتێک لەم دونیا لە هیچەوە نایەتە بوون!. ئەو نووسەرانەی باسی ئاشتی دەکەن، لەوە تێگەیشتوون مرۆڤ بوونەوەرێکی شەڕانگێزە، ئەوانەی باسی دادوەری دەکەن، دەزانن مرۆڤەکان ئەگەر دەسەڵاتیان بکەوێتە دەست چەند ستەمکارن، ئەوانەش باسی ئازادی دەکەن، گەشتوونەتە ئەو پروایەی بەدەست چەند پیاوێکی دەسەڵاتخوازی خۆپەرستەوە، ئەم جیهانە بووە بە زیندانێکی گەورە، ئەوان لە ڕێگای نووسینەکانیانەوە خوازیارن مرۆڤ دەست لە دڵڕەقی و چەوسانەوەی بەرامبەرەکەی هەڵگرێت، کاتێک لەو لاوازترە...! مامۆستا، کێشەکەی تۆ لەوەدایە دەتویست، بەخەونی ناو کتێبەکان، ڕێڕەوی شۆڕش لە بورکانێکی تورەی وێرانکەرەوە بۆ ڕووبارێکی بێدەنگی ئارام بگۆڕیت!.
مامۆستا، دەبوو پێش دەربڕینی بۆچوونەکانت، بیرت لەوە بکردایەتەوە، هەموو ئەو ڕژێمە ستەمکارانەی، شۆڕش لە دژیان بەرپا دەکرێت، پێشتر ئەوانیش شۆڕشگێربوون! ئەوە دەزانیت، ئەو ڕژێمە ستەمکارەی ئێستا شۆڕشگێرەکانی ئێمە لەدژی شۆڕشیان بەرپا کردووە، بە شۆڕش هاتۆتە سەر دەسەڵات و خەڵکی چەپڵەی بۆ لێداون! مامۆستا، من تەواو دژی بۆچوونەکانی تۆم، کە پێت وایە، دەبێت بە ئاشتی و زمانی گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن، چونکە دەبێت تۆ لەوە تێبگەیت، "هەر هێزێک بە چەک و توندوتیژی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، دەبێت بە چەک و توندوتیژی پارێزگاریی لێبکات" مێژوو ئەوەی سەلماندووە هەر شۆڕشێک بە خوێنڕشتن سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت هەر بە خوێنڕشتنیش کۆتایی هاتووە، یان کۆتایی دێت، ئەستەمە ئەم هاوکێشەیە بگۆڕیت، تەنها لەیەککاتدا نەبێت، ئەویش ئەو کاتەیە، کە شۆڕش سەردەکەوێت، هەموو پیاوانی شۆڕش واز لە دەسەڵاتخوازی بهێنن و بڵێن، ئێمە ماندووین پێویستمان بە پشووە، با نەوەیەکی نوێی ڕۆشنبیر و شارەزا لە بواری بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا حکومەت دروستبکەن، کە ئەمە لە خەیاڵی ناو کتێبەکان دەچێت، چونکە تۆ پێت وایە، کەسێکی وەک سەرهەنگ بەهزاد، بە ئاسانی واز لە دەسەڵات بهێنێت؟ تۆ پێت وایە، سەرهەنگ بەهزاد، دەیان ساڵە بە هەق و ناهەق خوێنی دوژمنەکانی دەڕێژێت، بۆ ئەوەی بەم پلەیەی ئەمڕۆی بگات، وا بەئاسانی سبەینێ واز لەدەسەڵات دەهێنێت؟ بۆ پێت وایە ئەوانەی ئەو پێیان دەڵێت: دوژمن، ئەوانیش وەک من و تۆ مرۆڤ نین؟ وەک ئێمە لەخەڵکە هەژارو داماوەکە نین، کە بەزۆر دەکرێنە سەرباز و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگیان دەکەن! تۆ پێت وایە ئەوانەی، سەرهەنگ بەهزاد دەیانکوژێت، کوری ئەو تاوانبارانەن ئەم جەنگەیان دروستکردووە، کوری ئەو پیاوانەن، وەک دڕندە بەردەبنە گیانی خەڵک و ئازاریان دەدەن؟ تۆ پێت وایە مرۆڤێک ئەوەندە چێژ لەکوشتن ببینێت، سڵ لە کوشتنی دیلەکانیش نەکاتەوە، هەروا بە ئاسانی سبەینێ دەڕۆن و بەری ڕەنجی شۆڕش

بۆ کەسانێک بە جێدەهێڵن، کە خۆیان گووتەنی: لەپێناویاندا ئەم شۆڕشەیان هەڵگیرساندووە....؟.
مامۆستا، نازانم ئێمە تا چەندێک دەتوانین پێکەوە بمێنینەوە، بەڵام پێمخۆشە هیچ نەبێت، کەمێک چاوەکانیشت بکەیتەوەو وردتر لەو شتانە پروانیت ساکار دێنە پێشچاوت! تۆ چۆن پێت وایە شۆرش بەو شێوە توندوتیژییەی ئەمرۆ سەرناکەوێت، منیش پێم وایە بە ئەندێشەی ناو کتێبەکانیش سەرناکەوێت، هەندێکجار ڕووداوەکان زۆر لەوە گەورەترن وەک من و تۆ بیری لێ دەکەینەوە!. زۆرجار ئەو هێزەی لەپشت ڕووداوەکانەوەیە زۆر لە دەسەڵاتی ئەوانەی لەناو خودی ڕووداوەکاندان بەهێزترە.
مامۆستا، لە چاوەکانتدا دەزانم تێراماویت و خەریکە سەرت لەم قسانە دەئاوسێت، ئەوەی ڕوویدا ڕووداوێک بوو، لەدەرەوی دەسەڵاتی من و تۆ، بۆیە چیتر هەوڵمەدە مێشکت بە ڕووداوەکانی ڕابردووەوە ماندوو بێت، ئەگەر ئەمە بکەیت هەمووو تەمەنت لە نا ئومێدیدا دەگوزەرێنیت. شتێک پێویستە لەم کاتەدا بیکەین، ئەوەیە خۆمانی دوێنێ بنێژین، بیر لەو هەنگاوانە مەکەرەوە دوێنێ ناوتن و شکستت تێداهێناون، بیر لەو هەنگاوانە بکەوە سبەینێ دەیاننێیت.... نامەوێت بەو شێوە نیگەرانییە بتبینم، تۆ لەمردنێکی ڕاستەقینە ڕزگارت بووە، پێویستە دڵت خۆش بێت، پێشتر پێم گووتیت: ئەگەر ئێمە نەباین، ئەوا ئێستا ئا لەم کاتەدا، کە نازانم کاتژمێر چەندە، تۆ لاشەیەکی بێگیان دەبوویت و لە دۆڵێکدا فڕیدرابوویت، ئا لەم کاتەدا بیهێنە بەرچاوی خۆت، لاشەی تۆ لە دۆڵێکدا فڕێدراوەو چەقەڵ و گورگەکان سەریان کردۆتە خواردنی! ئەو دیمەنە بهێنە بەرچاوی خۆت، بزانە هەست بە چیدەکەیت؟ ئەوە بهێنە بەرچاوی خۆت وەک کارمامزێک چاوەکانت پڕن لەژیان، هەزاران خەونی ڕەنگاورەنگ لەناو مێشکتدا دێن و دەچن، لە پڕ دەکەویتە بەرهێرشی کەڵبەی پڵنگەکان و بە ڕۆح هەست بەئازاری شوێن کەڵبەکان دەکەیت، کاتێک گۆشتی لەشت دەپچڕن و بەچاویش دەیانبینیت، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، بەزیندووی دڕندەکان دەبینیت، پارچە پارچە گۆشت لە لەشت دەکەنەوەو دەسەڵاتی هیچ شتێکت نییە جگە لەئازارچەشتن!.
مامۆستا، سەرت لە چی سوڕماوە!، پێت وایە، ئەو قسانەی دەیانکەم لە چیرۆکە دروستکراوەکانی ناو کتێبەکان دەچن؟. تۆ پێت وابوو، بەو بیروبۆچوونە سادانەوە، دەتتوانی عەقڵی پیاوەکانی سەرکردایەتی شۆرش بگۆڕیت؟ تۆ پێت وابوو، ڕووبەڕوو بونەوەی کادرێکی وەک دکتۆر زوپیر، بۆ تۆ کارێکی ئەوەندە ئاسان بوو؟ تۆ قەت لەخۆت پرسیوە، کێیت؟ تۆ قەت بیرت لەوە کردۆتەوە، ئەوانەی لەناو شۆڕشدا بیانەوێت هەنگاوێک پرۆنە پێشەوە، دەبێت لانی کەم کەسێکی بەهێزیان هەبێت، لە پشتەوە پاڵیان پێوە بنێت! تۆ کێت لەپشت بوو بەرگریت لێبکات، کاتێک پلانی لەناوبردنیان بۆ داڕشتیت؟ ئەگەر ئێستا پێت بڵێم: لەماوەی ئەم ساڵەدا تا ئەمجارە سێ جار داوای لەناوبردنی تۆ بۆسەرەوە بەرز کراوەتەوە، تۆ ئەزانی ئەو کەسانەی لەگەڵتدا پێدەکەنین و گوێیان بۆ قسەکانت ڕادەگرت و دەستخۆشییان لێدەکردیت، لە پشتەوە ڕاپۆرتی ترسناکیان لە دژت بەرز دەکردەوە؟ تۆ ئاگات لەوەیە ئەوەی ڕێگریی لە جێبەجێکردنیان دەکرد، سەرهەنگ بەهزاد بوو....؟.

دڵنیام ئەم قسانە سەرت هێندەی تر دەئاوسێنێت، کە بۆچی دەیانەویست تۆ لەناو بەرن. بەڵام لات سەیر نەبێت ئەو مەسەلانە بەبەڵگەوە دەسەلمێنم، کەمێک ئارامت هەبێت هەموویت بە کورتی بۆ دەگێڕمەوە....
بۆ پلانی کوشتنی دووجاری یەکەم، دوو هۆکار هەبوون، یەکەمیان: پاش ئەو گفتوگۆیەی لە کتێبخانەکەدا لەگەڵ دانای بلیمەت کردبووت، لەسەر ئەوەی، داوای کتێبێکی نوێت لێکردبوو، ئەویش وەک پیشەکەی خۆی ناوی کتێب و نووسەرەکەی بردبوو، تۆش داوای کەمێک ڕوونکردنەوەت، لە ناوەڕۆکی کتێبەکە کردبوو، ئەویش تورەبووبوو، گوایە تۆ دەتەوێت تاقیی بکەیتەوە! ئەمەش چەندجارێک ڕوویدابوو، کە تۆ گومانت لەوە پەیداکردبوو، دانای بلیمەت تەنها ناوی کتێب و نووسەرەکانیان ئەزبەر دەکات، بەڵام لە ژیانیدا لاپەڕەیەکی لە هیچ کتێبێک نەخوێندۆتەوە، ئەمە هەرایەکی گەورەی نایەوەو گەشتەناو ئەندامانی سەرکردایەتی و بەرپرسە باڵاکان، گوایە تۆ بۆ جاسوسیکردن هاتوویت و دەتەوێت ئاستی ڕۆشنبیریی و خوێنەواری ئەوان تاقی بکەیتەوە. ئەگەر ئەوە ساغ بکرایەتەوە، ئەوا ئەو ناوبانگە گەورەی ڕۆشنبیرو کادرەکان لەکەدار دەبوون، لەلایەن پیاوانی دەوڵەتیشەوە، پلان و تێڕوانینەکانیان دژ بە شۆڕش دەگۆڕا. بۆیە پێش تۆ کەس بوێری ئەوەی نەبووە، لەبەرامبەر دانای بلیمەتدا قسەیەکی لەو جۆرە بکات، ئەگەر ڕاستیشی تێدا بێت. دەبوو هەموو کەس وا بزانێت شۆڕش پیاوی وەک دانای بلیمەتی تێدایە، هەموو کتێبەکانی جیهانی خوێندۆتەوەو شارەزای کون و کەلەبەری مێژووی جیهانە.
پلانی دووەمجار، هەر دوو ڕۆژ دوای ڕووداوی کتێبخانەکە، لەگەڵ مامۆستا هۆگردا لەسەر تێڕوانین بۆ شۆڕش و تێگەیشتن لە چەمکی شۆڕش دەبێتە گفتوگۆتان، تۆ بە مامۆستا هۆگرت گوتبوو، مامۆستا سەیرە، وەک بەڵگە هەر ناوی ئەو کتێبانە دەهێنیتەوە، پێش سێ ساڵ باستکردوون، ئەو تێگەیشتنانە کۆن بوون، لەوە ناچیت کتێبی نوێت خوێندبێتەوەو ئاگات لە گۆڕانکارییە نوێکانی جیهان هەبێت، ئەو قسانەی تۆ دەیکەیت، بۆ نیو سەدە لەمەوبەر ڕاستن، بەڵام ئێستا تێڕوانینی نوێ هەن بۆ شۆڕش، چیتر چەک تاکە ئامرازێک نییە بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکان، شۆڕش لە داهاتوودا بە زانستی نوێ دەکرێت، تەکنەلۆژیای نوێ شۆڕشی نوێ لەناو گەلاندا هەڵدەگیرسێنێت، پێویستە بۆ داهاتوو، خۆمان بۆ ئەم جۆرە شۆڕشە ئامادە بکەین، لەو گفتوگۆدا تۆ گەورەترین مامۆستاو ڕۆشنبیریی شۆڕشت تاوانبار کرد بەوەی جگە لەچەند کتێبێک لە ڕابردوودا خوێندوویەتیەوە ئاگای لە هیچ نوێکارییەک و گۆڕانکارییە جیهانییەکان نییە!، ئەمەش دیسان بەرپرسان و پیاوانی سەرکردایەتی تورەکرد، تەنانەت یەکێک لەهەرە بەپرسە باڵاکان، گووتبووی، نابێت بە فیشەک بکوژرێت، دەبێت تا دان بە هەموو ڕاستییەکدا دەنێت، بخرێتە ژێر ئەشکەنجەوە، بەڵام زۆربەیان ڕایان وابوو، باشترە بە بێدەنگی لەناوببرێت، بۆ ئەوەی ناوبانگی شۆڕش خراپ نەبێت و بەوە تاوانبارمان نەکەن، کە مامۆستاو ڕۆشنبیرەکانی خۆیان لەسەر بیرەباوەڕی جیاواز دەکوژن، چونکە تا ڕادەیەک باوەڕەکانی تۆ لەناو کادرەکاندا جێگای مشتومڕ بوون. هەموو ئەم مەسەلانەش باسمکردن، بە سەرهەنگ بەهزاد دەسپێردرا....
دواجار، کە ئیتر لێخۆشبوونی نەبوو، ئەوەبوو ڕاستەوخۆ بە دکتۆر زوپێرت گووتبوو: ئەم قسانە ئەوەندە کۆن و سواون، چیتر تاقەتی گوێگرتنم نەماوە، دکتۆر بەتەنها

کۆمەڵێک قسەی لەبەرکردووەو بەردەوام دەیانڵێتەوە، من چیتر ئامادەی ئەم کۆبوونەوانە نابم، تا گوێ لەم قسە کۆنانە بگرم، ئێمە پێویستە دیدی نوێمان بۆ شۆڕش و داهاتووی شۆڕش هەبێت، ئەگینا ئەم شۆڕشە شکست دەخوات. ئێستا نەوەیەکی نوێ لەشاردا گەورەبوون ئاگاداری هەموو ڕووداوو گۆڕانکارییەکانی جیهانن، نەوەیەکی خوێنەوار پێگەیشتووە گاڵتەی بەم دیدە کۆنانە دێت، بۆیە ناکرێت ئێمە بەچەکی کۆن بەردەوامی بە شۆڕشێکی نوێ بدەین، باشترە گەنجان و کادری نوێ بهێنرێنە ناو مەیدانەکە. ئەمڕۆ ئێمە زیاتر پێویستمان بە نەوەیەکی خوێنەوار هەیە نەک چەکدار، ئێمە لەناو کوانوویەکدایین تا خۆڵەمێشە کۆنەکان فڕێ نەدەینە دەرەوە، ئاگرێکی نوێمان بۆ هەڵناگیرسێت....
مامۆستا، بەم قسانە دەزانیت، بەدەستی خۆت گۆڕت بۆ خۆت هەڵدەکەند و ئاگات لێنەبوو! دەزانم، سەرت لەوە سوڕماوە، کە چۆن من ئاگاداری ئەو هەموو ڕووداوەم! ئێستا دەزانیت چەند لە تۆوە نزیک بووم و تۆ بێئاگابوویت؟ تۆش وەک هەرکەسێکی تر بە یەکێک لە گەمژەکانی ئەم دونیات دەزانیم! ئێستا تێدەگەیت بۆ سەرهەنگ بەهزاد نەیدەهێشت تۆ لەناوببرێیت و کوشتنەکەی، هەڵگرتیت بۆ ئەم کاتە! ڕاستیت دەوێت، ئەوە سەرهەنگ بەهزاد نەبوو، ئەوە خانم ئازێتا بوو، لە پشت دواخستنی مەرگی تۆوە بوو، چونکە ئەو پێی وابوو، مەرگی کەسێک بەلای کەمەوە پێویستە کۆمەڵێک خەڵک ڕزگار بکات، خانم ئازێتا، پێی وابوو، نابێت خوێنی هیچ کەسێک هەروا ئاسان لە پێناوی هیچدا پڕژرێت، ئەو دوژمنی خوێنڕشتن بوو بەهەر هۆیەکەوە بێت، ئەمەی ڕاشکاوانە بە سەرهەنگ بەهزاد گووتبوو: مادام ئێمە سەرمان بۆ بیرکردنەوە هەیە، نابێت پێش ئەوەی بیربکەینەوە دەستەکانمان بەکار بهێنین، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی مرۆڤ سنوردارە، بەتایبەتی بۆ خانمێک، کە جگە لە مێردەکەی دەنگی نەدەگەیشتە لای هیچ کەس و بەرپرسێک، بۆیە ناچاربوو، دواجار پلانی جێبەجێکردنی کوشتنەکەی تۆ پەسەند بکات، بەو مەرجەی لەو کاتەدا سەرهەنگ بەهزاد لەدەرەوە بێت....
مامۆستا، ڕەنگە لات سەیر بێت، ئەوەی دواجار بڕیاری کوشتنی تۆی دەرکرد، خانم ئازێتا بێت، کە ئێستا لە ژوورەکەی تەنیشتمان نووستووە!. دیارە من نەک بە وردی ئاگام لەهەموو پلانەکانی خانم ئازێتا بوو، بەڵکو بەشداربووم لە نەخشەکەدا!. ئێمە ڕۆژانە دەیان پلانی جۆراوجۆرمان دادەڕشت و پەشیمان دەبووینەوە، ئەو کاتەی مەسەلەی کوشتنەکەی تۆ هاتە ئاراوە، هەموو نەخشەکانی ئێمە گۆڕا، بۆ ئەوەی نەهێڵین ئەو کارە ئەنجام بدرێت، کوشتنی تۆ ئەو کاتە ژیانی ئێمەی بەتەواوی وێران دەکرد، سەرلەبەری نەخشەکەمانی هەڵدەگێڕایەوە، ئەو کاتە مردنی منیش مسۆگەر دەبوو. ئێمە سوپاسی تۆ دەکەین، کە ژیانی ئێمەت ڕزگارکرد.
مامۆستا، پێمخۆشە ئەو ڕاستییەش بدرکێنم، کە من و خانم ئازێتا لەپشتی گەورەکردنی مەسەلەکانی تۆوە بووین، ئاخر سەرنەدەکەوتین، ئەگەر یاریمان بە چارەنووسی تۆ نەکردبا، ئێمە بە شێوەیەکی زۆر نهێنی، لە جێگەیەکی ترەوە گەمەمان بە چارەنووسی تۆ دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا نەدەبوو تۆ لەناوببرێیت، تا ئەو کاتەی خۆمان دەبوو بڕیار بدەین، مامۆستا بمانبورە، ئێمە مەبەستمان نەبوو تۆ لەناوبەرین یا ئازارت بدەین، تەنها گەمەیەک بوو بۆ دەربازبوونمان، چونکە بەڕاستی ژیانی هەرسێکمان لەمەترسیدا بوو....!.

سەرهەنگ بەهزاد بە شێوەیەک خانم ئازێتای خۆشدەوویست لەبەردەمیدا دەبوو بە دڵۆپەیەک ئاو، ئەو پیاوەی مرۆڤی وەک قالۆنچە دەبینی، ئەگەر بهاتایەتە سەر ڕێگای پێیەکی پێدا دەناو بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە ملی ڕێگای خۆی دەگرتەبەر، کەچی لەبەردەم ئەو ژنەدا خۆی لێدەبوو بە قالۆنچە. بە شێوەیەک گیرۆدەی خۆشەوویستی خانم ئازێتا بووبوو، نەیدەتوانی هەنگاوێک بە بێ پرسی ئەو بنێت، بۆ هەموو شتێک پرسی پێدەکرد. توانای زیرەکی خانم ئازێتا لەوەدا بوو ئەو پیاوە دڕەندەی بە شێوەیەک ماڵیکردبوو، لەو کاتەوەی بووبوو بە خێزانی نەیهێشتبوو هیچ کەسێک بکوژێت، ئەو بەڵێنی لێوەرگرتبوو دەست لەکوشتن هەڵبگرێت و ببێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی....

خانم ئازێتا بۆی گێرامەوە: بۆ یەکەمجار سەرهەنگ بەهزادم لەیەکێک لە میوانخانەکانی ئەم پایتەختە بینی، تا ئەو شەوە نەیدەزانی کێ لە پشت ڕووداوەکانەوەیە، ئەو دەیگووت: لەماوەی ئەو هەفتەیەدا تا ئەو کاتەی منیان بۆ پشت سنوور بە نیازی دیداری سەرهەنگ بەهزاد گواستەوە، هێندە گریابووم، چاوەکانم بە ئاستەم دەیانبینی. ئەو شەوەی سەرهەنگ بەهزاد لە میوانخانەکە بۆ چاوپێکەوتنی سەردانی دەکات، زۆر بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، بەرگریی دەکات و قسەی ناشیرینی پێدەڵێت؛ بەڵام سەرهەنگ بەهزاد، پێیدەڵێت: تازە تۆ هی منیت، هیچ هێزێک نییە لەم دونیادا بتوانێت تۆ لە ژێردەستی من دەربکات، خۆشەویستیت ڕێگام نادات بەهیچ شێوەیەک ئازارت بدەم، دەتوانم، بۆ هەتاهەتایە بەندت بکەم، دەتوانم ئێستا هەردوو دەست و قاچەکانت ببەستمەوەو لەگەڵتدا چیم بووێت بیکەم، بەڵام من ئەمانە هیچیان ناکەم، من نامەوێت خیانەت لەخۆم بکەم، چونکە ئەو هەموو مرۆڤەم نەکوشت بۆ ئەوەی بەزۆر لەگەڵ تۆدا بنوم، من ئەو هەموو خەڵکەم کوشت، خۆشەوویستی تۆ بەدەست بهێنم، بمبورە ڕێگایەکی ترم لەبەردەمدا نەبوو، هەردەبوو وا بکەم...

سەرهەنگ بەهزاد پێیگووتبوو: ئازێتا؛ بیرت دێت، منداڵبوویت هەموو ڕۆژێک تا بەردەمی قوتابخانە دوات دەکەوتم، بیرت دێت جارێکیان لێت پرسیم؛ ئەوە بۆچی هەموو ڕۆژێک دوام دەکەویت، لەوەڵامدا، گووتم: بۆ ئەوەی لە منداڵە چەتونەکانت بپارێزم، تۆش بزەیەکت بۆ کردم.... ئەو بزەیە بە شێوەیەک ئاگری لەهەناوم بەردا تا ئەمڕۆ زیاترو زیاتر لەناخمدا کڵپە دەسێنێت، دەزانیت لەو ڕۆژەوە من عاشقی تۆ بووم... هەموو جارێک لە دڵی خۆمدا دەمگووت: خۆزگە گەورە نەدەبوو، هەستدەکەم تا گەورەتر دەبێت و زیاتر تێدەگات بزەکانی بەرەو کاڵبوونەوە دەچن.

ئازێتا، تۆ گەورە دەبوویت و خۆشەویستیت لەناخمدا گەورەتر دەبوو. نامەوێت تاوانبارت بکەم، بەڵام پروات هەبێت، زۆربەی شێتی و شەڕانگێزی من لە کۆڵان و سەر شەقامەکاندا پەیوەندی بە ساردوسڕی تۆوە هەبوو، تۆ چەند ساردتر بوویتایە لەگەڵمدا من زیاتر تورەو شەڕانگێز دەبووم، من هەمیشە حەزم دەکرد وەک منداڵەکەی جاران تا بەردەرگای قوتابخانە بە دواتەوە بم و لەبەرچاوم بیت، پێش ئەوەی پرۆیتە ژوورەوە ئاوڕێک لە دواوە بدەیتەوەو بزەیەکم بۆ بکەیت، ئاخر تۆ گەورە دەبوویت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵمدا ساردتر دەبوویت، لچت لێهەڵدەقرتاندم و لەگەڵ هاورێکانتدا پێمپێدەکەنیت، بەو ڕەفتارانەت شێت و هارت دەکردم، پردەبووم لە تورەیی، ناچاربووم بیانوو بەیەکێک بگرم و داخی دڵی خۆمی

پێهەڵڕێژم... ئێستا تێمدەگەیت من جگە لە گەنجێکی بێدەسەڵات لەبەردەم خۆشەویستی تۆدا هیچی تر نەبووم...
خانم ئازێتا دەیگێڕایەوە؛ ئەو سەرهەنگ بەهزادەی هیچ پیاوێک نییە، بوێری ئەوەی تێدابێت ڕاستەوخۆ سەیری چاوەکانی بکات، پێروام نییە پیاوێک لەم ئۆردوگادا هەبێت، بزانێت ڕەنگی چاوی چ ڕەنگە! ئەو پیاوەی لەناو شارەکاندا لەگەڵ ناوی دەبیسترا، پیاوەکانی دەوڵەت تا ڕۆژ دەبوویەوە لەترسان خەویان لێنەدەکەوت، ئەو شەوە لەبەردەم مندا وەک منداڵێک دەگریاو باسی ڕابردووی خۆی دەگێڕایەوە... ئازێتا، بمبورە شتەکان بەو شێوە شکانەوە، هەندێکجار هەڵەیەکی بچوک کارەساتێکی گەورە دروستدەکات، پێوات هەبێت نەمدەویست شتەکان بەوشێوە کۆتاییان بێت، ئەوەی من خوازیاریی بووم، بەتەنها دەستخستنی خۆشەوویستی تۆ بوو، خۆشەویستی تۆ منی بە شەقاوە کرد، لە تاو خۆشەویستی تۆ وازم لە قوتابخانە هێنا، هەموو ئەو شتانەی لەوکاتانەدا لەسەر من دەگووتران، دووربوون لە ڕاستییەوە، منیش وەک گەنجێکی لوتبەرز نەمدەویست ڕاستییەکان بدرکێنم، ئەگەر بشمگوتبان کێ پێروای بە منێکی سەرسەری دەکرد. هەموو ئەو هەڵانەی لەژیانمدا کردوومن لەبەر خاتری تۆ بوون، پێم وابوو تۆش وەک هەر کچێکی تر بە ئازایەتی کوڕان سەرسام دەبیت، وامدەزانی تۆش لەو کچانەی شێتی پاڵەوانێتی کوڕانن... من دەمزانی هیچ شتێکم نییە توانای ڕاکێشانی سەرنجی تۆ بێت، جگە لەوەی ببم بە یەکێک لە پاڵەوانەکان، من هەر چەقۆیەکم لە کوڕێک دەدا، وام هەستدەکرد تۆ لە پشتمەوە سەیر دەکەیت، بەوە زیاتر چێژم وەردەگرت، تەنانەت لەم ساڵانەی دواییدا، لە ساردترین و تاریکترین شەوەکاندا، وەک مێگەل دەکەوتمە کوشتنی سەربازو جاشەکانی ڕژێم، تۆم دەبینی لە پشتمەوە بە دڵخۆشییەوە سەیر دەکەیت. هەمیشە هەستم کردووە بە ئازایەتی من سەرسامیت و لەگەڵ هەر شەڕە چەقۆیەکی ناو کۆڵانەکاندا تۆم لە پشتی خۆمەوە دەدی. بیرم نایەت بە درێژایی ئەو هەموو ساڵەی تەمەنم بۆ جارێک ڕۆشتبێتمە جێگایەک و تۆم لەگەڵدا نەبوبیت. لە سەیرانەکانی قوتابخانە بە شوێنی زۆر سەختدا هەڵدەگەڕام، تەنها بۆ ئەوەی تۆ لە پشتمەوە سەرسام بیت. چەندینجار سەرکێشیی ترسناکم ئەنجام دەدا، چونکە دڵنیابووم لەوەی تۆ دەمبینیت و خۆشی دەچیتە دڵتەوە...
ئازێتا، من قەت خۆم بە مرۆڤێکی واقیعی نەدەبینی، بەردەوام لەناو فلیمێکی خەیاڵیدا دەژیام، کە من پاڵەوانەکەم و شتی سەرسوڕهێنەر ئەنجام دەدەم و تۆش ئەو کچەیت دەتەوێت خۆشەویستی کوڕە ئازاکە بەدەست بهێنیت. ڕۆژی واهەبوو، دەمبینی چەند کەسێک لەبەردەم ماڵی ئێوەدا براکەتیان گرتووەو لێیدەدەن، منیش بە ڕاکردن پێیدەگەیشتم وەک "جاکی شان" دەکەوتمە گیانیان، هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵدەهاتن و تۆش لە سوچێکی دەرگاکەوە بە بزەیەک سوپاست دەکردم، پێوات هەبێت، خۆشەویستیت، بەجۆرێک لەناو خەیاڵدا نوقمی کردبووم، هەر ڕۆژەی وامدەزانی یەکێک لە پاڵەوانی ناو فلیمە جەنگی و ئەکشنەکانم، تا ئەو ڕۆژەی لەڕێگای قوتابخانە بە ئاگات هێنامەوە، کاتێک ئاوڕت بۆ دوای خۆت دایەوەو پێت گووتم: بەسە چیتر تەریق نابیتەوە، شەرم ناتگرێت دوام دەکەویت...! وەڵامەکەی من چی بوو، ئازێتا؟ ئاخر پێم بڵێ، بزانم من چیم پێ گووتیت...؟ تەنها لەبەر ئەوەی پێمگووتیت: چیبکەم، بەدەست خۆم نییە خۆشم

دەویت، لەوە زیاتر هیچم گووت؟ ئەو دەربڕینەی من تاوانێکی ئەوەندە گەورە بوو، تا بەو شێوەیە، ڕەفتارم لەگەڵدا بکەیت؟ تۆدەزانیت بەو ڕەفتارەت، هەموو خەونەکانی ژیانی منت شێواند، دەزانیت چ زللەیەکی نەگبەتیت لە من و خۆیشتدا؟.
ئازێتا، هەرکاتێک بە ئێستاشەوە ئەو ڕۆژەم بیر دەکەوێتەوە، کە زللەیەکت لێدام و تفێکت کردە ناوچەوانم، هەست بەگەرمیی زللەکەو تەڕیی تفەکە بە ناوچەوانمەوە دەکەم! هێشتا دیمەنی ئەو گەنجانەی لە بەردەم قوتابخانەکەدا بوون و قاقا پێدەکەنین لە یادەوەریمدا کاڵ نەبوونەتەوە، پڕوام پێبکە ئێستا لەگەڵ تۆدا قسە دەکەم، قاقاکانیان لە گوێمدا دەزرنگێنەوە، ئاخر ئەگەر تۆ بەو ڕەفتارە توشی شکستێکی گەورەی دەروونیت نەکردبام، بە ئاسانی دەمتوانی لەبەر چاوەکانی خۆتدا بەر چەقۆیان بدەم و لە خوێنی خۆیاندا بیانگەوزێنم، کەچی نەمتوانی هیچ کاردانەوەیەکم هەبێت جگە لەوەی سەرم داخست و وەک پاڵەوانێکی دۆڕاو بە ڕێگای خۆمدا گەڕامەوە، بەڵام دەنگی پێکەنینی گەنجەکان هەر لە گوێمدا دەزرنگایەوە.
ئازێتا، لە دوای ئەو ڕۆژەوە، ئیتر من لەبەر چاوەکانت ونبووم، تۆ پێت وابوو، چیتر چاوت بە چاوەکانم ناکەوێتەوەو بۆ هەتا هەتایە لەبیرت دەکەم، ڕەنگە زۆر دڵت بەو ڕەفتارەت خۆشبووبێت و بەسەرکەوتنێکی گەورەت زانیبێت، کە کەسێکت بۆ هەتا هەتایە تەمبێ کردووە، بەڵام بێئاگابوویت لەوەی، کاردانەوەی توند زۆرجار هەڵوێست و وەڵامی توند بە دوای خۆیدا دەهێنێت. تۆ نەتدەزانی بەو هەڵسوکەوتە ناچارم دەکەیت، لە پێناو خۆشەویستی تۆدا هەر ڕێگایەک خراپە بیگرمە بەر!.
ئازێتا، سوێند بەو ڕۆژەی ئەمشەو ئێمەی بەم جێگا گەیاندووە، کە لەخەویشدا هیچ کاممان نەماندیوە، ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە لە پشیلەیەک دەچووم، تەنێکی قورس بەزەبر بەسەر سەری کەوتبێت، هاوسەنگیم بە شێوەیەک لەدەستدابوو، لەسەر لا بەناو شەقام و کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتم، هەندێکجار سەرم گێژی دەخوارد، بەرچاوەکانم تاریک دەبوون و بەدەوری خۆمدا دەسوڕامەوە... ئاخر ئەو زللە، بۆ کوڕێکی لوتبەرزی سەرسەریی وەک من لەو حەبانە دەچوو قوتدانیان ئاسان نەبێت، شتێک بوو چاوەڕوان نەکراو، من ئەژمارم بۆ هەموو شتێک کردبوو، پێشبینی هەندێک کاردانەوەی ترم کردبوو، باشیش بۆ هەموو وەڵام و کاردانەوەکان خۆم ئامادە کردبوو، تەنها شتێک من ئەژمارم نەکردبوو، کاردانەوەیەکی لەو جۆرە بوو!.
پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، وەک زۆربەی پیاوەکان، تەنها شوێنێک بۆ چارەسەری شکستەکانم دەبوو ڕووی لێبکەم مەیخانە بوو، ئاخر مەیخانە تاکە چارەسەرخانەیەکە پیاوەکان لەکاتی کێشەو شکستە دەروونییەکانیاندا ڕووی لێدەکەن، هەموو پیاوەکانی ئێمە، کاتێک ڕووبەڕووی کێشەو شکستی گەورە دەبنەوە پەنا بۆ مەیخانەکان دەبەن، چونکە وەک ژنان توانای بەرگە گرتنی کێشە و شکستەکانیان نییە. پیاوان پێیان وایە، خواردنەوەی مەی تاکە دەرمانێکە چارەسەری کێشەو شکستەکانیان بکات، منیش وەک هەر پیاوێکی تر ناچار بووم لەکاتێکی وەک ئەو ڕۆژەدا پەنا بۆ یەکێک لەمەیخانەکانی ناوشار ببەم.

ئازێتا، نازانم هەڵەم یان ڕاست، یان چارەنووسەکە بەو شێوە بووا ئەگەر من نەچوومایە بۆ مەیخانە، ڕەنگە پەیوەندییەکەی من تۆ و بە ئاراستەیەکی تردا پرۆشتایە، خۆ ئەگەر باشتر نەبوونایە قەت لە ئێستا خراپتر نەدەبوون، پەنا بردن بۆ مەیخانە وەک ئەوە وایە، تۆ ئاگرێک لە ماڵەکەت بەربێت، لەبری ئەوەی بۆ کووژاندنەوەی ڕووبەڕووی بیتەوە، ڕابکەیتە سەربانێک، بەڵام تۆ ناتوانیت، بۆ هەموو تەمەنت لەو سەربانە بمێنیتەوە، هەردەبێت بگەڕێیتەوە بۆ خوارەوە، هەر کاتێکیش بگەڕێتەوە بۆ خوارەوە هێشتا ئاگرەکە لەماڵەکەتدا ماوە.... منیش هەروام کرد، ڕووبەڕووی ئاگرەکە نەبوومەوە، بەڵکو لەدەستی هەڵهاتم، بەڵام چ هەڵهاتنێک....!.

لە یەکێک لەمەیخانەکانی ناوشار، لە گۆشەیەکی زۆر تاریک و تەنیا بەتەنها دانیشتم، لەبەرامبەرمدا دوو لە ئاسایشەکانی سەر بە ڕژێم دەیانخواردەوە.... هەڵەی من لەوەدا بوو، وەک زۆربەی ئەو پیاوانەی تا کێشەو شکستەکانیان گەورەو قورستر بێت، پەنا بۆ مەی قورستر دەبەن، داوای ئارەقم کرد، چونکە دەمزانی باش دەتوانێت کار لەسڕکردنی خانەکانی مێشکم بکات و بۆ ماوەیەکی زیاتریش کاریگەرییەکانی دەمێنێتەوە، ڕەنگە پەیوەندی بەو مۆدێلەشەوە بێت، کە زۆربەی گەنج و پیاوەکان ململانێ لەسەر ئەوە دەکەن، کێ بتوانێت زۆرتر بخواتەوەو کەمتر سەرخۆش بێت، جۆرێکە لە ئازایەتی! مەی خواردنەوە لەو کاتەدا وەک ململانێی ئەسپسواری وابوو لەهەندێک شوێندا، کوری ئازا ئەوەبوو سوارچاکیی خۆی پیشانبدات، منیش یەکێک بووم لەو سوارچاکانەی ئەو سەردەمە، شورەیی بوو بۆ کورێکی ئازای وەک من مەی سوک بخواتەوە!.

ئازێتا، ئەو زڵلە کاریگەرییەکەی ئەوەندە قورسی لەسەرم دانابوو، پێموابوو دوو سێ بتڵ ئارەق نەتوانێت ئەو کاریگەرییە لەسەرم کەمبکاتەوە. هەموو ئەوانەی دەخۆنەوە، بە چارەک داوای دەکەن، ئەو ڕۆژە من یەکسەر داوای بتڵێکم کرد، ئەو دوو ئاسایشە قاقایەکیان بۆکرد، ڕەنگە بەوە پێکەنیبێتن، منیان وەک فشەکەرێک هاتبێتە بەرچاو، نازانم، بۆچی ئەو قاقایان لێدا! تەنها ئەوەندە دەزانم لەو جۆرە قاقایانەبوو چەند کاتژمێرێک پێشتر گوێم لێیانبوو... نازانم بۆ، ئەوانم لەبەرچاو بوو بوو بەو قوتابییانەی بەردەم قوتابخانەکە، کاتێک تۆ زڵلەکەت لێدام و تفێکت کردە ناوچاوم، بەشێوەیەک قاقایان لێدا، پروا ناکەم لەهەموو ژیانیاندا ئەوەندە بە دڵ قاقایان لێدابێت، زۆرجار لەسەر لوتکەی یەکێک لە چیاکان دانیشتبووم و بیرم لەو ڕۆژە کردۆتەوەو لەخۆم پرسیوە، تۆ بڵێیت؛ ئەو دیمەنە ئەوەندە خۆش و سەرنجڕاکێش بووبێت، وا ئەو گەنجانە ئەوەندە بەدڵ پێدەکەنین؟.

پاش ئەوەی سەری بتڵەکەم هەڵبچڕی، کەمێک سەهۆڵم کردە ناو پەرداخی سەرمێزەکە و پاشان تا کەناری پربوون پەرداخەکەم پر کرد، جارێکی تر دایانەوە لە قاقای پێکەنین.... ئەوان پێدەکەنین و من پردەبووم لە ڕق و تووڕەبوون، چونکە قاقاکانیان لەگوێچکەمدا هەر ئەو قاقایانە بوون، پێشتر لەبەردەم قوتابخانە لەدەمی چەند قوتابییەکەوە دەرچوون. دوای هەڵدانی پەرداخێک بەخەستی، هەستمکرد وەک پشکۆیەک بە هەناومدا ڕۆچووە خوارەوە، توند چاوەکانم نوقاند، دیسانەوە قاقاکان هاتنەوە بەر گوێم، سەرێکم هەڵبڕی و سەیرێکم کردن، دایانەوە لە قاقای پێکەنین....

ئازێتا، ئەگەر سوێندت بۆ بخۆم پێبکە، تا ئەو ماوەی ئەو شوشە ئارەقەم تەواوکرد، ئەو دوو کەسە لەبەرچاوەکانمدا هەر ئەو دوو قوتابییە بوون، کاتێک تۆ زللەکەت لێدام و تفەکەت ڕۆکردە ڕوخسارم، دایان لە قاقای پێکەنین، پڕوا بکە هێشتا کاریگەری یەکەم پەرداخ نەگەشتبووە ناو دەمارەکانم، لەیەکەم سەیرکردنەوە لەبەرچاوەکانمدا بوون بەو دوو گەنجەی بەردەم قوتابخانە، ئەوەی سەیربوو، هەر قاقاکانیان لەوان نەدەچوو، بەڵکو جل و بەرگ و شێوەیشیان بەجارێک گۆرابوو بۆ ئەوان....! پێت وا نەبێت سەرخۆش بوو بێتم، سوێندت بۆ دەخۆم، ئەو گۆڕانە هەر لەیەکەم نیگای منەوە بۆ ئەوان دەستیپێکرد، کاتێک یەکەم پەرداخم هەڵداو ئەوان هێشتا هەر قاقا پێدەکەنین. من سور دەمزانی ئەوان پیاوی دەوڵەتن، پیاوەکانی دەوڵەت بەزۆری ویسکییان دەخواردەوە. پێشتر بیستبووم، ئاسایش و پیاوەکانی ڕژێم شەوانە لە مەیخانەکان بە یەکێکەوە دەیگرن، تا ناچاری بکەن لەترسی ئەوەی بوختانێکی سیاسی پێنەکەن، پارەی خواردنەوەکانیان بکەوێتە بەلاش، ئەوەشم بیستبوو، کە هەندێک پیاوی بچوکی ترسنۆک شەوانە مێزەکانیان بۆ دەڕازێننەوە، لە پێناو بەدەستهێنانی نیازە خراپەکانی خۆیان دژ بەو کەسانەی کینەیان بەرامبەریان هەیە، یان هەندێکجار لە پێناو دەستکەوت و شتی زۆر بێنرخدا.... ئەگەر ڕاستت دەوێت سەردەمێکی زۆر ترسناک بوو، هەموو کەسێک لە سێبەرەکەی خۆی دەترسا، بەتایبەتیش لە مەیخانەکاندا. خەڵکێکی زۆر وازیان لە مەیخانەکان هێنابوو، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ پیاوەکانی ڕژێمدا توشی کێشەیەک نەبن.

ئازێتا، پڕوام پێبکە لەگەڵ تەواوبوونی دوا پێکی شوشەکەدا، کە هێشتا گەرمایی زللەکەی تۆ ساردنەبووبووەوە، هێشتا هەستم بە تەڕی سەر ڕومەتم دەکرد، ناتوانم بڵێم، سەرم گەرم نەبووبوو، بەڵام ناشتوانم بڵێم سەرخۆشبووم، هێشتا قاقای پێکەنینەکان لەگوێمدا دەزرنگانەوە.... هەرچی ڕق و تووڕەبوون هەبوون لەناخمدا کۆمکردنەوەو چاوم پڕییە سەر مێزەکەیان، بەشێوەیەک پڕبووبووم لەخۆمەوە توانایەکی سەیر گیانی داگیرکردبووم، کە بتوانم ئەو شەوە هەموو مەیخۆرەکانی ناو مەیخانەکە کۆمەڵکوژ بکەم. سەرەتا وایانزانی لەو گەنجانەم، هەر لەگەڵ خواردنەوەی دوو پێکدا ئیتر چاوەکانیان سەرەو ژێر دەبێت و زمانیان لەدەمیاندا مان دەگرن و جوڵەیان نامێنێت، هەرلەگەڵ هەستانیاندا قاچێکیان بەلای چەپداو قاچەکەی تریان بەرەو لای ڕاست هەنگاو دەنێت، بەڵام بە جوڵەی دەموچاوم پیشانمدان، ئەگەر لەسەر ئەو هەڵسوکەوتەیان بەردەوام بن، ئەوا خراپ ڕووبەڕوویان دەبمەوە، دیسانەوە بە قاقایەک وەڵامیاندامەوە، دەنگی تا ئەوپەڕی مەیخانەکە ڕۆیشت.... ئەو کاتەی ئەوان پێدەکەنین من ئاگام لەخۆم نەمابوو، دەستەکانم دەلەرزین، ڕومەتەکانم گەرم داگیرسابوون، لێدانی دڵم خێراتر بوو، دەستم برد بۆ گیرفانەکەم و چەقۆکەم دەرهێنا، ئەوەی ئەوان چاوەڕوانیان نەدەکرد ڕوویدا....! نازانم چەندی خایاند، بەڵام دڵنیام هەموو ڕووداوەکە دووخولەکی تێنەپەڕاند بەهەموو ئەو هێزە شەڕانی و تووڕەییەی ناخمەوە پەلامارمدان، ئەوان فریای ئەوە نەکەوتن لەسەر کورسییەکانیان بجوڵێن، لەخوێنی خۆیاندا سورم کردن و بەپەلە دەستم برد دەمانچەکانیانم لە کەلەکەیان کردەوە، جزدانەکانیانم لەگیرفانیان دەرهێنا، پارەی مەیەکەی ئەوان و خۆمم بە زیادەوە

خستە سەرمێزەکەو بەسەر هەموو میوانەکاندا قیژاندم، هەرکەسێک لە شوێنی خۆی بجوڵێت دەیکوژم....
لەسەرخۆو بە ئاگاییەوە لەدەرگای مەیخانەکە دەرکەوتم، پاش کەمێک دوورکەوتمەوە، کۆڵانێکی تاریکم هەڵبژارد، هەر لەگەڵ گەیشتمە کۆڵانەکە بۆی هەڵهاتم بەرەو شەقامێکی تر، دەستم لەتەکسییەک ڕاگرت، تا دەرەوەی شار بمگەیەنێت، کابرای تەکسی دووجار دووبارەی کردەوە، بەرەو دەرەوەی شار بەرەو کوێ؟ پێمگووت: دەزانم، کە دەزانیت سەرخۆشم، ئێوەی خاوەن تەکسی ئەزموونتان زۆرە لەگەڵ سەرخۆشەکانی شەواندا، بەڵام پروا بکە من لەو سەرخۆشانە نیم، شەوانە ماڵی خۆیانیشیان لێووندەبێت، من دەمەوێت بمگەیەنیتە دەرەوەی شارو لە سەرە ڕێگایەکدا فڕێم بدەیت، تا بتوانم لەشار دەربچم و بگەمە یەکێک لەو گوندانەی کەنار شار. سەرەتا کەمێک چەندو چوونی کرد، چونکە هەستی بەمەترسی دەکرد، مافی خۆیشی بوو، کێ دەیزانی چەند سەر ماڵ ژیانیان لەسەر کاری ئەو تەکسییە بێت؟ بە هێمنی ئەوەم تێگەیاند توشی کێشەیەک هاتووم و دەبێت لە شار پڕۆمە دەرەوە، ئەگەر ناتوانیت هاوکاریم بکەیت، هیچ نەبێت، بمگەیەنە  بە شوێنێک نزیک بێت لە دەرچوون لە شارەوە.
ئەو سەردەمە ستەمی دەوڵەت گەشتبووە لوتکە، کە هەر کەسێک بۆی بکرابا هاوکاری شۆرشگێرەکانی دەکرد، بە شێوەیەکی گشتی خەڵکی شارەکان لەناخی خۆیاندا پشتیوانیان لە شۆرشگێرەکان دەکردو پێیانخۆشبوو سەرکەون، ئەو شۆفێری تەکسییەش یەکێکبوو لەو کەسانەی شۆرشگێرەکانی خۆشدەویشت، لەوەڵامدا گووتی: دە وا بڵێ ماڵت ئاوا بێت، وامزانی تۆیش یەکێکیت لەو سەرخۆشانەی، شەوانە نیوەی ئەم شارەمان دەسورێننەوە بۆ دۆزینەوەی ماڵی خۆیان، من خۆم بە تەکسی ناتوانم لەشار پڕۆمە دەرەوە، چونکە یەکسەر دەبینە شوێنی گومان، بەڵام ئامۆزایەکم هەیە، ئەو خەریکی ئەو کارەیەو پەیوەندی باشی لەگەڵ شۆرشگێرەکاندا هەیە، هیچ خەمت نەبێت، ئەو تا ئەو جێگای تۆ دەتەوێت دەتگەیەنێت. نامەوێت لێت بشارمەوە، قسەکانی ئەوەندە بە دڵسۆزییەوە کرد، کەمێک توشی گومانی کردم، مافی خۆیشمبوو بترسم، کە لەو شۆفێری تەکسییانە بێت هاوکاریی ڕژێم دەکەن، بۆیە دەستی ڕاستم لە گیرفانم ناو دەستم خستە سەر دەمانچەکە، ئەگەر بییەوێت توشم بکات، هیچ نەبێت پێش ئەوەی دەستگیر بکرێم و لەژێر ئەشکەنجەدا بمکوژن، تۆڵەی خۆم بکەمەوەو چەند بتوانم بکوژم....
ئازێتا، نازانیت، چەنێک ترسام!، ئەوە یەکەمجارمبوو لە ژیانمدا ئەوەندە بترسم، هەر بیرم لە تۆ دەکردەوە، پاش ئەوەی دەکوژرێم، هیچ کەسێک لەم دونیا جگە لە تۆ لە ڕاستی و درووستی کوشتنەکەم تێناگات، بیرمدەکردەوە، کاتێک ئەشکەنجە دەدرێم و داوای ناوی ئەو کەسانەم لێدەکەن لەگەڵیاندا کاردەکەم و پەیوەندیم پێیانەوە هەیە، منیش پێیان دەڵێم؛ نەخێر من ئەمەم لە پێناو خۆشەویستی کچێکدا کرد، پروام پێبکەن، لەژیانمدا ئەوەی تاقەتم نەبووە، کاری سیاسی بووە، ئەم کارەم لە پێناوی ئەو کچەدا کرد، کە خۆشمدەوێت، ئەوان تورەتر دەبن و بەدەست و قاچ بەستراوەیی لەسەر مێزی ژێر قولاپی سەربانێک دامدەنێن، ئەو قایشەی لە قوڵاپەکەوە بۆ سەر مێزەکە شۆڕبۆتەوە لەگونم دەبەستن و بە

هێواشی قایشەکە بۆ سەرەوە ڕادەکێشن تا تەواو لە گونم توند دەبێت، پاشان مێزەکە لەژێرم ڕادەکێشن و سەرم بۆ خوارەوە شۆڕدەبێتەوە، شۆفێرەکە بە چەند کۆڵانێکی شاردا ڕۆیشت، کە پێشتر نەمدیبوون، دەستم هەر لەسەر دەمانچەیەکی گیرفانم بوو، هەستم بە ئازاری گونم دەکرد لەو کاتەدا هەموو قورسایی لەشمی ڕاگرتبوو، لەپڕ تاسەیەک بە ئاگای هێنامەوە، شۆفێرەکە لەبەر خۆیەوە جنێوێکی داو گووتی: ئەم سەگبابانە هەرچی سەرکێوو گردەکانی ئەم وڵاتە هەیە قیرتاویان کردووە بۆ ئەوەی بارەگایەکی سەربازی لێدابنێن، کەچی ئەوە شەقامی ناوشارەکانە، بووە بە ئاوەڕۆی زێرابەکان.... ئەم قسەیە کەمێک ئارامی کردمەوە، بۆیە بەهەلمزانی لەسەر ئامۆزاکەی هەندێک زانیاریم دەستبکەوێت، بەڵام فریای وەڵامدانەوە نەکەوت، ئەوەندە نەبێت لەبەردەم ماڵێکدا، کە دەکەوتە سەرکۆڵانێکی قەراخ شار تەکسییەکەی ڕاگرت و گووتی: ئەوە خۆت دەتوانیت، ئەو پرسیارەی لێبکەیت، ئەمە ماڵەکەیانە، من دانابەزم، خۆت لەدەرگا بدەو باسی حاڵی خۆتی لەلا بکە، دڵنیابە هاوکاریت دەکات.
پاش ئەوەی لەدەرگای ماڵەکەم دا، گەنجێک دەرگاکەی کردەوە، کەمێک بە شەرمەوە پرسیم، ئەگەر ئەرک نەبێت ئێرە ماڵی کاک شێرزادە؟ سەیرێکی کردم و گووتی: شێرزاد؟ کام شێرزاد؟ بە پەلە مەسەلەکەی خۆمم تێگەیاند، یەکسەر دەستی بۆ ژوورەوە گرتم و پرسیاری ناوی خۆمی لێکردم.... ئازێتا، نازانم ناوی بەهزاد چۆن لەخۆمەوە بەدەمما هات! بەو ناوە خۆم پێناساند، باسی ڕووداوی مەیخانەکەم بۆ گێڕایەوە.... بەڵام بە چاک یان خراپ باسی ڕووداوەکەی تۆم نەگێڕایەوە، ئەویش گووتی: دەستێکی باشت لە دوژمن وەشاندووە، دڵنیام ئەمشەو وەک سەگی هاربوو پەلاماری یەک بە یەکی خەڵکی ئەم شارە دەدەن.
پاش کەمێکی تر چەند برادەرێک دەگەنە ئێرە، لەگەڵ ئەواندا ڕەوانەت دەکەم، هیچ خەمت نەبێت، مادام گەیشتوویتە ئێرە، وا بزانە لەهەموو مەترسییەک ڕزگارت بووە....
مامۆستا، نامەوێت ئەمشەو وردو درشتی چیرۆکی ژیانی سەرهەنگ بەهزاد و خانم ئازێتات بۆ بگێڕمەوە، تەنها دەمەوێت هەندێک شتی گشتیت بۆ بگێڕمەوە، کە پەیوەندی بە هەر سێکمانەوە هەیە، دڵنیام لە داهاتوودا ئەوەندە کاتمان دەبێت، هەموو چیرۆکەکان بە دوورو درێژی بگێڕینەوە....
خانم ئازێتا دەیگووت: ئەو ڕۆژەی لە میوانخانەکە دابەزین و بردمیانە ژوورێکەوە، تەنها ئەوەندەیان پێگووتم: باش خۆم ئامادە بکەم، چونکە بۆ ئێوارە سەرهەنگ بەهزاد سەردانت دەکات، هەرچەندە من پرسیارم کرد، سەرهەنگ بەهزاد منی بۆچییە؟، ئەو بۆچی منی هێناوە بۆ ئێرە؟ کەس وەڵامی نەدامەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت، کە ئەوانیش هیچ لەو بارەوە نازانن.
مەگەر خودا خۆی بزانێت، تا ئەو کاتەی ئاگادارکرامەوە، کە سەرهەنگ بەهزاد گەیشتۆتە ئێرەو پاش چەند چرکەیەکی تر دێتە لات، ئاگات لەخۆت بێت و باش خۆت بۆ پێشوازیکردنی ئامادە بکە، چەند خەیاڵی سەیر بە مێشکمدا گوزەریان کردبێت، ئاخر کەسێک نەبوو ناوی سەرهەنگ بەهزادی نەبیستبێت، کە باکی لە مردن نییە، کەسێک نەبوو لەو سەردەمەدا چیرۆکی قارەمانێتییەکانی ئەویان نەبیستبێت، هەندێک کەس دەیانگووت: سەرهەنگ بەهزاد خێوەکان یارمەتی دەدەن، ئەگینا چۆن ئەم شارە چواردەوری بە سەربازگەو پاسەوانی شەوان

گیراوە، ئەو ئەوەندە بێباکانە خۆی دەکات بە ناو شارداو دەستێکی باش لە دوژمن دەوەشێنێت و بێ هیچ بەرگرییەک خۆی دەگەیەنێتەوە دەرەوەی شار.... من هەر بەترس و ڕاڕاییەکی زۆرەوە چاوەڕوانی هاتنی ئەو پیاوە ئەفسانەییەم دەکرد، کە هێشتا هیچ کەسێک ڕەنگی نەدیبوو، کەچی بە ناوەکەی ئاشنا بوون، بەڵام چ ناوێک! سوێندیان دەخوارد، مناڵ لە کاتی گریاندا گوێی لەناوی سەرهەنگ بەهزاد بووە یەکسەر ژیربۆتەوەو چاوەکانی توشی حەپەسان هاتووە، دیارە من نامەوێت باسی ناوو ناوبانگی ئەو پیاوە بکەم، چونکە کەم تا زۆر خەڵک ئاشنایی لەگەڵیدا هەیە، تەنها ئەوەندە نەبێت، مافی خۆم بوو لەترس و گومانێکی گەورەدا بژیم بەرامبەر پیاوێک پاش کەمێکی تر سەردانم دەکات، جگە لە شەڕو کوشتار ناسنامەیەکی تری نییە! دەترسام لەوەی، بە هەڵە منی هێنابێت بۆ ئێرە، یان بەهەڵە لەمنیان تێگەیاندبێت، نازانم دەیان نیگەرانی، ترس و دڵەڕاوکێ بەرۆکیان گرتبووم....
مامۆستا، کاتێک خانم ئازێتا ئەو چرکە ساتەی، کە سەرهەنگ بەهزاد لەدەرگا دەداو خۆی بەژووردا دەکات بۆ گێڕامەوە، قوڕگی پڕ بوو لە گریان و بۆ ماوەیەکی درێژ لەقسەکردن کەوت.... ئەو مەبەستیبوو ئەو چیرۆکە بۆ من بگێڕێتەوە، دەیگووت: خەسرەو، ئەوە چەند ساڵێک بەسەر ئەو شەوەدا بەسەرچووە، بەڵام هێشتا هەستدەکەم، وەک گرێیەک لە قوڕگمدا تۆپەڵە بووە، ئاخر کەسێکی وا نییە لەم ئۆردوگایەدا ئەوەندە جێگەی پڕوا بێت، چیرۆکێکی خەمگینی وای بۆ بگێڕیتەوە تاقەتی گوێگرتنی هەبێت و پڕوات پێبکات، ئەوە چەندین ساڵە لێرەدا بەو ئازارەوە کاتەکانی ژیانم دەگوزەرێنم، سوپاس بۆ خوا، "بە بزیەکی خەمگینەوە" دوای ئەو هەموو نەگبەتییە تۆی گەمژەی بۆ ڕەوانە کردم....
خەسرەو، هەر لەدەرگا هاتە ژوورەوەو چاوم پێیکەوت لەهۆشی خۆم چووم....! دوای چەند کاتژمێرێک بە ئاگا هاتمەوە، ئەوەندیان ئاوی سارد بە ڕوخسارو نێوچەوانمدا کردبوو سەرتاپای جلەکانم تەڕببوون.... سەرەتا کەمێک هۆشم هاتەوە بەرخۆم و چاوەکانم کردەوەو سەرهەنگ بەهزادم بە نیگەرانییەوە بینی لەسەر سەرم ڕاوەستابوو چینێک ئارەقەم دەردا، ئەوەندە گوێم لێبوو، ئەو ژنەی چارەسەری بۆ کردبووم، گووتی: بەرەو باشبوون دەڕوات، باشترە ئێرە چۆڵبکەن و تەنها کەسێک بۆ چاودێریکردنی لەلای بمێنێتەوە....
مامۆستا، خانم ئازێتا دەیگووت: کاتێک لای چۆڵکرا، بەتەنها سەرهەنگ بەهزاد لە ژوورەکە مایەوە، زۆرنیگەران دیاربوو، بەناو ژوورەکەدا هەر دەهات دەچوو، زوو زوو گازێکی لە لێوەکانی دەگرت، من وەک وڕێنە بکەم، لەبەر خۆمەوە دەمگووت و دەمگووتەوە .... سالار.... سالار.... بەپەلە خۆی گەیاندە ژوورسەرەکەم و سەرمی لەسەر ڕانی داناو دەستی خستە سەر نێو چەوانم و بە دەنگێکی پرلەگریانەوە گووتی: ئازێتا، سالار مرد، پێمخۆش نییە چیتر ئەو ناوەم گوێ لێبێت، چونکە سالار دوای ئەوەی شێتبوو خۆی کوشت، تۆ ئەمە باش دەزانیت، کە ئەو خۆی کوشتووەو هێشتا هیچ کەسێک سەبارەت خۆکوشتن و شوێنی خۆکوشتنەکەی زانیارییەکی نییە....!.
ئازێتا، بمبورە بەو شێوەیە نیگەرانم کردیت، پڕوات هەبێت مەبەستم نەبوو کێشەکان بەو ئاڕاستەیەدا پڕۆن، بەڵام تۆ ئەوە دەزانیت، هەندێک ڕووداو هەن لە دەسەڵاتی مرۆڤەکان بەهێزترن، بۆیە چیتر بیر لە سالار مەکەوە، چونکە ئەو

ئێستا پیاوێکی مردووە، بەڵی وا بۆ چەندین ساڵ دەچێت، ئەو مردووە، پرواناکەم لە یادەوەری هیچ کەسێکدا مابێتەوە جگە لە دایکە جەرگ سوتاوەکەی، تەنانەت تا ئەمڕۆ پروا ناکەم بۆ جارێکیش بە یادەوەری تۆشدا گوزەری کردبێت، بۆیە پێت وانەبێت، پیاوێکی مردوو، کە بووە بە ڕابردوویەکی لەبیرکراو ئەمڕۆ بتوانێت هاوکاریمان بکات، تکا دەکەم، چیتر بیر لە سالار مەکەوە، نامەوێت چیتر گوێم لەوناوە بێت، ئەگەر دەتەوێت تورەم بکەیت، دەتەوێت جارێکی تر دەستم بچیتەوە خۆم و خۆم بکوژمەوە ئەوا بەردەوام بە لەسەر ناوهێنانی سالار سەرسەری. ئازێتا، بمبورە بەو شێوە تورە دەبم، چونکە ساڵانێکی زۆرە گوێم لەو ناوە نەبووە، ئێستا ئەو ناوە ئەوەندە بەمن نامۆیە، هەرکە گوێم لێیدەبێت، ڕقم هەڵدەستێت، تکا دەکەم، ناوی سالار سەرسەری مەهێنە، ئەو مرد، بەڵی دەمێکە مردووە، ئەوە نهێنییەکە جگە لەمن و تۆ هیچ کەسێک لەم دونیایەدا نایزانێت، تکا دەکەم بەهیچ شێوەیەک و لە هیچ جێگایەکدا ئەو ناوە لەدەمت دەرنەچێت، ئێمە چیتر هیچ کارێکمان بە کەسێک نییە، کە ساڵانێکی زۆرە مردووە، زیندووکردنەوەی مردوویەک، کە چەندین ساڵە پەیوەندی بەم دونیاوە نەماوە، جگە لە کارێکی پروپوچ هیچ نرخێکی تری نییە، بۆیە تکات لێدەکەم، ئەو پیاوەی ناچارت کرد خۆی بکوژێت، لەلای خۆت بۆ هەتاهەتایە بینێژە، جگە لەتۆ هیچ کەسێک ناتوانێت ئەم کارە بکات، ئازێتا، تکا دەکەم ئەو پیاوەی وا بۆ چەندین ساڵە بە نهێنی و بێدەنگی مردووە، بێ ئەوەی هیچ کەسێک زانیاری لەسەر مردنەکەی هەبێت، ئاواش ئێستا تۆ بە نهێنی بینێژە، لە تۆ زیاتر کەس ناتوانێت ئەم کارە بکات ئازێتا....!.

ئازێتا، ئەو شەوەی گەشتینە یەکەم گوندی دەرەوەی شار، شێرزاد بێئەوەی لە لاندرۆڤەرەکەی دابەزێت بە هێواشی پێچێکی کردەوەو بەرەو شار گەڕایەوە. درەنگانێک ئەوەم زانی، شێرزاد لەناو شاردا کار بۆ شۆڕش دەکات و هەرچی پێویستی شۆڕش هەیە ئەو لە شارەوە بە گوندەکانی دەگەیەنێت، تەنانەت دەربازکردنی ئەو کەسانەش لەناو ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشاردا پاش ئاشکرابوونیان بە ئەو دەسپێردرێن. ڕێکەوتێکی باشبوو توشی ئەو شۆفێری تەکسییە بووم، کە پیاوێکی وەک شێرزادی پێناساندم، ئەگینا دەرکردنی تۆ بۆ دەرەوەی شار ئەوەندە ئاسان نەدەبوو. مەبەستم ئەو شۆفێرەیە تۆشی گەیاندە دەرەوەی شار، دڵنیام ئەو شەوە لەو شۆفێرەی بە بێئەوەی گڵۆپەکانی هەڵبکات زۆر ترساویت، سەرت سورماوە چۆن بەناو ئەو دارستان وگردو دۆڵانەدا ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخورێت.

مامۆستا، ئەوەی سەیرە، هەر لەیەکەم شەوەوە، سەرهەنگ بەهزاد دەگاتە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێرەکان و ڕووداوی ناو مەیخانەکە دەگێرێتەوەو ناسنامەو دەمانچەکان وەک بەڵگە دەدات بە شۆڕش و ڕادیۆکەیان دەیکات بە چالاکییەکی مەزن و بێوێنە، دەیکەنە فەرماندەی سەربازیی دەستەیەکی بچوک.... پاش ماوەیەک بە هۆی چالاکییە سەرسورهێنەرەکانییەوە ناوبانگی دەگاتە هەموو شوێنێک و بە ماوەیەکی کەم پلەکانی بۆسەرەوە بەرزدەکرێنەوە. سەرهەنگ بەهزاد، ئەو شەوە تەواوی بەسەرهاتەکانی خۆیی و نهێنییەکانی ژیانی ئەو چەند ساڵەی بۆ خانم ئازێتا گێرابووەوە... پێیگووتبوو: ئازێتا، لەو شەوەوە خۆم وەک بەهزاد ناساندو بڕیارمدا بۆ هەتا هەتایە دەبێت سالاری سەرسەری بنێژم و کارێک بکەم تۆ بە قاچەکانی خۆت بگەیتە لام، دەستم دایە چالاکییە پڕ

سەرکێشییەکانم، ئازێتا بمبورە، بۆ بەدەستهێنانی تۆ هیچ ڕێگایەکی ترم لەبەردەمدا نەبوو، ئەو شەوە لەمەیخانەکە بەڵێنم بەخۆمدا، کە یان دەبێت بمرم، یان دەبێت تۆ بەدەست بهێنم، نەمدەتوانی یەک چرکە لە خەیاڵم بتهێنمە دەرەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەجاران زیاتر لەگەڵمدا دەژیایت، بۆ هەر شوێنێک دەڕۆیشتم تۆم لەگەڵ بوویت و لە دوامەوە سەیری سەرکێشییەکانت دەکردم، کە چۆن خۆم لێبووبوو بە ڕامبۆ بە کۆڵانەکاندا تەقەم دەکرد، قەت نەمدەزانی خۆمم! هەمیشە وامدەزانی ڕامبۆ، ڤاندام، ئارنۆلد و ئەو پاڵەوانانەم لەناو فلیمە جەنگیی و ئاکشنەکاندا بۆ سەرکەوتن سڵ لە مردن ناکەنەوە، پرواتِ هەبێت لەناو فلیمەکاندا دەژیام، ڕۆشتبوومە ناو کەسایەتی ئەو پاڵەوانانەی بۆ ڕزگارکردنی خۆشەویستە زەوتکراوەکەیان ئاگریان لەهەموو شوێنێک بەردەداو سڵیان لەکوشتنی هیچ کەسێک نەدەکردەوە، ئازێتا، خۆشەویستی تۆ هێزی سەرسوڕهێنەری پێدەدام، پرواتِ هەبێت، شەڕێک نییە کردبێتم و تۆم لەگەڵدا نەبوبیت، ئەو شەوانەی خۆم دەکرد بەناو مەیخانەکانداو دەرگاکەم لەسەریان دادەخست و نەمدەهێشت کەس بچێتەوە دەرەوە.... پاش خواردنەوەی یەک دوو پەرداخ ئارەق بە بێ ئاو، یەکە بەیەکە پیاوەکانی ڕژێمم لە سوچێکی مەیخانەکە دەئاخنی و دەمانچەو ناسنامەکانیانم لێدەسەندن و سەرو زڵلەم لە بناگوێیان دەداو پێم دەگووتن: من پیاوی ترسنۆک ناکوژم، دەستی خۆم بە خوێنی ئەو پیاوانە پیسناکەم دەمانچەیەکیان کردووە بە لاکەلەکەیاندا، کە بوێری ئەوەیان تێدا نییە سەیرێکی چاوت بکەن. نەدەبوو ئەو جرجە تۆقیوانە بکوژم هەرکە خۆم بە مەیخانەیەکدا دەکرد، یەکسەر دەیانویست هەڵبێن، هەندێکیان لەترساندا میزیان بە خۆیاندا دەکرد.... ئازێتا، ڕەنگە تۆ زۆرێک لەم چیرۆکانەی منت بیستبێت، کە مەیخانەکانم بە پیاوەکانی ڕژێم تەرک کردبوو، کەسیان نەیاندەوێرا شەوانە لەمەیخانەکانی ناوشاردا بخۆنەوە، بەڵام ئەوەت نەدەزانی تۆ لەگەڵمدا بوویت، ناوبانگی چالاکی و سەرکێشییەکانی منت بەرگوێ کەوتووە، کەچی قەت خەیاڵت بۆ ئەوە نەچووە تۆ هێزە سەرەکییەکەی من بوویت، پرواتِ هەبێت ئازێتا، هیچ جەنگ و کوشتارێکم بە بێ تۆ نەکردووە، تۆ لەهەموویاندا بەشداربوویت، تۆ لە هەموویاندا لەگەڵمدابوویت، تۆ نەتدەزانی بە کوشتنی پیاوێکی سەرسەری چ قارەمانێک لەدایکبوو....!.

ئازێتا، ئەو کاتە تۆ کچێکی تەمەن پانزە ساڵان بوویت، ئاسان نەبوو لەم هەموو شتە تێبگەیت، بەڵام خۆ ئێستا گەورە بوویت، دەبێت لەوە تێبگەیت، کە بۆ دەبوو ئەو کارانە بکەم!. دەبێت لێم ببووریت، هیچ ڕێگایەکی ترم لەبەردەمدا نەبوو، بۆ بەدەستهێنانی تۆ، پێت وانەبێت، ئەو هەموو ساڵە ئاگام لە ژیانی تایبەتی تۆ نەبووبێت! بەردەوام بە نهێنی ئەو چەند ساڵە خەڵکی تایبەتمم بۆ چاودێریکردنت دانابوو. لە ماوەی ئەو هەموو ساڵەدا هەر هەنگاوێکت بۆ جێگایەک نابێت، لەگەڵ هەر کەسێکدا وەستاویت و قسەتکردووە من ئاگاداربووم، لەوەش ئاگاداربووم ڕۆژانە چ جلێکت لەبەردەکردو قژت بە چ شێوەیەک دەبەست.... هەر کوڕێک بۆ چەند خولەکێکیش لەگەڵ تۆدا وەستابێت و قسەیکردبێت من ئاگاداربووم، بەڵام چیبکەم ئازێتا، دوای چاوەڕوانی ئەو هەموو ساڵە ناچاربووم نەهێڵم قوتابخانە تەواو بکەیت، دەمزانی تەنها ئەمساڵت بۆ تەواو کردنی قوتابخانە ماوە، بەڵام ئەو کورە هەموو شتێکی تێکدا، ئەگەر ئەو نەبایە ئێواران بە ئۆتۆمبیلێک دەهات بە شوێنتداو تۆش بە پێکەنینێکەوە سوار دەبوویت و پاش ماوەیەکی کەم لەچاو

وندەبوون، دەمهێشت ئەمساڵیش تەواو بکەیت، ئاخر من توانیم هەشت ساڵ بە ئازاری تۆوە تەواو بکەم، چۆن نەمدەتوانی ئەو ساڵەش بەرگە بگرم... بمبورە ئازێتا، ئەو کوڕە هەموو شتەکانی تێکدا، تۆش بەشداربوویت، چونکە هەمیشە بە دەمییەوە پێدەکەنیت!. زۆرم هەوڵدا زانیارم لەسەر ئەو کوڕە دەستبکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها ئێواران پاش قوتابخانە دەردەکەوت و هەرزوو لەبەرچاوی ئەو کەسانەی چاودێرییان دەکرد وندەبوو، دۆزینەوەی ئاسان نەبوو، ئەگەرچی چەندینجار بە ئۆتۆمبیلیش دواتان کەوتبوون، بەڵام هەر نەدەدۆزرانەوە، بۆیە بڕیارمدا تا کار لەکار نەترازاوە، بتڕفێنن بۆ لام... بمبورە ئازێتا، ئیستا تێدەگەیت، بۆ ئەم کارەم کرد، پڕوات هەبێت نەمدەوویست تا کۆتایی قوتابخانە ئەو کارە بکەم، هەواڵی ئەوەشم دەزانی، کە چەند لەبواری وێنەکێشاندا بە توانایت، پێیانگووتم، کە لە داهاتوودا ڕەنگە ببیتە یەکێک لە هونەرمەندە باشەکانی وڵات، شانازیم پێوە دەکردیت، بیرم دێت جارێکیان شەهریاری برات، باسی بەهرەی وێنەکێشانی تۆی بۆ کردم، ئەو دەیگووت: خوشکە بچکۆلەکەم توانایەکی سەیری لە وێنەکێشاندا هەیە، ئەو نەیدەزانی باسکردنی تۆ دڵم لەت لەت دەکات، ئەوکاتە تۆ کچێکی بچکۆلە بوویت، هەر لە سوێسکەیەک دەچوویت، کاتێک لەسەر ڕێگای قوتابخانە لەدواتەوە چاودێریم دەکردیت، ئەو کاتە هێشتا تۆ نەتدەزانی من لەناخەوە بۆت دەبرژێم، ئازێتا ئێستا گەورەبوویت، تکات لێدەکەم تێمبگە، چیت لە دونیادا دەوێت بۆت جێبەجێدەکەم...

مامۆستا، بۆچوونەکانمان لەسەر ئەو شتانەی بە چاوەکانمان دەبینین مەرج نییە هەمیشە ڕاستبێت، خەڵکێکی زۆر توشی هەڵە دەبن، کاتێک لە بینینەوە تێگەیشتن بۆ شتەکان دەکەن! سەرهەنگ بەهزادیش هەڵەیەکی لەو جۆرەی کردبوو، تەنها لەسەر بینینی ئەو کورەی ئێواران بە ئۆتۆمبیلێکەوە خانم ئازێتای بۆ ماڵەوە دەبردەوە، بڕیارێکی هەڵەیدا، ئەگەر ئەو هەڵەی ئەو نەبایە، ڕەنگە مەسەلەکان بەو شێوەی ئەمڕۆ دەرنەکەوتنایە! ئەو بڕیارە هەڵەی سەرهەنگ بەهزاد نەبوایە، کێ دەیزانی ئێستا من و تۆ لە کوێ دەبووین، ڕەنگە لەم کاتەدا تۆ جگە لە کۆمەڵە ئێسکێکی وشکی وردبوو هیچی ترت نەمابایەتەوە، وەک ئەو ئێسکانەت لێدەهات، کە لە شوێنەوارەکاندا دەدۆزرێنەوەو دەیان دکتۆرو پرۆفیسۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن، نەک بۆ ئەوەی بزانن کێیە؟ بۆچی و بە چی مردووە؟ پێش مردنەکەی چ خەونێک لە مێشکیدا بووە؟ ئەوان بە تەنها دەیانەوێت بزانن هی چ سەردەمێکە، کێ بیر لەوە دەکاتەوە، خاوەنی هەر ئێسکێک لەو ئێسکانەی دەدۆزرێنەوە، چەندین چیرۆکی گەورەو بچوک لەژیانیدا هەبووە، کێ دەیەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکات، خاوەنی ئەو ئێسکانە پێش مردنیان یان کوژرانیان چەند حیکایەتی نەگووتراو لەناو کەللەیاندا بوون بە خۆڵ! کێ دەیەوێت ئەوە بزانێت لە دوا ساتەکانی ژیانیاندا ویستوویانە چی بڵێن؛ یان چییان گووتووەو گووتنەکانیشیان بەفەرامۆشی سپێردراوە؟ مامۆستا، ئێسکی زۆریش هەن لە شوێنە بێبایەخەکاندا دەدۆزرێنەوە، کەسیش هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر ناکات یان هەندێک جار بۆ سەگی شوانەکان دەبنە یارییەکی خۆش، دڵنیام تۆ لەم ئێسکەیان دەچوویت، کە لە دۆڵێکی فەرامۆشکراوی ئەم جیهانەدا وردوخاش دەبێت، ئێسکەکانی تۆ لەو ئێسکانە دەبوو، تەنانەت ئاژەڵە دڕەندەکانیش بۆنی پێوە ناکەن....!.

دوای بیستنی ئەو قسەیە لەدەمی سەرهەنگ بەهزادەوە، خانم ئازێتا دەست بەگریان دەکات و دەڵێت: ئەوە شەرهریاری برام بوو، ئەو هاورێی منالّی خۆت بوو، ئەو ماوەیە بارودۆخی ناو شار بە هۆی تۆو پیاوەکانتەوە بەسەر یەکدا تێکچووبوون، پیاوەکانی ڕژێم، پەلاماری هەموو کەسێکیان دەدا، دەستدرێژییان دەکردە سەر کچەکان، خەڵکیان لەخۆیانەوە ڕەشبگیر دەکرد، ئەو لەبەر پاراستنی من ئەو کارەی دەکرد، سالار.... ببورە بەهزاد بۆ ئەمەت کرد، بۆ کارێکی لەم جۆرە شێتانەت کرد، ئێستا ئەوان وا دەزانن، پیاوەکانی ڕژێم منیان فڕاندووە، دڵنیام دایکم خەریکە تێک بچێت، تۆ بۆ ئەم کارەت کرد؟ تکا دەکەم، من بە هەموو داواکارییەکانی تۆ رازی دەبم، بەس بهێڵە بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، لێگەڕێ بگەڕێمەوە ئەم ساڵی قوتابخانەم تەواو بکەم، بەڵێنت پێدەدەم، بە قاچەکانی خۆم بێمەوە بۆلات....
مامۆستا، خانم ئازێتا زۆر دەپاڕێتەوە ڕێگای بدات بۆ شار بگەڕێتەوە، هیچ نەبێت دواساڵی قوتابخانە تەواو بکات، ئەو لە بەشی نیگارکێشی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان بوو، بەڵام سەرهەنگ بەهزاد لەوەڵامدا گووتبووی: داوای ئەستێرە بکە لە ئاسمان بۆت دادەگرم، بەڵام باسی گەڕانەوە مەکە!. من خۆم لە ئۆردوگاکەدا ئەکادیمیایەکت بۆ درووستدەکەم، ناوی مامۆستاکانم بدەرێ، تا هەر هەموویان بهێنم لێرە وانەت پێ بڵێنەوە، ئەگەر بەمەش ڕازی نابێت، بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەت ڕەوانەی بەناوبانگترین ئەکادیمیای جیهانت دەکەم، تۆ بەس داوای گەڕانەوە مەکە، چیت دەوێت لەم دونیایەدا بۆت دەکەم، بەس گەڕانەوە نەبێت، ئازێتا، من ناتوانم چیتر بەبێ تۆ بژیم، ئەگەر ئەمجارە بگەڕێیتەوە سیحری ئازایەتییەکانم کاریگەرییان نامێنێت و منیش دەمرم، من چیم هەیە جگە لەسحیری ئازایەتی، ئەویش بە خەونی تۆوە بەندبوو، کە تۆ نەمێنیت، ئیتر منیش نامێنێم، تکا دەکەم، داوای هەرچییەک بکەیت لەم دونیایەدا، بۆت پەیدا دەکەم، بەس گەڕانەوە نەبێت، پڕیارمداوە لە ئۆردوگاکەدا کۆشکێکت بۆ درووستبکەم، لە کام پایتەختی وڵاتان دەتەوێت خانووت بۆ چێدەکەم، بەس لەلام بمێنەوە، دەترسم، ئازێتا زۆر دەترسم، ئەمجارە لەدەستم هەڵبێیتەوە، هەموو خەونەکانم بەجارێک هەرەس بهێنن، ئازێتا، تۆ جارێک منت کوشت بە بێ ئەوەی بمنێژی، ناهێڵم ئەمجارە دووبارە بێتەوە....
مامۆستا، خانم ئازێتا دەیگووت: ئەو پیاوە کاتێک قسەی دەکردو دەپاڕایەوە، وەک منالّێکی ساویلکە دەگریا، ئاخر جیاوازی ژن و پیاو لەوەدایە. کاتێک ژنێک لەبەردەم پیاوێکدا دەگری، پیاوەکە نەک دڵی ژان ناکات، بەڵکو ئەوەندەی تر ڕقی بەرامبەری هەڵدەستێت، کەچی بە پێچەوانەوە، کاتێک پیاوێک لەبەردەم ژنێکدا دەگری، ژنەکە توشی ئازارێکی دەروونی دەبێت و لەگەڵیدا دەست بەگریان دەکات، نازانم ئەم شتە بۆچی وایە، لەوانەیە ژنان باشتر لەمانای گریان تێ بگەن!.
ئەو دەیگووت: کاتێک سەرهەنگ بەهزادم دەبینی وەک منالّێکی بچکۆلە لەکاتی بیانوو گرتندا چمکێکی کراسەکەی دایکی دەگرێت و دەپاڕێتەوە ئەو شتەی بۆ بکات حەزی لێیەتی هاتە بەرچاوم. دەیگووت: بەدەست خۆم نەبوو، نەمدەتوانی لەبەرامبەر گریانێکی بەکوڵی پیاوێکدا دڵڕەق بم، نەمدەتوانی بەرامبەر پیاوێکی ئەوەندە لاواز و بێدەسەڵات هێزی خۆم بەکاربهێنم... بۆیە بۆ مانەوە لەگەڵیدا داوای چەند مەرجێکم لێ کرد، پێمگووت: ئەگەر یەکێک لەو مەرجانە

جێبەجێنەکەیت، ئەوا بەجێتدەهێڵم و خۆم دەگەڕێمەوە بۆ شار، ئەو کاتە هیچ منەتێکیشم نییە لەوەی بمکوژیت.... ئەگەر ڕاستبێت تۆ ئەو هەموو شەڕو خوێنڕشتنەت لەپێناو دەستخستنی مندا کردبێت، یەکەم شت دەبێت ئەمشەو سوێندم بۆ بخۆیت ئەوەیە، چیتر هیچ گیانەوەرێک بەدەستی تۆ نەکوژرێت، دەزانیت مەبەستم لە گیانەوەر چییە؟ بیستوومە دەڵێن، ئەگەر ڕۆژێک مرۆڤێکت بۆ کوشتن دەستنەکەوێت، ئەوا پەلاماری کارمامز و کەڵە کێووییەکان دەدەیت و ڕاویان دەکەیت، پێویستە تۆش ببیتە مرۆڤێکی ئاسایی، دەتوانیت کاری شۆڕشگێری خۆت بکەیت بەبێ ئەوەی چەک بەکاربهێنیت، منیش وەک ژنێک هاوکاریت دەکەم، ئێمە دەتوانین شۆڕش بکەین و چەک بەکار نەهێنین. من لە مێژووی قوتابخانەدا خوێندوومە، کە شۆڕشی ڕاستەقینە پێی دەگووترێت شۆڕشی سپی، مەبەست لە شۆڕشی سپی ئەوەیە دووربکەویتەوە لە خوێنڕشتن، پێویستە ئێمە لە گاندییەوە فێری ئەوە بین، بە بێ ئەوەی چەک بەکاربهێنین بەسەر دوژمنەکەماندا سەربکەوین، ئەوەی گاندی کردی زۆر بچوک و ساویلکانە دەردەکەوتن، کەچی سەرکەوتنی گەورەیان بۆ گەلی هیند بەدەست هێنا، ئەو پیاوە جگە لەوەی ئیرادەی پروا بەخۆبوونی لەناخی هیندییەکاندا ژیاندەوەو داوای لێکردن ڕێپێوانی گەورە دەستپێبکەن لەپێناو هەڵگرتنی باجی خوێ، کە ئەمە لای ئینگلیزەکان مایەی گاڵتەپێکردن بوو، ئاخر گاندی چەکێکی تری نەبوو دژی ئینگلیزەکان پێی بجەنگێت، ئەو بە خەڵکی هیندی گووت: پێویست ناکات چیتر ئێمە خوری و لۆکەی خۆمان بە هەرزان بە ئینگلیزەکان بفرۆشین و پاش ڕستن لە لایەن ئینگلیزەکانەوە بە گرانتر بیکڕینەوە، "نابێت ئێمە چاوەڕوان بین ئەوان ماسییەکانمان بۆ ڕاوبکەن، بەڵکو دەبێت خۆمان فێری ڕاوکردنی ماسییەکان بین". غاندی شۆڕشی پشتبەخۆبەستنی دژی ئینگلیزەکان بەرپاکردو دواجار سەرکەوت. وابزانم ئێستا ئێمە پێویستمان بەم جۆرە شۆڕشە هەیە، شۆڕشی بەخۆماڵیکردنی بەرهەمەکانمان، دەبێت خەڵک فێری ئەوە بکەین چیتر چاویان لە کاڵاو بەرهەمی دەرەکی نەبێت، پێویستە ئیرادەی خەڵک بە شێوەیەک بەهێز بکەین پرژێنە سەر شەقامەکان، هیچ هێز و ڕژێمێک چەند بەهێزیش بێت ناتوانێت لەبەرامبەر ئیرادەی ڕاپەڕینی خەڵکدا خۆی بگرێت، بەهزاد ڕژێم دەتوانێت دەیان ساڵی تریش لەگەڵ ئێوەدا لەجەنگدا بێت، بەڵام ناتوانێ بەرگەی ڕاپەڕینی خەڵک بگرێت، خەڵک ئێستە لەناو شارەکاندا تەواو لە ڕژێم پڕن، پێوستە ئێمە بۆ مانگرتنی سەرتاسەری و خۆپیشاندان ئامادەیان بکەین....

دووەم داواکاریم ئەوەیە، هەندێک کتێب هەن تایبەت بە هونەرمەندە ناودارەکانی جیهان لەگەڵ ئەو کەرەستانەی بۆ نیگارکێشان پێویستن بۆم پەیدا بکەیت، دوا داواکاریشم ئەوەیە، هیچ شتێکم لێنەشاریتەوەو درۆم لەگەڵدا نەکەیت....

مامۆستا، ڕێککەوتنی نێوان خانم ئازێتاو سەرهەنگ بەهزاد ئاوا دەستیپێکرد، خانم ئازێتا دەیگووت: بۆیە ئەو شەوە بە هاوسەری ئەو ڕازیبووم، چونکە کاتێک دەمی دەکردەوە بۆنی خوێنی لێدەهات، دەمزانی لەپێناو خۆشەویستی مندا نوقمی خوێڕشتن بووە، کاتێک هەستم بەمە کرد ترسام، دەترسام لەوەی وەک "ئارس" ی خواوەند دەست لەخوێنڕشتن هەڵنەگرێت، ڕازیبوونی من بۆ ئەو، لە ڕازیبوونی ڤینۆس دەچوو بۆ ئارس. ڤینۆس لەبەرئەوەی مێردی هەبوو سەرەتا بە خۆشەویستی ئارس ڕازی نەبوو، بەڵام شەوێک لەشەوەکان ئارس لە

نەگەڕانەوەی "هیفستۆس" ی مێردی ئاگاداربوو، بۆیە ڕۆشتە ناو جێگاکەی ڤینۆس و بەزۆر لەگەڵیدا نووست، ئیتر ئارس بەمەوە نەوەستاو چەندین جاریتر ئەم کارەی دووبارە کردەوە، هەتا شەوێکیان کەوتە ناو ئەو تەڵە وردەی هیفستۆس لەناو جێگاکەیدا بۆی چنیبوون.
مامۆستا، ئەو ماوەی من دەهاتمە ژوورەکەت و گوێم لە قسەکانت دەگرت، تازە بە فەرمانی سەرهەنگ بەهزاد بووبووم بە خزمەتکاری تایبەتی خانم ئازێتا، ئەو زۆر بێتاقەت بوو، لەژوورەکەی ڕۆژ هەتا ئێوارە دەگریا، زۆرتر بیری دایکی و خوشکە بچکۆلەکەی دەکرد، دڵی بە هیچ کەسێک نەدەکرایەوە، منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی هیچ قسەیەکم نەدەکرد، پێمخۆشبوو هەموو تەمەنم بە بێدەنگی وگوێگرتن بەسەربەرم. پەیوەندی من و خانم ئازێتا جگە لە پەیوەندی خزمەتکارێک و خانەخوێیەک هیچی تر نەبوو، لە ڕاستیدا من لەدڵەوە دەمویست هاوکاری خانم ئازێتا بکەم، بەڵام چۆن و بەچی؟ کێ لەترسی سەرهەنگ بەهزاد دەیوێرا بە دوو وشە قسەی لەگەڵدا بکات! تا ڕۆژێکیان، سەرهەنگ بەهزاد بانگی کردم و جانتایەکی دایە دەستم بۆ ئەوەی بیبەم بۆ خانم ئازێتا، بەڵام پێی گووتم: ئەو ئێستا لە کۆشکەکەیەتی، لە پێشدا لە دەرگا بدە، تا خۆی دەرگاکە نەکاتەوە نەڕۆیتە ژوورەوە، ئەگەر هەر نەیکردەوە، لەلای خۆت هەڵیبگرە تا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، ئەوەشی پێ بڵێ؛ بمبورێت نەمتوانی خۆم سەردانی بکەم لەبەر هەندێک کاری پێویست، کە هاتوونەتە پێشێ....
مامۆستا، تا ئەو ڕۆژە من کۆشکە تایبەتییەی خانم ئازێتام نەدیبوو، کۆشکێکی زۆر تایبەت بوو، لەسەرداوای خۆی سەرهەنگ بەهزاد بە تەنیشت ماڵەکەیەوە بۆی دروستکردبوو. کۆشکەکە لە دوو ژوور پێکهاتبوو، ژورێکی گەورە کاری وێنە کێشانی تێدا دەکرد، هەر لەناو ئەو ژوورەدا دەرگایەکی تێدابوو بۆ ژورەکەی تر دەڕۆیشت، کە شوێنی پشوودانی خانم ئازێتا بوو، لەکاتی نەهاتنەوەی سەرهەنگ بەهزاددا ئەو هەر لەوێ دەمایەوەو نەدەگەڕایەوە بۆ خانووەکەی، دەتوانم بڵێم: زۆربەی ژیانی خانم ئازێتا لەو کۆشکەدا بوو.
تا ئەو ڕۆژە جگە لە پیاوە باڵاکانی ناو شۆڕش کەس ئەو کۆشکەی نەدیبوو، سەرهەنگ بەهزاد زۆر بە شانازی و لوتبەرزییەوە باسی تواناکانی خانم ئازێتای بۆ هاوەڵەکانی دەگێرایەوە، چونکە زۆربەی کاری وێنەی ناو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی شۆڕش ئەو دەیکێشان، تەنانەت پۆستەری گەورەو تابلۆی شەهیدەکانیش هەر لەو کۆشکەدا بە دەست و پەنجەکانی خانم ئازێتا دەکێشران. ئەگەر نەیشارمەوە پڕ بەدڵ حەزمدەکرد بۆ ڕۆژێک ئەو کۆشکە ببینم، خەونم بەوەوە دەدی دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێت جارێک سەردانی ئەو کۆشکە بکەم، کە لەم دواییانەدا بووبوو بە شوێنی هەمیشەیی خانم ئازێتا، پێش ئەو ڕۆژە من هیچ زانیارییەکم لەسەر شوێنی کارکردنەکەی خانم ئازێتا نەبوو، ئەوەندە نەبێت هەندێکجار ژنانی بەرپرسەکانی تر بانگیان دەکردم و دەیانگووت: خەسرەو تۆ لە خانم ئازێتاوە نزیکیت، دەڵێن سەرهەنگ بەهزاد کۆشکێکی بۆ درووستکردووە، لە کۆشکی شا ژنەکانی دونیا دەچێت، هەرچی کەلوپەلی نایاب و قەشەنگ لەم جیهانەدا هەیە بۆی هێناوە.... ژنان زۆر ئیرەییان بە خانم ئازێتا دەبردو پێیان دەگووت: لە ژیانماندا ژنی ئەوەندە لوتبەرزمان نەدیوە، کە تاقەتی دەرو دەشت و هاورێیەتی هیچ

کەسێکی نەبێت، خۆی لەکونجی ژوورەوە پەسیوە، تەنها بۆ ئەوەی چاوی بە کەس نەکەوێت، چ ژنێکی هیچ و پوچە....
مامۆستا، ژنان زۆرجار زۆریان بۆ دەهێنام بۆ ئەوەی زانیارییان لەسەر ژیان و هەڵسوکەوتی خانم ئازێتا دەستکەوێت، بەڵام من هەمیشە خۆم لە پرسیارەکانیان دەدزییەوە، ئەوانیش بەمە تورە دەبوون و قسەی ناشیرینیان پێدەگووتم، ئیتر لەبەرئەوەی من بەو کەش و ڕەوشەی ئەوێ ڕاهاتبووم گوێم بە هیچ نەدەدا.
لە ڕێگادا بۆ ژوورەکەی خانم ئازێتا دەچووم، ئەوەندە دڵ خۆشبووم قاچەکانم بە ئاستەم زەوییان دەگرت، خۆشی لەناخەوە دەیبزواندم، هەر بیرم دەکردەوەو بە هەزاران شێوە وێنای کۆشکەکەم لەخەیاڵمدا دروستدەکرد، دەبێت ئەو کۆشکە چی تێدابێت و ئێستا خانم ئازێتا چەند تابلۆی جوانی کێشابێت! هەر بیرم دەکردەوەو بە خەیاڵ وێنەی کۆشکەکەم هەرجارێک بە شێوەیەک دەهێنایە بەرچاوی خۆم....
کاتێک لەدەرگامدا دەستەکانم لەخۆیانەوە دەلەرزین، دڵخۆشییەکەی پێشترم گۆڕابوو بۆ جۆرێک لە نیگەرانی و ترس، هۆکەی چیبوو....! لەپاش لێدانی دەرگاکە، گووتم خانم ئەوە منم، خەسرەو.... گوێم لەدەنگی بوو، گووتی بوەستە وا دێم دەیکەمەوە... تا ئەو کاتەی ئەو هات و دەرگاکەی کردەوە، مەگەر خوادا بۆ خۆی بزانێت، چەندێک خەیاڵی سەیر بەناو مێشکمدا هاتن و چوون، دەترسام لەوەی تەنها سوچێکی دەرگاکە بکاتەوەو جانتاکە لەدەستم وەرگرێت و هیچ نەبینم، خۆم بۆ ئەوە ئامادە دەکرد لەو ماوە کەمەی دەرگاکە دەکاتەوەو جانتاکە لەدەستم وەردەگرێت بتوانم زۆرترین شت ببینم، بەڵام کاتێک دەرگاکەی کردەوە تەواو بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی منەوە گووتی: فەرموو وەرە ژوورە، من دەستم گیراوە جانتاکە لە سەر ئەو مێزەی پشت سێپاکەوە دابنێ، بەڵام ئاگات لەخۆت بێت جلەکانت بەر ئەو تابلۆیانەی بەتەنیشت مێزەکەوە ڕاسپێردراون نەکەون، چونکە هێشتا بە تەواوی وشکنەبوونەوتەوە.
مامۆستا، هەر کە ڕۆشتمە ژوورەوە بۆنێکی خۆش، کە زۆر دەمێک بوو ئەو بۆنەم نەکردبوو بە لوتمدا پژا.... پاش ئەوەی جانتاکەم لەسەر مێزەکە داناو بە پەلە چاوێکم بە ژوورەکەدا گێرا بۆنەکە کەمێک مەستی کردبووم، خانم ئازێتا بێئەوەی هیچ گوێ بە من بدات بۆ خۆی لە کارکردن لەسەر ئەو تابلۆی لەسەر سێپاکە بوو بەردەوامبووەوە، کەمێک وەستام و بەپەلە چاوم بە کون و کەلەبەری ژوورەکەدا دەگێڕا، کتێبخانەیەکی خنجیلە کەوتە بەرچاوم، لەو کاتەدا دەموویست پڕۆمە دەرەوە بە نائاگایی پڕ بە سییەکانم لەبۆنەکەم هەڵمژی و لەبەرخۆمەوە گووتم: ئای کە بۆنێکی خۆشە، زۆر دەمێکە لەم بۆنە بێبەشم، خانم ئازێتا بەپەلە ئاورێکی بۆ دواوە دایەوەو گووتی: ئەوە گووتت چی؟. خانم بمبورە دەبێت پڕۆم، بمبەخشە بێ ئەدەبییەکم کردبێت و بە بێ ڕوخسەت کەمێکم لەبۆنی ژوورەکەت هەڵمژیبێت.... لە وەڵامدا جارێکی تر گووتی: خەسرەو ناهێڵم لەم ژوورە پڕۆیتە دەرەوە تا پێم نەڵێیت، ئەم بۆنەت بۆچی ئەوەندە بەلاوە خۆشە، ئەمە بۆ من مانای زۆرە؟!.
مامۆستا، زۆر ترسام لەوەی خانم ئازێتا بە خراپ بۆنکردنەکەی منی لێکدابێتەوە، بەڵام ئەو زۆر زیرەکانە بۆی ڕۆشتبوو، بۆیە ناچاربووم چیرۆکی ژیانی خۆمم بۆ

گێڕایەوە، کە منیش وەک ئەو شەیدای وێنەکێشان بووم و ئەو بۆنە بۆ ئەو کەسانەی خولیای وێنەکێشان لە سەریاندایە خۆشترین بۆنێکی ئەم جیهانەیە.
ئەو گووتی: خەسرەو تۆ تاکە کەسێکی هاتبێتە ئەم کۆشکەو بۆنی ئەم ژوورەی لە لا خۆشبووبێت، هەموو ئەو پیاوانەی دێنە ئێرە دەست بە لوتیانەوە دەگرن تا دەڕۆنە دەرەوە لوتیان بەرنادەن. ڕۆژێکیان سەرهەنگ بەهزاد چەند بەرپرسێکی باڵای ناو شۆڕشی بۆ ئێرە بانگهێشت کردبوو، بە نیازی ئەوەی نیشانی بدات چ کۆشکێکی بۆ ژنە خۆشەویستەکەی بنیاد ناوە، کەچی یەکێکیان هێشتا بە دوو پەنجەی توند لوتی گرتبوو، بە توانجێکەوە گووتی: سەرهەنگ بەهزاد ئەمە کۆشکە یان بەنزینخانەیە، هەموویان بەجارێک دایان لەقاقای پێکەنین، بەردەوام بوو لە قسەکردن و گووتی: خوا ئاگای لێیە هەرکەسێک بە ئێرەدا تێپەڕ ببێت وا دەزانێت، ئەمە ماڵی نەوتفرۆشەکانە.... جارێکی تر دایانەوە لە قاقای پێکەنین، ئەوە عەقڵی هەندێک لەو پیاوانەیە، خەڵکی ناو شارەکان پێیان وایە سبەینێ دەتوانن  جیهانێکی ڕەنگاو ڕەنگیان بۆ بنیات بنێن! من هەندێکجار بیردەکەمەوە، گریمان ئەوان توانییان بە ئاگری تفەنگەکانییان ڕژێم پروخێنن و دەسەڵات بگرنە دەست، دەبێت ئەمانە چۆن دەوڵەت بەڕێوە ببەن؟ ئەبێت بایەخی هونەرو هونەرمەند لەداهاتوودا لای ئەمانە چی بێت؟ دەبێت ئەمانە لە داهاتوودا چۆن لە هونەرمەندان پروانن؟. خەسرەو جیاوازی نێوان هونەرمەندێک و شۆڕشگێڕێک، کە تەنها بە تفەنگ دەزانێت شۆڕش بکات ئەوەیە ئەو چێژ لەبۆنی باروت دەبینێت و هونەرمەندەکەش لە بۆنی ڕەنگەکان، تۆ دەزانیت، هەریەکێک لەو ڕەنگانە بۆنێکی تایبەت بەخۆیان هەیە! نازانم تۆ بۆنی ڕەنگەکانت کردووە؟ بۆنی ڕەنگی سور جیاوازترە لە بۆنی ڕەنگی شین، بۆنی ڕەنگی شینیش جیاوازە لەبۆنی ڕەنگی زەرد، بەڵام کاتێک زەردو شین تێکەڵ دەکەین و ڕەنگی سەوزمان دەداتێ، بۆنی ڕەنگە سەوزەکە لەهیچیان ناچێت، ڕەنگی سور بۆنێکی توندی هەیە، بەڵام کاتێک بە ڕەنگی سپی کاڵی دەکەینەوەو ڕەنگی پەمەییمان دەداتێ هەستدەکەیت بۆنێکی ئارامکەرەوەیە.... پیاوە شۆڕشگێرەکان لەمانە تێناگەن، ڕەنگە قسەیەکی لەم جۆرە بکەیت، وەک شێت لێت پروانن، چونکە لای ئەوان بۆنەکان لە بۆنی نەوت و گاز زیاتر لەبۆنی هیچ شتێکی تر ناچن، ئاخر ئەوان ئەوەندە بۆنی باروتیان کردووە، هەستی بۆنکردنەکانی تریان لەدەستداوە....
جارێکیان سەرهەنگ بەهزاد گووتی: هاوڕێیەکم بەمزوانە بۆ دەرەوە سەفەر دەکات، چیت دەوێت لەگەڵ خۆیدا بۆت بهێنێت، منیش وەک هەرجارێکی تر داوای ڕەنگە سەرەکییەکان، ڕۆن کەتانی "تالێنس" چونکە بریقەو شەوقی بە ڕەنگەکان دەدا و چەند کتێبێکم لێکرد لەگەڵ گوڵاوی سەوسەن، کەچی بە پێکەنینێکەوە گووتی: خۆزگە عەتریشیان لە بۆنی باروت درووست دەکرد، ئازێتا تۆ کتێب زۆر دەخوێنیتەوەو بەردەوام سەرت لەناو کەتەلۆگەکاندایە بزانە لە شوێنێک بۆنێکی تایبەت نییە بۆنی باروت بدات، من نازانم ئەو بۆنەم بۆ ئەوەندە لەلا خۆشە!.
مامۆستا، من پەلەم بوو پرۆمە دەرەوە، کەچی خانم ئازێتا داوای لێکردم، کەمێک لەلای بمێنمەوە، ئەو پێی گووتم: تۆ تاکە پیاوێکی لەم دونیادا تێیکەوتووین لەمن تێبگات، قەت ڕۆژێک بە خەیاڵیش بەناو مێشکمدا گوزەری نەدەکرد، کە لەناو ئەو هەموو پیاوە خوێنەوارو جەنگاوەرانەدا گێلترین پیاوی ناو شۆڕش لە بۆنی ڕەنگەکان تێبگات! خەسرەو تۆ تەنها پیاوێکیت بتوانم لەگەڵیدا قسە بکەم.... تۆش پیاوێکی

غەمگینی تری ئەم دونیای تێیکەوتووین، ئەگەر پێتخۆش بێت ئەوا دەتوانیت بەردەوام سەردانی ئێرە بکەیت، ئێرە بە تەنها ماڵی من نییە، بەڵکو ماڵی هەموو ئەو کەسانەیە چێژ لە بۆنی ڕەنگەکان وەردەگرن و لەبەردەم هەر ڕەنگێکدا هەڵوێستەیەک دەکەن.
مامۆستا ئەو پێیگووتم: لێرە من هەموو شتێکم هەیە، دەتوانیت هەر شتێک دڵت بخوازێت بەکاری بهێنیت، دەتوانم هەموو ئەو کتێبانەی سەبارەت بە هونەرمەندە ناودارەکانی جیهانن بۆ بخوێنمەوە، خەسرەو ئەم کتێبانە زۆر دەگمەنن و لە وڵاتی ئێمەدا نین. ئەم کتێبانە سەرهەنگ بەهزاد لە ڕێگای ئەو پیاوانەی لە پەیوەندییە دەرەکییەکان کار دەکەن بۆی پەیدا کردووم. تۆ دەتوانیت لە ڕێگای ئەو کتێبانەوە سەفەر بەناو مێژووی هونەری ئەم جیهانەدا بکەیت. بە هونەرمەندە بلیمەتەکانی دونیا ئاشنا بیت و لە کارەکانیان بڕوانیت، ئێمە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان وانەمان لەسەر قوتابخانەو قۆناغەکانی هونەری نیگارکێشان دەخوێند، بە هونەرمەندەکانی ئەو قوتابخانانە ئاشنا دەبووین، بەڵام هیچ کاتێک وانەیەکی تایبەتیمان لەسەر کارەکانی هونەرمەندێک نەدەخوێند، ئەو شتانەی ئێمە فێری دەبووین گشتی بوون، بۆ ئەوەی شارەزایی تەواوت لە کارەکانی هونەرمەندێکدا ببوایە دەبوو لەدەرەوەی قوتابخانە بۆ خۆت کتێبی تایبەتت پەیدا بکردایەت، تۆ نازانیت کتێبخانەکانی ئێمە لەو بوارانەدا چەند هەژارن، ئێمەمانان خەومان بە ئەم جۆرە کتێبانەوە دەبینی.
ئەو تابلۆیانەی هونەرمەندە مەزنەکان کێشاویانن، لێ ڕامانی قوڵیان دەوێت، لە هێڵەکان، تێکەڵکردنی ڕەنگەکان، جوڵەکانیان و مەبەستەکانیان.... ئەگەر تۆ بە تەنها لە تابلۆی "ئازادی سەرکردایەتی گەل دەکات" ی "دێلا کروا"ی هونەرمەند بڕوانیت، لەوە تێدەگەیت مانای شۆڕش چی دەگەیەنێت و ئەوانەش کێن دەتوانن شۆڕش بکەن! ئەو تابلۆ یەکێکە لە پڕماناترین تابلۆیەک بۆ شۆڕش کێشرابێت. ئەو تابلۆ تەنها لە بواری نیگارکێشاندا کاریگەری نییە، بەڵکو لەناو مۆسیقاشدا دەبێتە هەوێنی سەمفۆنیای شەشی"جۆرج ئانتایل" لە ژێر ناوی "پاش دێلاکروا".
دێلا کروا ئەو تابلۆی بۆ شۆڕشی تەموزی ساڵی 1830 کێشا، کە ئافرەتێک لە پێشەوەی خەڵکەکە بێدەربەستانە مەمکەکانی لە سوخمەکەی هاتونەتە دەرەوە و بەدەستێکی ئاڵای فەرەنساو بەدەستەکەی دیکەی تفەنگێکی هەڵگرتووە و بۆ پێشەوە هەڵمەت دەبات، ئەو ژنە، کە سومبولی ئازادییە بەلای شانی ڕاستیدا، کە ڕووتە، ئاوڕێک بۆ دوای خۆی دەداتەوە، تا مژدەی سەرکەوتن بە جەنگاوەرە پیاوەکان بدات، کە بە چەکەکانیانەوە شوێنی کەوتوون.
من بۆ خۆم تا ئەم کەتەلۆگانەم بۆ نەهات ئەم تابلۆم بە جوانی نەدیبوو، ئەی تابلۆی "کچەکانی جەزائیر" کە جاری واهەبووە بە کاتژمێر تەنها تەماشای جلەکانیانم کردووە، ئەوەندە وردەکاری لەو تابلۆدا هەن مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت، ئاسان نییە ئەو هەموو موتومورو گۆبەرۆک، پاوانە، گەردانە و ملوانکانە درووست بکەیەت بەبێ ئەوەی زەنگیانە یان مورویەکت لەبیر بچێت! ئەوە باسی نەخشی سەر دیوارەکان و گوڵی بەرگە سەرینەکان ناکەم، خەسرەو ئەمانە بۆ من وەک ژنێک و هونەردۆستێک سەرنج ڕاکێشن، بۆ من مانای شۆڕشی ڕاستەقینە لە تابلۆکەی دیلا کروادایە، ئەم شۆڕشانە جەنگی دەسەڵاتی پیاوەکانە، بە ڕۆیشتنی یەکێکیان و هاتنی ئەوی تریان دەرگای زیندانەکانی ژنان

ناشکێنرێن، هەموو ئەم پیاوانەی شەڕی دەسەڵات دەکەن و ناویان ناوە شۆڕش، ژنیان تەنها بۆ ئەوە دەوێت لە کۆشکەکانیاندا زیندانیان بکەن، ئەوان ژنانیان وەک وەسیلەیەک دەوێت، هەرکاتێک تەنگەتاو بن خۆیانی تێدا خاڵی بکەنەوە، لەمە زیاتر هیچ شتێک سەبارەت لە ڕۆحی ئافرەت نازانن، ئەوان وەک ئەو پیاوانەی کەناری بەخێودەکەن ئافرەتیان دەوێت لە چوارچێوەی قەفەسەکاندا بە غەمگینی بۆیان بخوێنن، ئەوان چێژ لە گۆرانی ئازادی وەردەگرن نەک بە ئازادی گۆرانی گووتن. ئەوان ئافرەتیان وەک ئەو "کچە گەنجەی لەبەردەم پەنجەرەدا وەستاوە"ی سلڤادۆر دالی دەوێت، ئەوان دەیانەوێت ئافرەتەکانیان لە پەنجەرەی کۆشکەکانیانەوە لە جوانییەکانی دونیا بڕوانن، لەکاتێکدا خۆیان بەشێکن لە جوانییەکانی دونیا، ئەگەر هونەرمەندێکی وەک سلڤادۆر دالی نەبێت کێ لە ئێمە جوانی ئافرەتێک دەبینێت، کاتێک لە پشتی پەنجەرەیەکەوە لە شینایی دەریاو ئاسمان دەڕوانێت! کێ لەوە تێدەگات، کاتێک ئافرەتێک لە پشتی پەنجەرەیەکەوە لە دەرەوە دەڕوانێت، چەند هەست بە تەنهایی دەکات....

خەسرەو منیش یەکێکم لەو ئافرەتانەی لە کۆشکی یەکێک لە پیاوەکانی شۆڕشدا بەند کراوم، تەنانەت پەنجەرەیەکیش نییە لە پشتییەوە لە دەرەوەی خۆم بڕوانم، ڕاستە لێرە هەموو شتێکم هەیە، بەڵام تەنهایی وەک مۆرانە چۆن ناخی دارەکان کلۆردەکات و هەر جارەی کونێک دەکاتە پارچەیەکی ئاوا ناخم ڕۆژ بە ڕۆژ کلۆر دەبێت. تکا دەکەم تۆ تەنها پیاوێکی بتوانم لە داهاتوودا قسەکانی دڵی خۆمی بۆ بکەم و لێم تێبگات، هەرکاتێک ویستت دەتوانیت سەردانی ئێرە بکەیت و لەگەڵمدا وێنە بکێشیت، دەزانم ئەمە قورسە لە پرێکدا ڕوو بدات، بەڵام من خۆم لەگەڵ سەرهەنگ بەهزاد یەکلایی دەکەمەوە.

خەسرەو تەنها شتێک من بتوانم بۆ هەردووکمانی بکەم ئەوەیە، تۆ لەگەڵ هونەردا ئاشت بکەمەوە، دەمەوێت دەستت بگرم و بتگەڕێنمەوە بۆ ناو جیهانی ڕەنگەکان، ڕەنگەکان بۆ ئێمە تاکە زمانێکە پێکەوە قسەی پێبکەین و هیچ کەسێکی تر نەتوانێت لێمان تێبگات....

مامۆستا، سەرەتا پەیوەندی من لەگەڵ خانم ئازێتا ئاوا دەستی پێکرد، ئەو ڕوخسەتی تەواوی لەسەرهەنگ بەهزاد بۆ من وەرگرتبوو، ئەگەرچی زۆری پێخۆش نەبوو، بەڵام خۆشەویستی خانم ئازێتا لە حەزەکەی گەورەتر بوو، جارێکیان هاتە کۆشکەکە بینی خانم ئازێتا بە پەرۆشەوە من فێری هێڵکاری دەکات نەیتوانی ئەو قسەی لەسەر دڵی بوو بیشارێتەوە، گووتی: خەسرەو ئەگەر دڵنیا نەبوایەم لەوەی تۆ پیاوێکی خەسیوی دڵم لێ پیس دەکردیت! نازانم ئەم ئازێتایە شیرینی بە کوێی ئەم گێلەدا چووە وا ئەوەندە بایەخی پێدەدات....

مامۆستا، بەختم لەوەدا هەبوو، خانم ئازێتا زوو فریام کەوت، ئەگینا چەند چرکەیەکی تر لەقسەکردن بەردەوام ببوایە دوور نەبوو دڵم بوەستێت، نازانیت ئەو قسەی دەکرد من چۆن لەناخی خۆمدا بچوک دەبوومەوە، ئەو قسەی دەکرد و من هەموو گیانم دەکەوتنە لەرزین، ئەو لەو پیاوانە بوو بە تەماشاکردنێک هەموو شتێکی پێ دەدرکاندیت، بەڵام باشبوو خانم ئازێتا زوو قسەکەی پێبری و گووتی: بەهزاد بەوە دڵم خۆشە دەتوانم گێلێک فێری وێنەکێشان بکەم، ئەوەش توانایەکی تایبەتی دەوێت، ئێستا دەزانیت چەندێک توانای فێرکاریم تێدایە! هیوادارم ڕۆژێک بتوانم تۆیش فێری هێڵکاری بکەم، سەرهەنگ بەهزاد سەرێکی ڕاوەشاندو

گووتی:کارت بەسەر منەوە نەبێت، جارێک من کاری گرنگترم هەن بیانکەم، هەر ویستم ئاگادارت بکەمەوە، کە پێویستە سەردانی هەموو بارەگاکان بکەم و چەند ڕۆژێکم پێدەچێت، هەر شتێکت ویست ئەوە خەسرەوت لەبەردەستدایە....
مامۆستا، سەردانی زیاتری من بۆ کۆشکەکەی خانم ئازێتا ڕۆژ بە ڕۆژ لە یەکتری نزیک دەکردینەوە. ئەو سەرەتا بە شێوەیەکی زانستی فێری هێڵکاری دەکردم، چونکە بۆ ئەو هێڵکاری بناغەی سەرەکی وێنەکێشان بوو، ئەو پێی وابوو هەموو کەسێک لیۆناردۆ داڤینشی لە ڕێگای تابلۆی "مۆنالیزا" وە دەناسێت، بەڵام مەزنی ئەو پیاوە بە تەنها پەیوەندی بە کێشانی چاوە خومار و بزە غەمگینەکەی مۆنالیزاوە نییە، ئەوەندەی مەزنی ئەو پیاوە لە هێڵکارییەکانیدایە!.
هێڵکاری "مرۆڤی ڤیترۆڤی" کە بە یەکێک لەداهێنانە مەزنەکانی داڤینشی دەژمێردرێت، چ لە بواری وێنەکێشانداو چ لە بواری زانستدا، وەک دەستکەوتێکی سەدەی ڕینیسانسیش تەماشا دەکرێت، پێمان دەڵێت؛ هونەرمەندی نیگار کێش بەتەنها کاری نیگارکێشی نییەو بەس، کاری نیگارکێش بەتەنها نەبەستراوەتەوە بە تێکەڵکردنی ڕەنگەکان و ئافراندنی ڕەنگی نوێ، بەڵکو پێویستە وەک ئەندازیارێک شارەزایی ئەندازەیی و زانستی ئاناتۆمیش بێت. داڤینشی لە ڕووی ئەو هێڵکارییەوە فێرمان دەکات بۆ کێشانی وێنەی دەستێک دەبێت بزانین قەبارەی ناو لەپی دەست یەکسانە بە قەبارەی چوار پەنجەی دەست، درێژی پێیەک هێندەی چوار ناولەپی دەستە، شەش ناو لەپی دەستیش دەکاتە بازوویەک. ئێمە ئەگەر بمانەوێت وێنەی دەم و چاوی مرۆڤێکی ئاسایی بکێشین، پێویستە دەم و چاو بە سەر سێ بەشی یەکساندا دابەش بکەین، کە هەر بەشێک یەک لەسەر سێی دەم و چاوەکە پێکبهێنێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەم و چاوی مرۆڤێکی ئاسایی لە چەناگەیەوە تا تەوێڵی یەک لەسەر دەی پێکهاتەی لەشی مرۆڤ پێکدێنێت. ئەگەر وێنەکێش نەتوانێت دەم و چاو بەسەر سێ بەشی یەکساندا، لە چەناگەوە بۆ هەردوو کونە لوت، لە هەردوو کونەلوتەوە بۆ نێوچەوان و لە نێوچەوانەوە بۆ تەوێڵ بە یەکسانی دابەش بکات، کە هەر بەشێکیان یەک لەسەر سێی دەم و چاوەکە پێک بهێنن ئەوا دەم و چاوێکی شێواو و ناتەواو درووست دەکات.
مامۆستا تا خانم ئازێتا فێری نەکردم، کە پێکهاتەی لەشی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئەندازەیی بریتییە لە کۆمەڵێک هاوکێشەو ژمارە، من هەروام دەزانی هیچ پارچەیەکی لەش لەوی تر ناچێت و هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بۆ نمونە من قەت نەمدەزانی هەردوو دەستی مرۆڤ بە درێژکراوەیی لە ئاستی شانەکانیدا یەکسان دەبێت بە باڵای مرۆڤ، ماوەی نێوان مەچەک و پەنجەی باڵا بەرزە هەمان ماوەی نێوان چەناگەو تەوێڵە، دەتوانیت ئێستا مەچەکەت بخەیتە سەر چەناگەت، بزانە پەنجەت دەگاتە تەوێڵت!. مامۆستا، خانم ئازێتا فێری کردم مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە هونەرمەندێکی سەرکەوتوو پێویستە لە بواری هێڵکاریدا تەواو قوڵ بێتەوە، ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەکی زانستی فێری هێڵکارییەکان نەبێت ناتوانێت ببێتە وێنەکێشێکی سەرکەوتوو، وێنەکێشی سەرکەوتوو وەک خوداوەند تواناى خولقاندنی هەیە....
مامۆستا، ئەو ڕۆژانەی سەردانی کۆشکەکەی خانم ئازێتام دەکرد بۆ چەندین کاتژمێر لەسەر کورسییەک دایدەنام و داوای لێدەکردم هێڵکاری گۆزەیەکی

شکاوی پاڵکەوتوو، یان چەندین سوارحی و پەرداخ بکەم، کە لەسەر مێزێکی بچوکی بە قوماش داپۆشراو دانرابوون، هەندێکجار ڕوناکییەکی لە پێشیان یان لە پاشیان دا دەناو دەیگووت: ئەگەر وێنەکێشێک نەتوانێت بە قەڵەمێکی ڕەش ڕەنگی سێبەرو ڕوناکییەکان، چاڵی و بەرزاییەکان و دوورو نزیکیی وەک وێنەیەکی ڕەش و سپی بخولقێنێت ئەوا ناتوانێت ڕەنگەکان بە دروستی بەکار بهێنێت، هەموو تابلۆ مەزنەکانی دونیا لە هێڵکارییەکەوە سەرچاوە دەگرن، کە دەشێت هونەرمەندەکە لەسەر لاپەڕەیەکی بێکەڵک پێشتر کێشابێتی.
ئەو ماوەی بەردەوام سەردانی کۆشکەکەم دەکردو گوێم لە وانە بەنرخەکانی خانم ئازێتا دەگرت، هەستم دەکرد من جگە لە قوتابییەکی نەخوێنەوار لە بواری وێنەکێشاندا هیچی تر نیم، هەتا زیاتر هونەری وێنەکێشان فێردەبووم هەستم بەوە دەکرد من لەو کەسە دەنگ خۆشانە دەچم، کە بەهرەیەکی خواییان هەیە بۆ گۆرانیی گووتن، بەڵام هیچ شتێک سەبارەت بە هونەری موزیک و گۆرانی نازانن، چەند وانە زیاتر فێر دەبووم، خۆم وەک ئەو گۆرانیبێژانە دەهاتە پێشچاو، کە تەنها دەتوانن گۆرانی بڵێن بێ ئەوەی ئەلف و بێ لە هونەری گۆرانییەکە بزانن.
مامۆستا، کۆشکەکەی خانم ئازیتا بۆ من گەورەترین قوتابخانە بوو، کە لێیەوە مێژووی هونەری نیگارکێشی جیهان شارەزابووم و هونەرمەندە ناودارەکانی جیهانم تیا ناسی، لەو کۆشکەدا من هەڵوەشامەوەو خانم ئازێتا بەشێوەیەکی جوانتر درووستی کردمەوە، ئەو سەر لە نوێ منی بە ژیان ئاشنا کردەوەو لەگەڵ ڕەنگەکاندا ئاشتی کردمەوە، ئەو منی لە مرۆڤێکی غەمگینی شەرمنەوە کرد بە مرۆڤێکی پڕوا بەخۆبوو گەشبین، ئەو خانمە بەڕێزەی ئێستا لە ژوورەکەی تەنیشتمان لەناو خەوێکی قوڵدایە، منی لە خەوێکی قوڵ بە ئاگا هێنایەوە و لە ڕێگای ڕەنگەکانەوە فێری خۆشەویستی کردم، ئەو ماوە بە تەواوی بووبووم بە خزمەتکاری ڕاستەقینەی خانم ئازێتا، هەستم دەکرد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەک ڕەنگەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبین، ئێمە دوو ڕەنگ بووین لە هیچ یەکێک لە ڕەنگەکانی تر نەدەچووین، ڕەنگە بە پێچەوانەشەوە بێت، ئێمە دوو ڕەنگ بووین لەناو هەموو ڕەنگەکاندا هەبووین.... ئەو شەوانەی سەرهەنگ بەهزاد کێو بە کێوو دۆڵ بە دۆڵ بارەگاکانی بەسەردەکردەوەو نەخشەی نوێی جەنگی بۆ دادەڕشتن، ئەو کاتانەی سەرهەنگ بەهزاد جگە لە نەخشەکانی جەنگ نەبێت بیریی لە هیچ شتێک نەدەکردەوە، من و خانم ئازێتا وەک دوو ڕەنگی جیاواز تێکەڵ بەیەکتر دەبووین و ڕەنگێکی ترمان درووست دەکرد....
مامۆستا، کات درەنگەو ئێمە سبەینێ زوو سەفەر دەکەین، تۆ دەزانیت سبەینێ ئێمە دەفڕین، هەر بە ڕاستی دەفڕین، چی ئەوەندەی ئەوە خۆشە مرۆڤ لە ژیانیدا ئەو خەونەی بێتە دی، کە بتوانێت بفڕێت و لەسەر پشتی هەورەکانەوە سەیری بچوکی ئەم سەرزەمینە بکات، من پێم وایێت مرۆڤ تا نەفڕێت لە بچوکی ئەم جیهانە تێناگات. مامۆستا، ئێمە کاتمان زۆر دەبێت بۆ قسەکردن لەسەر هەموو ئەو ڕووداوانەی چەند ساڵی ناو ئۆردوگا، بەڵام پێویستە ئێمە ئەمشەو خۆمان بۆ فڕینی سبەینێ ئامادە بکەین، من نازانم ئەمشەو سەرهەنگ بەهزاد خەو بە چییەوە دەبینێت، بەڵام دەزانم خۆم و خانم ئازێتا خەو بەچییەوە دەبینین.... وەک گووتم: کاتمان دەبێت بۆ هەموو ئەو قسانەی پێویستن بکرێن،

بۆیە ناچارم تا سبەینێ بەجێتبهێڵم و بڕۆم بۆلای خانمەکەم، شەوێکی شاد تا سبەینێ....

## شەوی پێنجەم

مسیۆ، دەزانم ماندوویت، چاوەکانت ئاماژەی سەیریان تێدایە، ڕەنگە نیگەرانی سبەینێ بیت، ئەگەر وابێت ئەوا باش لێت تێدەگەم، چونکە خۆم هەرکاتێک سەفەر بۆ شوێنێک دەکەم، پێش هەموو شتێک خەمی گەڕانەوە دامدەگرێت. ڕۆژی گەڕانەوە لەسەفەر وەک ئەوە وایە لە خەوێکی خۆشدا بیت، پێش ئەوەی تەواو بێت بێداربیتەوە، بۆیە هیچ خەمت نەبێت، منیش هەست بەو نائارامییە دەکەم، بەڵام چونکە لەگەڵیدا ڕاهاتووم زۆر گوێی نادەمی، بۆیە باشتر وایە تۆش گوێی نەدەیتێ، لەچاوی ئەوانەی گوێ بە هیچ شتێک نادەن لەم ژیانەدا با سەرو پێک هەڵدەین، نۆش....
مسیۆ، دوێنێ شەو نازانم باسەکەم تەواوکرد یان نا، بەڵام ئەمڕۆ هەر بیرم لەو شەوەی فەرزان دەکردەوە، کاتێک چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ گێڕاینەوە، مەبەستم ئەو شەوەیە هاتە ژوورەکەمان و نهێنییەکانی ژیانی خۆی بۆ باسکردین، کە چۆن ئەو ئاگای لە هیچ یەکێک لەو چیرۆکانە نەبووە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانییەوە هەبووە تا دەگاتە چیرۆکی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان خەسرەو خەسیوو خانم ئازێتا، بەڵام هەموو کەسێک پەنجەی تاوان بۆ ئەم ڕادەکێشن و ئەم بە نەخشەدانەری ڕووداوەکان دەزانن.
مسیۆ، ئەوە بۆ خۆی جۆرێکە لەبەدبەختی، ئەو مرۆڤانەی کەسایەتییان بەهێزەو بەردەوام بەرەو پێشەوە دەڕۆن، لە هەر پێشهات و کێشەیەکدا دەبنە نیشانەی ناحەزو نەیارەکانییان. زۆرجار نەیارەکانی خۆیشیان دڵنیان لە پاکی ئەو کەسانە، بەڵام حەز دەکەن بە کێشەکانییانەوە بگلێنن تا شکستەکانی ئەوان هیوای سەرکەوتنییان بداتێ، نازانم ئەم شتە بۆ وایە، کە مرۆڤە بچوکەکان تەنها لە شکستی مرۆڤە بەهێزو سەرکەوتووەکاندا هەست بە سەرکەوتن دەکەن!. فەرزان دەیگووت: هیچ شتێک لە ژیاندا هێندەی سەرکەوتن ئازاربەخش نییە، چونکە هەر سەرکەوتنێک بۆ مرۆڤ کۆمەڵێک دوژمنی نوێی بۆ دروستدەکات بە بێ ئەوەی بیانناسێت، ترسناکی دوژمنە نەناسراوەکانی مرۆڤ لەوەدایە، وەک ژیلەمۆ تا چزە لە پەنجەکانتەوە هەڵنەستێنن هەست بە ئاگرەکەی ناخیان ناکەیت!. ئاخر چی هێندەی ئەوە کارەساتە مرۆڤ دوژمنەکانی خۆی نەناسێت، بە تایبەتی ئەوانەی ڕۆژانە لەگەڵتدا پێدەکەنن و هەست دەکەیت لە ژیاندا وەک

پایەیەکی بەهێز پاڵیان پێوەداویت، کەچی لە پشتەوە چاڵە ترسناک ومەترسیدارەکانی ملشکاندن بە دەستەکانی ئەوان لێدەدرێن.
ئەو دەیگووت: ئەگەرچی مەسەلەکان بەو شێوە ناخۆشە کۆتاییان هات، کە لە چاوەڕوانی هیچ یەکێک لە ئێمەدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نازانم چ هۆکارێک وای لێدەکردم، کە زۆر دڵگران نەبم، ڕاستە ئەو سەرنەکەوتنە بۆ من شکستێکی تر بوو لە ژیانمدا بەرم کەوت، بەڵام لەناخەوە هەستم بە نائومێدی نەدەکرد. شکستی سەفەرکردنەکەم ئەوەندەی ڕووداوە کتوپڕو چاوەنواڕنەکراوەکان نائومێدی نەکردم.
لەپاش قسەکانی خەسرەو خەسیوەوە من ئیتر شتێک لە ژیانمدا نەمابوو ناوی ئومێد بێت، بۆیە چیتر تا ئەمڕۆ لەبەرامبەر هەر ڕووداوو بەسەرهاتێکدا قەت هەستم بە نائومێدی نەکردووە. هیوا بۆ خۆی پێشینەیەکی لە ناخی مرۆڤەکاندا هەیە، کە خەونی پێوە دەبینێت، ئەم خەونە لە خاڵێکی زۆر بچوکەوە دەست پێدەکات و هێواش هێواش پەلدەهاوێت بۆ جێگاکانی تر و ڕووبەرەکەی گەورەتر دەبێت تا وای لێدێت ئەو مرۆڤە بیر لە داڕشتنی نەخشە لەسەر ئەو ڕووبەرە بکاتەوە، لە کاتی هەڵە یان پێشهاتێکی چاوەنواڕ نەکراودا ئەو کەسە توشی بێهیوایی دەبێت لەوەی، کە ناتوانێت بگات بە خەونەکەی و نەخشەکەی هەڵدەوەشێتەوە، دەشێت بەردەوام ڕێگای ترو هەوڵی تر بدات بۆ بەدەست هێنانی، بەڵام ئەوەی من هیچ پەیوەندییەکی بە خەون و نەخشەیەکی دیاریکراوەوە نەبوو تا خەمی لێبخۆم.
ئەو بەیانییە، کە خەسرەو هاتە ژوورەکەم و ئاگاداری کردمەوە لەوەی پێویستە خۆمان بۆ ڕۆیشتن بەرەو فڕۆکەخانە ئامادە بکەین، من بۆ چرکەیەک خەو نەڕۆشتبووە چاوەکانم، ئەگەرچی ئەو هەستەشم لە چاوەکانی خەسرەودا خوێندەوە، بەڵام نەخەوتنی ئەو لەگەڵ ئەوەی مندا جیاواز بوو، ئەو هیوایەکی گەورە لە چاوەکانیدا دەگەشانەوە، ئەو لەگەڵ خانم ئازێتا دەیانزانی بۆ کوێ دەڕۆن و دەیانەوێت چی بۆ ئایندە بنیاد بنێن....
پاش ئەوەی تەکسییەکمان بۆ فڕۆکەخانە بەکرێ گرت، لە ڕێگادا من هەر بیرم لەقسەکانی شەوێی خەسرەو دەکردەوە، کاتێک باسی خۆشەویستی نێوان خۆیی و خانم ئازێتای بۆ گێرامەوە، کە چۆن وەک دوو ڕەنگ تێکەڵی یەکتردەبوون و لەناو یەکدا تواونەتەوەو ڕەنگێکی تریان درووستکردووە، کە هیچ لەڕەنگە سەرەکییەکان نەچووە، ئەو دەیگووت: ئێمە بە بۆنی ڕەنگەکاندا بە ڕۆحی یەکتر ئاشنا بووین، هەروەکو چۆن تۆ بە بۆنی گەڵا وەریوەکانی پایزدا هەستت بە مردنی وەرزێکی تری ژیانت کرد، ئێمەش بە بۆنی ڕەنگەکان وەرزێکی تری ژیانمان دۆزییەوە.
تەکسییەکە هێندەی نەمابوو بگاتە فڕۆکەخانە، خەسرەوو خانم ئازێتا لەپشتەوە بە بێدەنگی دانیشتبوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندە بە خێرایی هەناسەیان دەدا مرۆڤ بە ئاسانی گوێی لە هەناسەدانەکەیان دەبوو، خۆ ئەگەر ئەوە هەناسەدانی ترسیش بووبێت، لۆمەیان ناکەم، چونکە ئەو کارەی ئەوان پێی هەستابوون لەیاری خۆهەڵدان بە پەڕەشوت دەچوو، کە پێش ئەوەی پەڕەشوتەکەت تاقیکردبێتەوەو دڵنیابیت لەوەی دەکرێتەوە یان نا، لەبەرزایی هەزاران مەترەوە خۆت فڕێبدەیتە خوارەوە!.

ئەو بەیانییە پێش ئەوەی لە میوانخانەکە وەدەرکەوین، خەسرەو پێی گووتم: مامۆستا ئێمە تا فرۆکەخانە پێکەوەین، ئیتر لەوێ لەیەکتر جیا دەبینەوەو لەکاتی دابەزیندا دیسان یەکدەگرینەوە، نابێت کەس پێکەوە بمانبینێت و ببینە جێگای سەرنجی هیچ کەسێک. ئێمە لە دابەزینی تەکسییەکەوە چیتر یەکتر ناناسین، بەڵام دوور بە دوور چاودێری یەکتر دەکەین.
لەکاتی پشکنینی پاسپۆرت و بەڵگەکانی مانەوەدا خەسرەوو خانم ئازێتام لە بەردەم پەنجەرەی پۆلیسی پشکنیندا بینی دەستی یەکتریان گرتبوو بە دڵخۆشییەوە پێدەکەنین، هەر لە دوو عاشق دەچوون لەناو ئەفسانەکانەوە هاتبن، لە ژیانمدا زۆر ژن و مێردم دیوە یەکتریان لە ئامێز گرتووەو دەستی یەکتریان گرتووەو پیاسەیان کردووە، بەڵام دیمەنی لەو جۆرەم هیچ کاتێک نەدیبوو، کە بەو شێوەیە کاریگەریم لەسەر دابنێت و چاوەکانم پڕ ببن لە فرمێسک.
من وەستابووم و هەر سەیری پێشەوەم دەکرد، ئەگەرچی خەسرەوو خانم ئازێتا دەربازبووبوون بۆ هۆڵی چاوەڕوانکردن، بەڵام من نائاگاهیی هەر سەیری هەمان شوێنم دەکردو بەخوڕ فرمێسک لەچاوەکانم دەهاتنە خوارەوەو هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی ئەو گریانەی لەناخمەوە قوڵپی دەدا بوەستێنم تا ئەو کاتەی ئەفسەرێک بە نەرمییەوە دەستی خستە سەرشانەکانم و گووتی: دەتوانم هاوکارییەکت بکەم؟ لە وەڵامدا گووتم: نا سوپاس هەر خۆم کەمێک بێتاقەت بوم و دایکمم بیرکەوتەوە، کە دەبێت بە جێیبهێڵم و نازانم کەی دەتوانم ببینمەوە، کەچی پرسییەوە، تۆ ئەوەندە بە پەرۆشی بۆ دایکت سەیرە تا ئێرە لەگەڵتدا نەهاتووە، ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوەو لەبەر خۆیەوە گووتی: خۆ هیچ کەسێکت لەگەڵدا نەهاتووە... نا من هەر خۆم بەتەنها هاتووم دایکم نەخۆشە لە جێگادا کەوتووە، بۆیە یەکجار من وا بێتاقەت بووم، کەچی گووتی: پێمخۆش نییە بەو حاڵەوە لە چاوەڕوانیدا بتبینم، بۆیە دەتوانم بلیت و پاسپۆرتەکەت ببینم، بەڵی فەرموو ئەوە بلیت و پاسپۆرت، ئەوەش بەڵگەی مانەوە. کەمێک لەناو خەڵکەکە دووری خستمەوەو بە وردی دەستی بە پشکنین کرد، ئەو زۆر بەخەمساردییەکەوە سەیری بەڵگەکانی دەکردو منیش وەک شەقشەقە هەموو گیانم هاتبوونە لەرزین، قاچەکانم زەوییان نەدەگرت، بەزۆر دەمویست نەلەرزن بەڵام هەموو کۆنترۆڵێکی جەستەم لەدەست دابوون و مێشکم بەجۆرێک ماندوو بوو بوو توانای فرمان دەرکردنی نەمابوو. پێمخۆشبوو لەو کاتەدا بە زووترین کات ئەو ئەفسەرە بڕیارێک لەسەر بەڵگەکانم بدات و چیتر بەو حاڵەوە نەمێنمەوە، بەڵام تا حاڵی من زیاتر بەرەو خراپبوون دەڕۆیشت ئەو زیاترو بێدەربەستانەتر بەڵگەکانی ورد دەکردەوەو جارناجارێک بە تیلەیەک سەیرێکی دەکردم و دەستی بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی پاسپۆرتەکە دەکردو دایدەخستەوەو کەمێک لە بەڵگەکانی تر ڕادەماو سەیرێکی دەکردم. ئەو بەردەوام بوو لەسەر هەمان کاری خۆی بێئەوەی قسەیەکم لەگەڵدا بکات، منیش تا دەهات بە شێوەیەک لەشم قورس دەبوو قاچە لاوازەکانم توانای ڕاگرتنیان نەبوو، بۆیە لەپڕ گووتم: ببورە ناتوانم لەوە زیاتر لەسەرقاچ بوەستم، دەتوانم دانیشم؟.
ئەو هەر زۆر بێخەمانە پاسپۆرت و بەڵگەکانی ئەمدەست و ئەودەست پێدەکردو بە چاوێکی دادوەرانەوە لێم ڕادەما، کە بەئاسانی تێگەیشتم، کە دەیەوێت بڕیارێک لەسەرم بدات، خۆ ئەگەر هەر بڕیارێکیشی بدابایە من دەمتوانی چی بکەم!،

لەکاتێکدا هەموو ئەندامەکانی لەشم بە شێوەیەک پەیوەندییان بەیەکەوە نەمابوو، ئەگەر بیگووتبا فەرموو ئەوە پاسپۆرت و بەڵگەکانت و پرۆ سەفەر بکە، نە دەستەکانم توانای هەڵگرتنی بەڵگەکانی هەبوو نە قاچەکانم توانای ڕۆیشتن و ڕاگرتنی لەشم، من لە جێگای خۆمدا بە شێنەیی ئیفلیج بووبووم. ئەفسەرەکە هەر سەیری دەکردم و جارناجارێک لە بەڵگەو پاسپۆرتەکان ڕادەما، لە پڕێکا پرسی: دایکت ناوی چییە؟.
تا ئەو کاتەی پرسیارەکەی کرد نەمزانی دەم و زمانیشم ئیفلیج بووەو توانای وەڵامدانەوەی هیچ پرسیارێکم نییە، تەنها بە ئاماژەیەک داوای کەمێک ئاوی خواردنەوەم کرد، ئەویش کەمێک بە جێیهێشتم، من زانیم دەڕوات ئاوم بۆ دێنێت، بەڵام بۆ ئەوەندەی پێچوو، ئەوەیان نازانم، بە بۆچوون و لێکدانەوەی ئەم دواییانەی خۆم تەنها بۆ ئەوەبوو، کەمێک ئارام ببمەوەو لەو دۆخە بێمە دەرەوە، چونکە کاتێک گەڕایەوە بە بوتڵێک ئاوی گەورەوە گەڕایەوەو داوای لێکردم کەمێک ئاو بە دەم و چاویشمدا بکەم، پاش خۆفێنکردنەوەو خواردنەوەی ئاوەکە هاتمەوە سەرخۆم و ویستم وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە، پەنجەی دۆشاومژەی بۆلای دەمی بەرزکردەوە، کە قسە نەکەم و داوای لێکردم لەگەڵیدا بڕۆم.
لەناو فرۆکەخانە هاتینەوە دەرەوە بۆ ئەو جێگایەی پێش چەند کاتژمێرێک لە تەکسییەکە دابەزین، لەسەر کورسییەک دایینیشاندم و بۆ خۆیشی لەتەنیشتمەوە دانیشت و دەستێکی خستە سەر شانەکانم و دەستی بە قسەکردن کرد: شتێک هەیە حەز دەکەم پێت بڵێم" ئەوە بۆ دەیان ساڵ دەچێت من لێرە لەبەشی کۆنترۆڵ و چاودێری بەرپرسم، ناتوانم بڵێم خەڵک لێرە ناتوانن بە قاچاخ دەربچن، هەر لەوانەیە ئەمڕۆ لەگەڵ تۆدا کەسانی تر هەبووبن و دەرچووبن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئێمە نێچیرەکانی خۆمان دەناسین، یان لە جێگای تایبەت و نهێنییەوە ئاگادارمان دەکەن، بەڵام کەسانی وەک تۆ لەو نێچیرانەیە هەر لە دوورەوە چاوەکانی بانگمان دەکات، کەسانی وەک تۆ بۆ ئەم کارانە دەست نادەن، پڕوا بکە پڕ بەدڵ بەزەیمم پێتدا دەهاتەوە، کاتێک بەو شێوە دەمبینیت، دڵنیام ئەگەر لە کۆنترۆڵەکەش دەربازبوویتایە خۆت دەگەڕایتەوەو هاوارت دەکرد، من قاچاخم تکایە بمگرن و مەهێڵن دەرباز بم.
تەنها شتێک دەتوانم ئەمجارە بۆ تۆی بکەم ئەوەیە بەختێکت لەژیانتدا پێبدەمەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر خۆت لەم کارە خراپانەوە نەگلێنیت، چونکە کاری خراپە بە خەڵکانی باش ناکرێن. دەزانم ڕەوشی ژیانی ئێوە بە سەختییەکی زۆردا تێدەپەڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیت بەو بەڵگەی مانەوە لەم وڵاتەدا بمێنیتەوە تا ئەو کاتەی خۆت دەتەوێت یان بگەڕێیتەوە بۆ ناو هاوڕێکانت لە شاخ، بەڵام ئەو قسەیەم لەبیرنەکەیت، تۆ لەو جۆرە کەسانە نیت، کە خودا بۆ کاری ساختەو درۆ خولقاندوونی، تەنها ئەو کارانە بکە، کە دەبنە هۆی ئاسودەکردنی ویژدانت و هێزی سەرسوڕهێنەرت بۆ ژیان پێدەدەن، هەڵمەسە بە کارێک لەناخەوە ئازارت بدات، تۆ لەو کەسانەی بتەوێت ئازاری هەرکەسێک بدەیت، پێش ئەوەی ئەو کەسە ئازاری پێبگات خۆت لەناخەوە دەسوتێیت، هەر کارێکی ساختەو درۆیەک بکەیت شکست دەهێنیت، پرۆ سواری یەکێک لەو تەکسییانە بەو بگەڕێوە بۆ ئەو جێگای لێوەی هاتوویت، من دەتبەخشم چونکە دەزانم تێوە گلاویت و ئەم کارە کاری خۆت نییە پرۆ نەتبینمەوە.

مسیۆ، ئەو شەوە فەرزان بەسەرهاتەکەی تەواو کردو گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، کەمێک کات درەنگی کردبوو، بەڵام لای من دوای ڕۆیشتنی ئەو چیرۆکەکان دەستیان پێکردا! ئەو بەو شەوە سەرلەبەری ژیانی منی گێرایەوە بۆ دواوە. منی گەڕاندەوە بۆ ئەو شەوانە شۆرشگێرەکان خۆیان بە شارۆچکەکەماندا دەکردو ترسیان دەخستە ناو دڵی هەموو کەسێکەوە، باوکیشم لەگەڵ گوێی لەیەکەم تەقە دەبوو ئاگر لە چاوەکانییەوە دەهاتنە دەرەوەو هەموومانی لە کونجێکی ژوورەوە دەپەست و دەستی بەجنێودان بە شۆرشگێرەکان دەکرد تەنها بۆ ئەوەی دایکم وەڵامێکی بداتەوەو داخی دڵی خۆی پێبڕێژێت.
تا ئەو شەوە فەرزان بەسەرهاتی خۆی و شۆرشگێرەکانی بۆ نەگێرامەوە من نەمدەزانی بۆ گەشتبوومە میوانخانەی پەپولە سپییەکان!. ئەو پاڵنەرانە چیبوون لەسەرگەردانبوونی من و شێواندنی خێزانەکەماندا، ئەگەرچی من مناڵ بووم، بەڵام ڕووداوەکان زۆر بە ڕوونی دێنەوە یادم، کە شەوی ئەستێرەکان چۆن دەستیان پێکردو لە کوێدا کۆتاییان هات، تەنها شتێک ڕوون نەبوو تا ئەو شەوەی فەرزان و گێرانەوەی چیرۆکە خەمناکەکانی ژیانی لە بەسەرهاتەکانی خۆم تێنەدەگەیشتم و نەمدەزانی ئەو شتانە مانایان چییە.
مسیۆ، مێشکی مرۆڤ زۆر سەیرە کاتێک هەندێک ڕووداو لەبەرچاوەکاندا ڕوودەدەن یان گوێت لەهەندێک قسە دەبێت وەک هیچ ڕووینەدابێت بە ئاسانی و بێ کاردانەوە بەسەرتدا تێپەڕ دەبن، کەچی دوای چەندین ساڵ کەسێکی تر باسی ئەو ڕووداوانە یان قسانەت بەشێوەیەکی تر بۆ دەگێرێتەوە ئیتر مێشکت دەکەوێتە کۆکردنەوەو بەراوردکردنیان و یەکە بەیەک لەسەر هەموویان کلیک دەکەیتەوە بەڵام بە شێوەیەکی تر.
مسیۆ، کاتێک فەرزان بەسەرهاتی خانم ئازێتای دەگێرایەوە هەستم دەکرد باسی دایکم دەکات! هەموو ڕووداوەکانی شەوی ئەستێرەکان بە ڕوونی هاتنەوە یادم و بەتەواوی لەوە تێگەیشتم، کە بۆچی من لە میوانخانەی پەپولە سپییەکانم!.
ئەو شەوەم بە تەواوی هاتەوە یاد، کە چارەنووس بڕیاری خۆیدا، لەو ژوورە گەرمەدا هەستم بە کزەی سەرمای ئەو شەوە کردو موچڕکێک لە تەوقی سەرمەوە هات و لە پەنجەی پێمەوە دەرچوو.
مسیۆ، فەرزان قسەکانی خۆی تەواو کردو دەستێکی ئارامی بەسەر سنگیدا هێناو گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، ئەو ڕۆیشت و بە ئاسودەیی لێی پاڵکەوت، بەڵام من سەرماو لەرزێک بە شێوەیەک ڕۆچووە ناو لەشمەوە، هەستم دەکرد فڕێدراومەتە ناو حەوزێک سەهۆڵاوەوە. کامشاد هەرچی پەتوو لێفەکۆنی ئەو ناوە بوو کۆی کردەوەو بەسەریدادام بەڵام من هەر لە هەستی شەوی ئەستێرەکاندا دەژیام و هێشتا چاوم لەیەک بەیەکی ئەستێرەکان بڕیبوو قسەی دڵی خۆم بۆ دەکردن و لێیان دەپاڕامەوە دڵی باوکم بەرامبەرمان نەرم بکات و ڕێگامان بدات بگەڕێینەوە بۆ ژوورەوە. ئەو شەوە زۆر گریام و پاڕامەوە لەبەردەم ئەستێرەکاندا، بۆ ئەوەی باوکم ئارام بێتەوەو واز لەو بڕیارە قورسانەی بەرامبەرمان دایبوو بهێنێت، بەڵام تا زیاتر لەناو حەوشەکەدا دەماینەوە سەرما قوڵتر ڕۆدەچووە ناخمانەوە. من ئەو کاتە دە ساڵی تەمەنم تەواو نەکردبوو، داژۆی برام سێ ساڵێک لەمن مناڵتر بوو، کەچی بەهەردووکمان خەمی خوشکە بچکۆلەکەمان بوو. ئاخر بیتا تاقە بوونەوەرێک بوو لەو ماڵەدا دڵمان خۆش بکات، هەموومان بە دڵ و گیان خۆشمان

دەویست، من پێشتر برای بچوکم هەبوو بەڵام قەت ئەوەندەی ئەو خوشکە بچوکەم پێوەی پەیوەست نەبووم، بیتا کچێکی هێجگار جوان و نازدار بوو، ئەو پیاوە بێ بەزی و دڵڕەقەی باوکم لە شەوی ئەستێرەکاندا ئەویشی لەگەڵماندا فڕێدایە حەوشەکەوە.
مسیۆ، گێڕانەوەی ئەو شەوە بۆ من ئەوەندە ئاسان نییە، کە چارەنووس منی بەم جێگاو ڕۆژە گەیاند. ئەگەر ئەو شەوە فەرزان بە وردی باسی بەسەرهاتی شۆرشگێڕەکان و خانم ئازێتای نەگێڕایەتەوە، من هێجگار ئەوەندە ئازارم بەو چارەنووسەوە نەدەکێشا، کێشەکەی من لە دەردێکی ترسناک دەچوو نەخۆشەکە بۆ خۆی نەزانێت چییە، بەڵام کاتێک پزیشکێک دێت و دەردەکەی بۆ دەستنیشان دەکات، ئیتر دەردەکەی قورس و گرانتر دەبێت، چونکە پێشتر بە تەنها دەیزانی دەردێکی هەیەو ئازاری پێوە دەچێژێت، بەڵام دواتر دەزانێت دەردەکەی چەند کوشندەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر نائومێد بوونی لە ژیان. ئەو شەوە فەرزان وەک پزیشکێک دەردەکەی منی دەستنیشان کردو لەناو نائومێدییەکی گەورەی ژیاندا نوقمی کردم.
هێشتا لەناو جێگاکەدا لەسەرمان هەڵدەلەرزیم، گوێم لە هاوارو قیژەی دایکم بوو، کاتێک باوکم بە قژ ڕایدەکێشاو بە بۆکس دەیکێشا بەناو چاویداو پێی دەگووت: هەی سۆزانی بێئابڕو هەر دەبێت بەو دەستانەی خۆم بتکوژم، تۆ ئابڕوی خێزانەکەمانت بە تەواوی لەکەدار کردووە، پێت وا نەبێت ئەمجارە بهێڵم لە ژیاندا بمێنیتەوە، ئێمەش وەک سێ توتەڵەی لە کولانە دەرهێنراو دەماننوزاندو جگە لە ئەستێرەکان کەسێک گوێی لە هاوارمان نەبوو، ئاخر لە شەوێکی بەفرانباری سەخت و ساردا، کە سەرما وەک تیرێکی زۆر تیژ لە پشتمانەوە دەهات و لە سنگمانەوە دەڕۆیشتە دەرەوە، دەبوو ئێمە وەک سێ زەرنەقوتە لە ژێرباڵی گەرمی دایک و باوکماندا گەرممان ببوایەتەوە، کەچی لێدانە بەزەبرو هەڕەشە مەرگهێنەرەکانی باوکم، ئەوەندەی تر دەیترساندین.
گریان و هاواری دایکم تا ئەوپەڕی ماڵەکانی دراوسێمان دەڕۆیشت و کەسێک لە ترسی توڕەبوونەکانی باوکم نەیدەوێرا بە دەنگمانەوە بێت و هاوکاریمان بکات، دەنگی هاتووچۆی شۆرشگێڕەکان لە پشت دیواری حەوشەکەمانەوە بە ئاسانی دەگەشتنە گوێمان، ئێمەش سەرما بە شێوەیەک هێزی لێ بڕیبووین نەماندەتوانی بە دەنگی بەرز هاوار بکەین و داوای یارمەتی لەو کەسانە بکەین لە کۆڵانەکاندا دەهاتن و دەچوون.
مسیۆ، ئەگەر شتێک بڵێم ڕەنگە بڕوا نەکەیت، ئەو شەوە زەوی حەوشەکەمان بووبوو بە شەختە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پاش ماوەیەک مانەوە لەسەر زەوییەکە چیتر هەستم بە سەرما نەدەکرد، بەڵکو هەستم دەکرد لەسەر شتێکی گەرم دانیشتبووم، داژوی براشم هەر هەمان هەستی هەبوو، ئەوەم لە چاوە ترساوو نائومێدەکانیدا خوێندەوە، کاتێک سەیری یەکترمان دەکرد و دەماندایە قوڵپی گریان و توند باوەشمان بەیەکدا دەکرد، بیتای خوشکیشمان وەک بوکەڵەیەکی بێگیان لە نێوانماندا بەملاولادا دەکەوت و تەنها بە چاوەکانیدا، کە لێی دەڕوانین دەمانزانی هێشتا گیانی تێدا ماوە، ئێمە سەیری ئاسمان و ئەو هەموو ئەستێرەمان دەکرد، کە لەو شەوە سامالەدا دەیانجریواند، لە پڕ نازانم، هەرچەند بیردەکەمەوە هیچ شتێک نایەتەوە ناو خەیاڵم، زریکەیەکی دایکم

گوێمانی کپ کرد، زریکەیەک بوو لەو زریکانەی تا ئێستاش لە گوێچکەمدا دەزرنگێتەوە. دوای ئەو هەموو ساڵە ئەگەرچی بۆ ساتێکیش بێت نەمتوانیوە ئەو دیمەنە لەیادەوەریمدا بسڕمەوە، هەر ئەوەندەم لەبیرماوە، کە پاش زریکەکە تارماییەکی ڕەش وەک شتێک با بە خێرایی لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت لە چاوتروکانێکدا لەبەر سۆمای چاوەکانتدا ونبن، دایکم بیتای لەباوەشمان فڕاندو خۆی گەیاندە دەرەوەی حەوشەکە.

مسیۆ، هەرچەند بیر لەو شەوە دەکەمە هەرئەو چاوتروکاندنەم لەیادە، کە دایکم وەک تارماییەکی ڕەش بیتای هەڵگرت و تیژ لەبەر چاوەکان ونبوو، لەگەڵ ونبوونی ئەودا دەنگی پێی ئەو پیاوانەی لەدەرەوە بەردەوام بە کۆڵانەکەدا دەهاتن و دەچوون بەتەواوی نەمان و خامۆشییەکی ترسناک ئەو ناوەی گرتەوە. هەڵهاتنەکەی دایکم لەو ڕەشەبایە دەچوو لە پڕێکدا هەڵدەکات و هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا دەبات و بێدەنگییەکی کوشندە بەجێدەهێڵێت، کە مرۆڤ لەناو ڕاماندا نقوم دەکات. ئەو ڕۆیشت و بەتەنها ئەستێرەکان نەبێت هەموو شتێکی لەگەڵ خۆیدا برد ، بۆیە دیسان چاومە پرییە ئاسمان و لە ئەستێرەکانم ڕوانی، لەوکاتەدا ئەستێرەیەک کشا، لەگەڵ کشانی ئەو ئەستێرەدا دڵم خورپەیەکی کرد، چونکە چەندینجار لە داپیرەم بیستبوو کشانی ئەستێرە مانای مردنی ئەو کەسە دەگەیەنێت، کە دەیبینێت!.

بە بینینی کەوتنە خوارەوەی نەیزەکەکە زۆر ترسام، چونکە دەمزانی مانای مردن دەگەیەنێت، بە شڵەژاوی لە داژوی برام پرسی تۆش بینیت؟ لە وەڵامدا گووتی: چی؟ چیم بینی؟ گووتم: ئەو ئەستێرەی ئێستا کەوتە خوارەوە، بەڵام ئەو لەبەر ئەوەی سەرما پرستی لێبڕیبوو نەیتوانی چیتر وەڵام بداتەوە، جگە لە سەرلەقاندنێکی نا نەبێت، ئیتر تێگەیشتم، کە کەوتنە خوارەوەی ئەو نەیزەکە، بەتەنها کۆتایی ژیانی منە، بۆیە دەستم، بەگریان کرد....

مسیۆ، دوای ئەو هەموو ساڵە بیرم نایەت ئەو شەوە چەند گریاییتم، ئەوەندەم بە بیردا دێت باوکم لەپڕ پەیدا بوو بە جنێوو شەق و زللە بردینییە ژوورەوە، کاتێک لە ژوورەوە کەمێک گەرمم بوویەوە، هەستم دەکرد شتێک لکاوە بە سمتمەوە، بەڵام کاتێک دەستم بەر سمتم کەوت لەوە تێگەیشتم، کە سمتم بەستوویەتی و ڕەق بووەو تا دێت ئازارەکەی زیاد دەکات، ئەوە تاکە ئازارێکە قەت لەبیرم ناچێتەوە، چونکە تا زیاتر خۆم دادەپۆشی و گەرمم دەبوویەوە ئازارەکەی سمتم زیادی دەکرد، کەچی ئەو باوکە دڵڕەقەم، وای دەزانی بۆ هەڵهاتنەکەی دایکم دەگریم، بەشەق و زللە دەکەوتە گیانم و پێی دەگووتم: بۆ سۆزانییەکەی دایکت دەگریت، ها پێم بڵێ بزانم بۆ ئەو داوێنپیسە ئاپروبەرە دەگریت، دوور نییە تۆش زۆڵ نەبیت. منیش لەتاو ئازاری سمتم، کە وەک ئاوی گەرمی پێدا بکەن دەسوتایەوە نەمدەتوانی وەڵامی هیچ بدەمەوە، جگە لە هاوار و گریان نەبێت، داژوی براشم هەر لەگەڵ گەرمبوونەوەدا یەکسەر خەوی لێکەوت.

مسیۆ، ئا لەم کاتەدا نازانم چەند ساڵ بەسەر شەوی ئەستێرەکاندا، ئەو شەوەی چارەنووس بڕیاری یەکجارەکی خۆیدا تێپەڕیوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەو کاتە مێرمنداڵیک بووم تازە گەشتبوومە قۆناخی سێی بنەڕەتی و ئێستاش پیاوێکی پیریی کەنەفت، تازە بە تازە لەهەندێک ڕووداوو مەسەلە تێدەگەم، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی منەوە هەبووە، ئێستا لە مانای کەوتنە خوارەوەی

نەیزەکەکە تێدەگەم، کە لەو شەوە ساردەی مانگی بەفرانباردا بە کۆمەڵێک ئاگرەو بەرەو خوار کشا.
زۆرجار بە منداڵی لەداپیرەو پیاوە پیرە ناودارەکانی ناوچەکەمان بیستووە، کە چارەنووسی هەر مرۆڤێک بەستراوە بە ئەستێرەیەکەوە، ئەوان دەیانگووت: لەناوچوونی هەر ئەستێرەیەک لە ئاسمان مردنی کەسێکە لەسەر زەوی، بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵە گەشتوومەتە ئەو پروایەی ئەوە خودی ئەستێرەکە نییە بەردەبێتەوە، بەڵکو پارچەیەکی زۆر بچوکە لە ئەستێرەیەک بەردەبێتەوەو لەناو گەردووندا وندەبێت تا دواجار لە سەرزەمینێکی تر دەگیرسێتەوەو بۆ هەتاهەتایە دەکوژێتەوە. بینینی بەربوونەوەی نەیزەکێک و ونبوونی لەناو گەردووندا دواجار گیرسانەوەی لەسەر ئەستێرەیەکی دوورتر، سەرگەردانبوونی ئەو کەسەیە لەم جیهانەدا، کشانی ئەو نەیزەکە لە شەوی ئەستێرەکاندا ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی منیش وەک ئەو نەیزەکە بەناو ئەم جیهانەدا ونبم و دواجار لەسەر زەمینێکی دوورتر بۆ هەتاهەتایە بگیرسێمەوە.

مسیۆ، ئەمشەو دوا شەوەو قسەمان زۆر کردو بە دڵی خۆمان نەمانخواردەوە، دەی هەڵدە پێکێک لە چاوی ئەو نەیزەکەی بە کۆمەڵێک ئاگرو سوتانەوە لەناو گەردووندا سەرگەردان بوو، چارەنووسی منیشی بەم دورگە دوورە دەستەی ئەوپەڕی دونیا گەیاند، نۆش، مسیۆ نۆش...
شتێکی سەیرە مسیۆ دوای ئەو هەموو تەمەنە هەرجارێک پێکێک هەڵدەدەم توند چاوەکانمی بۆ دەنوقێنم، بۆ ئەوەی هەست بە تێکەڵبوونی لەناو ڕۆحمدا بکەم، کەچی ئەو نەیزەکە بە کۆمەڵێک ئاگرەوە دێتەوە پێشچاوم، ئەوە ئەو تاکە شتەیە پاش ئەو هەموو ساڵە لەبەرچاوەکانمدا کاڵ نابنەوەو لەگەڵ داخستنی چاوەکانمدا تیژ بە خۆیی و ئاگرەکەوە تێدەپەڕێت و لەناو تاریکی گەردووندا وندەبێت.
ئەوەی من لەو نەیزەکەدا دەیبینم هەمان ئەو شتەیە لەخۆمدا دەیبینم، کە هەموو هەڵکەندنێک لە نیشتیمان و خاکی خۆت بە سوتان و خوڵەمێشبوون کۆتایی دێت.
مسیۆ، حەزدەکەم ئەمشەو لەم کەنار دەریادا تێر بەدڵی خۆم بخۆمەوەو بگریم و سەیری ئەو شەپۆلانە بکەم بەهەر لایەکدا پرۆن ڕەنگی گڵۆپەکان لەگەڵیاندا سەمادەکەن. حەزم لێیە ئەمشەو بەتەنها سەیری ئەو قەیاغانە بکەم لەدوورەوە گڵۆپەکانیان کز دەسوتێن لە ناوەشڕا کەس نازانێت چی دونیایەک دەگوزەرێت، بەڵام بیرکەوتنەوەی ئەو بەسەرهاتەی فەرزان، هەموو شتێکی لێ سەرەو ژوور کردم!. پروا بکە ئەو باسی خانم ئازێتا دەکرد ڕێک و ڕاست هەستم دەکرد خانم ئازێتا دایکمە، کە لە ساردترین شەوەکانی زستاندا شوێن سێبەری ئەو پیاوە کەوت، کە بەردەوام بە بەردەم دەرگاکەماندا دەهات و دەچوو، ئای خانم ئازێتا و دایکە ئێستا لە کوێن، تۆ بڵێیت ئەو پیاوانە نرخی ئەو قوربانییە گەورە بزانن، کە خۆشەویستەکانیان لەپێناویاندا بۆی داون؟.
مسیۆ، زۆرجار بیر لە قسەکانی ئەو شەوەی فەرزان دەکەمەوە، بەبێخواستی خۆم فرمێسک لە چاوەکانم بەردەبنەوەو لەناخەوە هەست بە کۆڵان دەکەم، ئەو دەیگووت: خانم ئازێتا سکی بە خەسرەو خەسیو پربوو کاتێک هەڵهاتن، خەسرەو ئەوەشی پێگووتبوو، کە نازانن ئەو منداڵەی لە سکیدایە خەسرەو خەسیوێکی

بچکۆلەیە یان خانم ئازێتایەکی بچکۆلە، لەوانەیە هەردوکیشیان بێت، ئەی دەبێت دایکم ئێستا چەند منالّی لەو پیاوە بوو‌بێت، کە لە شەوی ئەستێرەکاندا لەگەڵیدا هەڵهات؟ ئەی بیتای بچکۆلە دەبێت ئێستا چەند گەورە بووبێت؟ دڵنیام ئەگەر لە ژیاندا مابێت، ئەوا ئێستا ئەویش لە دایکێکی بەدبەخت بەولاوە هیچی تر نییە، کێ دەڵێت ژنێکی بەختەوەریش نییە، ئەی داژوی برام، کە دواجار پێش ئەوەی هەڵبێم بەڵێنم پێدا هەر ڕۆژێک دەبێت بگەڕێمەوە بۆ لایی و لەگەڵ خۆمدا بیبەم بۆ جێگایەک ژیانێکی ئاسودە پێکەوە بەسەربەرین، بەڵام وا تەمەنێک تێپەڕی و من نەک هەر نەگەڕامەوەو ئەوم بۆ هەموو تەمەنی لە چاوەڕوانییەکی کوشندەدا بە جێهێشت، وا خەریکە وێنەکانی بە تەواوەتی لەیادەوەریمدا کاڵ دەبنەوەو دەبنە خەونێکی ناخۆش.

مسیۆ بمبورە، کە ناتوانم ڕێگا لە فرمێسکەکانم بگرم، چونکە ئەم یادەوەرییانە هێندە تاڵ و ئازاربەخشن، بەشێوەیەک مێشکم گەمارۆ دەدەن ئەگەر ڕێگا لە ڕژانی فرمێسکەکانم بگرم و نەهێڵم کەمێک ئازارەکانم لەوبارە قورسەی ناخم سوک بکەن ئەوا ناچاردەبم شەوێک لەسەر ئەو گابەردانەوە خۆم هەڵدەمە ناو دەریاکەو کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنم، ئەمەش جگە لەکارێکی پوچ هیچی تر نییە، پوچییەک لە پێناو پوچییەکی تردا، پێم سەیرە خەڵکانێک هەن وەڵامی پوچییەکانی ژیان بە پوچییەکی هەتاهەتا دەدەنەوە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێت و ئێمە لە پێناوی هیچدا بژین، ئەوا نابێت بهێڵین لەپێناوی هیچدا بمرین.

وا بۆ نزیکەی نیو سەدە دەچێت من زێدو کەسوکارەکەم بە جێهێشتووە، بەڵام هەمیشە هیوایەک لەسەرمدا دێت و دەچێت، کە ڕۆژێک بێت بتوانم بە دایکم و خوشکە بچکۆلەکەم بیتا ئاشنا ببمەوەو دەستم بکەمە ملیان و هێندە ئەم تەمەنە فرمێسک هەڵڕێژم و لەناخەوە پاک ببمەوە، هەمیشە بە خۆم دەڵێم: شایگانی پوژمان دوای تەمەنێک دوای چ سەرابێک کەوتوویت، کەچی هێزێک لە غەیبەوە دێت و بە گوێمدا دەچپێنێت و دەڵێت، ئەوەت بیر نەچێت داژوی برات هێشتا لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆدا ژیان بەسەر دەبات، ئەو لە دوای ئەو بەیانییەی، کە جێتهێشت و پێتگووت: براکەم هەر ڕۆژێک دێت بگەڕێمەوە بۆ لات و لەگەڵ خۆمدا بتبەم بۆ ئەو جێگایەی پێکەوە بتوانین وەک دوو مرۆڤ بژین.

مسیۆ، نازانم ئەو هێزە چییەو لە کوێوە دێت بەردەوام پێم دەڵێت، لە بیرت نەچێت داژوی برات ڕۆژانە کاشی سەرشەقامەکان دەژمێرێت و بەراوردیان دەکات لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی تۆ بەجێت هێشت و بەڵێنت پێدا بگەڕێیتەوە بۆلای و لەدەست باوکە دڵڕەقەکەتان ڕزگاری بکەیت، ئەو دەنگە لە پشتی سەرمەوە پێم دەڵێت: شایگانی پوژمان لەبیرت چوو ئەو بەیانییەی بە نیازی هەڵهاتن بەرەو هەورازەکەی ڕێگای سەرەکی شار کەوتیتە ڕێ و کاتێک لەسەر گردەکە دەستت کردە ملی برا بچکۆلەکەت و پێت گووت: داژو گیان برا بچکۆلەکەم نامەوێت ئاوا بە غەمگینی بتبینم، دەزانم لە ماڵەکەدا هەر من مابووم بتوانم ببمە باوک و هەمیش برا، ئێستا ناچارم بەجێتبهێڵم، بەڵام هیچ خۆت دڵتەنگ مەکە، دەڕۆم بۆ ئەوەی جێگایەک بدۆزمەوە بۆ ئاسودەیی هەردووکمان، ڕەنگە تۆ ئێستا وێنەکەت لەبەرچاو نەمابێت، کاتێک لۆرییەک میوە بە ئاستەم بە هەورازەکەدا سەردەکەوت، تۆش وەک ئەوەی دوو باڵت لێڕوا بێت خۆت بەردایەوەو بە پەلە خۆت گەیاندە سەر لۆرییەکە، لەو کاتەدا خەریکی کردنەوەی جێگای خۆت بوویت لە نێوان فەردە هەنار

و سنوقە پرتەقاڵەکاندا ئاورێکت لە داژو دایەوە، بە جۆرێک دای لە قوڵپی گریان تۆ بەرگەی تەماشاکردنیت نەگرت و ڕووی خۆت وەرگێڕا، ئەوە چ دڵرەقییەک بوو بەرامبەر برا بچکۆلەکەت نواندنت.
مسیۆ، ئەو دەنگە بەردەوام پێم دەڵێت: شایگانی پوژمان لەو ڕۆژەوە براکەت هەموو بەیانییەک دەڕواتە سەر گردەکەو چاو لە یەکە بەیەکی ئەو بارهەڵگرانە دەکات، کە بەو هەورازەدا تێدەپەڕن، بەڵکو تۆ لەناو یەکێک لەو بارهەڵگارنەوە سەردەربێنیت، ئەو ئێستا هەموو شوێنێک بۆنی تۆی لێبێت سەردانی دەکات، ئێواران دەڕواتە شوێن کارەکەی عەزەمی پێستەچی ئەگەرچی چەند ساڵێکە مردووەو فڵامەرزی کوڕی لە شوێنەکەی کاردەکات، چاوێک بە هەموو لایەکدا دەگێڕێت و سەیری چاوی ئەو سەگانە دەکات لە دوورەوە بۆنی پێستەکان لیک بە لمۆزیان دێنێتە خوار. کە لەوێ بێتاقەت دەبێت بەرەو ڕێگای قوتابخانە دەکەوێتە ڕێ، ڕێک بەو لا ڕێیەدا دەڕوات، کە تۆو فڵامەرزی سەگکوژ کردبووتان بە ڕێگای تایبەتی خۆتان. لە پەنجەرەکانەوە یەکە بەیەک سەیری پۆلەکان دەکات تا دەگاتە ئەو پۆلەی، کە مامۆستا ئەحمەدی پەنجەشکێن وانەی تێدا دەگووتەوە، سەرێک لە پەنجەرەکەوە دەباتە ژوورەوە دەبینێت نە مامۆستا ئەحمەدی پەنجەشکێنی لێ ماوە نە تۆ بە تەنیشت فلامەرزی سەگکوژەوە لە دوو کورسییەکەی دواوە دانیشتوون، ئەوەی سەیرە ئەو دوو کورسییە تا ئیستا بە بەتاڵی ماوەتەوە.
مسیۆ، پروا بکە دەزانم ئەمانە هەموو خەیاڵی ناو مێشکی خۆمن، بەڵام بەم ئەزموون و تەمەنەوە گەشتوومەتە ئەو پروایەی ئەوەی ناهێڵێت مرۆڤەکان بمرن تەنها ئەو هیوایە لەناخیاندا دەژی، مرۆڤی بێ هیوا زوو دەمرێت و لەناو دەچێت، بەڵام ئەوانەی تروسکایی هیوایەک بۆ ژیان لەناخیاندا بەردەوام دەدرەوشێتەوە ئەگەر بیشمرن بە هۆی هیواکانیانەوە بە زیندووی دەمێننەوە. من هیوایەک لەناخمدا وەک ئەو تروسکاییەی باسم کرد بەردەوام دەدرەوشێتەوە، کە ڕۆژێک دێت بگەڕێمەوە باوەشی دایکم و وەک منالەکەی جاران خۆمی تێبسووم، من ئەگەرچی وەک هەیکەل و باڵا لە پیاوێکی تەواو دەچم، بەڵام لەناخەوە هێشتا هەر ئەو منداڵەم لەشەوی ئەستێرەکاندا چارەنووس پشتی تێکردین و بە قەدەرێکی تری سپاردین، کە هی ئێمە نەبوو. من دە هێندەی تریش پیر ببم لە ڕۆحما هێشتا هەر هەستدەکەم منالێکم بە دوای باوەشی دایکیدا وێڵە.
مسیۆ دەبێت هەر ڕۆژێک بێت، بگەڕێمەوە بۆ لای بیتای بچکۆلەو داژوی برام، زۆرجار خەیاڵ هەڵمدەگرێت و دەمباتەوە بۆ ماڵەوە، کە هەموویان دانیشتوون لەبەردەم سۆپایەکی دارینداو دایکم بە تورەییەوە دەڵیت: دە هێندەی تر برسیتان بێت خواردن تێناکەم تا شایگانی پوژمان نەیەتەوە، داژوی براشم تورە دەبێت و بەتانییەک لەخۆیەوە دەئاڵێنێت و خۆی دەکات بە نووستوو، بیتاش، کە هێشتا زمانی نەگرتووە گاڵتەی پێدەکات و خۆی هەڵدەداتە سەر پشتی و ئەوەندەی تر تورەی دەکات، منیش لەپەنجەرەکەوە چاوم لەو سیناریۆ خۆشەیە خۆم ئاشکرا ناکەم و حەز دەکەم بەردەوام بێت. دایکم لە پڕ دەرگاکە دەکاتەوەو کاتێک من دەبینێت لە پشت پەنجەرەکەوە وەک دزێک ملە قوتەمە لەترساندا قیژەیەک دەکات و خۆی بە ژووردا دەکات منیش قاقا پێدەکەنم ئەوەندە پێدەکەنم میز بە خۆمدا دەکەم، ئینجا باوکم دەگەڕێتەوە ماڵەوەو دەبینێت دەرپێکەم تەڕە دارکارییەکی باشم دەکات، لەسەر ئەوەی کە نابێت پیاو میز بە خۆیدا بکات، ئیتر

دیسانەوە خواردنەکەمان لێدەبێتەوە قوزەڵقورت گریان جێگای خۆشییەکان دەگرێتەوە.
مسیۆ، ببورە ئەمشە لەگەڵ خۆمدا بێتاقەتم کردیت و بەدڵی خۆمان نەمانخواردەوە، ئەمە حاڵی منە، لەگەڵ دەست بە خواردنەوە دەکەم، ئیتر یادەوەرییەکان سەرم تێدەکەن و دەوروژێن و دەمبەنەوە بۆ سەردەمی شەوی ئەستێرەکان و ڕۆژانی دوایی، دەمبەنەوە بۆ کۆڵانەکانی منالًی و قوتابخانەو ژیانی ئەو سەردەمە، ئاخر لەسەرێکیشەوە ئەو ماڵەی مرۆڤ تێیدا گەورە دەبێت ناتوانێت بە ئاسانی لەبیری بکات، ماڵی ئێمەش کۆڵانەکان بوو، ئێمە لە ماڵەکانی خۆماندا میوان بووین و وەک میوانخانە هەرکات برسیمان دەبوو بیرمان دەکەوتەوەو هەرکات خەومان دەهات بۆی دەگەڕاینەوە، ئیتر هەموو کاتەکانی تر لەناو کۆڵانەکاندا بووین، ئێمە کوری کۆڵان بووین، ئێمە لە کۆڵانەکاندا گەورە بووین، یادگارییەکانی ئێمە لەناو کۆڵانەکانەوە دەستپێدەکەن و هەر لە پێچی کۆڵانەکانیشدا تەواو دەبن. زۆرجار شەوان چاوەکانم دەنێمە سەریەک و بیر لە سەردەمی منالًی و ناو خێزانەکەم دەکەمەوە، جگە لە تورەبوون و تێهەڵدانەکانی باوکم لە من و داژوی برام و دایکم، هیچ شتێکی ترم نایەتەوە یاد، ئێمە ماڵێکمان هەبوو هەمیشە لێی هەڵدەهاتین، فلامەرزی سەگکوژ دەیگووت: تۆ بەختت هەیە هیچ نەبێت باوکت کاری پروکێنەرت پێناکات، من جگە لەدارکارییەکانی، تا درەنگی شەو پێستەم پێ خۆشە دەکات، ئاخ فلامەرزی سەگکوژ، دەزانم ئێستا تۆش وەک من پیربوویت هەمان پیشەکەی باوکت دەکەیت، بەڵام پروا بکە من هەر ڕوخسارەکەی منالًیتم دێتەوە یاد، هەر ئەو ڕوخسارەم دێتەوە یاد لەبەردەم لێدانە بێ بەزەییەکانی مامۆستا ئەحمەدی پەنجەشکێندا هەڵدەقونیت و داوای بەزەییت دەکرد، ئەویش وەک ئەوەی ئەم پاڕانەوە چێژی پێببەخشێت سورتر دەبوو لەسەر دارکاری کردنت. من هەر ئەو ڕوخسارەی ئەو کاتەتم دێتەوە یاد، کە مامۆستا ئەحمەدی پەنجەشکێن لە ڕقی ئەوەی بەدارکارییەکانی ناگریم و وام نیشان دەدا هەست بەئازاریش ناکەم و هیچ منەتێکم بە لێدانەکانی نییە، دەستی هەڵگێرامەوەو بە داربەڕووە ڕەقە ئەستورەکە بە هەموو هێزی کێشای بە پشتی پەنجەکانمداو دوو پەنجەم شکاو یەکێکیان سەقەت بوو، منیش لەتاو ئەو ئازارە تەنها هاوارێک لە قوڵایی ناخمەوە هاتە دەرەوە، کەچی هەموو منالەکان دایان لەقاقای پێکەنین بەتەنها تۆ نەبێت فرمێسک بە چاوەکانتدا هاتە خوارەوەو گوتت: هەقی خۆتە نەک هاوار بەڵکو پر بەم دونیا بقیژێنیت، تەنها من دەزانم ئەو ئازارە تا کوێ جەستەی مرۆڤ پر دەکات. ئاخ فلامەرزی سەگکوژ خۆزگە ئەو هیوا دەهاتە دی، کە ڕۆژێک وەک منالەکەی جاران باوەش بەیەکدا بکەین و هەموو ئەو شوێنانە بەسەر بکەینەوە، کە بە منالًی یادگاری تاڵ و شیرینمان تێدا بەجێهێشتووە.
ببورە مسیۆ، لەم دوا شەوەدا لەگەڵ خۆمدا گریاندمیت، پروا بکە من بۆ گریان نە خولقاوم، هێزو وزەیەکی زۆرم بۆ ژیان هەیە، بەڵام چی لە دڵڕەقییەکانی ژیان دەکەیت، کە ناهێڵێت مرۆڤەکان بەختەوەر بن، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هیوایەکم بە ژیان هەیە ڕۆژێک کۆتایی بەم یادەوەرییە تاڵانە بهێنێت و وەک سەرگوزەشتەیەکی خۆش بۆ براکەم و هاورێکانمی بگێرمەوە، دەی نۆش مسیۆ، لە چاوی ئەو ڕوناکییەی لەناخمدا وەک تیشکی خۆر ناکوژێتەوە. نۆش....

مسیۆ مرۆڤ هەموو ژیانی بۆ تێگەیشتنی نهێنییەکانی ناخی مرۆڤ تەرخان بکات ئینجا ناتوانێت هیچ شتێک بەدەست بهێنێت جگە لە کۆمەڵێک گومان نەبێت، کە ڕاستییەکان لە پشتیانەوە خۆیان شاردۆتەوە، زۆر شت هەبوون بە ڕێکەوت دەسکەوتنیان ماندووبوونی نەدەویست و بە خۆڕایی دەهاتنە بەردەستم، بەداخەوە لەبەرئەوەی خووی مرۆڤ وایە، هەرشتێک بە سانایی و بێ ماندووبوون ئەگەر نرخداریش بێت بکەوێتە بەردەستی ڕێزی ناگرێت و لە بەهای تێناگات، تا ڕۆژگارێک پێویستی تێدەکەوێت، ئینجا تێدەگات چ شتێکی نرخداری لەکیس خۆیداوە، منیش یەکێک بووم لەو کەسانە، بۆیە ئێستا دەزانم هەڵە گەورەکان لە کوێدابوون! هەرچەند لەو بارەوە زۆر سەرزەنشتی خۆم ناکەم، چونکە من تەنها مرۆڤێکی نامۆ بووم بەم سەرزەمینە و بەدوای جێگەیەکدا دەگەڕام بتوانم هەناسەیەکی ئازادانە هەڵمژم و وەک هەر مرۆڤێکی تر لەم جیهانەدا ژیانێکی سادەی بێ کێشە و بێ دەردیسەریم هەبێت. ئەو کاتە من لەو مرۆڤانە بووم خۆی لێووندەبێت و تەمەنی دادەنێت لە پێناو دۆزینەوەی خۆیدا. تەمەنی من هەمووی لە ڕێگایەکدا بەسەرچوو سەرانسەر سەراب داپۆشیبوو، بەڵام نەدەکرا نەجوڵێم و هەوڵ نەدەم، چونکە خەون و هیوایەکم هەبوون، ئا بەڵی تەنها خەونەکانم منی بە پێوە هێشتەوەو ڕووبەڕووی ئەو هەموو ڕەشەباو زریان و شکستە ڕۆحی و جەستەییانە بوومەوە، بەڵام وەک کەشتییەک هەر زریان و باوبۆرانێک تەختەیەکی تێکبشکێنێت و دواجار بە تێکشکاوی لەکەناری دەریایەکدا بگیرسێتەوەو جگە لە کۆمەڵێک یادەوەری تێکشکاوو خەونی بەدینەهاتوو هیچیتری لێبەجێ نەمێنیت، بەڵێ مسیۆ ئێستا من ئەو کەشتییە تێکشکاوەم لەم کەنار دەریا گیرساومەتەوەو بیرەوەری و ڕووداوە ناخۆشەکانی ژیانم بۆ ڕێبوارێک دەگێڕمەوە، کە نازانم بەم تێکشکانەوە جارێکی تر بەرگەی ئەو تۆفانە نەعلەتییە دەگرم وا بەڕێوەیە، بەڵێ مسیۆ تۆفانێکی تر بەڕێوەیە، منیش لە هەیکەلێک زیاتر هیچی ترم لێنەماوەتەوە...

قسەکەم پێبڕی و گووتم: ئەوە تۆ دەڵێیت: چی! هێشتا چاوەکانت پڕن لە ژیان، تا تۆ ئەو پێکەنینە لەناختدا بمێنێت، نەک تۆفان بومەلەرزەی بەهێزیش هەرەست پێناهێنێت...

گووتی: مسیۆ وەک پێشتر پێم گووتیت: لەخۆمەوە قسە ناکەم هەستەکانم قەت هەڵە ناکەن، تۆفان و باوبۆرانێکی بەهێز لە ئاسمانی ئایندەمدا دەبینم نەک خۆم بەڵکو مێژووی ژیانیشم هەرەس پێدەهێنێت. پیاو لە ژیانیدا بەرگەی زۆر شت دەگرێت، ئەوەی پیاو بەرگەی ناگرێت و دەتوانێت بەئاسانی لەبەردەمیدا هەرەس بهێنێت ژنە، تەنها ژن دەتوانێت بەهێزترین پیاوو قارەمانترین پیاو لەبەردەم خۆیدا چۆک پێدابدات، ئێمەی پیاو جگە لە بوکەڵەیەک بەدەستی ژنانەوە هیچی تر نین، هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت خۆشترین یاریمان لەگەڵدا بکات و گۆرانیمان بۆ بڵێت و لەناو لانکەکانیدا بمانخەوێنێت، ئا مسیۆ ئێمە جگە لە بوکەڵەیەکی بێدەسەڵات بەدەست ژنەوە هیچی تر نین، هەر ئەو دەتوانێت جوانترین ڕۆشنایی ئەم دونیا لەناخماندا داگیرسێنێت و ژیانمان پڕ بکا لە ڕوناکی، بە پێچەوانەشەوە کاتێک تووڕەو وەک ماینێکی کێوی بەلەسە دەبێت تواناى کوژانەوەی هەموو ڕوناکییەکانی ئەم دونیای هەیە لەناخماندا و بەسانایی و خوێنساردییەکەوە دەتوانێت ژیانمان بکاتە

تاریکستان، ئێستا تێدەگەی مسیۆ ئێمەی پیاو چ بوونەوەرێکی بچوکین لەبەردەم ژندا، کەچی دەمانەوێت بە تێڵاوەشاندن دەسەڵات و هێزی خۆمان نیشانبدەین....
مسیۆ چاوەکانت وەک ئەستێرە دوورەکان لەبەرەبەیاندا خەریکن دەکوژێنەوە، ئەمشەو زۆر ماندوو دیاریت، بۆیە پێویستە بنوویت، تا سبەینێ بۆ گەڕانەوە هێزی سەفەرت تێدا بێت، هیچ هێندەی دوا شەوی سەفەر ماندووکەر نییە، هەر جارێک دێمە ئێرە لەیەکەم ڕۆژەوە بیر لە دواڕۆژی گەڕانەوە دەکەم، ئای کە بێزارکەرو ناخۆشە، منیش وەک تۆ دەبێت بگەڕێمەوە بۆ گوندەکەم و وەک هەمیشە بەردەوام بم لەکارەکانم، بۆیە زۆرمان قسەکرد و ئەمشەوو بەدڵی خۆمان نەمانخواردەوە، بنوە مسیۆ تا ژنەکەم پەیدا نەبووە هاهاهاهاهاها
*** *** *** *** ***
من، کە ناوم هێلەرس باومان ە بە هۆی کێشەی خێزانییەوە ماوەیەک توشی نەخۆشی دڵتەنگی و نائومێدی بووبووم، هەندێکجار ئەم نەخۆشییە بە شێوەیەک فشاری بۆ دەهێنام جگە لە خۆکوشتن نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێکی تر بکەمەوە. دکتۆر شاسۆتی هاورێم، کەهەر لە منالێیەوە یەکتر دەناسین چەندینجار پێشنیاری ئەوەی بۆ کردم بەتەنها سەفەرێک بۆ یەکێک لە دورگەکانی ناو دەریای ناوەڕاست بکەم، بەڵام من لەم پێشنیارەی ئەو دەترسام، کە دوای ئەو هەموو تەمەنە بە تەنها سەفەر بۆ یەکێک لەو دورگانە بکەم، کە چەندین یادگاری خۆش و ناخۆشم لەگەڵ کێتی خێزانمدا هەبووە پێش جیابوونەوەمان.
سەفەرکردن بەتەنها بۆ ئەو دورگانە بۆ من وەک سەفەرکردن بوو بەسەر شەقامێکی ئاوێنەبەندا، کە وێنەکانی ڕابردووت وەک فیلم نیشانبداتەوە، وێنەی ئەو ڕۆژانەی منەتێکمان بە ژیان نەبوو، وێنەی گەنجێتی و دڵخۆشبوون بە ژیان، وێنەی ئەو ڕۆژانەی بیرمان لەهەموو شتێک دەکردەوە بە تەنها پیریی نەبێت، کە دواجار لە گۆشەی خانوویەکدا چاوەڕوانی دەستی هاوکاری ئەو کەسانە بیت بە بێ منەت خزمەتت کردوون، چاوەڕوانی بەزەیی و سۆزی منالەکانت بیت دەستێکی هاوکاریت بۆ درێژ بکەن و هیچ نەبێت سەردانێکت بکەن. بەڵام دکتۆر شاسۆت سوربوو لەسەر ئەوەی هەر دەبێت بەتەنها سەفەرێک بکەم. ئەوەبوو دواجار کە لە "کافێ دو پۆنت نۆڤ لە لاسین" یەکترمان بینی بە زمانێکی زبرتر لە جاران پێی گووتم: من وەک هاورێیەک و هەم وەک پزیشکێک پێشنیارت بۆ دەکەم تا لەوە زیاتر وێران نەبوویت پڕۆ بە تەنها سەفەر بۆ یەکێک لە دورگەکان بکە، ئەم سەفەرە بە تەنها تەواو جیاوازە لە هەموو ئەو سەفەرانەی لەگەڵ خێزانەکەتدا کردووتن، براکەم پڕۆ تا لەوە زیاتر وێران نەبوویت سەفەرێک بەتەنها بکە....
ئێستا کاتژمێر چواری بەیانییە لەنووسینەوەی حیکایەتەکانی شایگانی پوژمان بوومەوە، بەم دەمەو بەیانییە قاقاکانی لە گوێمدا دەزرنگێنەوە، قسەخۆش و تورەبوونەکانی یەک بەیەک دێن و دەچن، ئەو پیاوە بە درێژایی ئەم ساڵە لەگەڵمدا لەم ژوورەدا دەژیا. لە دوای ئەو بەیانییەی بۆ دواجار ماڵئاواییم لێکردو داوای ناونیشانی خۆیم لێکرد، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت جارێکی تر بتوانم بە دیداری بگەمەوەو گوێم لەهەندێک حیکایەتی تری بێت، بە قاقایەکی هەورەتریشقە ئاسا وەڵامی دامەوە، کە تا ماوەیەکی درێژ لەگوێمدا دەزرنگایەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا بۆ ساتێک ناتوانم وێنەکانی لەیادەوەریمدا بسڕمەوە.

کاتێک سواری فڕۆکەکە بووم، هێشتا هەر هەستم دەکرد شایگانی پوژمان لەگەڵمدایە و دەیەوێت ئەویش لەگەڵم بفڕێت، یەکەمجارم بوو لەناو فڕۆکەدا هەستبکەم من لەسەر گابەردێک لەکەنار دەریا دانیشتووم و ئەو گابەردە بە ئاسماندا دەفڕێت، شایگانی پوژمان زوو زوو دەڵێت: مسیۆ سەیرێکی ئەو ئاسمانە جوانە بکە، کە لەخوێنی زاینی خۆردا سور هەڵگەڕاوە، ئەوە دەمەو بەیانەو ژان بە لەدایکبوونی خۆرێکی نوێوە دەگرێت، ئێستا تێدەگەیت هەموو لەدایک بوونێکی نوێ پێویستی بە ژانێکی نوێ و خوێنێکی نوێ هەیە، دەبا لەچاوی ئەم لەدایکبوونە نوێیە سەروپێک هەڵدەین، لەوکاتەدا خزمەتچی ناو فڕۆکەکە بانگی کردم و گووتی: مسیۆ چی دەخۆیت یان دەخۆیتەوە، بێئەوەی بیربکەمەوە یەکسەر گووتم: پێکێک پاستیس، خزمەتچییەکە حەپەساو قسەکەی منی دووبارە کردەوە پاستیس، ئا بەڵی پاستیس، مسیۆ ببورە ئەو ناوەم قەت نەبیستووە، هەر نازانم باسی چی دەکەن، دەتوانن داوای شتێکی تر بکەن، پاشان هاتمەوە هۆشی خۆم و داوای لێبوردنم کرد، کە تەنها قاوەیەک دەخۆمەوەو بەس.

دەتوانم بڵێم، دڵتەنگترین ڕۆژ لە ژیانمدا، ئەو ڕۆژە بوو، کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، حەزم دەکرد هەموو تەمەنم لەو کەنار دەریا لەگەڵ شایگانی پوژمان بەسەر ببردایەت، بەڵام ئەمە حەزێکەو بەس، لەگەڵ ئەوەشدا وا ساڵێک بەسەر ئەو شەوە خۆشانەی کەنار دەریای ناوەڕاست تێپەڕ دەبێت، شایگانی پوژمان لەم ماڵەدا لەگەڵمدایە، حیکایەتەکانم بۆ دەگێڕێتەوە. قاقا پیدەکەنێت و هەندێک جاریش تووڕە دەبێت و پێکێک بەخۆشی و چاوی یەکێکەوە هەڵدەدات و دەستێک بە ڕیشە زبرە ماشوبرنجییەکەیدا دەهێنێت و دەڵێت: مسیۆ گوێ مەدەرێ دونیا ئەوە ناهێنێت.... بەو گۆڕەی هەمووومان دەڕۆینە ناوییە ژیان وەک ئەو گابەردە وایە لەسەری وەستاویت، یەکێک سەر دەکەوێت و یەکێکی تر دادەبەزێتە خوارەوە، ئیتر بیر لە چی دەکەیتەوە، وەرە پێکێک لەم حەکیماوە هەڵدە لەچاوانی ئەوانەی هەرزوو لەسەر گابەردەکە بەردەبنەوە بۆ هەتاهەتایە ڕزگاریان دەبێت لەدەردەسەرییەکانی ژیان، نۆش مسیۆ....

*** *** *** *** ***

سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ:
* کاک کامیل محەمەد قەرەداخی، کە ئەرکی پێداچوونەوەی خستە سەرشانی.
* کاک سمکۆ ئەحمەد، کە وێنەی بەرگەکەی بۆ کێشام.
* کوێستانی ئازیزم، کە لەکاتەکانی خۆی خۆشبوو بۆ ئەم کارە
نمونەیان زۆر بێت